## (شارەزوور مەڵبەندی نیشتەجێبوونی گەلە زاگرۆسییکان)

شارەزوور لەدێر زەمانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلە زاگرۆسییەکان بووە وەك (گۆتی[1], لۆلۆ[2])، سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن (لۆلۆکان) لەهەزارەی چوارەمی پێش زایین لەشارەزوور ژیاون وحوکمڕانییانکردووە، ساڵانی (1959-1960ز) لە گەرمەی هەڵکەندنەکانی (گردی قۆرتاس) لەلایەن (بەڕێوەبەرێتی شوێنەوارە کۆنەکان)ـەوە، چینێك دۆزراوەتەوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (4500ساڵ پ.ن) بۆ ئەوسەردەمەی کە بە (چەرخی کۆیلایەتی) ناونراوە، لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا شارەزوور مەڵبەندی وڵاتی (زاموا[3]) بووە، ئەوەی بەشارەزووردا گوزەر بکات ژمارەیەکی زۆر تەپ و گردۆڵکەی دەستکرد سەرنجیڕادەکێشن، گومانی تێدا نییە ئەوگردانە زۆربەیان قولە وقەلاَ و شوێنی حوکمڕانی ودانیشتنی دەسەلاَتداران بوون و بایەخی گەورەیان بووە، دەربارەی ناوی شارەزوور چەند بۆچوونێك هەن لەم نووسینەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

1-(حەمدوڵای مستەوفی قەزوینی) نووسیویەتی: شارەزوور واتای شاری هێز و زۆر دەگەیێنێ، زۆربەی کاتەکان حوکمڕانەکانی کوردبوون، بەهێز و دەسەلاَتدار بوون، هەریەکێکیشیان لاواز و بێدەسەلاَت بووبێت، یەکێکی تری بەهێز دەسەلاَتی لێسەندۆتەوە و لەشوێنی بووە بە حوکمڕان.

2-(ئیبن خەلەکان) نووسیویەتی: شاری شارەزوور سەرەتا لەلایەن (زووری کوڕی زوحاك)ـەوە دروستکراوە بۆیە پێی وتراوە شارەزوور.

3-هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە، شارەزوور سەرەتا لەلایەن (قوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانی[4])یەوە بنیاتنراوەو ناوی (سیازوور) بووە، لەیەکێك لەنامەکانی (قەیسەر)دا بۆ کوڕی پیرانی (ڕۆما) ناوی (سیازوور) هاتووە، مەلیکی ئاشووری (ئاشوور ناصر پالی سێیەم) لەساڵەکانی (884-880)پێش زایین چەندهێرشێکی کردۆتەسەروڵاتی (زاموا) و(قەلاَی موغان[5])ی کردووەبەبنکەیەکی سەرەکی بۆ سەرپەرشتیکردنی جموجووڵە سەربازییەکانی، (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەسەدەی چوارەمی پێش زایین شارەزووری داگیرکردووە، ساڵی (628) زایینی لەکاتی هێرشەکەی (هەرقل)ی قەیسەری ڕۆم بۆسەر وڵاتی (فارس) و ڕاونانی (خوسرەوی پەروێز)، شارەزوور ڕووبەڕووی سوتاندن و وێرانکاری بۆتەوە، ماوەی (11) ساڵ لەژێر دەستی ڕۆمانەکاندا بووە.

فارسەکان بە شارەزووریان وتوە (نیم را) یان (نیم ئەز رای) لەبەرئەوەی لەنیوە ڕێی بەینی (تەختی سلێمان) و (مەدائن) دابووە.

گەڕیدە و توێژەرەوە عەرەب و ئەوروپییەکان لەسەر دەستنیشانکردنی (مەڵبەندی شارەزوور= کۆنەشاری شارەزوور[6]) یەکدەنگ نین وجیاوازی بەرچاو لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، هەندێکیان پێیانوایە ئەو مەڵبەندە (خورماڵ)ی ئێستابووە، هەندێکی تریشیان (گردی یاسینتەپە) یاخود (گردی بەکراوا)یان

بەمەڵبەندی شارەزوور زانیوە, هەشیانە دەڵێت (یاسینتەپە) شوێنی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی (ساسانی) بووە و هیچ پەیوەندییەکی بەمەڵبەندی شارەزوورەوە نییە.

لەسەردەمی دەسەڵاتی (دەوڵەتی بەنی دولەف[7]), (دەوڵەتی حەسنەویە, عەیارییەکان[8]) و( میرایەتی ئەردەڵان[9])دا شارەزوور بایەخی گەورەی هەبووە, لەململانێ دوورودرێژ و خوێناوییەکەی هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی[10]) و ئێرانی)یشدا هەمیشە شوێنی لەشکرکێشی وجەنگەکانیان بووە, شارەزوور یەکێك بووە لە ویلایەتە گەورە و ئاوەدانەکانی دەوڵەتی عوسمانی, شاری(کەرکوك) مەڵبەندی ویلایەتەکە بووە.

دەشتی شارەزوور دەشتێکی پان و بەرینە, رووبەرەکەی نزیکەی (675) کیلۆمەتر دووجایە, بەپیتترین دەشتی کوردستانی عێراقە, شوێنێکی بەمێرگ و پاوان و ئاودارە, ساڵانە رێژەیەکی باش بارانی لێدەبارێت و لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەدایە کە بارانیان مسۆگەرە, ئاوی (تانجەرۆ[11]) وچەندین چەم وکانیاوی گەورە زەوییە بەراوەکانی ئاودەدەن لەوانە (چەمی زەڵم, چەمی ریشێن, ئێڵانقۆز, چەمی دۆمان, چەمی بێستانسوور, چەمی کانیپانکە, سەرچاوەکانی سەراوی سوبحانئاغا), سەدەها جۆگە لە (تانجەرۆ) ولەو چەمانەوە هەڵدەکرێن بۆ ئاودانی گێڵگە بەراوەکانیشارەزوور,

شارەزوور لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر شارۆچکە لەئامێز دەگرێت وەك (سەیسایەق, سیروان, عەربەت, هەڵەبجەی تازە, زەرایەن) ئەمانە سەرەڕای ئەو هەمووگوندەی کە شارەزووریان ئاوەدانکردۆتەوە.

شارەزوور هەمیشە مەڵبەندی تێکۆشان و بەرخودان بووە, چەندین هێرش و شاڵاوی درندانە و وەحشییانەی داگیرکاران لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەسەر زەوی شارەزوور تێکشکێنراون و خەڵکە قارەمانەکەی شێرانەجەنگاون, شارەزوورییەکان لە شۆڕشەکانی گەلەکەماندا رۆڵی دیار و کاریگەریان گێڕاوە, لەشۆڕشی (ئەیلول)دا یەکەم کۆبوونەوە بۆ رێکخستن و بەرپێکردنی پێشمەرگە بۆ دەربەندیخان بۆ بەرگرتن لەشاڵاوی سوپای عێراق لەگوندی (تەپیسەفا[12])ی شارەزوور بەستراوە, لە شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا کوانوی گەشاوەی خەبات و تێکۆشان و جێژوانی پێشمەرگە و شوێنی دەیان نەبەردی قارەمانانە و شەڕی دەستەویەخە بووە.

شارەزوور ژمارەیەکی زۆر کەسێتی دیار و زانای ئاینی وعاریف و شاعیری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە کە ڕۆڵێکی گەورەیان لەژیانی کۆمەڵایەتی, سیاسی, رۆشنبیری, هەروەها رووداوەکانی سەردەمی ژیانی خۆیاندا گێڕاوە, ناوی ئەو زاتانە لەباس و خواسی تیرە و هەوارگە جیاجیاکانی شارەزووردا دەهێنین.



(گردی بکراوا)



(گرد و قەڵای خورماڵ)

---

[1] –(گۆتی) نەتەوەیەکی زاگرۆسین, ساڵی (2649پ.ز) هەموو وڵاتی سۆمەر و ئەکەدیان گرتووە و خستوویانەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە, ئەو دەسەڵاتەیان (125) ساڵ و (40) رۆژ درێژەیکێشاوە, پاشان پاشای (ئور) توانیویەتی بەسەریاندا سەربکەوێ و گەڕاونەتەوە بۆ کێوەکانی زاگرۆس, لە سەدەی (18پ.ز) هاوکاری (کاسی=کاشۆ) کانیان کردووە لە هێرشکردن بۆسەر (بابل).

[2] –(لۆلۆ) نەتەوەیەکی زاگرۆسین, لە هەرێمەکانی (شارەزوور, زەهاو)دا ژیاون پاشان لەگەڵ گۆتییەکان تێکەڵاو بوون و (حەڵوان)یشیان خستۆتە ژێر دەستییانەوە, (پرۆفیسۆر سپایزەر) پێیوایە لۆلۆکان باپیرە هەرە دێرینەکانی (لوڕ)ی ئێستان.

[3]–(مەملەکەتی زاموا) ناوی ئەو مەملەکەتەیە لۆلۆکان دایانمەزراندووە, مەڵبەندی حوکمڕانییەکەی لە شارەزووری ئێستادا بووە, لە بەڵگەکانی دەوری (ئاشور ناصر پاڵی دووەم)دا دەرکەوتووە ئەم وڵاتە شارستانی و ئاوەدانییەکی چاك بووە, خەڵکەکەشی دەستی باڵایان هەبووە لە هونەر و پیشەسازیدا, چەند شارێکی گەورەیان هەبووە وەك: (بیر, هاهارکارۆکین).

[4] –(قوبادی کوڕی فەیروزی ساسانی) یەکێك بووە لە حوکمڕانە بەناوبانگەکانی ساسانییەکان, (بابا ئەردەڵان)ی دامەزرێنەری میرایەتی ئەردەڵانیش وەك شانازی کردنێك بەو دەسەڵاتەوە کە هەیبووە ناوی خۆی ناوە (قوبادی کوڕی فەیروزی ساسانی), هەرچەندە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ساسانەیەکاندا لەڕووی رەچەڵەکەوە نەبووە.

[5]–(قەڵای موغان) بۆچوونێك هەیە پێیوایە ئەو قەڵایە لە (گردی مووان)ی ئێستادا بووە.

[6] ئـ–هەریـەك لـە (پرۆفسـۆر سـپایزەر, فـیلکس جـۆنز, راوڵنسـن) وایبۆچـوون (گـردی یاسـینتەپە)ی نزیـك (بێستانسوور) مەڵبەندی (کۆنە شاری شـارەزوور)ــە, لـەم بوارەدا (راوڵنسن) نووسیویەتی: (گـردی یاسـینتەپە) درێژییەکەی (660پـێ), پانییەکـەی (600پـێ) و بەرزییەکـەی (50پـێ)یـە, هـەروەها باسـی لـەوەکردووە هـەردوو گوندی (بەکراوا, بنگرد), لەباس وخواسی لەشکرکێشییەکانی (ئاشوور ناصرپاڵی سێیەم)دا ناویان بە(ئەتلیلا و ئەراکدی) هاتووە.

ب– (مستەر کلۆدیۆس جێمس ریچ) پێیوایـە, مەڵبەنـدی (کۆنەشـاری شـارەزوور), (گـردی قزقـەڵا= قزقەلعەسـی) یە.

ج–(جریکۆف) بەپشتبەستن بە ریوایەتی (مسعر بن مهلهل) نووسویەتی: مەڵیەندی شارەزوور نزیکە لە زنجیرە شاخی هەورامان و ئەو مەڵبەندە (خورماڵ)ی ئێستایە.

چەند سەرچاوەیەکی تریش (گردی بەکراوا) یان دیاریکردووە بەمەڵبەندی (کۆنەشاری شارەزوور).

[7] –(بەنی دولەف) ناوی یەکێکە لەسەردارەکانی (مەئمونی خەلیفەی عەباسی) کە لەسەردەمی ناوبراودا حوکمی کوردستانی کردووە و دەوڵەتێکی بەناوی خۆیەوە دامەزراندووە, سـنووری دەوڵـەتی (بـەنی دولـەف) زۆر فراوان بووە, (شـارەزوور, هەمـەدان, دینـەوەر, ئەصـفەهان) و گـەلێ شـوێنی تـری گرتۆتـەوە,حـوکمی بنەماڵـەی (بـەنی دولوف) لەسێبەری (دەوڵەتی عەباسی)دا تاساڵی(891ز) درێژەیکێشاوە, ئەمانە لە سەرەتاوە عەرەب بوون بـەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ لەناو کوردا ژیاون بەرە بەرە بوون بە کورد.

[8] –(دەوڵـەتی حەسـنەویە) دامەزرێنـەری ئـەم دەوڵەتـە نـاوی (حەسـەن وای کـوڕی میر حسـێنی بـەرزیکانی)یـە, بـاوکی یـەکێك بـووە لـە سـەرۆك هـۆز و کەسـێتییە دیـار و نـاودار و نابـدەکانی شـارەزوور, سـاڵی (941 ز) دەسـتیداوەتە بـەرفراوانکردنی دەسـەڵاتی و دەسـتی بەسـەر چـەند هەرێمێکـدا گرتـووە, پاشـان (دینـەوەر, هەمەدان)یشی خستوونەتە ژێر دەسەڵاتییەوە, ساڵی (959 ز) کۆچی دواییکردووە و (حەسـەن وای) کـوڕی کـە هـەر لەسـەردەمی ژیـانی باوکیـدا کراوەتـە جێنشـینی حـوکمی گرتۆتـە دەسـت, پاشـان مەڵبەنـدی خوزسـتان و ئەسەدئابادیشی گرتووە, لەبەرئەوەی لەناو خەڵکدا بە حەسنەویە ناویدەرکردووە دەوڵەتەکەشی هەر بەناوی خۆیەوە نـاونراوە (حەسـنەویە), بـەپێی بۆچوونی(أبن الأثير) پایتـەختی (دەوڵـەتی حەسـنەویە) لـە (سـەرماج)ی نزیك (بێسـتوون)دا بووە, (حەسـەن وای) لەگـەڵ (موعز ئەلدەولە و روکن ئەلدەولـەی بوەیهی) دا ماوەیـەکی زۆر پەیوەنـدییان لـە هەڵکشـان و داکشـاندا بـووە, چـەند جارێکیش بەگـژ یەکداچـوون و ئاشتیشـیانکردووە, پـاش کۆچی دوایی ناوبراو حوکمڕانی حەسنەویە هەتا ساڵی 1423ز بەردەوام بووە ئەگەرچی پاش مردنی (حەسـەن وای) سـەربەخۆییەکەی خۆی لەدەستداوە و جۆرە وابەسـتە بوونێکی پێوە دیـار بـووە, (عەیارییـەکان)یـش بە

ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر (ئەبولفەتح)ی کوڕی (عەیار) کە سەرۆکی هۆزی (شازنجانی) و ئامۆزای (حەسەن وای) بووە, لە سەردەمی حوکمی (بەدری کوڕی حەسنەویە) کراوە بەسەرداری لەشکری دەوڵەت.

[9] -دەربارەی شەخسییەتی باپیرە گەورەی (میرەکانیئەردەلان) جیاوازی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەیە, (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرس) بەپشتبەستن بەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدابوون دەڵێ: باپیرە گەورەی ئەردەلانییەکان ناوی (ئاردڵ=ئاگردڵ) بووە, بە مانای کەسێکی چوست و چالاك و پاڵەوان, سەرەتاپیاوە دیارەکانیان لە دەرباری میرەکانی (بەنی موهەلەب) و (ئەبو موسلیمی خۆراسانی)دا بوون, پاشان میرایەتییان بۆ خۆیان پێکەوەناوە, لە سەردەمی مەغۆلەکاندا (قوباد) ناوێکی ئەردەلانی کە هاوچەرخی (پەشمووتی کوڕی هۆلاکۆ) بووە, خۆی لە گەڵ مەغۆلەکاندا ڕێکخستووە, ئەم بنەماڵەیە سەدان ساڵ حوکمیانکردووە, سەرەتا پایتەختیان (پاڵەنگان) بووە, ماوەیەکیش لە (قەڵای مەریوان) و لە (قەڵای زەڵم) حوکمیانکردووە, پاشان ناوەندی حوکمڕانییان گواستووەتەوە بۆ (حەسەنئاوا) کە لە لایەن (حەسەنخانی ئەردەلانی)یەوە بنیاتنراوە, دواجار گواستوویانەتەوە بۆ (قەڵای سینەدژ) کە ئێستا بە (سنە) بەناوبانگە.

لە کتێبی (شەرەفنامە)دا هاتووە: ئەردەلانییەکان لەنەوەی(ئەحمەدی کوڕی مەڕوانن), (بابا ئەردەلان)یش ناوی پیاوێك بووە ماوەیەك لە ناو گۆڕانەکان دانیشتووە, لەدوادوای حوکمڕانی (جەنگیز خان)دا دەسەلاتی پەیداکردووە و شارەزووری خستۆتە ژێردەسەلاتییەوە, ناوبراو دامەزرێنەری (میرایەتی ئەردەلان)ـە, لەبەر ئەوەی پیاوێکی ژیر و بەتەدبیر بووە خەڵکی ناوچەکە لێیکۆبوونەتەوە و کردوویانە بە گەورەی خۆیان, پاش چەند ساڵێك لە حوکمڕانی مردووە و (کۆڵۆڵ)ی کوڕی بووە بە حوکمڕان).

لەسەرچاوەی تریشدا هاتووە (بابائەردەلان) کە هاتووەتە شارەزوور و پێش ئەوەی ببێت بە خاوەن دەسەلات ماوەیەك (ئاشەوان) بووە, گوایا ناوی ئەردەلان لە (ئاردەڵ=ئارداوی)یەوە هاتووە.

(مامۆستا عەلائەدینی سەجادی) لەپەراوێزی مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیویەتی: (وڵاتی ئەردەلان) لەباکوورەوە پاڵیداوە بە (ئازەربایجان)ـەوە, لە باشوورەوە بە (لوڕستان) و لە(خۆرهەلات)یشەوە بە(عێراقی عەجەم)ەوە, پانتاییەکەی نزیکەی (647)هەزار کیلۆمەتری دووجایە, لەبەرئەوەی زۆربەی هەرەزۆری دانیشوانەکەی کوردن گەلێك جار بەوڵاتەکە وتراوە (کوردستانی فارس) یاخود (وڵاتی کوردی خۆرهەلات).

لەهەمان سەرچاوەدا باس لەوەکراوە گوایا وشەی (ئەردەلان) کۆی فارسی (ئاردەڵ)ـە و ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر (قوباد ئاردەڵ), (بابائەردەلان)یش لەنەوەی (خەسرەو) بووە کەسەرەتا لە (مەرو) لەسەردەمی دەسەلاتی (ئەبوموسلمی خۆراسانی)دا بنەماڵەی دامەزراندووە, (قوباد ئاردەڵ) ساڵی (137ك) بەرامبەر بەساڵی (754ز) سەردەمی حوکمڕانی (ئەبو عەباسی سەفاح)ی خەلیفەی عەباسی لەگەڵ ژمارەیەك لەپیاوەکانیدا لە (مەرو)وە هاتووە بۆ کوردستان, وردە وردە ناوبانگی پەیداکردووە و بووە بەحوکمڕانی (موسڵ و دیاربەکر), پاشان دەستی لەکارکێشراوەتەوە و لەگەڵ دەست و پەیوەندییەکانیدا ڕوویکردۆتە شارەزوور, لەوێ توانیویەتی (میرایەتی ئەردەلان) دابمەزرێنێ.

[10]-لە زۆر سەرچاوەدا باسی (عوسمانییەکان) کراوە, دەربارەی ڕەگ وریشەیان (ئیسماعیل حەقی ئوزون) لە کتێبی (تاریخ عوسمانی از تشکیلات دولت تا فتح استمبول), کە لە لایەن(ایرج نوبخت)ـەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فارسی, نووسراوە: (عوسمانییەکان دەچنەوە سەر (تیرەی قایی) کە بەشێك بوون لە (عەشیرەتی غوز),

بەڵام (پرۆفیسۆر ویتنك) پێیوایە, (عوسمانییەکان) نەك هەر (قایی) نەبوون بەڵکو پەیوەندییان بە غوزەکانیشەوە نەبووە.

زۆربەی سەرچاوەکان باسیان لەوە کردووە, (عوسمانییەکان) دەچنەوە سەر (عوسمان)ی کوڕەگەورەی (ئرطغرل), (سورەیا بەدرخان) ناوی باوکی عوسمانی بە(ئرتۆگۆل) هێناوە.

زۆربەی سەرچاوەکان ئەوەیان خستۆتە روو (ئرطغرل) لە (تیرەی قایی) بووە, قاییەکان لە سەدەی نۆیەمی زاییندا لەگەڵ (سەلجووقییەکان) لە (رووباری جەیحون) پەڕیونەتەوە و روویانکردۆتە (ئێران) و چوونەتە (ئازەربایجان و ئەخلات), پاشان لە سەردەمی حوکمڕانی (عەلائەدین کەیقوباد 1219-1234ز) لەنزیك (قەرەجەداغ) لە خۆرئاوای (ئەنقەرە) نیشتەجێبوون, پاشان (سگۆت و مینیچ) یان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە, لەسەرەتادا ژمارەی خێزانەکانی (تیرەی قایی) لەبەینی (400-444) خێزاندا بووە.

چەند فاکتەرێك بوونەتە یاریدەدەری قاییەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان و دەستگرتن بەسەر هەرێمەکانی دەوروبەریاندا, گرگنترینی ئەو فاکتەرانە ئەمانەن:

1-کێشەکانی نێوان (بیزەنتییەکان) و(پاپای رۆما).

2-لاوازبوونی دەوڵەتی عەباسی ئەو هەموو راپەرین و شۆرش و یاخیبوونانەی رووبەروی دەسەڵاتیان دەبوونەوە.

3-ململانێ و کێشەکانی نێوان (سەلجووقییەکان) و(مەغۆلەکان).

دەوڵەتی عوسمانی ماوەی شەشسەد ساڵ بەهێزترین دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بووە لەناوچەکەدا و سنووری قەڵەمڕەوەکەی هەر لەخۆرئاوای (ئاسیا) وە هەتاکو(باڵکان) ی گرتۆتەوە.

[11]-دەربارەی ناوی (تانجەرۆ) لای زۆربەی خەڵکی ناوچەکە رازێکی دەماودەمی هەیە, گوایا (ئەسکەندەری‌مەکدۆنی) کاتێك لەئاوی (تانجەرۆ) پەڕیوەتەوە تاجەکەی سەری کەوتۆتە ناو ئاوەکە وبردوویەوتی, ئەو خەڵکەی لەو ناوەدا بوون وتوویانە تانجەکە رۆیی, ئاشکرایە خەڵکی کوردستان بە (تاج) دەڵێن (تانج) پاشان ناوەکە بووە بە(تانجەرۆ), بەڵام لە راستیدا پێدەچێ ئەمە رازێکی ئەفسانەیی و هەڵبەستراو بێت, چونکە لەلایەکەوە لەو سەرچاوانەی لەبەردەست ئێمەدان شتێکی وامان بەرچاو نەکەوتووە, بێجگە لە باسێکی (پرۆفیسۆر حسامەدین نەقشبەندی) بە ناوی ( المدن المندرسە فی محافظة السلیمانیە وتعیین مواقها) کە لە بەشی عەرەبی (گۆڤاری کاروان ژمارە 34 ساڵی 1985ز)دا بڵاویکردۆتەوە و ئەویش هەر لەدەمی خەڵکەوە ئەم رازەی خستۆتە روو, لەلایەکی تریشەوە زمانی قسەکردنی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمانەدا, ئەگەرچی بنچینەی ئەم زمانەی ئێستامانە بەڵام دەقاودەق بەم شێوەیە نەبووە, بوسەلماندنی راستی ئەمەش کە دەیڵێین, ئایا چەند کەس هەن لەکوردستاندا لە پسپۆڕان و شارەزایانی زمانە کۆنەکان زیاتر ئێستا لەزمانە کۆنەکانی وەك (پەهلەوی, ئاوێستایی, پارسی‌کۆن) تێبگەن؟

(تانجەرۆ) لەبەر ئەوەی سەرچاوەێکی گرنگی ئاوە بۆ خەڵکی ناوچەکە زۆر بایەخی بووە و هەیە, هەر بۆیە ناوی لەشیعری شاعیرە پایەبەرزەکانی شارەزووردا هاتووە بۆ نموونە (حەزرەتی‌نالی) لە شیعر نامەکەیدا فەرموویەتی:

داخۆ دەروونی سافە گوڕەی ماوە تانجەرۆ　　یاخۆ ئەسیری خاکەو بەلێڵی ئەکا عبور

[12] –(تەپی سەفا) ناوی گردێکە لە شارەزوور, ئەم گردە پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە و لە تێکستە کۆنەکانی (یارسان=کاکەیی)دا ناوی بە (تەپە سو) هاتووە, لەو تێکستانەدا رازێکی ئەفسانەیی لەبارەیەوە هەیە, لەسەر رۆشنایی ئەو رازە مارەیی (دایراك خاتوونی دایکی سانسەهاکی بەرزنجی) لەم شوێنەدا لەلایەن سێ دەروێشەوە دابینکراوە و براوە بۆ (میر محەممەدی شارەزوور) بۆیە پیرۆزییەکی گەورەی لای هەڵگرانی رێورەچەی (یارسان=کاکەیی) هەیە.

## (گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور)

مرۆڤ هەر لەسەرتای ژیانییەوە گوێی بۆ جریوە و ئاوازی جۆراوجۆری باڵندە و گیاندارەکانیتر, گڤەی با و خورە و هاژەی کانیاو و چەم, چرپەی درەختی دارستانەکان هەڵخستووە, ئەم دەنگانە کاریانلێکردووە, کاردانەوەی مرۆڤیش بەرامبەریان بەپێی سەرچاوەی دەنگەکان جیاواز بووە, هەندێکیانی بەخۆش و دۆست زانیوە و بەرامبەریان دڵخۆشبووە, هەندێکی تریانی بەسەرچاوەی نەهامەتی زانیوە لێیان ترساوە و لەبەریان هەڵهاتووە, لە لاساییکردنەوەی ئەم دەنگانەوە سەرەتاکانی گۆرانی سەریانهەڵداوە.

گۆرانی فۆلکلۆری (میللی) چەندین پێناسەی بۆکراوە و تا ئێستاش پێناسەی جیاجیا دەردەکەون, ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە دەڵێن: گۆرانی میللی سەرەتا کەسێك دایهێناوە, ئینجا کۆمەڵ گۆڕانکاری تێدا کردووە و خستوویەتییە ژێر رکێفی عەقڵ و ویژدانییەوە و بووە بە موڵکی کۆمەڵ.

هەندێکی تریش دەڵێن, گۆرانی میللی گۆرانییەکە خەڵکان دەیچڕن و دەماودەم وەچەکان بۆ یەکتری دەیگوێزنەوە, بەبێئەوەی بنووسرێتەوە.

ئەم گۆرانییانە بەشێوەیەکی گشتی چەندجۆرێکیان هەیە وەك (گۆرانی خۆشەویستی, گۆرانی دابڕان و لێکجیابوونەوە, گۆرانی دینی, گۆرانی ژنهێنان, گۆرانی هەڵپەرکێ, گۆرانی ستایش و لاواندنەوە, گۆرانی خەواندن و لاواندنەوەی منداڵ, گۆرانی کارکردن).

دەتوانین بڵێین هەر جۆرێك لەم گۆرانییانە شیعری تایبەتی خۆیان هەیە, زۆربەی شیعرەکانیش فۆلکلۆرین و سەرجەم لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی, ئابووری, رۆشنبیری, رامیاری, ...هتد) دەگرنە خۆیان, لەرووی ئەدەبی و زمانەوانی و رەوانبێژیشەوە زۆر ناسك و تەڕ و پاراون, دەشێ بە باشترین سەرچاوەی فۆلکلۆری بیستراو بدرێنە قەڵەم.

شارەزوور ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لە بواری شیعر و گۆرانی میللیدا, گۆرانیەکانیشی رەسەن و دڵگیرن, لەچاو ئەوەی زۆربەی داهێنەرەکانیان نەخوێندەوار بوون کەچی بە دەگمەن وشەی نامۆیان تێدا بەدیدەکرێت, هەموویان خۆماڵین و زمانی خەڵکی خێڵەکی و گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیەن, تا ئێستاش بە پاکی ماونەتەوە, بۆن و بەرامە و رەنگ و روخساری شارەزوور و جۆری ژیانی خەڵکەکەیان پێوە دیارە, ئەو شیعر و گۆرانییانە بەپێی مەبەستی وتنەکەیان جیاوازن, هەندێکیان تایبەتن بە دڵداری و خۆشەویستییەوە لەنێوان نێر و مێدا و هەریەکەیان ئەویتریان دەلاوێنێتەوە بۆ نموونە:

1–هەڵكە پاو پوز بادەركەوێ خاڵ     لەوە مەترسە دینت بێ بەتاڵ

2–چەمەكەی چەقان وردە تەریوە     فەقیانە چەرموو حەمەغەریووە

هەیانە باس لە دابڕان و لێكجیابوونەوە دەكەن بۆ نموونە:

1–ئاسكە شەلەكەی هەردەی دوجەیلم     لە گەل بڕیاگم بۆیە بێمەیلم

2–ئەمڕۆ لە ڕۆڕۆی دڵەكەی ناشادم     دۆستی دوور وڵات كەوتۆتە یادم

هەشیانە تیروتوانج گرتن و گاڵتە پێكردنە بۆ نموونە:

1–باڵات بەوێنەی داری قەرەقاچ     روومەت بەوێنەی بەروپشتی ساج

هەندێكیان بێزاری دەربڕینن لە داب و نەریتی نابەجێ بۆ نموونە:

1–مەلا مەیبڕە مارەی نابەدڵ     دەست و قەڵەمت بچێتە ژێر گڵ

هەندێكیان باس لەو ستەمە دەكەن كە كراوە لە هەژار و نەدار و بێدەرەتانان بۆ نموونە:

1–ئاوەكەی زەڵم دەڕژێتە سیروان     نەحلەت لەو باوكەی كچ نادات بە شوان

2–چاو و روومەت جوان برۆ قەیتانی من دەچم بۆ جووت تۆش بۆ گاوانی

هەیانە باس لە جوانی سروشت و خۆشەویستی زێد و مەڵبەندی ژیان و گوزەران دەكەن بۆ نموونە:

1–خۆشە لای خۆمان دار و دەوەنە     یارمی هاتیا بۆ من وەتەنە

هەندێكیان سكاڵان لەدەست پیری و دەربڕینی دڵتەنگی بۆ نموونە:

1–سكەم سپی كرد قامەتم چەمی     ئەویش لە هیجران هاوچەشمان كەمی

2–جەوەڵ وە جەوەڵ وە كوڕی دیمان جەوەڵ هەر ماگە ئێمە پیر بیمان

هەیانە دەربڕینی ترسە لەمردن بۆ نموونە:

1–ئەترسم بمرم وا بەبێ دەنگی     ببەمە ژێرخاك ناڵەی دڵتەنگی

2–ئەترسم بمرم قەورەكەم غاربێ     عیزرائیل لەدەست ناڵەم بێزاربێ

هەندێكیان پاڕانەوەن لە شێخ و مەشایەخ و مەرقەدی پیاوچاكان بۆ بەدیهێنانی مەرامێك بۆ نموونە:

1–یا سەید سادق شەخسی بەرامبەر     هەرچی ناحەزە ساڵ نەباتەسەر

2–یا سەید سادق كاوڕێك و شەكێ     هەردوو مەسەكان بكەی وەیەكێ

لە كۆتاییدا دەڵێم گۆرانیە فۆلكلۆرییەكانی ناوچەی شارەزوور سەرجەم سووچەكانی ژیان و گوزەرانیان لەخۆ گرتووە, لەگەڵ تەمەنی مرۆڤەكاندا هەر لە منداڵییەوە هەتاكو پیری و پەككەوتەیی دواجار مردن ئامادەبوونیان هەیە, هەتا ئێستاش رۆڵی كاریگەر و شوێنی دیاریان لە فۆلكلۆری بیستراوی مللەتەكەماندا هەیە.

**( هەڵپەڕكێ لای شارەزوورییەكان )**

هەڵپەڕکێ هونەرێکی میللی گەورەیە و لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بەردەوامە, کاریگەری دیاریشی لەسەر رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە جیاوازەکان بووە و هەیە, هەرکاتێك باس لە (خۆشی وئاهەنگ, زەماوەند, ژنهێنان, سەیران و گەشت) دەکرێت یەکسەر هەڵپەڕکێ دێتە مەیدانەوە, هەڵپەڕکێ بەشێکی زیندووە لە فۆلکلۆری گەلان, هەموو گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەڵپەڕکێدا, ئەو تایبەتمەندیانەش لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەدەگرن وەك: (سروشتی ئەو ناوچەی مرۆڤی تێدا دەژیی, کەشوهەوا, جۆری ژیان و گوزەران لەبوارەجیاجیاکانی کۆمەڵایەتی, سیاسی, رۆشنبیری, ئابووری ..هتد), هەر بۆ نموونە هەڵپەڕکێی گەلە کوێستاننشینەکان هەمیشە خێرا و بە جووڵە و گەرموگوڕە, چوونکە لەو شوێنانەدا مرۆڤەکان پێویستە گورج وگۆڵبن, بەلام هەڵپەڕکێی گەلە گەرمیانشینەکان خاوترە و ئەو گەرم و گوڕییەی نییە, دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سروشت.
ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی کە سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەتن کەمتر ژیانی چەوساندنەوە و ژێردەستیان چێشتووە, دەبینین جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی کە زۆربەی ژیانیان بەژێردەستی و کولەمەرگی وچەرمەسەریێ بردۆتە سەر, لێرەدا نموونەیەك لەسەر جۆرێك لە (هەڵپەڕکێی کوردی) و (هەڵپەڕکێی ئەوروپی) دەهێنینەوە, دەبینین ئەوروپییەکان لەکاتی سەما و هەڵپەڕکێکانیاندا زۆر ئازادن, بەشێوەیەکی تاك لەناو کۆمەڵی هەڵپەڕکێکاراندا دەجولێنەوە تەنیا و تەنیا لە ڕووی ئیقاع و نەزمی هەڵپەڕکێکەوە وابەستەن بەکۆمەڵەکەیانەوە, ئیتر لە ووردەکاریەکانی تردا ئازادانە دەجووڵێنەوە و دەتوانن ئەفراندن بکەن, دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانی (کۆمەڵایەتی وئابووری و رۆشنبیری و رامیاریی ...هتد) خۆیانە, چونکە خەڵك لەوێ ژێردەست نین و لە هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانیشیان بەهرەمەندن.
بەلام ئەگەر سەرنجی (هەڵپەڕکێی کوردی) بدەین دەبینین ئەو کەسانەی ریزی هەڵپەرکێکەیان دروستکردووە راستەوڕاست شانیان لەیەکتری توند کردووە و بەیەکترییەوە بەسراونەتەوە, بەپێی جۆری هەڵپەڕێکە وەك زنجیرێك پێکەوە گرێدراون, هەموو جوڵەکانیان وەك یەکە هیچ تاکێکیان لە هەڵپەرکێکەدا ئازاد نییە و پێویستە وابەستەی کۆمەڵەکەی بێت, ئەوەیان تۆزێك ئازادبێت تەنها (سەرچۆپی کێش)ـەکەیە بەیناو بەین دەتوانێ بەشێوەیەکی کاتی دەست لەڕیزەکەی بەربدات و چەندجووڵەیەکی بچووك بکات, بەلام هەر دوای جوڵەکە دەگەڕێتەوە ناو ریزەکە و خۆی بەوانیترەوە گرێدەداتەوە, ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئازادییەکەی سەرچۆپیکێشیش هەر زۆر بەرتەسك و سنووردارە و بەبێ ریزەکەی هیچی پێناکرێت, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناهەمووارەی کە گەلی ئێمەی تێدا ژیاوە و هەرگیز ئەو سەربەستییەی بۆ مەیسەر نەبووە کە بتوانێ ئازادانە بجووڵێتەوە.
لە هەڵپەڕکێی کوردیدا وەك یەکێك لە دەرهاویشتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی جیاوازی گەورە لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرومێدا کراوە, بۆ نموونە کاتێك هەڵپەڕکێ دەستپێکردووە, (پیاو و کوڕ)

سەربەستبوون لەوەی چۆن و کەی و لەکوێوە؟ دەستدەگرن و هەڵدەپەڕن هیچ کۆت و بەندێك لەسەریان نەبووە , بەڵام (ژن و کچ) چاوەڕوانبوون هەتاکو کەسێکی نزیك بەخۆیان وەك (مێرد, برا, مام, خاڵ, ئامۆزا, خاڵۆزا, زاوا) یان هەرکەسێکی تری نزیك بەخۆیان دەستی گرتبێت ئینجا ئەوانیش توانیبێتیان بچنە ناو ریزی هەڵپەڕکێکەوە, ئەمە لەکاتێکدا کە (ڕەشبەڵەك) یەکێك بووە لە سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژنیش تاراددەیەك تێیدا سەربەستبووە, کەچی ئەم کۆت و بەندانەشی لەسەربووە.

سەربەستی ژن لە ڕەشبەڵەکدا قاڵبدراوبووە, سەرەڕای ئەوەی پێویستبووە لەسەری لەگەڵ کەسی نزیك و مەحرەمی خۆیدا دەستبگرێ لەجۆری چوونیشی بۆناو ریزی هەڵپەڕکێ هەر جیاوازی کراوە, چونکە (پیاو و کوڕ) توانیویانە لە پشتی ریز و لە رووی ریزەکەشەوە بەپێی حەزی خۆیان دەستبگرن, بەڵام (ژن و کچ) هەرگیز نەیانتوانیوە لە رووی ریزەکەوە بچنە ناو هەڵپەڕکێ, پێویستبووە لەسەریان لە پشتەوە بچنە ناو ریزەکەوە, (پیاو و کوڕ) ئازاد بوون لە قاوقیل و قرەو لەغوەکردندا هەرچۆنێکیش لەشی خۆیان بادابێت هیچ سەرئێشەیەکی بۆ دروستنەکردوون, بەڵام (ژن و کچ) زۆربەی کات بەشەرمەوە هەڵپەڕیون و نەیانتوانیوە ئازادانە ئەندامەکانی لەشیان بجووڵێننەوە, چونکە ئەو شتانە لەسەریان حسابکراوە و ترساون لەسەرنجڕاکێشان و لێپرسینەوەی خێزانیان یان خزم و کەسوکاریان یان قسەوقسەڵۆکی ناحەزان وتیروتوانجگرتن بۆ لەکەدارکردنی کەسێتیان.

ئەگەر روویدابێت (ژنێك) یان (کچێك) لەکاتی هەڵپەڕکێدا سەربەستی خۆی بەتەواوی نواندبێت ئەوە بووە بە مایەی گلەیی و گازندە, سەرزەنشت, یان هەندێکجار لێدان و سوکایەتی پێکردنیش.

(ناوچەی شارەزوور) هەروەك زۆربەی ناوچەکانی تری کوردەواری بایەخێکی زۆریان داوە بە هەڵپەڕکێ وەك بەشێکی زیندوو لە فۆلکلۆری خۆیان, تائێستاش لە زۆربەی شوێنەکانی (شارەزوور)دا لەکاتی (سەیرانکردن و ژنهێنان و خەتەنەسوران و گەلکاری و هتد) هەڵپەڕکێ سازدەدرێت, کۆڕی ڕەشبەڵەك گەرمدەکرێت, لە (شارەزوور)دا چەند جۆرێك هەڵپەڕکێ هەن وەك: (چەپی, سێپێیی, فەتاحپاشایی, گەڕیان) لەم ساڵانەی دواییشدا بەتایبەتی گەنجەکان فێری چەندین هەڵپەڕکێیتر بوون وەك: (مەریوانی, سەقزی, شێخانی... هتد).

زووتر هەڵپەڕکێ لەگەڵ گۆرانی یان شمشاڵ یان دەهۆڵ و زوڕنا بەڕێوەچووە, زۆجار یەك دوو یان زیاتر لە گۆرانیبێژە میللییەکان کۆڕی هەڵپەڕکێیان گەرمکردووە بە ئاوازی شیرین و زمانی سادە و شیعری ڕەسەن هەڵپەڕکێکارەکانیان سەرمەست کردوون, شیعرەکانیان زیاتر باسیان لە سروشتی ناوچەکە و پەیوەندی رۆحی نێوان نێرومێ و لایەنە خۆشەکانی ژیان کردووە, جاری واش هەبووە یەك گۆرانیبێژ بە بلیمەتی خۆی توانیویەتی کۆڕی هەڵپەڕکێ گەرمبکات و خۆشی و بەشارەت ببخشێتەوە.

هەروەها هەڵپەڕکی بە شمشاڵ سازدراوە ئەوەش بەوەی شمشاڵژەنی کارامە ئاوازەکانی هەڵپەڕکێی ژەندووە, جاری واش هەبووە گۆرانیبێژە میللییەکان هاوکارییانکردووە و پێکەوە ڕێوڕەسمی

هەڵپەڕکێکەیان بەڕێوەبردووە, بە هەمانشێوە هەڵپەڕکێ بە زوڕناو دەهۆڵیش ساز دراوە, زوڕنا و دەهۆڵ زیاتر خەڵکەکەیان سەرمەستکردووە و هەڵپەڕکێکەیان گەرمتر کردووە, لەبەر ئەوە ئاوازەکانیان بەرزتر و سەنجڕاکێشترن.

سازدانی هەڵپەڕکێ ڕێوڕەسمی خۆی هەبووە بۆ نموونە: زۆرجار بەرلەوەی هەڵپەڕکێ گەرمبکرێت چەند کەسێك لەشوێن خۆیانەوە کەوتوونەتە قونە قون و جوڵە و ووردەووردە دەستی یەکتیانگرتووە, ئینجا دەستیان بە هەڵپەڕکێ کردووە, پێشتر هەتاکو هەڵپەڕکێ گەرمبووبێ ئەوانەی دەستیانگرتووە بەنەرمی لەشوێنی خۆیاندا جوڵاونەتەوە و لەسەر هەندێك نەزم لە گۆرانی تایبەت کە بە زمانی خەڵکی ناوچەکە پیاندەوترێت گۆرانی گەڕیان هەڵپەڕیوون.

هەندێك جار کە کۆڕی زەماوزەند گەرمبووبێت ریزەکان بەسەرە هەڵپەڕیوون, هەر ریزێك هەتاکو سەرەیان هاتبێت گۆرانیبێژ یان زوڕناو دەهۆل یان شمشاڵژەن بگاتە لایان بە بەزمی (گەڕان= گەڕیان) هەڵپەڕیون.

لە (شارەزوور)دا لەوکاتانەی کە (ڕەشبەڵەك) سازدرابێ بۆ ئەوەی (کچان و ژنان) زۆر ماندوونەبن زیاتر بە هەڵپەڕکێی (چەپی) هەڵپەڕیون, هەر لەبەر ئەوەشە بە (هەڵپەڕکێی چەپی) وتراوە (هەڵپەڕکێی ژنانە), بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ژنان هەر (بەچەپی) هەڵپەڕیبن, هەندێکجار (کچان و ژنانی گەنج) زیاتر حەزیانکردووە بە جۆرەکانی (سێپێیی , فەتاحپاشایی) هەڵپەڕن.

هەڵپەڕکێ کە دەستپێکردووە (سەرچۆپیکێش) ئاراستەیکردووە و ریزەکەش لەگەڵیدا ڕۆیشتوون, پێویستبووە (سەرچۆپیکێش) چەن خەسڵەتێکی تێدابێت بەم شێوەیە:

1-وەستا و شارەزابووبێت لە هەڵپەڕکێدا.

2-جلوبەرگی جوان و ڕێکوپێکی پۆشیبێت.

3-قەدوباڵای ڕێك وپێك و تاڕادەیەك سیمای جوانبووبێت.

4-دەستەسڕی بەدەستەوە بووبێت بەپێی جۆری هەڵپەڕکێکە جوڵاندبێتییەوە.

لە کۆندا خەڵکانێك بوون تەمەنێکی زۆریان گوزەراندوە و بەشداری دەیان شایی و زەماوەندیان کردووە, کەچی لە هەموو تەمەنیاندا مافی ئەوەیان بەخۆیاننەداوە ببنە سەرچۆپیکێش, بەڵام ئێستا ئەم مەرجانە بایەخیان پێنادرێت چونکە هەڵپەڕکیکاران ناتوانن نەریتەکانی هەڵپەڕکێ بپارێزن, زۆرکەس ئەو مافە بەخۆیان دەدەن بەمەرجێك هەڵپەڕکێش نازانن, وەك خۆمان دەڵێین وا دەزانن هەڵپەڕکێ هەر گەڕەلاوژێیە, بێئاگان لەوەی کە هونەرێکی میللیە و ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.

بێجگە سەرچۆپیکێش ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ئاخری ریزی هەڵپەرکێ پێیانوتراوە (گاوان), گاوان لە هەڵپەڕکێدا حسابی خۆی هەبووە لەبەر ئەوە ئەو شوێنەی گرتووە هەتاکو ریزی هەڵپەڕکێکە تێکنەچێت, هەندێك جار (گاوان) کەسی نزیکی خاوەن شایی وزەماوەند بووە, جارجاریش هەندێك کەس بوون بە (گاوان) کە خەڵکێکی خۆنەویست و لەخۆبووردووبوون تەنیا ئەوە مەبەستیان بووە زەماوەند و شاییەکە

بە ڕێکوپێکی بچێتبەڕێوە, جاری واش هەبووە گاوانەکان ئەو کەسانە بوون کە باش هەڵپەڕکێیان نەزانیوە.

زۆرجار خەڵك نەچوون لەلای (گاوان) و لە کۆتایی ریزەوە دەستبگرن بەڵکو هەوڵیانداوە نزیك بە سەرچۆپیکێش یان نزیك بەسەرەتای ریزەکە هەڵپەڕن, ئەگەر وردە وردە خەڵکی تر هاتبنە ناو ڕیزی هەڵپەرکێکە پێویستبووە (گاوان) بە وریایی کۆنترۆڵی ریزی هەڵپەڕکێکە بکات, چوونکە زۆرجار تەنها دەستبەردانی (گاوان) بەسبووە بۆ تێکچوونی ریزەکە.

هەڵپەڕکێ لە (شارەزوور)دا هۆکارێکی ئاشتەوایی و بنەبڕکردنی هەندێك ناکۆکی و کێشەی بچووك بووە, بۆ نموونە دوو خێزان یان دوو بنەماڵە ئەگەر کێشەیەکیان هەبوبێت بەڵام بەڕێکەوت دوو کەسیان لەریزی هەڵپەڕێکدا کەوتبنە تەنیشت یەکتر, دەستی یەکتریان گرتووە و هەر لەناو ریزەکەشدا یەکتریان ماچکردووە و ئاشبوونەتەوە.

خاڵێك هەیە لە هەڵپەرکێی (شارەزوور)دا بەتایبەتی و هەڵپەرکێی کوردیدا بەگشتی زۆر سەرنجڕاکێشە, خاڵکەش ئەوەیە ( ژن) یان (کچ) هەرکیز بەدەستی مەبەست نەخراونەتە شوێن (گاوان), ئەگەر ژنێکیش لەشوێنی گاواندا دەستیگرتبێ بەشتێکی نەگونجاو لەقەڵەمدراوە.

لە هەڵپەرکێی شارەزووردا گیانێکی گەورەی پێشبڕکێ لە بەینی ریزەکاندا دروستبووە, هەر ریزێك سەرەی هەڵپەرکێی هاتبێت دەستیانداوەتە قاوقیل و هەوڵیانداوە بالآدەستی و زانایی خۆیان بسەلمێنن, بەتایبەت لەکاتی رەشبەڵەکدا یان ئەوکاتانەی کچ و ژن سەیری هەڵپەرکێکارانیان کردبێت, ئیتر هەر کوڕوکاڵ بوون هەوڵیانداوە بازاڕی خۆیان گەرمبکەن, ناز و لەنجەی کیژانیش لەولاوە زیاتر کۆڕی خۆشی و سەرمەستی گەرمکردووە.

**( خۆڕازاندنەوە لە شارەزووردا )**

ئاشکرایە خۆڕازاندنەوە هەر لەسەرەتای ئاشنابوونی مرۆڤ بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵداوە و هەموو قۆناغێکیش جۆرێك لەخۆڕازاندنەوەی هەبووە, کۆمەڵەکان لە رووی خۆڕازاندنەوە جیاواز بوون, بەمانایەکی‌تر هەموو کۆمەڵێك لەم بوارەدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە و هەوڵیشیداوە ئەو تایبەتمەندییانە بپارێزێت, خۆڕازاندنەوە هەر تایبەت نەبووە بە رەگەزێك یان بە ئاستێکی تەمەن, بەڵکو نێرومێ بە پێی ساڵەکانی تەمەنیان تێیدا بەشداربوون و بۆ خۆڕازاندنەوەشیان کەرەسە و خشڵی تایبەتیان هەبووە.

هەر لە سەردەمە دێرینەکانەوە هەتاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەلای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئێستەشی لەگەڵدابێ لەلای زۆر لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان, چەك بەشێکە لەپێداویستییەکانی خۆڕازاندنەوە, ئەمە بێجگە لە کەرەسەکانی‌تر کە بە(خشڵ) ناویاندەبرێت, ئیتر ئەو خشڵانە هەرجۆرێك بووبن و لەهەر ماددەیەك دروستکرابن لەخۆڕازاندنەوەدا بایەخی خۆیان هەبووە و هەیە.


www.pertwk.com

بەنیسبەت کۆمەڵی کوردەواری ئێمەشەوە لە گشت ناوچەکانی کوردستاندا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە خۆڕازاندنەوە, لای هەندێك کەس بەبەشێك لە کەسێتی لە قەڵەمدەدرێت و هەندێکی تریش بە هەوڵێکی دەزانن بۆ کامڵبوونی کەسێتی.

(خەڵکی شارەزوور) وەك بەشێکی دیار لە پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە بایەخیانداوە بە خۆڕازاندنەوە, خۆڕازاندنەوەش هەرلە بایەخدان بە (پۆشاك, پاپۆش)ـەوە دەستیپێکردووە هەتاکو دابینکردنی ئەو کەرەستانەی بەکاریان هێناون, چ ئەوانەیان خۆیان دروسیانکردبن, یاخود ئەوانەیان لە دەرەوەی ناوچەکەی خۆیانەوە گەیشتبنە دەستیان, هەر لەم بوارەدا زۆرجار گوتراوە (خەڵکی شارەزوور) تەڕپۆشن.

ئەگەر چەند ساڵێك میلی کاتژمێری تەمەنمان بگەڕێنینە دواوە بەتایبەت ئەوانەمان کە لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم وپێشتر هاتووینەتە دونیا, بیر لە خشڵ و بابەتەکانی خۆڕازاندنەوەی ئەو سەردەمە بکەینەوە, دەبینین زۆر جیاوازیان لەگەڵ ئەوانەی ئێستادا هەیە, جۆری جلوبەرگ وەك هینی ئێستا نەبووە, هەندێك جلوبەرگ کە لەو ڕۆژانەدا زۆر باوبوون ئێستا یان هەر نەماوون یاخود زۆر کەمبونەتەوە بۆ نموونە: (سەرەپێچ, پۆشین, کوڵوانە, کەوای بەتانەدار, سەڵتەی بەتانەدار, بەروانکە) ئەو ژن و کچانەی کە تا ئێستاش لەناو ماڵەکانیاندا لە دەرەوەی ماڵیشدا هەر جلی کوردی لەبەر دەکەن, ئەمانەی کە ناومان هێنان بەکار ناهێنن, بە هەمانشێوە بەنیسبەت ئەو کوڕ و پیاوانەشەوە کە تا ئێستاش جلی کوردی لەبەر دەکەن هەندێك پۆشاك کە پێشتر بەکارهاتوون بەکاریان ناهێنن وەك: (فەقیانە, سوخمە و کراسی بێیەخە, جۆغەی بەتانەدار).

با بێینە سەر ئەو ئامرازانەی کە پێیاندەوترێ (خشڵ), دیارە خشڵەکان جۆراو جۆربوون و زۆربەی ئەندامەکانی لەشیان گرتۆتەوە وەك: (سەر, چاو, گوێ, لووت, پەنجە, دەست, مەچەك, قاچ...هتد), پێشتر ژنان و کچانی (شارەزوور) سەریان ڕووتنەکردووە و کڵاویان بەسەرەوە بووە, کچانی بچووك هەتا گەیشتوونەتە کاتی هەرزەکاری و شووکردن کەمتر کڵاویان کردۆتەسەر و هەر سەرپۆشیان بەکارهێناوە, بەڵام پاش شووکردن ئیتر پێویستیکردووە کڵاوبکەنە سەریان, کڵاو یەکێك بووە لەو پێداویستییانەی لە کاتی کچبەشوودانددا لەماڵی زاوا داواکراوە, کڵاوەکەش دووجۆری هەبووە بەم شێوەیە:

1-فێس: زۆربەی کات فێس (پڕچکە)ی پێوە بووە, پڕچکەش دوو جۆربووە, یەکەمیان (پڕچکەی زەنگیانە) کە زیاتر بە زەنگیانەی زەرد هۆنراوەتەوە, دووەمیان (پڕچکەی تەلایی)ن, بۆ ئەمجۆرەیان لەبری زەنگیانەکان لەهۆنینەوەیدا (تەلای بچوك) بەکارهێنراون.

2-کڵاوزێڕ=کڵاوزەڕ: ئەم جۆرەیان بێجگە لە (پڕچکەی تەلایین) پێویستیکردووە جۆرە سکەیەکیشی پێوەلکێنرابێت کە پێیوتراوە (پارەی سپی), ئەویش چەند جۆرێکی هەبووە وەك: (نیوقەران, یەکقەرانی, دووقەرانی, پێنجقەرانی, تاك, ئەشرەفی ... هتد), بەنیسبەت ئەو خێزانانەش کە دەسترۆشتوو بوون


www.pertwk.com

ئاڵتوونیـان لکانـدووه بـه کلاوزێڕەکـەوه وەك: (چـارەکەلیره, نیـولیره, لـیره, دوولیرەیـی, پێنجلیرەیـی), پێنجلیرەییش زیاتر کراوه به (قوڵپ)ی کلاوەکه.
بێجگه لەکلاو (ملوانکه)ش کەرەسەیەکی تری خۆڕازاندنـەوه بووه, ملوانکه چەندجۆرێکیان هـەبووه وەك (ملوانکـەی ئـاڵتوون, ملوانکـەی زیـو, ملوانکـەی کارەبا, ملوانکـەی شـەوه), هـەروەها هەنـدێکجار جـۆره خشڵێکیتر کەپێیوتراوه (دڵرِوبا) کراوه به ملوانکه و خراوەته ناو (مورو, زیو, ئاڵتوون).
بۆ خۆڕازاندنەوه (بازن) بەکار هێنراون و چەندجۆرێکیان هەبووه وەك (بازنی شوشـه, بـازنی مـس, بـازنی زیو, بازنی ئاڵتوون), (گواره و ئەنگوستیله و لوتەوانه)ش بایەخی خۆیان هەبووه له خۆڕازاندنەوەدا.
لای شارەزوورییەکان (هەیاسه) کەرەسەیەکی بەنرخی خۆڕازاندنـەوه بووه, زیـاتر لـه زیـو دروسـتکراوه و ژنان بەستوویانەته پشتیان, هەموو ژنێك نەیتوانیوه به ئاسانی ببێته خاوەنی هەیاسه.
(گۆبەرۆك و حێلومێخەك و لوله و زنجیر) لەو خشڵه گەورانه بوون که کەمژن بوون به خاوەنیـان بەتایبـەت ئەگەر له ئاڵتوون درووستکرابن, (گەردانەی زیوین, گەردانەی جەوهـەردار)یش دوو جـۆری تـری (خشـڵ) بوون و لـه خۆڕازاندنـەوەدا بایـەخی خۆیـان هـەبووه, پاشـتر (گەردانـەی ئاڵتوون) هاتۆتـه ناوخشـڵەکانی خۆڕازاندنەوه, هەروەها (قاپقورئانی زیوین و قاپقورئانی ئاڵتون)یش دوو کەرەسـەی تـری خۆڕازاندنـەوه بوون.
هەر لەبواری خۆڕازاندنەوه, ژنان وکـەمتر کچـان (خەنـه, وسمـه)یـان بـەکارهێناوه, بـۆ خەنـەو وسمـەگرتن, سـەرەتا (خەنـه) و پاشـان (وسمـه)یـان گرتـۆتـه سـەریان, (خەنـه) و (وسمـه) شـوێنی بۆیـاخی ئێسـتایان گرتووەتـەوه, بێجگـه لـه سـەر (خەنـه) گیراوەتـه دەسـت و قـاچ و نینۆکیشـی پـێ رەنگکـراوه, هەنـدێکجار (پیاو, کوڕ)یش خەنەیان گرتۆته سەریان و وتراوه بۆ لابردنی سەرئێشه بەسوودە.
(کل) بەکارهاتووه بۆ چاوڕەشتن, ژنان (میل و کلدان)یان هەڵگرتووه و زۆربەی کـات لـه گیرفانیانـدا بـووه, وەك پێداویسـتییەکی تـری خۆڕازاندنـەوه خاڵکوتـان لەشـوێنی جیاجیـای لەشـدا وەك (چـەناگه, گـوپ, سنگ, دەست, قاچ, مەچەك, پوون) لای شارەزوورییەکان زۆر باوبووه و تا ئێستاش لەزۆرشوێندا ماوه.
بەنسـبەت پیـاو و کوڕیشـەوه کەرەسـەی تایبـەتیان بـۆ خۆڕازاندنـەوه هـەبووه, وەك پێشـتر ئاماژەمانپێـدا (چـەك) یـەکێك بـووه لـەو کەرەسـتانه بەتایبـەت (خەنجـەر, دەمانچـه, فیشـەکلۆغ, تفەنـگ), چـەك دەسـت هەمووکەسـێك نەکـەوتووه, زیـاتر بەدەسـت ئـەو کەسـانەوه بـووه کـه بـاش بـەکاریانهێناوه و توانیویانـه داکۆکیپێبکەن لەسەرماڵی خۆیان و خەڵکانی تیرەکەیان.
(تەسبیح) بایەخێکی تایبەتی بووه بۆ خۆڕازاندنەوه, زۆرجار تەسبیحی (کارەبا, سندس, زەرد, شـەوه, شووشـەیی ... هتـد) کـراون بەقـەد خەنجـەرەوه, یـان گیراون بەدەسـتەوه و یاریـانپێکراوه, (دەسـتەسـڕی ئاوریشم) کەرەستەیەکی تـری خۆڕازاندنـەوه بـووه, هـەروەها پیـاوان (ئەنگوسـتیلەی زیـو, ئەنگوسـتیلەی ئاڵتون, ئەنگوستیلەی مۆرخاندار...هتد) یان بۆ خۆڕازاندنەوه بەکارهێناوه.

بۆ رازاندنەوەی منداڵ جارجار شتی زۆر سادەوساکار بەکارهاتوون وەك (مووروو, قۆپچە, زەنگیانە, کوێچکەماسی, هێلکە شەیتانۆکە=گوشگەڵو).
هەر لە بواری خۆڕازاندنەوە (بۆنی خۆش) بایەخی خۆی هەبووە, سەرچاوەکانی بۆنیش ئەمانە بوون (گوڵاو, میسك)کە هەردوو رەگەز بەکاریانهێناون بەڵام (مێخەك, سملّ, حەتحەتۆکە), تایبەتبوون بەژنان و کچانەوە.
پێدەچێ خوێنەرێك بڵێت لەم رۆژەدا کە چەرخی ئەنتەرنێتە بایەخی بابەتێکی لەم چەشنە دەبێ چیبێت؟ بۆ وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرە دەڵێین: ئەم شتانەی باسمانکردن ئێستا لە هەندێك لە مۆزەخانەکان نمونەیان پارێزراوە, چونکە بەشێکن لە کولتووری نەتەوەکەمان, بۆیە پێویستە ئێمەش ئەگەر هەرچەندە کەمیش بێت زانیاریمان دەربارەیان هەبێت, بەتایبەت بۆ ئەو وەچانەی کە ئەم کەرەستە و خشڵانەیان نەدیوە چونکە زۆربەیان چوونەتە دووتوێی یادەوەرییەوە.

## ( پزیشکی ودەرمانگەری میللی لە شارەزوور )

مرۆڤ لەسەرەتاوە هەتاکو ماوەیەکی دوورو درێژ, هۆکارەکانی نەخۆشی لای نەزانراوبوون, بۆ رزگاربوون لەو نەخۆشییانەی تووشیانبووە, پەنای بردووە بۆ ئەو شتانەی لەبەردەستیدابوون, وەك (خۆڵ, گژوگیا, گەڵاو توێکڵ وبەروبوومی رووەك, پاشەرۆی ئاژەڵ ...هتد), لەوەوە سەرەتاکانی پزیشکی و دەرمانگەری سەریانهەڵداوە, لەگەڵ بەردەوامبوونی ژیان ئیتر زانیویانە ئەو نەخۆشیانەی کە تووشیاندەبن چەند هۆکارێکیان هەیە لەوانە: (هۆکاری سروشتی) بۆ نموونە گەرماو سەرما, (هۆکاری خۆراکی), هەندێك رووداو کەدەبنە هۆی (شکان, سووتان, برینداربوونی یەکێك یان زیاتر لە ئەندامەکانی لەش), بۆیە بۆ چارەسەری نەخۆشی پەنایانبردۆتە بەر هەندێك (تەقسی ئەفسانەیی) یان سوود وەرگرتن لە هەندێك شت وەك (گژوگیا, گەڵاوتوێکڵ و بەروبوومی روەك, میتاڵ, ئەندامەجیاجیاکانی لەشی ئاژەڵ وباڵندە).
هەندێك خەڵك لەئەنجامی ئەزموون, یان لە دانایی و ژیری خۆیانەوە جۆرەها دەرمانیان دروستکردووە و شارەزاییان پەیداکردووە, ژمارەیەك نەخۆشییان چارەسەرکردووە.
لەناوخەڵکی شارەزوور و لەسەردەمە جیاوازەکاندا کەسانێکی زۆر هەڵکەوتوون تارادەیەکی باش شارەزا و کارامە بوون لە خۆپاراستن و چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی بەشێوەی پزیشکی و دەرمانگەری میللی, وەك: (چاککردنەوەی شکان و لەجێچوونی دەست و قاچ, لەجێچوونی کلۆك وشان, ...هتد), ئەم جۆرە کەسانە بەزمانی خەڵکی ناوچەکە پێیانوتراوە (جەڕاح), بۆ مەبەستی کارەکەشیان تەنها ئامرازی سەرەتاییان لەبەردەستدابووە, وەك: (ئاوی گەرم, لەدوای دەرکەوتنی صابوون ئیتر ئەمیش بەکارهێنراوە بۆ شێلانی شوێنی شکان یان لەجێچوونەکە) هەروەها (پێستە, خام, هێلکە, قامیش, مۆم)یان بەکارهێناون, پێستە گیراوەتە ئەو شوێنە شکاوەی کە ماوەیەك بەسەر شکانەکەیدا تێپەربووە و نەگیراوەتەوە, یاخود لەئەنجامی بەهەڵە گرتنەوەی لاروسەقەت بووە, بۆ ئەوەی ئەو شوێنە نەرمبێتەوە

ئینجا بگیرێتەوە پێستەی تێگیراوە, دوای ئەوەی شکان یاخود لەجێچوون بە راکێشان و تەقاندنی لەلایەن جەراحەکەوە گیراوەتەوە, زەردێنەی هێلکە بۆ جارێك یان زیاتر خراوەتەسەر پارچەخامێك و بەسەریدا بلأوکراوەتەوە وپێیانوتووە (مشەممای هێلکە) و گیراوەتە شوێنی شکان یان لە جێچوونەکە, ئینجاچەند پارچە قامێشێکی تاشراو بەقەبارەی قەڵەمێك یان بچووکتر بەپێی شوێنی شکستەکە لەسەر مشەمماکە بەشێوەیەکی تەریب دانراون و باش بەستراوە, بەم شێوەیە هەزاران کەس لە شەلی و کەمئەندامی پارێزراون .

لەبواری چارەسەرکردنی نەخۆشی و درووستکردنی دەرمانیشدا چەندین خەڵکی شارەزا هەبوون بە (حەکیم) ناسراون, ناوی ژمارەیەك لە (جەڕاح و حەکیمەکان) لەباس و خواسی تیرە و هۆز و ناوچەکانیان لەم کتێبەدا هاتووە, بەتایبەت ئەوانەیان کە لەبیری خەڵکەکاندا مابن یاخود رازوو هەواڵیان دەماودەم تا ئێستا هاتبێ.

لە خوارەوە ناوی ژمارەیەك نەخۆشی و ئەو چارەسەرانەی بۆیان بەکارهێنراون دەخەینە پێش چاو:

1–بۆ چارەسەرکردنی (رۆماتیزم کە پێیانوتووە (ژان وبا, باداری) گۆشتی رێوی بەکارهێنراوە.

2–بۆ چارەسەرکردنی (سکچوون), (برێشکەی نۆك, ماست و ئاردی نۆك, هێلکە بەترش) بەکارهێنراون.

3–بۆچارەسەرکردنی (ژانی گەدە, ژانەسك بەگشتی), (چایی گوڵەفەقێ, ئاوی توو, بنێشتە تاڵ, رازیانە, سمڵ, ئاوی نەعنا, گەڵای گوڵەباخ پاش کوڵاندنی لەناو ئاو)دا بەکارهێنراون.

4–بۆچارەسەرکردنی (ئازاری گورچیلە, ئازاری میزڵدان, بۆرییەکانی‌میز), (بەڕەزا, قەیتەران, ریشاڵی گەنمەشامی بەشێوەی چاڵێنان) بەکارهێنراون

5–بۆچارەسەرکردنی (مایەسیری), (گێلاخە, گەڵای هەنجیر) بەکارهێنراون.

6–(ئاوی گەڵای بی لەگەڵ بڕوێشکی گەنم) پێکەوە کوڵێنراون بۆچارەسەرکردنی (دۆمەڵ) هەتاکە زەردببێت, ئینجا (پیازی پیشاو, باینجانی پیشاو) بەکار هێنراون بۆ دەردانی کێمەکەی و پاککردنەوەی.

7–(گیای سینەمەکی, شەلەمە=شەرواڵبەکۆڵ, تۆڵەکە, رۆنی گەرچەك) بۆ چارەسەرکردنی (قەبزی) بەکارهێنراون.

8–(گوڵنار+سمڵ+مێخەك+خوێ+مازووی شین) پێکەوە کوتراون, تۆزەکەیان بەکارهاتووە بۆچارەسەرکردنی (هەوکردن و تلۆقەکردنی زمان), هەروەها لە تۆزەکەیان هەویر درووستکراوە بۆ چارەسەرکردنی (ئازاری دان), بەم دەرمانە وتراوە(حەوت دەرمانە) کە زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی( گەڕی و کەچەڵی)ش بەکارهێنراوە.

9–(ئاوی تەماتەی کاڵ) بۆ چارەسەرکردنی (بالوکە) بەکارهێنراوە.

10–بۆ چارەسەرکردنی (کرمی ناوسك), (ناوکە کوولەکە بەکاڵی+کەرێ+شەکر) بەکارهێنراون, بەمەرجێك پێش خواردن بخورێن.


www.pertwk.com

11-(ئاوی تویکلی پرتەقاڵ, گوڵەهێرۆ) بۆ چارەسەرکردنی (قژ رووتانەوە) بەکارهێنراون.
12-(گۆشتی ژیژك, تۆوی ئەسپەندەر) بۆ چارەسەرکردنی (بەبۆنکەوتنی منداڵ) بەکارهێنراون.
13-(ئاوی کەرەوز, ئاوی جۆ) بۆ چارەسەرکردنی (میزگیران) بەکارهێنراون.
14-(چایی گوڵە وەنەوشە) بۆ چارەسەرکردنی (ژانە سەر, تەنگە نەفەسی) بەکارهێنراوە.
15-(گەڵا ریکێشە) بۆ چارەسەرکردنی (زیپکە و دۆمەڵ) بەکارهێنراوە.

بێجگە لەمانەی سەرەوە کە باسمانکردن خەڵکێکی شارەزا هەبوون توانای هەڵکێشانی (ددان) و تەداویکردنی برینیان هەبووە, ئەوەش بەهەڵدرینی برین و ئە وشوێنانەی کە هەویانکردووە وپاککردرنەوەیان لەکێم وپیسی, هەروەها کەسانێك هەبوون چارەسەری ئەوانەیان کردووە (مار و دووپشك) پێوەیانداون, ئەوەش بەپێچانی توندی شوێنی پێوەدانەکە, ئینجا بە چەقۆی تیژ یاخود گوێزان بریندداریانکردووە و بە (کەڵەشاخ) خوێنەکەیان هەڵمژیوە, پاشان (سیر و خوێ)یان پێکەوە کوتاون و خستوونیانەتە سەر برینەکە, هەروەها (شیری خاو)یان دەرخواردی ئەو کەسانە داوە کە (مار و دووپشك) پێوەیداون هەتاکو برشێنەوە, بەم شێوەیە توانیویانە گیانی ئەوانە لە مەترسی بپارێزن.

لێرەدا پێویستە بڵێین لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنەی لەبواری پزیشکی و دەرمانگەری زانستیدا بەدەستهاتووە, دەبینین هێشتا (گژوگیا, گەڵاوبەروبوومی روەك ...هتد) لەبواری دەرمانگەری میللی بەکاردەهێنرێن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی جۆراوجۆر, جاری واش هەیە ئەنجامی باشیان هەیە, لەم ساڵانەی دوایشدا دەرمانگە وشوێنی تایبەت بەم جۆرە چارەسەرانە کراونەتەوە و رەواجی باشیشیان هەیە.

## (هەڵە بجە شاری بەهای جوان و ناسنامەی نەتەوەیەك)

(هەڵەبجە) شارێکی خۆش و دڵگیرە و ناوەندی قەزای هەڵەبجەیە, لەهەندێ سەرچاوەی مێژووییدا هاتووە کە (هەڵەبجە) رەگی زۆر قوڵی لە مێژووی گەلەکەماندا هەیە, لەم بوارەدا (پرۆفیسۆ حسامەدین نەقشبەندی) لە لێکۆڵینەوەیکدا کەلەبەشی عەرەبی ژمارە (34ساڵی 1985گۆڤاری‌کاروان)دا و لەژێر ناونیشانی(المدن القدیمة المندرسة فی محافظة السلیمانیة وتعین مواقعها) بڵاویکردۆتەوە نووسیویەتی: یەکێك لە شارەکانی مەملەکەتی (زاموا) کە (لۆلۆکان) دایانمەزراندووە و ناوی شاری (هاهار کارۆکین) بووە پێدەچێ لەدەورووبەری هەڵەبجەی ئێستادا بووبێ.

لەچەند لاپەرەیەکی دەفتەری بیرەوەریەکانی (مەلا حەمەسەعیدی حاجی ئەمین[1])دا کەبەداخەوە دەفتەرەکە تیاچووە و هەر ئەم لاپەرانەی دەست ئێمە کەوتوون نووسراوە:

وەك لە باوك و باپیرانمانەوە بۆیان باسکردووین, شوێنی شاری (هەڵەبجە) لە کۆنەوە ئاوەدانی بووە پاشان بەهەر شێوەیێك بووبێت ئەو ئاوەدانییە نەماوە, بەڵام هەڵەبجەی ئێستا سەرەتا لە لایەن (شۆڕەبەگ)ەوە کە لەبەگزادەکانی (شێوەکەڵ) بووە, لە ساڵەکانی (1650-1700ز) ئاوەدانکراوەتەوە,

پاش ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەكەسوكاریدا بۆ یەكەمجار لەو شوێنەی كە پێیدەوترێ (كانی هەشت هەڵووژە) وەك كۆچەری هەڵیانداوە و دواتر لەدەوروبەری مزگەوتی (تەكیەی) ئێستا خانوویان دروستكردووە, پاشان چەند ماڵێكی جوولەكەش لە خورماڵەوە هاتوون و لە نزیك خانووەكانی ئەواندا نیشتەجێبوون, بەپێی نووسینەكەی ناوبراو كۆنترینی خانووەكانی (هەڵەبجە) لەدەورو پشتی (مزگەوتی‌تەكیە)ی ئێستا دروستكراون.

زۆربەی سەرچاوەكان لەسەرئەوە كۆكن هاوكات لەگەڵ دەستپێكردنی جافەكانی (ئێلی مورادی) بەنیشەجێبوون پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی (پاشای جاف) ئیتر وردەوردە (هەڵەبجە) زیاتر ئاوەدانبۆتەوە, لە بەر ئەوەی شوێنەكەی شینایی و خۆش و ئاودار بووە, ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر خەڵك تێیدا نیشتەجێبوون.

(هەڵەبجە) بەرلەوەی ببێتە مەڵبەندی قەزا لە رووی ئیدارییەوە سەربە ناحیەی (گوڵعەنبەر= گوڵعومەر= خورماڵ) بووە, ئەودەمە شاری سلێمانی هێشتا بنیاتنەنراوە, ماوەیەكی دووردرێژ لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی (بابانییەكان)دا بووە, دوا حوكمڕانی بابانیش لە شارەكەدا (حەمەصاڵح بەگی بابان) بووە, ساڵی(1889ز) كراوە بەمەڵبەندی قەزا و (عوسمان پاشای جاف) دانراوە بەیەكەم قائمقامی.

پاش داگیركردنی عێراق لەلایەن (سوپای بەریتانیا)وە و لەئەنجامی تێكشكانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی یەكەمدا, ئەفسەرە سیاسیەكانی بەریتانیار دەسەڵاتی ناوچەی هەڵەبجەیان گرتۆتەدەست, ئیتر هەر كاربەدەستێكیش لەسەر هەركارێك دانرابێت لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەواندا كاریكردووە, یەكەم ئەفسەری سیاسی بەریتانی ناوی (ج. م. لین) بووە, ناوبراو لە مانگی ئازاری (1919ز) هەتاكو مانگی كانوونی دووەمی (1921ز) لەهەڵەبجەدا ماوەتەوە, پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی بیرەوەرییەكانی دەربارەی ئەو ماوەیە كەوەك ئەفسەری سیاسی لەهەڵەبجەدا كاریكردووە بڵاوكردووەتەوە.

دەربارەی ناوی (هەڵەبجە) چەند بۆچوونێك هەن بەم شێوەیە:

1-دەڵێن سەرەتا لەلایەن كابرایەكەوە بەناوی (هەڵۆبەگ) ئاوەدانكراوەتەوە و ناونراوە (هەڵۆجا) وردەوردە ناوەكە گۆڕاوە بۆ (هەڵەبجە).

2-رایەك هەیە دەڵێ لە لایەن (هەڵۆخانی میری ئەردەڵانەوە) ئاوەدانكراوەتەوە و ناوی لێناوە (هەڵۆجە) پاشان گۆڕاوە بۆتە (هەڵەبجە).

3-بۆچوونێكی تریش دەڵێ شوێنی ئێستای (هەڵەبجە) باخ و بێستانێكی زۆرخۆش بووە, فارسەكان پێیانوتووە (عەجەبجا) پاشان ناوەكە بووە بە (هەڵەبجە).

4-دەوترێ لەو شوێنەدا (هەڵۆ) زۆر بوون, پێیان وتووە (هەڵۆپەچە) ئینجا ناوەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (هەڵەبجە).

5-بۆ چوونێکی تریش دەڵێ لەبەر زۆری داری (هەڵوژە) لە شوێنەکەدا ئەو ناوەی لێنراوە.
6-دوا بۆچوونیش باس لەوە دەکات, لەبەر ئەوەی سەرەتا (شۆڕەبەگ) لە کانی (هەشت هەڵوژە)دا ڕەشماڵی هەڵداوە, دواتریش کەخانوویان دروستکردووە شوێنەکەیان پێیوتراوە (دێی هەشت هەڵوژە) گوایا ناوەکە لەوەوە هاتووە.
بەهەرحاڵ ئەم شتانەی باسمانکردن هەموویان لە دووتوێی بۆچووندا دەمێننەوە, هەتاکە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر دەربارەی ناوی شارەکە دەکەوێتە بەردەست.
(هەڵەبجەییەکان) هەر لەکۆنەوە هەوڵیانداوە لەنزیك کانیاوەکانەوە خانووەکانیان دروستبکەن, بۆیە زیاتر لەم شوێنانەدا نیشتەجێبوون, ئەو شوێنانەش لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار بوون بە گەڕەکی گەورەی شارەکە, بۆ نموونە:
1-گەڕەکی پیرمحەممەد 2- گەڕەکی کانیشێخ 3-گەڕەکی پاشا
3- گەڕەکی کانیعاشقان 4-گەڕەکی کانیقوڵکە
پاشان ئەم گەڕەکانەی تریش دروستکراون
1-گەڕەکی سەرا 2- گەڕەکی مامۆستایان
جوولەکەکانیش گەڕەکی تایبەتی خۆیان هەبووە بەناوی (گەڕەکی جوولەکان).
هەڵەبجە پاش ئەوەی بووە بە ناوەندی قەزا, زۆربەی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان لە شارەکەدا دامەزرێنراون و خزمەتگوزارییەکان تێیدا گەشەیانکردوە, ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی بووە لەسەر خێراترکردنی ڕەوتی بەشارستانیبوونی, هەربۆنموونە ساڵی (1925ز) قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە و ساڵی (1936ز) موەلیدەی کارەبای بۆدانراوە.
(هەڵەبجە) بایەخێکی گەورەی هەبووە لە ڕووی بازرگانییەوە, کاروانسەرا و ڕێی هاتوچۆی ئەو کاروانییانە بووە کە بە وڵاخ هاتوچۆیانکردووە و لە شارەکانی (سلێمانی, هەولێر, موصڵ, خانەقین, بەغداد)ەوە بەرەو شارەکانی (مەریوان, پاوە, کرماشان, سنە, زنجان) ڕۆیشتوون, ئەمەش بایەخێکی گەورەی هەبووە بۆ هەڵەبجەییەکان, هەم لە ڕووی ئابوورییەوە, هەم لە ڕووی تێکەڵاویکردن و زیاتر ناسینی خەڵکەوە.
ساڵی(1946ز) ژمارەی خانوەکانی (هەڵەبجە) بریتیبوون لە(470) خانوو, ژمارەی دانیشتوانەکەشی لەساڵی (1947ز)دا (2300) کەس بوون, خەڵکانی شارەکە لەودەمەدا بەوە ناسراون کە هەموویان وەك یەك خێزان ژیاون و هیچماڵێکیان شەوانە دەرگای خۆی دانەخستووە, چوونکە بە تەواوەتی لەسەروماڵی خۆیان دڵنیابوون.
هەڵەبجەییەکان هەردەم میوانپەزێر و داڵدەی هەژار و لێقەوماوان بوون, چەند جارێك لە هەڵەبجەدا میوانخانە و ئۆتێل کراونەتەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون چونکە خەڵکەکە هەمیشە لەناو مزگەوت و

لەبازاڕەکاندا چاوەچاوی ئەوەیان بووە بزانن کێ خەڵکی شارەکە نیە بیبەنەوە ماڵ و خزمەتیبکەن, زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین چەند جارێك خاوەن ئۆتێل و میوانخانەکان سکالأیان لە دەستی ژمارەیەك لە پیاوچاکان و نانبدەکانی (هەڵەبجە) کردووە بەوەی گوایا ئەوان ماوە نادەن خەڵکی روویانلێبکەن.

چەندین کەسێتی دەسەلأتداری ناو(جاف) ژیانیان لە (هەڵەبجە) گوزەراندووە لەوانە:

1-عوسمانپاشای جاف: یەکێك بووە لەپاشا ناودارەکانی (جاف), خاوەنی زەوی و زار و موڵك ومالێکی زۆر بووە, لەناو هەڵەبجەدا کۆشك و بالأخانە و قەیسەری و گەرماوی کردۆتەوە, زۆر حەزی بەئاوەدانی کردووە ساڵی (1889ز) دانراوە بە یەکەم قائمقامی (هەڵەبجە).

2-حەسەنی عەلیبەگ.

3-داودبەگ: بەفەرمانی (ئەدمۆندز)ی ئەفسەری سیاسی بەریتانیا دانراوە بە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە.

حامد بەگ: ماوەیەك قایمقامی هەڵەبجە بووە.

(عادیلە خانم)ی هاوسەری (عوسمانپاشا)ش, یەکێك بووە لەو خانمانەی جێگەیەکی دیاری لە رووداوەکانی سەردەمی ژیانی خۆی لەم شارەدا هەیە و لەبنەماڵەی (صاحبقرانی سنە) بووە, ماوەیەك حوکمی هەڵەبجەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ کردووە.

ژمارەیەکی زۆر کەسێتی لە (ئاییناسان, رۆشنبیران, سیاسەتمەداران, پیاوماقولأن و کەسێتی دیار و ناسراو) لە هەڵەبجەدا هەڵکەوتوون کە رۆڵیکی دیار و کاریگەریان لە مێژووی شارەکە و سەرجەم رووداوە سیاسی و کۆمەلأیەتییەکاندا لەسەردەمی ژیانی خۆیاندا گێڕاوە, لەوانە:

(مەلاحەسەنی قازی, شێخ مستەفای موفتی[2], حیلمی عەلی شەریف, ئەحمەد بەگی سەوسەن, ئەفراسیاوی ئەحمەدبەگ, ئەنوەر بەگی جەمیل بەگ, شێخ سەعیدی موفتی, شێخ حەمەمینی شێخ عەبدولأ, لەتیف قادر, نووری حەمەی نانەوا, مەلاغەفوور, حەمەی فەرەجی قالە سوور...هتد).

(هەڵەبجە) شاری شاعیرانە, ژمارەیەك شاعیری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە, وەك (تایەر بەگی جاف[3]), (ئەحمەد موختارجاف[4]), عەبدولأبەگی گۆران, صالح هەژار, ع. ع. شەونم, خۆرشیدە بابان) کە شیعرەکانیان شوێنێکی دیاریان لە ناو گەنجینەی وێژەوانی کوردیماندا هەیە.

ژیانی هەڵەبجە خۆی لە خۆیدا هونەرە, سەرەڕای هونەرە خۆرسك ومیللییەکان کە سەراپای چمکەکانی ژیانیانی گرتۆتەوە, خەڵکی ئەم شارە جێگە دەستێکی دیاریشیان لەهونەرە جوانەکاندا هەیە, بزووتنەوەی شانۆیی هەرچەندە لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی بزووتنەوەیەکی نوێیە, خەڵکی ئەم شارە شوێنێکی دیارو بەرچاویان لەم بوارەدا هەیە, ساڵی(1939ز) بۆیەکەمجار نمایشی شانۆیی پێشکەشکراوە, ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە:

1-ئەحمەد جووتیار 2-ساڵحی مەلا ئەحمەد 3-عەبە عیفریت, ماموستایەکی فەلەستینی دەرهێنەری بووە, ئەم نمایشە لەهۆڵی پۆلیسی سوارە پێشکەشکراوە.
ساڵی (1956ز) شانۆیی (بازرگانی ڤینیسیا, مەم وزین) لەدەرهێنانی (ماموستا ع. ع. شەونم) پێشکەشکراون, ساڵی (1958ز) سێ تیپی شانۆی درووستکراون بەم ناوانە:
1-تیپی شانۆی شنرویێ 2-تیپی شانۆی گەنجان 3-تیپی شانۆی لاوانی دیموکراتی کوردستان.
پاشان بزووتنەوەی هونەری بەتەوژمێکی نوێترەوە بەردەوامبووە و هەر سێ بواری (شانۆ, گۆرانی ومۆزیك, شێوەکار)ی گرتۆتەوە, (تیپی مۆزیکی شنرویێ) و (تیپی شانۆی هەڵەبجە) دوو هێمای دیار و دوو خاڵی گەشن لەم بوارەدا, ژمارەیەکی زۆر لەهەڵەبجەییەکان بەهیوایەکی گەش و سۆزێکی شاعیرانەوە, بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەهونەرە جوانەکاندا کارییانکردووە و شوێن دەستیان دیارە, هەر بۆنموونە نەوەك سەرژمێر ناوی چەند کەسێکیان دەهێنین:
1-بواری شانۆ: جەمالی مەلا قادر, حەمەسەعیدی مەلا ئەحمەد, تەهای حاجی شێخ حەمەمین, شێخ عەلی, مستەفا ئەحمەد شەریف, فایقی مام براخاس, عازی مەلا عەلی, نەژادی شێخ عارف, حەمەی غەفوور شەریف, خوالێخۆشبوو جەلالی رەشە عەزیز, سەرهەنگ حەمەی ئیسماعیل, حەکیمی مەلا ساڵح,
سەلاح محەممەد رەشید ناسراو بە سەلاحەرەش, جەلال عوسمان.
2-بواری گۆرانی و مۆزیك: محەممەد ئیبراهیم عەبدول ناسراو بە حەمەقوتوو, ماموستا ئازادساڵح, فوئادی حەمەی مەحمودە فەنی, ئومێدی نووری حەمەی نانەوا, مستەفای کەمال خەفاف, شازادی شێخ کەریم, بورهان عەبدولڕەحمان, مامە عەزە, هۆشیار حەمەفەرەج, ماموستا نەجم محەممەد.
3-بواری شێوەکاری: ماموستاحەمە فەرەج حەمەمراد, ماموستاناسری حاجی تۆفیق, نامیق حەمە.
چەند جێگەیەکی دەوروبەری (هەڵەبجە) وەك (باخ, کانیاو, کارێز) لەناو خەڵکەکەدا ناوبانگیان هەبووە, بۆ کاتبەسەربردن ڕۆیشتوونەتە ئەو شوێنانە, ئێستا هەموویان بوون بەبەشێك لە شارەکە لەو شوێنانە (کانییەکوێرە, کانیشێخ, کارێزی حاجی ناجی, مۆردانە, توووەشك), لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمیشەوە لەئەنجامی ڕاگواستنی گوندەکانی سەرسنوور و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا, هەردوو کۆمەڵگەی (عەنەب, زەمەقی) درووستکران و ئێستا بوون بە گەڕەکی گەورەی شارەکە.
خەڵکی (هەڵەبجە) ڕەسەنایەتی لە ڕووی ئەتنۆگرافی و فۆلکلۆرییەوە لەناویاندا بەرجەستە بووە, زووتر زۆربەی (پۆشاك و پاپۆشیان) بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکانی ناوچەکە بووە, وەك (ڕانکوچۆغە, کوڵەباڵ, فەقیانە, جاو, هەڵاوە, کڵاشی هەورامی, پێڵاوی چەرم) ژمارەیەکیشیان (کەواو سەڵتە)یان پۆشیوە, تائێستاش هەندێك لەم کاڵایانەی ناومانهێنان لە ناویاندا هەر بایەخی خۆیان هەیە بەتایبەت

(رانكوچۆغه, كلاشى هەورامى), له رووى پێداويستييەكانى ناوماليشەوه, وەك ( مەوج, جاجم, بەرماڵ, دەفر, قاپ, كەوچك) و چەندين پێداويستى تريش هەر بەرهەمى ناوچەكەوى خۆيان بەكارهێناوه.

هەڵەبجەييەكان بەوه ناسراون كە هەردەم كەيفخۆشبوون و زۆر حەزيان لەسازدانى ئاهەنگ وشايى و سەيران بووه, زەماوندەكانيان بەهەڵپەركێ و رەژبەڵەك و گۆرانيچڕين و شمشاڵژەنين سازكراون, گۆرانيبێژە ميلليەكانيان وەك (ئەحمەدى موشكيفرۆش, مينەى لولكژەن, خولەى شێرالى) تا ئێستاش لە يادەوەرى خەڵكى شارەكەدان.

بەهاران خەڵكى (هەڵەبجە) روويانكردۆتە سەيرانگەكانى دەورووبەرى (هەڵەبجە) وەك: (گوڵان, باوەكۆچەك, چاوگ, عەبابەيلێ, پردى زەڵم), هاوينانيش بۆ سەيرانگەكانى (ئەحمەد ئاوا, وەزەنێى بەڵخە, مێشلە, بيارە, تەوێڵە) رۆيشتوون, لە سەيرانگەكاندا ئاهەنگ و سەيرانيان سازداوه.

ئەو خەڵكانەى كە ئێستا لە هەڵەبجە نيشتەجێن بەشێوەيەكى گشتى بريتين لە:

1–ئێلى گەورەى جاف, بە هەموو تيرەكانى جافى مورادى و چەند تيرەيەكى جافى جوانڕۆ.

2–بنەماڵەى شێخەكان.

3–بنەماڵەى سيانزەماڵە.

4–كاكەييەكان.

5–هەورامى.

6–بنەماڵەى بابانەكان.

سەرچاوەى بژێوى و گوزەرانيشيان بە شێوەيەكى گشتى بريتين لەكشتوكاڵ بەتايبەت (توتن) كە بايەخێكى ئابوورى گەورەى هەيە و بووە بە بەشێك لە كولتوورى شارەكە, هەر ئەوەش وايكردووە كاتى خۆى كارگەى پوختەكردنى تووتن لە هەڵەبجەدا بكرێتەوه, بێجگە لە كشتوكاڵ تێكەڵاوبوون لەگەڵ كاروبارى دەوڵەتى و دوكاندارى و ئاڵوێردكردنى سەرسنوورەكان سەرچاوەى ترى دابينكردنى بژێوى خەڵكى شارەكەن.

ژمارەيەك لە هەوراميیەكان و كاكەييەكان سەرقاڵى پيشەى دەستى و باخدارى و بنێشتكردنن وەك سەرچاوەى داهات بۆ بژێوى خێزان.

شوێنى هەڵەبجە لە لاپەڕە پرشنگدارەكانى مێژووى ميللەتەكەماندايه, جێگاى شانازييە بۆ خەڵكى ئەم شارە لەكاتێكدا كە حكومەتى بەريتانيا پێيوتراوە ئەو ئيمپراتۆريايەى خۆرى لێ ئاوانابێ و لە گەرمەى دەسەڵاتيدا لە عێراق, (ئەدمۆندز)ى گەورە ئەفسەرى سياسى بەريتانى ساڵى (1925ز) بە سێ فرۆكەوە ئينجا توانيويەتى بچێتە ناو شارى هەڵەبجەوه, ئەوەش لەترسى هەڵمەتى شۆڕشگێڕانەى پێشمەرگەكانى ئەو سەردەمە, لەكاتێكدا ناوبراو زۆربەى شوێنەكانى (عێراق و ئێران)ى بە سوارى ئەسپ و بەرزە وڵاخ تەيكردووە.

هەڵەبجە هەردەم بێشکەی شۆڕش و لانکی کوردایەتی بووە, ژمارەیەك لە خەڵکی (هەڵەبجە) هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووە لە شۆڕشەکانیدا لەوانە (حەمەنووری حاجی ئەمین, عەلی ئەحمەدی سلێمان, عەلی مەحمودی حەمەچاوەش ناسراو بە ئێرانپەنا).

ساڵی (1952ز) هەڵەبجەییەکان دژی ستەمی کاربەدەستانی رژێمی مەلیکی عێراق راپەڕیون, لەوراپەرینەدا جوامێرێکی هەڵەبجەیی بەناوی (ئەحمەدی حاجی رەحیم) سەرپەرشتیکردوون.

لەهەڵایسانی شۆڕشی ئەیلولدا هەر لە سەرەتاوە بە تفەنگی (داداش, برنەو, تەیارەشکێن, حسکە)وە بەریان بە شاڵاوی سوپای داگیرکاران گرتووە لە (دەربەندیخان) و(دەربەندیبازیان), ژمارەیەکی زۆریشیان بە درێژایی ساڵەکانی شۆڕش (کادر, لێپرسراو لەئاستی جیاجیادا) وپێشمەرگە بوون.

رژێمی رەفتار فاشی بەغداد رۆژی (4/26/ساڵی1974) بەفڕۆکە بۆمببارانی ئەم شارە سەربەرزەی کوردستانی کردووە, لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانەدا زیاتر لە (100) کەس لە خەڵکی قارەمانی شارەکە شەهید وبریندار بوون و چەندین خانووش وێرانبوون, بۆیە سەدان خێزانی خەڵکی شارەکە بۆهەندێك لەگوندەکانی ناوچەکانی (نەورۆڵی و هەورامان) رۆیشتوون و زۆربەی هەرەزۆریشیان ئاوارەی ئەودیوسنوور بوون و لە ئۆردوگاکانی ئێراندا ژیاون.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا خەڵکی (هەڵەبجە) و دەوروبەری پێشەنگی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون لەناوچەکەدا چەندین لێپرسراوی سیاسی و رێکخراوەیی و عەسکەری و ئیداری شۆڕش خەڵکی (هەڵەبجە) بوون, کە رۆڵیکی دیار و کاریگەریان لەژیانەوەی بەرگری و پێکەوەگرێدانی خەباتی شاخ و شاردا گێڕاوە, هەر ئەوەش وایکردبوو دەسەڵاتدارانی رژێم هەمیشە بەچاوی رق و گومانەوە سەیری خەڵکی شارەکەیان دەکرد و وەك دوژمنی باوککوشتەی خۆیان لەقەڵەمیاندەدان, بۆیە بەدرندانەترین شێوە راپەرینەکانی خەڵکی شارەکەیان سەرکوتدەکرد, هەر وەك چۆن لەئەنجامی راپەرینەکەی (5/13 ساڵی 1987ز) زیاد لەو هەمووخوێنەی لە جەستەی خەڵکی راپەڕیویان چۆڕاند بەشەهیدکردنی (50) کەس و زیندە بەچاڵکردنی (72) کەس لە خەڵکی قارەمان و راپەڕیوی شارەکە, گەڕەکی (کانی عاشقان)یشیان بە سووتماککرد.

لە (شۆڕشی نوێ)دا ژمارەیەکی زۆر لە (کادر و پێشمەرگە و خەڵکانی سەربە رێکخستن)ی هەموو لایەنە سیاسییە تێکۆشەرەکان لە خەڵکی دانیشتوو و جەماوەری (هەڵەبجەی شەهید) بوون, ئێمە لێرەدا ناویان ناهێنین چونکە لە باسوخواسی خێڵ و هۆز و تیرە و ناوچەکانیاندا ناویان دێت, بەڵام ئەوە دەهێنینەوە یاد کە (فاتیح)ی یەکەم شەهیدی شۆڕش, پەروەردەی ئاووهەوای (هەڵەبجە) وئەوینداری جێژوانەکانی بوو.

دواجار دەڵێین لە (3/16 ساڵی 1988ز) رژێمی درندەی رەفتار فاشی عەفلەقی گەورەترین تاوانی بەرامبەر خەڵکی قارەمان و شۆڕشگێری (هەڵەبجە) ئەنجامداوە ئەوەش بەبومبباراکردنی شارەکە

وده‌رووبه‌ری به‌جۆره‌ها چه‌کی قه‌ده‌غه‌کراوی نێوده‌وڵه‌تی وه‌ك (خه‌رده‌ل, گازی سیانید, گازی ئه‌عصاب) و جۆره‌ها بۆمبی قورس, به‌وه‌ش گه‌وره‌ترین تراژیدیای تۆقێنه‌ر و مه‌رگه‌ساتی به‌كۆمه‌ڵیان به‌سه‌ر شاره‌كه‌دا هێناوه, به‌پێی هه‌ندێك سه‌رژمێری (34) فرۆكه له‌و مه‌رگه‌ساته‌دا به‌شدارییانكردووه كه ژماره‌یه‌كیان تایبه‌ت بوون به بۆمبارانی كیمیاوی, له‌ئه‌نجامدا (5000)كه‌س له‌خه‌ڵكی بێتاوانی (هه‌ڵه‌بجه) شه‌هیدكروان و ژماره‌یه‌كی زۆرتریش بریندار‌بوون, ئه‌وانه‌شیان ماونه‌ته‌وه به‌ده‌ستی به‌تاڵه‌وه ماڵ و حاڵ وبه‌ری چه‌ندین ساڵه‌ی ره‌نج و ماندووبوونیان به‌جێهێشتووه رێگه‌ی ئاواره‌بوونیان گرتۆته‌به‌ر.

ئه‌ولوتكه‌ی سه‌ربڵندییه‌ش كه (هه‌ڵه‌بجه) له‌سه‌ری وه‌ستاوه و كردوویه‌تی به هێمای به‌ره‌نگار بوونه‌وه و ناسنامه‌ی گه‌لێكی سته‌ملێكراو, ئه‌و تراژیدیا تۆقێنه‌ر و مه‌رگه‌ساته گه‌وره‌یه كه‌هه‌ردەم مایه‌ی شكۆمه‌ندی گه‌له‌كه‌مان وشه‌رمه‌زاری و رووڕه‌شی بكوژانییه‌تی.

(هه‌ڵه‌بجه) رۆژ له دوای رۆژ به‌رگی پایزی مه‌رگه‌سات ده‌درێ وخۆی بۆ زه‌ماوه‌ندی به‌هار ته‌یارده‌كات.

**تێبینی:**

به‌پێویستی ده‌زانین له‌م باسه‌دا هه‌ندێك زانیاری گشتی ده‌رباره‌ی (شوێنه‌كان, پیشه‌وه‌ره‌كان, ... هتد) له هه‌ڵه‌بجه‌دا بۆ خوێنه‌ران بهێنینه‌وه یاد, ئه‌گه‌رچی به‌نیسبه‌ت ئه‌و خه‌ڵكانه‌ی ناویانده‌هێنین هه‌موویان خه‌ڵكی خودی شاره‌كه نین, به‌ڵام زۆربه‌ی ماوه‌ی ژیانیان له‌هه‌ڵه‌بجه‌دا گوزه‌راندووه و تێكه‌ڵاوی مێژوو و كولتووره‌كه‌ی بوون, ئه‌وه‌ش ده‌ڵێین ئه‌م زانیارییانه ئێستا زۆربه‌یان له دووتوێی یاده‌وه‌ریدان, شوێنه‌كان وه‌ك ئه‌وسایان نه‌ماون, خه‌ڵكه‌كانیش زۆربه‌یان كۆچی دواییانكردووه, ئه‌وانه‌شیان ماون له پاییزی ته‌مه‌نیاندان:

یه‌كه‌م / باخه‌كان:

1-باخیمیر 2-باخی حاجی فه‌ره‌ج 3-باخی ئه‌وڕه‌حمانی عه‌بدولا 4-باخی (پیرۆت=مزگه‌وته‌كه) 5-باخی حه‌مه‌ی به‌كر 6-باخی شێخ حه‌مه‌مین 7-باخی حاجی مه‌لاعه‌لی 8-باخی شێخ ئه‌حمه‌دی شێخ قادر 9-باخی حاجی مه‌حمودی یاروه‌یسی 10-باخی ئه‌حمه‌دبه‌گ 11-باخی حاجی حه‌مه‌ڕه‌ش.

دووه‌م / شوێنه‌كان:

مزگه‌وته‌كان: 1-مزگه‌وتی ته‌كیه 2-مزگه‌وتی خانم 3-مزگه‌وتی جامیعه
4-مزگه‌وتی پاشا 5-مزگه‌وتی مه‌لاساڵح 6-مزگه‌وتی دارولئیحسان
7-مزگه‌وتی شافیعی 8-مزگه‌وتی ئه‌حمه‌دی 9-مزگه‌وتی غه‌زالی
10-مزگه‌وتی جمهوری 11-مزگه‌وتی دارولسه‌لام=ته‌كیه‌ی سه‌ی نه‌سروڵا

حوجره‌كان: 1-حوجره‌ی مزگه‌وتی ته‌كیه 2-حوجره‌ی مزگه‌وتی خانم
3-حوجره‌ی مزگه‌وتی جامیعه 4-حوجره‌ی مزگه‌وتی پاشا.

گەرماوەکان: 1-گەرماوی گەورە 2-گەرماوی بچوك.
قەیسەریەکان: 1-قەیسەری وەسمانپاشا 2-قەیسەری حامید بەگ.
مەیخانەکان: 1-مەیخانەی ئاجی 2-مەیخانەی جولەکەکان=مەیخانەی راحیل
3-مەیخانەی ئیستیفان 4-مەیخانەی شەمەی شاول.
گەراجەکان: 1-گەراجی حامیدبەگ 2-گەراجی حاجی شێخ حەمەمین
3-گەراجی سەعید خەڵەف 4- گەراجی قالەی حەلاو.
چێشتخانەکان: 1-چێشتخانەی ئیمام 2-چێشتخانەی میرزا
3-چێشتخانەی وەهبی.
نەوتخانەکان: 1-نەوتخانەی ئەحمەدبەگی سۆسەن
2-نەوتخانەی حەمەی مستەفا.
دیوەخانەکان: 1-دیوەخانی ماڵی پاشا 2-دیوەخانی ئەحمەدی پیرۆت
3-دیواخانی ماڵی حامیدبەگ.
خانەگشتیەکان: 1-خانی قالە چەتە 2-خانی عەبە خڕە
3-خانی عەلی قادری بامۆکی.
ئاشـــــەکان: 1-ئاشەسپی=ئاشی ماڵی پاشا 2-ئاشی شێخ جەمیلی موفتی
3-ئاشی شـــێخ عوسمان 4-ئاشی مەحمودی یاروەیسی
4-ئاشی شێخ ئەحمەدی موفتی 6-ئاشی ئەحمەدی پیرۆت
سێیەم: پیشەوەرەکان:
نانەواکان: 1-حەمەشەریف 2-شێخ حەمەمین 3-حسەینی نانەوا
4-تۆفیقی حەمەعەزیز 5-حەمەفەرەج 6-رەشەی حەمەڕەزا
قەسابەکان:1 -والی قەساب 2-حەمەمینی قەساب 3-رەشەی رەسوڵ
4-قادر ورگە 5-سەعەی قەساب
جگەرەچییەکان: 1-مستەفای جگەرەچی 2-حەمەی ڕەشیدەفەندی
3-حەمەی عەلی 4-مینەی کەریم 5-عەلادینی جگەرەفرۆش
دەباغەکان: 1-حەمەمینی حاجی قادر 2-حەمەکەریمی سۆفی ڕەسول
3-رەشەی دەباغ.
چاپچییەکان: 1 -حەمەکەریمی چاپچی 2-مەلا محەممەدی گوڵچین
3-حسـەینی کـافرۆش 4-عـارفی حـاجی فـەرەج 5-حەمـە پایـدەر 6-عومـەری عـەلی 7-عەلیسەلیم 8-حەمخانی چاپچی

9–ئەحمەدی باوڵ 10–سەعید کلاوزەڕ 11–سەعە گۆچان

کەبابچییەکان: 1–حەمەعەبەی قالانە 2–حاجی سمایل باوەیس 3–عەلی تەبە

4–کەریمە ورگە 5–دەروێش غەریب 6–سەعەی کەبابچی.

بەقاڵەکان: 1–عەلی عەمەڵە 2–ڕەئووف عەباس

3–ساڵحی ڕەشە 4–حەمەی سافە.

عەتارەکان:1–حاجی مەحمود گێڵەرەیی 2–حاجی غەفوور

3–غەفوور شەریف 4–تۆفیقی حەمەبرا 5–ئەمینی فاتم

عەلافەکان: 1–حاجی شێخ حەمەمین. 2–مەلاحەسەن

3–خولەی چلپینە 4–حەمەی نانەوا.

هەلاجەکان: 1–وەستا شەریف. 2–حەمەسەعیدی پاوەیی

چەخماخسازەکان: 1–حەمەی حەمەسەلیم 2–شێخ حەیەر

3–وەستاعارف 4–رەحیمی قادرئاغا

کەوشدرووەکان :1–حەمەکەریمی سۆفی رەسوڵ 2–حەمەمینی حاجی قادر

3–ئەوڕەحمانی خەلیفە 4–ئەحمەد گیسك 5–عەلی پەری

سەڕاجەکان: 1–مەحمود سەڕاج (خەڵکی سلێمانی) بووە 2–حاجی کەریمخان

3–عەبەی تۆفیق 4–مەحمود سەراج هەڵبجەیی

کورتاندرووەکان: 1–ئەحمەدی خەجێ 2–ساڵحی ئاڵتوون

ناڵبەندەکان: 1–رەشەی باشچاوەش 2–وەستا محەممەدی ناڵبەند

3–رەشید حاجی حەمەعەزیز.

وەستا بەناکان: 1–وەستا رەشید ئەحمەد 2–رەشیدی عەزە

3–فەتاح سمایلبەگ 4–حەمە جوتیار.

نەقارەکان: 1–قالەی نەقار 2–تۆفیقی باوەیس

3–محەممەد عەلی قادر 4–حەسەن عاسە

دارتاشەکان: 1–وەستا ئەحمەدی دارتاش 2–حەمەی رەشەی یابا

3–عومەری نەجار 4–وەستا ئەلیوەیس 5–سەی ئەحمەدی قاوەچی

ئاسنگەرەکان:1–حاجی محەممەد ناسراو بە(حەداد) 2–نوری وەستا قادر

3–مەلامحەمەدی عەبلە رووت 4–عەلی وەستا قادر 5–ئەحلانی وەستا کەریم

تەنەکچییەکان: 1–وەستا حەمەمین (حەمەمینی کەڵبە) 2–محەممەد مستەفا

3–وەستا عەزیز


www.pertwk.com

خەیاتەکان: 1–حەمەی واحید 2–حەمەشەل 3–فازیلی وەستا سادق 4–بەکری مستەفای جگەرچی 5–سەی عەبدولاّ 6–رەشە تەق تەق 7–وەستا حەسەن حەمەعەزیز 8–ئەحمەدی وەستا قادر 9–وەستاعەول 10–قادری وەستا مەجید.

دەلاکەکان: 1–حەمید عاصم 2–حەمەعەل. 3–عەبدولاّی سمایلەفەندی 4–عەلی سمایلە فەندی 5–فەرەج حەمەکەریم 6–عەبدوڕەحمان حەمەمینی حاجی قادر

7–تایەری مەلا سابیر 8–حەمەی مەلاسابیر 9–وەستا سادقی تەوێڵەیی

کوتاڵفرۆشەکان: 1–حاجی ئەمینی حسەینئاغا 2– ساڵح حسەینئاغا 3–حاجی حەمەعەلی 4–مەلا شەفیق 5– مەلا حەسەن 6–حاجی شێخ غەفوور 7–حاجی ڕەووف تەوێڵەیی 8–تایەری سانئەحمەد 9–عیزەتبەگ 10–مەلا زایەر

نوقوڵدروستکەر: 1–حاجی ئەوڕەحمانە فیڵە

کوێخاکان: 1–مستەفای حاجی محەمەدی سلێمان 2–مستەفای حاجی محەمەدی پیرۆت 3–حەمەی قادر 4–کوێخا ئەحمەدی پیرۆت 5–ئەوڕەحمانی عەبدولاّ 6–حەمەفەرەجی کوێخا 7–تۆفیقی موختار

عەرزەوحاڵنووسەکان: 1–شێخ جەمال 2–حەمەی قادر 3–مەلا حەمەسەعیدی حاجی ئەمین 4–سەعیدی کەیخەسرەو 5–مەلا حەسەن 6–ساڵح شارەزووری

عەرەبانچییەکان: 1 –سەی مستەفا 2–عوسمانی خاوەر 3–حاجی حسێنە کوڵ

4–حەمەحسەینی عەرەبانچی 5–شێخ حەیدەر 6–عەبە کەچەڵ

ئۆتۆمبێلچییەکان: 1–مەلا ئەحمەد 2–عەزیزی ئۆتۆتمبێلچی

3–عومەری فەیمە 4–سەی عەلی 5–رەشەی مەلا کەریم

6–سلێمانی شێخ حەمەمین 7–مستەفا شێخ حەمەمین

صەڕافەکان: 1–حاجی سەعید 2–عەبدولاّ قەزاز 3–ئەحمەد چەقیلە

مزگەرەکان: 1–حەمەکەریمی بابا 2–محەممەد عەبدولاّ سەعەکەر

3–ئەحمەدی مسگەر 4–شەفیع هەلاج

جاڕچییەکان: 1–رەووفی عەباس 2–شەفیقی دەلاّڵ

سەعاتچیەکان: 1–سەی حەسەن 2–حیلمیمحەممەد3– عەلی سەعاتچی

4–سەعیدی حەملان 5–مەلا نەجمەدین

باجگرەکان: 1–حەمە ساڵح ئەحمەد سلێمان 2–ئەحمەد گوڵەنگ

3–عەلی لەواش

کاروانچیەکان: 1–کەیخەسرەو قادر سلێمان 2–سەعیدی ئەحمەدی جەواهیر

3–حەمەنوری حاجی ئەمین 4–حاجی حەمەعەلی

5-ئەحمەدی هۆمەر 6-عەلی قەمەریٚ 7-حەمەی ئاغەوەیس

پارێزەرەکان: 1-ئەنوەربەگی جەمیل بەگ 2-مەحمودی ئەحمەد بەگ

مامۆستاکان: 1-شێخ سەفادین 2-شێخ صاحب 3-شێخ عارف

4-مەحمودی حاجی محەممەدی شەفیع هەلاج

تەونچییەکان: 1-خانمی تەونچی 2-حاجی گەردەی رەحمان

3-پیرۆزی شەوڕن 4-سەیزادە

جۆلاکان: 1-حەمەمین ناسراو بە مینە جۆلای هەورامی 2-سالح جوولەکە

خومگەرەکان: 1-عەبەی خومگەر 2-مارف باوکی حاجی ئەولکەریم

3-شەمەی شاول

شەربەتفرۆش: 1-تۆفیقی ئیبراهیمبەگ

مامانەکان: 1-خورشەی مامان 2-نەنەخەجیٚ 3-رەحمەخان

4-خورشەی دایکی عەبدولای سمایلە فەنی

کارەساتە گەورەکان : 1-بلاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون 2-بلاوبوونەوەی نەخۆشی ئاولە 3-بلاوبوونەوەی چاوەقولە (کۆلێرا) 4-بلاوبوونەوەی گرانەتا کەپێیانوتووە پەتاقورسەکە سالی (1947ن).

---

[1] -(مەلاحەمەسەعیدی حاجی ئەمین) لەبەرئەوەی شاعیر وخوێندەوارێکی باش بووە و هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بەچاکی زانیوە پێی وتراوە (مەلا)، (شانامەی فیردەوسی) بەشیعر وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی.

[2] -(شێخ مستەفای موفتی کوڕی شێخ مەحمودی موفتیکوڕی شێخ عەبدولای خەرپانی)یە، (شێخ مەحمود)ی باوکی (موفتی قەزای هەڵەبجە) بووە، مەلایەکی گەورەی ئاییناس و پیاوێکی خاوەنڕێزی سەردەمی خۆی بووە، سالی (1901ن) کۆچی دوایی کردووە، لەوکاتەدا (شێخ مستەفا) فەقیٚ بووە لە (بیارە)، دەستی لە خوێندنەکەی هەڵنەگرتووە، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە لە مزگەوتی (جامیعە) کە مزگەوتی خۆیان بووە، بووە بە پێشنوێژ و وتارخوێنی هەینی، کاری (موفتی)یەکەی باوکیشی دراوەتیٚ.

کاتێك ئینگلیز عێراقیان داگیرکردووە، هەڵەبجە و دەوروبەریشی کەوتوونەتە ژێردەستیان، لەوەوە زیانێکی زۆریان بە (شێخ مستەفای موفتی) گەیاندووە، هەر لەو سەردەمەدا توشی نەخۆشی بووە و سالی (1938ن) کۆچی دواییکردووە.

[3] -(تایەر بەگی جاف) کوڕی (عوسمانپاشا) کوڕی (حەمەپاشا) کوڕی (کەیخوسرەوبەگ)ی (جاف)لە سالی(1878ن) لە هەڵەبجە لەدایکبووە، هەر لەمنداڵییەوە خراوەتە بەرخوێندن، باوکی میرزای تایبەتی بۆ گرتووە بۆ ئەوەی فێری خۆشنووسی و زمانی (فارسی) بکات.

شاعیرێکی تەڕدەم وزمانشیرینی گەلەکەمانە، بەهەر چوار زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی) شیعری داناوە، کەمێکیش زمانی فەرەنسی زانیوە، چەندین پارچە شیعری ناسك وپاراوی هەیە، دەستێکی بالای لە

هۆنینـەوەی (غـەزەل)دا هـەبووە, زۆر سـۆزداری شـیعرەکانی (حـافزی شـیرازی, سـەعدی, کـەلیمی هەمـەدانی, مەولەوی, نالی, سالم, وەلی دێوانە) بووە. بێجگـە لـە شیعرەکانی کـە لـە دیوانەکـەیدا کۆکراونـەتـەوە, کتێبێکیشی بەشیعر هۆنیوەتەوە بە ناوی (ئەحمەدی), بەیناوبەین ئەنجومەنی ئەدەبی پێکهێناوە, هۆنـەرانی ئـەو سـەردەمەی بانگکردووە سـەبارەت بـە وێـژە و زمـان دواون, یـەکێك لەوانـەی هەمیشـە لـەو مەجلیسـانەدا ئامـادە بـووە, کاکـە (حەمەی ناری) بووە.

تایەربەگ کەسێکی ژیر و وریا بووە, لەکاتێکدا (مێجەرسۆن)ی ئەفسەری سیخوڕی بەریتانی چووەتە هەڵەبجە و لـەماڵی (عوسمانپاشا)دا خـۆی بـە (غولامحسـێنی شـیرازی) داوەتـە قەڵـەم, پـاش ماوەیـەك (تایـەر بـەگ) لـەڕێی قسـەکردنەوە بـەوەی لـەبری وشـەی (نـا) وتوویـەتی (نـۆ) لـە راسـتی رازەکـەی ئاگـادار بـووە و دەریکـردووە, (مێجەرسـۆن) لەکتێبەکەیـدا باسـی ژیـری و وریـایی (تایـەر بـەگی) کـردووە, بـەڵام هـیچ ئاماژەیـەکی بـەرازی ئاشکرابوونەکەی نەکردووە, (ئەدمۆنـدز)یش مێـژووی چوونەکەی (مێجـەر سـۆن)ی بـۆ ماڵیپاشا بەپانزە سـاڵ پێش هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەم دیاریکردووە و نووسیویەتی ماوەی حەوت مانگ لەوێ ماوەتەوە.

ئەم شاعیرە پایەبەرزە ساڵی (1918ز) کۆچی دواییکردووە و لە(گۆڕستانی عەبابەیلێ) بەخاکسپێردراوە.

[4] –(ئەحمـەد موختارجـاف) کـوڕی (عوسمانپاشـا) کـوڕی (حەمەپاشـا) کـوڕی (کەیخوسـەوبەگی جـاف)ـە سـاڵی (1898ز) لە هەڵەبجە لەدایکبووە, هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەرخوێندن, پاشان فێری زمانی عـەرەبی, تـورکی, ئینگلیزی بووە, لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا بووە بە قائمقامی هەڵەبجە, ئەحمەد موختار لە ریزی شاعیرە بەرز و بـەتواناکانی گەلەکەمانـدا دێتـە ژمـاردن, لـە هـەموو بوارەکـانی شـیعردا ئەسـپی خـۆی تـاوداوە, وەك بـواری (نیشـتمانی, کۆمەڵایـەتی, دڵـداری... هتـد), زۆر حـەزی لـە شـیعرەکانی (نـالی, حـاجی قـادری کـۆیی, کـەیفی) کردووە, چیرۆکێکی زۆر بەپێزی نووسیوە لەژێر ناوی (مەسەلەی ویژدان), دەگێڕنـەوە لەکاتێکدا کـە قائیمقامی هەڵەبجـە بـووە, حکومـەتی ئـەو سـەردەمە رایسـپاردووە بـەوەی چـەند کەسـێك بـەناوی هێـزی (غـەیرەنیزامی) ناونووسبکات, کاتێك ژمارەیـەك لـە خـەڵکانی ناوچەکە دەچن بۆلای بۆ ئـەو مەبەسـتە لـە دیـوانی (قائمقامیـەت) هەندێ قسـەیان بـۆ دەکـات و پێیانـدەڵێ ئێـوارە سـەرملێبدەن لـە ماڵـەوە, لـە دیوەخانەکـەی خۆیـدا پێیانـدەڵێ: براینە حکومەت دەیەوێ بەرامبەر چەندعانەیەکی مانگانە ئێوە بکات بە کرێگرتە و چڵکاوخۆری خۆی و بتانـدا بەگژ برای خۆتاندا و دەستتان بچێتە خوێنی یـەکترەوە, کامتـان بێئیشـوکارە و نـەبووە بێـن مـن پارەتانـدەدەمێ برۆن کار و کاسپی خۆتان بکەن و نزیکی ئەم جۆرە ئیشانە مەبنەوە.

ئـەم شـاعیرە پایـە بـەرزە سـاڵی (1934ز) لـە تەمـەنی (38) سـاڵیدا بـە گوللـەی دەسـتێکی چڵکـن کـوژراوە و لـە گۆڕستانی (عەبابەیلێ) و لەتەنیشت مەزاری (تایەربەگ)ی برایەوە بەخاك سپێردراوە.

## ( پێنجوێن- بەهەشتێك لە شاخەکاندا )

بەهەشتێك لە شاخەکاندا, ئەفسوونی حەڵاڵ, ناسکترین جوانی رۆمانسی, ئەمانە و چەند نـاوێکی تـریش پێناسـەن بـۆ کوردسـتان لەدیـدی ژمارەیـەك لـە گەشـتیار و گەڕیـدە و خۆرهەڵاتناسـانەوە, بـەڵام ئەمانـە هیچیان ناگەنە ئاستی سەرمەستبوونی گەشتیاری بەناوبانگ (مینیان) کە زۆر شاعیرانە باسی لـە جـوانی

دیمەنی سروشتی کوردستان کردووە, ناوبراو وتویەتی زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم کوردستان جوانترین و خۆشترین شوێنە لە هەموو ژیانمدا گوزەرم پێدا کردبێت.
(پێنجوێن) یەکێکە لەو شوێنە خۆشانەی کوردستان هەرکەس گوزەری پێدا کردبێت بە جوانی سروشتەکەی, خۆشی و سازگاری ئاووهەواکەی سەرمەستبووە.
هەرچەند بەداخەوە تائێستا سەرچاوەیەکی مێژوویی لەبەردەستدا نییە لە دیرۆکی دێرینی (پێنجوێن) بدوێت, بەڵام کۆنترین ئاماژەبۆکردن لەم بوارەدا رێکەتننامەکەی (ئاماسیە)ی ساڵی (1555ز) نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و صەفەوی)یە, لەو رێکەتننامەدا هاتووە ئەوناوچەیە وەك ناوچەیەکی بێلایەن ماوەتەوە, بەڕێز (نەوشیروان مستەفا ئەمین) لەکتێبی (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم وعەجەم دا) نووسیویەتی: مانەوەی ناوچەکە بەبێلایەنی بووە بەهاندەرێك بۆ حوکمڕانانی ئەردەڵانی دەست بەسەر ناوچەی پێنجوێندا بگرن.
حوکمڕانی ناوچەی پێنجوێن چەندین جار لەنێوان دەسەڵاتدارانی (عوسمانی, صەفەوی, بابانی, ئەردەڵانی) دەستاودەستیکردووە, پاش بڕانەوەی حوکمی بابانییەکانیش تاساڵی (1915ز) لەژێردەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانییەکادا بووە.
بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوی پێنجوێن هەن, بەڵام گرنگترینی بۆچوونەکان ئەمانەن:
1-دەڵێن پێنجوێن لە (پێنج وێنە)وە هاتووە, گوایا دیمەنی گشتی شارەکە لە کاتی هەتاوکەوتندا لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا پێنج وێنە دەنوێنێ, هەریەك لە خوالێخۆشبووان (مامۆستا محەممەد ئەمین زەکیبەك, مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی پشتگیری ئەم بۆچوونەیان کردووە.
2-هەندێك هەن پێیانوایە شارەکە لەسەرەتاوە پێنج (یۆنانی) ئاوەدانیانکردۆتەوە, لەم بوارەدا (حەمەمین پێنجوێنی) دەڵێت: ئەو پێنج یۆنانییە لەپاشماوەی لەشکری (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بوون و ئەوان بناغەی پێنجوێنیان داناوە.
3-هەندێکی تریش دەڵێن شاری پێنجوێن لە سەرەتادا پێنج جولەکە ئاوەدانیانکردۆتەوە, (مامۆستا کەیوان ئازاد ئەنوەر) لەنووسینێکیدا بەناو نیشانی (پێنجوێن لە مێژووی کۆن)دا کە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 1724لە 1998/10/31بڵاوکراوەتەوە ئەمەی خستۆتە ڕوو.
4-ئەو بۆچوونەی کە زیاتر جێگای باوەڕپێکردن بێت لەناو زۆربەی خەڵکدا ئەمەیە کە دەڵێت لە دەوروبەری پێنجوێنی ئێستادا پێنج گوند هەبوون بەم ناوانە (دەربەندی ناوشاخان, دێکۆن, میرزەین, دێیمەلائیبراهیم, قەڵادێ), گوایا خەڵکی ئەو گوندانە پێش پێنج سەدساڵ زیاتر لەسەر ئەوە رێککەوتوون شوێنەکانی خۆیان چۆڵبکەن, هەموویان پێکەوە لە شوێنی پێنجوێنی ئێستا خانوو دروستبکەن, ئەوانەش کەپشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن لەسەر ناوی گوندەکان یەکدەنگ نین و جیاوازی

لەناوی  پێنج گوندەکەدادەکەن, بەڵام بەڵگەیەك کەزیاتر ئەم بۆچوونە بەهێزبکات ئەوەیە شوێنەواری نیشتەجێبوون تا ئێستا لەو شوێنانەدا دیارە و رووبەرێکی گەورەش هەیە کە هەمووی گۆڕستان بووە.

5-رایەکی ترهەیە پێیوایە ناوی پێنجوێن لەزمانی لوڕییەوە هاتووە و لەسەرەتاوە پێنج ماڵی تێدابووە, گوایا لەزمانی لوڕیدا بەخانوو دەوتریً(وێن).

هەر لەبواری ناوی (پێنجوێن)دا چەند بۆچوونێکی تریش هەن, بەڵام ئەمانە هەموویان تەنها لەدووتوێی بۆچووندا دەمێننەوە هەتاکو بەڵگەیەکی مێژوویی  حاشاهەڵنەگر راستی یەکێکیان دەسەلمێنێت.

(پێنجوێن) بە زنجیرە شاخێکی سەرکەش دەور دراوە, گرنگترین لووتکەکانی ئەو زنجیرە شاخە ئەمانەن: (ملەکەوە, ژاژەڵ, مەحمودشەل, قوڵەخۆشان, میرزەین, بەرماڵیمیری, قازانوکەوچك, گڵەزەردە, کچەکوژراو, سێکۆ, ئاسنکولێن, ئەسحابولاَ, گامردارەوبوو, هێلانەکۆلاران, کەژان).

چەند هۆز و بنەماڵەیەك لە پێنجوێندا نیشتەجێبوون بەم ناوانە:

1-بنەماڵەی بارامی, ئەم بنەماڵەیە لەناوچەی (کەپەكوهاڵەدەرە)ی ئێرانەوە هاتوون, ریشسپییان (حاجی خەلیفە میرزا حەسەن) بووە.

2-هۆزی وەستا حسەین, لەنێوان هەورامان و مەریوانەوە هاتوونەتە پێنجوێن, ریشسپییان (میرزا عەبدولاًکاکەسوور) بووە.

3-هۆزی قوباد, ئەم هۆزەش لەسەرەتادا لە ئێرانەوە هاتوون, ریشسپییان (حاجی رەسوڵی خدر) بووە.

4-هۆزی مخە, لەناوچەی شارباژێڕەوە هاتوونەتە پێنجوێن, ریشسپییان (حاجی فەتحولاًی سۆفی رەسولً) بووە.

5-هۆزی نیسکە, ریشسپییان (میرزا رەسولً) بووە.

6-بنەماڵەی غەفوور باڵدار, ریشسپییان (حاجی حەسەن حەمەلالً) بووە.

7-بنەماڵەی حاجی مەحمود, ریشسپییان (عەبدولاًی فەقیً محەممەد) بووە.

8- بنەماڵەی حاجی قادری, ریشسپییان (حاجی سالًحی فەرزالً) بووە.

9-هۆزی سمایلی ئەحمەدی عەلی.

بێجگە لەم بنەماڵە وتیرە و هۆزانەی ناومانهێنان چەند خێزانێکی تریش لەشوێنی جیاجیاوە هاتوونەتە پێنجوێن و تێیدا نیشتەجێبوون, ئەم هەموو هۆز و تیرە و بنەمالاًنەش پەیوەندییەکی پتەوی دۆستانەیان پێکەوە بووە و هەموویان بەخۆشەویستی پێنجوێن هاوکاری یەکتریان کردووە.

دانیشتوانی پێنجوێن بەسەر چەند گەڕەکێکدا دابەشبوون بەم شێوەیە:

1-گەڕەکی بەرکێو   2-گەڕەکی کانی حەیات   3-گەڕەکی شیوی جۆلاً

4-گەڕەکی جوولەکان  5-گەڕەکی بەری کەناو  6-گەڕەکی پیریونس

7-گەڕەکی بەرزان 8-گەڕەکی چاڵەڕوحی9-گەڕەکی بنگرد10-گەڕەکی بەرباخ


www.pertwk.com

پیشە دەستییەکان لە پێنجوێندا زۆر برەویان هەبووە وەك: (دارتاشی، ئاسنگەری، خەیاتی، جۆلایی، هەلاجی، خومچێتی، لێفەدرووی، سەراجی، نالبەندی، چەخماخسازی، کورتاندرووی، پێلاودرووی وپینەچێتی، وەستا بەنایی، هەروەها ژمارەیەکی تریش لەپێنجوێنییەکان سەرقاڵی پیشەی تربوون وەك: عەتاری، بەزازی، بەقاڵی، چایچێتی، کەبابچێتی، وردەفرۆشی، دەلاکی...هتد.

لەم بوارەدا کۆمەڵێك خەڵکی دەسترەنگین سەرقاڵی پیشە دەستییەکان و ئیشوکاری جۆراوجۆر بوون، بە کارامەیی کاریانکردووە و کالای دەستییان بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە نەك سەرژمێر ناوی چەند کەسێکیان دەهێنین لەوانە: (وەستارەسوڵی جۆلا، وەستا عەبدولای جۆلا، وەستا سمایل، وەستا برایمی بەنا).

هەروەها ژمارەیەك کەسیش هەبوون لە شارەکەدا شارەزایی باشیان لە پزیشکی و دەرمانگەری میللیدا هەبووە و نەخۆشییان چارەسەر کردووە، لەوانە (میرزا ئەحمەد، محەممەد زۆراب نورە، حاجی‌مامەرەشە، نەجمە خانی هاوسەری حاجی عەبدولرەحمان، ئامینە خانی هاوسەری قادر سەلام).

لەناو پێنجوێن و دەوروبەریدا چەند پارچە باخێك هەن وەك سەیرانگە خەڵکان رووبانلێدەکەن وەك: (چوارباخ، بلکیان، ئەلیاسەفرە، قورەرەشە).

پارچەباخی ئەلیاسەفرە بەناوی پیاوێکی ئاییناسەوە ناونراوە بەناوی (ئەلیاسە فرە) و مەرقەدی لەناو باخەکەدایە، بێجگە لەوەی ئەم باخانە سەیرانگە و شوێنی حەوانەوەن بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، بەکانیاوی سارد و هەوای فێنك ناویان دەرکردووە، جۆرەها میوەشیان تیا بەرهەمدەهێنرێت بەتایبەت: (هەرمێ، سێو، بەهێ، ترێ، هەڵوژە، گوێز).

پێنجوێن سەرەتا گوندێك بووە سەر بەناحیەی (قزلجە) کە یەکێك بووە لەناحیە هەرەکۆنەکان لەکوردستاندا، بەلام ساڵی(1922ز) کراوە بەمەڵبەندی ناحیە و دامودەزگای حکومی تێدا کراوەتەوە، ساڵی (1935ز) بۆیەکەمجار قوتابخانەی سەرەتایی تێدا کراوەتەوە، ساڵی(1940ز) تەلەفۆنی تێدا دانراوە و (ئەحمەد حەمەمراد) یەکەم ژمارەی تەلەفۆنی مالانی وەرگرتووە، هەر هەمان ساڵیش رادیۆ براوەتە شارەکە، یەکەم ئامێری (گرامافۆن=قەوان)جەلال کەریم بردوویەتییە پێنجوێن، پاش کارەساتی بوومەلەرزەکەش بەبرێك پارەی پیتاکی خەڵکی سلێمانی بۆهاوکاری لێقەوماوان مولیدەیەکی کارەباییان کڕیوە، ساڵی (1950ز) پێنجوێن کراوە بە مەڵبەندی قەزا و ئیتر لەرووی ئاوەدانییەوە زیاترگەشەیکردووە، هەموودامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و پێداویستییەکانی ژیانی شارستانی تێدابووە بۆ نموونە: فەرمانگە حکومییەکان، میوانخانە، گەرماو....هتد.

پێویستە لەبواری ئاوەدانکردنەوەوی پێنجوێندا ئاماژەبکەین بە رۆڵی بنەماڵەی (عوسمانپاشای جاف)، ئەم بنەماڵەیە زۆربەی کات وەرزی هاوینیان لەم شارەدا بەسەربردووە، مزگەوت و گەرماو و بالاخانەیان تێدا دروستکردووە، مزگەوتی پاشای پێنجوێن زیاتر لە (90) ساڵە دروستکراوە.


www.pertwk.com

ژمارەیەك مەلای دیارو ناسراو لەم شارەدا هەڵکەوتوون کە شوێندەستیان لە بواری زانستی ئایینی و ئەدەب و پەروەردەکردندا زۆر کاریگەرە, هەر بۆنموونە ناوی چەند کەسێکیان دەهێنین:

1-مەلامحەممەدی مەلائیبراهیمی مەلاعەلی, هەرچەندە لە (گوندی شێخەڵمارێن) لەدایکبووە, بەڵام هەمووتەمەنی لە پێنجوێندا گوزەراندووە.

2-مەلامحەممەدئەمین 3-مەلاعەبدولاّ 4-مەلاعەبدولڕەحیم

5-مەلاعەبدولڕەحمانی پێنجوێنی=مەلای گەورە, ئەم زاتە مەلایەکی کەمنوونەی سەردەمی خۆی بووە, زانا, ئایینناس, سۆفی مەشرەب و زۆر خۆشویستی خەڵك بووە,سەرەڕای دەرسوتنەوە وئامۆژگاری و ڕێنمایکردنی خەڵك,چەندین نووسین و پەراوێزی بەکەڵکیشی لەشوێن بەجێماون, ساڵی (1319ك) بەرامبەر بە ساڵی (1901ز) پێش نوێژی ڕۆژی هەینی کۆچی دواییکردووە, لەژوورێکی بەردەم (مزگەتی پاشا)دا بەخاکسپێردراوە, لەهەمان ژووردا تەرمی هەریەك لە: (کەریمبەگی جاف, مەلاجەلالی کوڕی مەلاعەبدولڕەحمان, خورشیدەخانمی کچی مەلاجەلال, حاجی مەحمود بابا) بەخاکسپێردراون.

چەند گوندێك کە پێشتر لەدەوروبەری پێنجوێندا بوون گرنگی بەرچاویان لەمێژووی شارەکەدا هەیە, یەکێك لەو گوندانە (ئەحمەدکلوان)ـە, دەوترێت دوانزە سوارەی مەریوان لەم گوندەوە ڕۆیشتوون بۆ هێرشبردن بۆسەر ئەو لەشکرەی کە لەکەنار (زرێبار) بە مەبەستی پەلاماردانی قەڵەمرەوی بابان مۆڵدراوە, (میستەر جێمس کلۆدیۆس ریچ[1]) لەکاتی گەشتە بەناوبانگەکەیدا لە سلێمانییەوە چووەتە گوندی ناوبراو و وەرزی هاوینی لەوێ بەسەر بردووە.

پێنجوێن چەندین ئەدیب و شاعیر و خەڵکی ڕۆشنبیری تێداهەڵکەوتووە کەخزمەتێکی دیاریان بەکاروانی ڕۆشنبیری گەلەکەمان کردووە, شاعیری شەیدای خاك ونەتەوە (موفتی پێنجوێنی) خاڵێکی گەشە لەبزاڤی ڕۆشنبیری شارەکەدا, هەروەها (مامۆستا خامۆش) و (حەمەمین پێنجوێنی) و چەندانی تریش لەم بوارەدا شوێن دەستیان دیارە.

بەنیشبەت هونەریشەوە سەرەرای نەبوونی پێداویستی کەچەندین قات ئەرکی هونەرمەندانی ناوچەکەی گرانکردووە, هونەرمەندانی پێنجوێن هەمیشە سەرێکی دیاربوون, دڵگەرمانە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەهەموو بوارەکانی هونەردا کاریانکردووە, تائێستا چەندین بەرهەمیان پێشکەشکردووە و باشترین بەڵگەش بۆکارکردنیان, ئەو فیستیڤاڵە هونەریانەن کەلەساڵیادی ڕاپەڕینی پێنجوێندا سازیانداون.

ژمارەیەك لە پێنجوێنییەکان لەبواری فۆلکلۆری بیستراودا شوێن پەنجەیان دیاربووە, وەك شمشاڵژەن و گۆرانیچڕ ناوبانگیان دەرکردووە و شایی و زەماوەندەکانیان گەرمکردوون, لەوانە (کەریمی باوەڵێ, حسەینی فەرەجی زۆراب, مەحمود نەسروڵا, دەروێش عەبدوڵا ڕەزا, خولە عەرەب, حسەین دارا), ژمارەیەکی تریش هەتاکو ئێستا لە خزمەتی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدان و بەردەوامن لە گۆرانیچڕین وەك: (ساڵحی سۆفی ئەحمەد, حەمە کولاشت, ئیبراهیمی عەبەڕەش, حەمەی مەلەك), لێرەدا پێویستە

نـاوی گۆرانیبێـژی شـەهید (عەبـەی مـەلا)ش بهێنرێـت کـە بـەدەنگی خـۆش و بەتوانایــەکی زۆرەوە گۆرانییەکانی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان (حەسەنزیرەك)ی چڕیون.

ئـەم شـارە هـەر لەسـەرەتاوە مەڵبەنـدێکی گـەورەی بازرگـانی بـووە, ژمارەیـەکی زۆر لـە بازرگانـان لەناوچەکانی ترەوە چوونەتە پێنجوێن و لـەوێ دوکانیانداناوە و بازرگانیانکردووە, هـەروەها پێنجوێن کاروانسـەرای ئـەو کاروانچییانە بـووە کـە لـە (سـلێمانی)یـەوە بـە (دەربەنـدی گۆیـژە)دا گەیشـتوونەتە (چنگیان) و لەوێشەوە بۆ (پێنجوێن) و دواتر بۆ (سنە) و ناوچەکانی دەوروبەری ڕۆیشتوون.

سەرچـاوەی بـژێوی خـەڵکی پێنجـوێن بەشـێوەیەکی سـەرەکی کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییــە, سـەرەڕای ئەوانەشـیان بـە کاروبـاری دەوڵەتییــەوە خـەریکن, ژمارەیـەکیان سـەرقاڵی دوکانـداری و ئـاڵوێردی سەرسنوورەکانن.

لەباسکردنی پێنجوێندا بەپێویستمان زانی ناوی یەکێك لە شوێنەوارە مێژووییە گرنگەکانی ناوچەکە بهێنین, کە شوێنەوارێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە و بایەخێکی گەورەی لەبیر و هزری خەڵکی پێنجوێن و دەوروبەریدا هەیە, ئەو شوێنەوارەش (قەڵای کچێ)یە.

(قـەڵای کچـێ) دەکەوێتـە پشت گونـدی نـزارە, قەڵایـەکی گەورەیـە بەسـەر لوتکەیـەك لـە لوتکـە بـەرزەکانی زنجیرە شاخی (یەتاخ)ـەوەیە, خەڵکی ناوچەکە دەڵێن: پاشای ئەم قەڵایە کچێك بووە بەناوی (کشوەر), لە پانتاییـەکی خـوار قەڵاکەیـدا شـارێکی دروسـتکردووە و بـەناوی خۆیـەوە ناوینـاوە, ئێسـتا ئـەو شـوێنە دەشـتێکە خـەڵکی ناوچـەکە پێیـدەڵێن (کشـەدەر), لەسـەر ڕۆشـنایی ئـەو زانیارییانـەی لـە ژمارەیـەك لـە خـەڵکی ناوچـەکە وەرمـانگرتوون هـەتا پـەنجا سـاڵێك لەمەوبـەر شـوێنەواری کـەلاوەکانی (کشـەدەر) بـە ئاشکرا هەستییانپێکراوە و دیاربوون, بەڵام ئێستا ئەو شوێنە دەشتێکە و کشتوکاڵی تێدا دەکرێت.

لـەناو (قـەڵای کچـێ) و لـەو شوێنەشـدا پێنجوێنییـەکان پێیـدەڵێن (کشـەدەر) و لـە جێگەیـەکی تـریش کـە پێیـدەوترێ (سێچاکان) و لەهـەمان ناوچـەدایە, گـۆزە و کوپـە و سـکەی هەمـەجۆر وەك (سـکەی کـۆرشـی گەورە, سکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی, سکەی ساسانییەکان) و پەیکەر دۆزراونەتەوە.

ساڵی (1973) پەیکەری کچێکی تێدا دۆزراوەتەوە لەوکاتەدا فرۆشراوە بە (300) دینار, چەندکەسێك لە شێخەکانی گوندی (نزارە) باسیان لەوە دەکرد گوایا ئـەو پەیکـەرە پەیکـەری (نێفـەر تیتـی[2]) بووە, ئێمە زۆر هەوڵمانـدا سەرچـاوەیەکی مێـژووییمان دەسـتبکەوێ دەربـارەی ئـەم قسـەیە بـەڵام شـتێکی وامـان دەستنەکەوت.

لێرەدا پێویسـتە بـاس لـەوە بکـەین فرعەونـەکان پەیوەنـدی پتـەویان لەگـەڵ (میتـانی)یەکانـدا هـەبووە, (میتانییەکان) یەکێك بوون لە نەتەوە زاگرۆسییەکان, لە سەدەی شانزەیەمی پێش زاییندا مەملەکـەتێکی بەرفراوانیان هەبووە و دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراندووە, دەوڵەتەکـەیان یـەکێك بـووە لـە چوار دەوڵەتە گەورەو بەرفراوانەکانی ئەو سەردەمە کە بریتیبوون لـە (میسر, هیتیت, کاردۆنیاش, میتـانی), زیاتر لە

(600)ساڵ حوكمڕانیانكردووه و پایتەختەكەیان (شاری واششوٚغانی) بووه, (خۆرهەڵاتناس بورك) دەڵێ: میتانییەكان پەیوەندی زۆر پتەویان لەگەڵ فیرعەونەكانی میسردا هەبووه, لەدەورووبەری (شاری كەركوك)دا كۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆر دەربارەی (میتانییەكان) دۆزراونەتەوەو بایەخێكی مێژوویی زۆریان هەیە, یەكێك لەو بەڵگەنامانەی میتانییەكان كە دۆزراونەتەوە نامەیەكی (600) دێڕی یەكێك لە پادشاكانیانە بە ناوی (توشراتا), (خۆرهەڵاتناس بورك) دەڵێ زمانی ئەو نامەیە لەزمانە كافكاسییەكانە. زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەكان (میتانییەكان) و (سۆبارییەكان)یان بەیەك لەقەڵەمداوە, میسریە كۆنەكانیش پێیانوتوون (ناهاری), لە (تەورات)یشدا بە (ئارام–ناهارەم) ناوبراون.

هەندێك پێیانوایە (نێڤەرتیتی) كچی یەكێك لە پادشاكانی (میتانی) بووە و لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا كە لەنێوان (میتانییەكان) و (فیرعەونییكان)دا بووە بەشوودراوە بە (ئەخناتۆن).

بێجگە لە قەڵای كچێ چەند قەڵایەكی تر لە هەمان زنجیرە شاخدا هەن وەك (قەڵای كوڕێ, قەڵای مێزەران, قەڵای جاوا, قەڵای پیرێژن), چەند گوندێكی ئەو ناوچەیەش ناوەكانیان كۆنن و دیارە بەزمانی خەڵكی ئەو دەمەوە ناونراون وەك (كێلو, مەسۆ, سەڵەسی), خەڵكی ناچەكە دەڵێن ئەم ناوانە (یۆنانین).

خەڵكی پێنجوێن شۆڕشگێڕ و قارەمان بوون, هەردەم لەگەڵ كێشەی رەوای گەلەكەماندا بوون و لەم بوارەدا شوێن دەستیان دیارە, ساڵی (1917ز) ئازایانە بەرەنگاری شاڵاوی سوپای رووسیای تزاری بوونەتەوە و چەند كەسێكیان بێسەر و شوێنكراون هەتا پاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر ئینجا ئازادكراون لەوانە: حاجی ئەمینی فاتێ, دەروێش فەرەج, شێخ حەسەنی كانیمیران,

هاوكاری و پشتیوانی گەورەی شۆڕشەكانی (شێخ مەحمودی مەلیكی كوردستان)یان كردووه, ژمارەیەكیان پێشمەرگەی دلێری ئەو شۆڕشانە بوون وەك: (رەشید بەكر, عەلی بەكر, حاجی قادری بەزاز, مەلامحەممەد كەریم, جەلال كەریم), راپەرینەگەورەكەی (پێنجوێن وهاڵیاوا) دژی دەسەڵاتی گەندەڵی حوكمی پاشایەتی عێراق, بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگرە بۆ پشتیوانی خەڵكی پێنجوێن لە مەلیكی كوردستان, لە 1930/11/3شێخی نەمر پێنجوێنی رزگاركردووه, بۆ جارێكی تریش لەساڵی (1941ز) پێشمەرگەكانی شێخ مەحمودی نەمر هاوكات لەگەڵ هێرشكردن بۆسەر (هەڵەبجە), هێرشیانكردۆتە سەر پێنجوێن و چەند گەڕەكێكی ئازادكراون, بەڵام بۆرێگرتن لەزەرەر وزیانی خەڵك لەترسی بۆمبارانی شارەكە پاشەكشێیانكردووه, ژمارەیەك لە پێنجوێنییەكان بەتۆمەتی ئەوەی گوایا هاوكاری شورشگێڕانیان كردووه, دەستگیركراون بەڵام دواتر لەبەر نەبوونی بەڵگە لەسەریان ئازادكراون, لەوانە:

1–حاجی عەزیز فەقێ محەممەد

2–حاجی رەشید حاجی فەتحوڵا

3–حاجی حەسەنی غوڵام

4–عەلی ئەحمەد رەشی چایچی

5-مەلا عەبدولأفەقێ

هەر لەسەرەتای هەلأیسانی (شۆڕشی ئەیلول)وە, پێنجوێنییەکان رۆلّی کاریگەریان تێدا گێڕاوە, سالّی (1961ز) شارەکە ئازادکراوە, سالّی (1962ز) رژێمی عێراق داگیریکردوەتەوە, بەلاّم هەرهەمان سالّ ئازادکراوەتەوە, سالّی (1964ز) و لەئەنجامی هێرشێکی دڕندانەدا رژێم دەستی بەسەر شارەکەدا گرتووەتەوە, لەو هێرشەدا خەلّکەکەی تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە و ئاوارەیی بوون, سالّی (1967ز) هێزەکانی رژێم لەپێنجوێن پاشەکشێیانکردووە, ئیتر هەتاکو سالّی (1975ز) شارەکە لەچوارچێوەی ناوچە رزگارکراوەکاندا بووە, ژمارەیەکی زۆر لەو خەلّکانەی لەناو شارەکانەوە چوونەتە ناو شۆڕش, بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە لەپێنجوێندا حەوانەتەوە, خەلّکەکەش مەردانە هاوکاریانکردوون, ژمارەیەك لەخەلّکی ئەم شارە بەدرێژایی سالّەکانی شۆڕش پێشمەرگە وکادر و لێپرسراو بوون لەئاستە جیاجیاکاندا.

لە(شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا ئەم شارە کانگەی خەبات و تێکوشان بووە, هەر لەسەرەتای هەلأیسانی شۆڕشەوە ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی شارەکە چەکی شەرەفیان کردۆتە شان و بوون بە پێشمەرگە, بەدرێژای سالّەکانی شۆڕش پێنجوێن کوانووی گەشاوەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە بووە و چەندین نەبەردی تێدا تۆمارکراوە, راپەڕینەکەی سالّی (1980ز ) کەلەناو خەلّکی شارەکەدا بە راپەڕینەکەی (دەروێش مەجید) بەناوبانگە بەلّگەیەکی زیندووە لەم بوارەدا, (شەهید دەروێش مەجید) گاوانی شاری پێنجوێن بووە, رۆژی 1980/10/17 لەئەنجامی کوژرانی ئەفسەرێك و چەند سەربازێکی عێراقی کەرێیان لە پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ك) گرتووە, (دەروێش مەجید) لەکاتێکدا سەرقالّی لەوەڕاندنی گاگەلەکەی بووە لەلایەن سەربازەکانی رژێمەوە دەستگیرکراوە و زۆر بەدڕندانە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا کوژراوە و تەرمەکەی فڕێدراوە, پاش ئاشکرابوونی رازی شەهیدبوونی ناوبراو خەلّکی پێنجوێن راپەریون, هێزی پێشمەرگەش هاتووە بەهانایانەوە و شەڕێکی قورس روویداوە, لەو شەڕەدا زیاتر لە (111) سەرباز ودەرەجەداری عێراقی کوژراون, بێجگە لەبریندار و زەرەر وزیانێکی زۆر کە لەدام ودەزگاکانی رژێم کەوتوون, لە ئەنجامی ئەو راپەڕینەدا چەند کەسێك گیراون و رەوانەی ئەمنی سلێمانی کراون, ماوەی حەڤدە رۆژ لەئەمنی سلێمانیدا ماونەتەوە, ژنێکی قارەمانیان تێدابووە بە ناوی (خاتوو گەلاوێژ), هەروەها ژمارەیەك لە کەس و کاری پێشمەرگەکانی شارەکە گیراون, لەناویاندا خێزانی (کاك بەکری حاجی سەفەر)یان تێدابووە.

خەلّکی ئەم شارە لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا ژمارەیەکی زۆر شەهیدیان بەکاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیووە لەناویاندا هەر بۆ نموونە نەك سەرژمێر: (محەمەد سالّح پێنجوێنی, عومەر عەزیز حاجی حسێن, ئافتاو محەممەد گورگە, شێخ حسێنە سوور, مەحمود سەعید عەبدولأ, شەریفی قورئانی, مستەفای سەعید زۆراب......هتد.

[1]–(مستەر جێمس كلۆدیۆس ریچ) نوێنەری كۆمپانیای هیندی خۆرهەلآت بووە, ساڵی(1920ز) لە (بەغداد)ەوە هاتۆتە كوردستان و گەشتێكی چەند مانگەی بە كوردستاندا كردووە, سەردانی (سلێمانی, بانە, سنە ...هتد) كردووە, گفتووگۆی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لەگەورە پیاوانی ئەو سەردەمەی كوردستاندا كردووە, كتێبێكی دەربارەی سەرەنجەكانی لە كوردستاندا نووسیووە لەژێر ناوونیشانی (گەشتی ریچ بۆ كوردستان), ئەم كتێبە وەك یەكێك لە سەرچاوەكان لەقەڵەمدەدرێت لەبواری (كوردناسی)دا.

[2] –(نێڤەر تیتی) یەكێك بووە لە شاژنە ناودارەكانی (میسر), هاوسەری (ئەخناتۆنی فیرعەونی میسر) بووە, (ئەخناتۆن ونیڤەرتیتی) وازیان لەدینی فیرعەونییەكان هێناوە, سەرەتا خۆریان پەرستووە, رۆژانە لەگەڵ هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆردا چوونەتە رۆخی (رووباری نیل) و كڕنووشیانبردووە, پاشان چوونەتە سەر ئەو باوەڕەی كە مادام خۆر هەڵدێ و ئاوادەبێ هێزێك هەیە درووستكار و هەڵسووڕێنەریەتی و كاری رێكدەخا, ئیتر ملكەچبوونی خۆیان گۆڕیوە لە خۆرەوە بۆ ئەودرووستكارە.

كاتێك كاهینەكان و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەی دینی فیرعەونی بە رازی (نیڤەرتیتی و ئەخناتۆن)یان زانیوە, بە هاوكاری دایك وبرای ناوبراو و بنەماڵەی حوكمڕان, بەبڕیارێكی دەستە كۆمەڵ (ئەخناتۆن) یان لە سەر تەختی پادشایەتی لاداوە و برایەكی بەناوی (حورمس حوتب)لە شوێنی دانراوە بە(فیرعەون), (ئەخناتۆن و نێڤەرتیتی) دەستبەسەركراون لە ناو كۆشكەكەیاندا و بواری هیچ جموجووڵێكیان نەدراوە هەتاكو مردنی (ئەخناتۆن).

لە هەندێك سەرچاوەدا باس لەوە كراوە گوایا (ئەخناتۆن) بەمەرگی ئاسایی نەمردووە, بەڵكو بەفیتی كاهینەكان و (حورمس حوتب)ی برای دەرمانخوارد كراوە.

## ( جوانرۆ ماوای دایكزادی ئێلی گەورەی جاف )

(جوانرۆ) ناوچەیەكی دەشتایی بەمێرگ پاوەنە, دەكەوێتە ناو سنووری ئیداری پارێزگای (كرماشان[1]) و لەدامێنی چیا سەركەشەكانی (شاهۆ, ماكوان, ساراوەن, بەنیگەزی)دایە, شاری (جوانرۆ)ش كەیەكێكە لە شارە رەنگین و دڵگیرەكانی (كوردستانی ئێران) دەكەوێتە هەمان ناوچەوە, شارەكە زووتر لەبەرئەوەی قەڵای زۆری تێدابووە وەك: (قەڵای سەفیخان, قەڵای هەلان, قەڵای تەپەگردك, قەڵای تارمایی, قەڵای جوولەكە) و چەند قەڵایەكیتر پێیوتراوە (قەلا), دەربارەی ناوی (جوانرۆ) دووبۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1–هەندێك دەڵێن لە شەرێكیسەخت وخوێناویدا ژمارەیەكی ئێجگار زۆر لە كوڕەگەنج وئازاكانیان كوژراون, كاتێك كەس و كاریان رۆیشتوونەتە سەریان, دەستیانگكردووە بە شیوەن شەپۆڕو هاواریانكردووە, (جوانمرۆ,جوانمرۆ) لەوەوە ئیتر ناوی (جوانرۆ) براوە بەسەر ناوچەكەدا.

2–هەندێكی تر دەڵێن (رۆخانە= زێی سیروان) بەدیمەنێكی جوان و رێكوپێك بەناو شارەكەدا رۆیشتووە و پێیانوتووە (جوانڕود) گوایا ناوەكە لە (جوانڕود)ـەوەهاتووە.

کەش وهەوای (جوانڕۆ)، بەزستان سەرماو سۆڵەیە، بەفروبارانی زۆری لێدەباریٚ، بەهاوین فێنك وخۆشە و شوێنی گەشت و سەیران و کاتبەسەربردنە.

چەند شوێنەوارێکی مێژوویی لە (جوانڕۆ)دا هەن، هەرە دیارەکانیان ئەمانەن:

1-(ئەشکەوتی کاوات)، شوێنێکی بەناوبانگە و سالآنە بەهەزاران خەڵك بۆ سەیران و گەشت و گوزار دەچنە ئەوی، لەناو ئەشکەوتەکەدا ئاوێکی زۆر و سازگار هەیە، بە بۆری راکێشراوە بۆ ناو (شاری جوانڕۆ) هەروەها شوانکارەکانی (جوانڕۆ) بۆ ئاودانی ئاژەڵەکانیان سوودی لێوەردەگرن.

2-(ئەشکەوتی تەختەونان)،ئەم ئەشکەوتە لە (گوندی نەوەڵ)دایە، (15)مەتر بەرزە، کەمکەس بتوانێت بە ئاسانی بچێت ناوییەوە.

خەڵکی (جوانڕۆ) بە شێوەیەکی گشتگیر (جاف)ن، ئاشرایە هەمووتیرەکانی (ئێلی گەورەی جاف) لەسەرەتاوە ماوایان (جوانڕۆ)بووە، ئەو تیرە سەرەکییانی (جاف) کە تائێستاش لە ناوچەی (جوانڕۆ)دا دەژین بریتین لە:

1-تیرەی قوبادی 2-تیرەی باوەجانی 3-تیرەی وەڵەدبەگی 4-تیرەی ئیمامی

5-تیرەی ئێناخی6-تیرەی نامدار بەگی7-تیرەی میرە بەگی8-تیرەی کلاشی

9-تیرەی دڵەتازەیی10-تیرەی تاوەگۆزی 11-تیرەی کۆکۆیی

12-تیرەی رۆستەمبەگی، ( تیرەیرۆستەمبەگی) بە جوانڕۆییەکان ناسراون و زۆربەی کات حوکمی جوانڕۆیان کردووە، ئەوەشیان حوکمڕان بووبێت پێیوتراوە (وەکیڵ) وەکیڵە دیارەکانی جوانڕۆ ئەمانەن:

1-عەبدولا بەگی وەکیڵ

2-غەفاربەگی وەکیڵ

3-ئەمینبەگی وەکیڵ

4-محەممەد بەگی وەکیڵ

5-عەبدولکەریمبەگی وەکیڵ

6-محەممەد بەگی دووەم

7-قادربەگی وەکیڵ

(جوانڕۆییەکان) زۆربەی کات لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی ئێراندا ناکۆکبوون و ملیان بۆ داگیرکاران کەچنەکردووە، بۆ نموونە لەئەنجامی کوشتنی (حەمەسەعیدسانی هەورامی) بە فەرمانی (فەرهادمیرزا)ی مامی (ناسرەدین شای قاجار) و بە فیتی (عەلی ئەکبەرخانی شەرەفولمولك)ی حاکمی جوانڕۆ، (جوانڕۆییەکان) شەبەیخونێك لە ژێر فەرماندەیی هەریەك لە (حەبیبولابەگی باوەجانی، رۆستەمبەگی ولەدبەگی) بە پێنج هەزار تفەنگچییەوە هەڵمەتێکی شێرانەیان بردۆتە سەر (قەلای جوانڕۆ) کە مەڵبەندی حوکمڕانی بووە زەرەر و زیانێکی زۆریان لە دستە و تاقمی (عەلی ئەکبەرخان) داوە و ژمارەیەکی زۆریان

لێکوشتوون, (محەممەد ڕەزاخان)ی براگەورەی و کوڕێکی لە ناو کوژراوەکاندا بوون), لە تۆڵەی ئەو هەڵمەتەدا (عەلی ئەکبەرخان) بە پشتگیری (فەرهاد میرزا) و ڕەزامەندی (ناسرەدین شای قاجار) و پاش ئەوەی کۆمەکێکی زۆری سەربازی و ماڵیان بۆ ناردووە, هێرشێکی دڕندانەی کردۆتە سەر گوندەکانی (قوبادی و باوەجانی و وڵەدبەگی), لەو هێرشەدا زەرەر و زیانێکی زۆر بەر گوندنشینەکان کەوتووە و گوندەکانیان سووتماککراون, (حەبیبولآبەگی باوەجانی و ڕۆستەمبەگی وڵەدبەگی) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسێتی و پیاوماقولآنی ناوچەکەو تفەنگچییەکانیان هاتوونەتە شارەزوور.

لێرەدا پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین, (حەبیبولآبەگی باوەجانی) پیاوێکی ئازا, ژیر, وردبین و جوامێر) بووە, سەردەمێك كە بووە بە حوکمڕانی (جوانڕۆ) توانیویەتی هەموو تیرەکانی (جافی جوانڕۆ) کۆبکاتەوە و دژی داگیرکاران یەکدەست و یەکدڵیان بکات.

(جوانڕۆییەکان) وەك هەڵوێستێکی گەورەی شۆڕشگێڕانە هاوکاری کابینەکەی (دکتۆر مصدق)یان کردووە و دژی کودەتاچییەکان وەستاونەتەوە, بە جۆرێك (دکتۆر مصدق) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (محەممەدبەگی وەکیل) داوای لێکردووە هەزار تفەنگچی جوانڕۆیی بنێرێت بۆ (تاران) هەتا ئەرکی پاراستنی بارەگا و ماڵەکەی لە ئەستۆبگرن, لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەیاندا و بەمبەستی سەرکوتکردنیان, کودەتاچییەکان هێزێکی گەورەیان لە (لەشکری سنە, خورەمئاباد, سوپای چواری باختەر لە کرماشان) بە تەواوی چەك وچۆڵەیانەوە بۆ هێرشکردنە سەر جوانڕۆییەکان تەیارکردووە, زستانی ساڵی (1373ك) بەرامبەر بە ساڵی(1953ز) هێرش لە سێ قۆڵەوە بە بەشداری (هێزی پیادە, زرێپۆش, تۆبخانە, هێزی ئاسمانی) دەستپێکردووە, جوانڕۆییەکان لە ژێر فەرماندەیی (محەممەدبەگی وەکیل) خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەرگری, (ژن و منداڵ و بەساڵآچوان)یان بەو زستانە سارد و سڕە ئاوارەی چیاکان بوون, شەڕ بە سەختی دەستپێکردووە, (جوانڕۆییەکان) بەرەنگارییەکی قارەمانانەیان کردووە و هەتا زرێپۆشەکانی ئەرتەش بەهاوکاری هێزی ئاسمانی چوونەتە ناو سەنگەرەکانیانەوە, لەسەنگەرێکدا (کەیکاوسبەگ) برای (محەممەدبەگی وەکیل) کوژراوە, فڕۆکەکان زۆر دڕندانە بەربوونەتە وێزەی خەڵکی ناوچەکە, گوندەکانی (سپیوەر, ڕوان, زەردۆیی..هتد) بۆمببارانکراون, لەئەنجامی بۆمبارانەکەدا (14) کەس لە ناو مزگەوتی (گوندی زەردۆیی) کوژراون.

بە کۆتایی هاتنی شەڕی بەرەیی (جوانڕۆییەکان) ماوەی دوومانگ شەڕی پارتیزانییان درێژەپێداوە, پاشان بۆ ڕێگرتن لەزەرەروزیانی زیاتر و پاراستنی گیانی ژن و منداڵ و بەساڵآچوان, لەگەڵ حکومەتی عێراق کەوتوونەتە گفتوگۆ بۆ ئەوەی ماوەیانبدرێت بێنە ناو عێراقەوە, بەڵام هەرسێ حکومەتی (عێراق, ئێران, تورکیا) لەبەر ئەوەی بە پەیمانی (بەغداد)ەوە بەسراونەتەوە, هاوئاهەنگبوون لە کۆتاییپێهێنانی بزووتنەوەی چەکدارانەی جوانڕۆییەکان, حکومەتی عێراق لەڕێی (متصرفی سلێمانی)یەوە ڕێگەیانداوە

به (محەممەدبەگی وەکیلّ) و (عەزیزبەگ)ی برای بێنە عێراقەوە بەلاّم هەر بەگەیشتنیان بۆ (کەرکوك) بە فڕۆکە ڕەوانەی (کرماشان) کراونەتەوە.
ئاشرایە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ئەم تیرانە ئێستا لە (کوردستانی عێراق) دەژین, کە لەسەردەمە جیاجیاکانداو بەهۆی جیاوازەوە باب و باپیرانیان (جوانڕۆ)یان جێهێشتتوە, لەم کتێبەدا قسەو باسمان دەربارەی ژمارەیەك لەو تیرانە کردووە لەوانە: 1-تاوەگۆزی 2-کۆکۆیی 3-ئێناخی 4-خێڵی باوە.
(جوانڕۆ) پێشتر سەر بە (قەزای پاوە) بووە بەلاّم ئێستا قەزایە ولە سێ ناحیە پێکدێت بەم ناوانە:
1-ناحیەی مەڵبەندی جوانڕۆ 2-ناحیەی روانسەر 3-ناحیەی سەلاسی و باوەجانی.
ژمارەی خەڵکی ناوچەکە زیاتر لە(130) هەزارکەسن, لەناویاندا (50) هەزاریان لە ناو (شاری جوانڕۆ) نیشتەجێن, ئەوانی تریشیان لە (334) گونددا دەژین.
(جوانڕۆییەکان) هەرچەندە بەشێوەزاری (کرمانجی خواروو) دەدوێن,بەلاّم تێکەڵاوییەکی زۆریان لە رووی (فۆلکلۆری بینراو, بیستراو) و شیعر و وێژەوانییەوە لەگەڵ خەڵکی (هەورامان) هەیە, بۆنموونە: لەرووی پۆشاکەوە ژمارەیەکی زۆریان تائێستاش (رانکو چۆغە, کوڵەباڵ) لەبەردەکەن و(کلاّشی هەورامی) دەکەنە پێیان, لە رووی شیعر و وێژەوانییەوە زۆربەی شاعیرە گەورەکانیان بە (شێوەزاری هەورامی) شیعریان هۆنیوەتەوە,لەم بوارەدا شیعرەکانی هەریەك لە: (حەزرەتی مەولەوی, خانای قوبادی, میرزا ئەحمەدی داواشی, مەلا ئەحمەدی کلاّشی, حەیبولاّخانی قوبادی) گەواهی ئەم راستییەن, لە رووی گۆرانیشەوە گۆرانیبێژان: (فەتحولاّی ئەمینی, عومەری باینگانی, رەحمەت, فاتح, بەهمەن, حەمەزایەر, حەمەڕەشید, فێرۆز) خۆیان شایەتحاڵن.
زۆربەی سەردەمەکان خەڵکانی هەردووناوچەی (جوانڕۆ) و (هەورامان) هاوچارەنووس بوون, گەورە پیاوانی هەردوولا هاوکاری یەکتریانکردووە, ژن و ژنخواز لە نێوانیاندا هەبووە, (وەکیلەکانی جوانڕۆ) و (سانەکانی هەورامان) زۆرجار لە سەنگەرێکدا بوون دژ بە داگیرکاران, ئەگەر گێرمەو کێشەیەکی بچووکیش لە نێوانیاندا روویدابێت یان بەفیتی داگیرکاران و ناحەزان کێشەیان بۆ نرابێتەوە, هەوڵیانداوە هەرزوو بەبرایانە چارەسەرییبکەن, دۆستایەتییان زۆر زۆرتر بووە لە ناخۆشی و ناحەزییان چونکە هاوڕازو و هاودەردی یەکتر بوون.
(جوانڕۆ) هەردەم مەڵبەندی دینداری و فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان بووە, چەندین (مەلای ناودار[2])ی تێدا هەڵکەوتووە, کەم مەلای کوردستان هەیە بۆ خوێندن ڕێی لە (جوانڕۆ) نەکەوتبێ و لەژێردەستی مەلاکانی ئەوێدا نەیخوێندبێ.
سەرچاوەی بژێوی خەڵکی (جوانڕۆ) کشتوکاڵ وئاژەڵدارییە, ژمارەیەکیشیان بە باخدارییەوە خەریکن و چەندین پرچە باخی گەورە و رازاوەیان هەن بۆرهەمهێنانی (گوێز, توو, هەنجیر, ترێ, سێو,

هەرمێ....هتد)، باخ و زەوییە بەراوەکانی جوانڕۆ بە ئاوی چەند سەرچاوەیەکی گەورەی ئاو وەك: (رۆخانە=زێی سیروان، زمکان، لیڵە، زریسکێ) هەروەها ئاوی کانیا و چەمەکانی ناوچەکە ئاودەدرێن.

---

[1]–(کرماشان) یەکێکە لەشارە هەرە دێرینەکانی خۆرهەلأت، لە هەندێك لە سەرچاوە مێژووییکاندا بە(قرماسین) ناویهێنراوە،(نەتەوەی کاسی) کەیەکێکن لە نەتەوە زاگرۆسییەکان و (ئەکەدییەکان) پێیانوتوون (کاشۆ)، مەملەکەتی کاردۆنیاش)یان دامەزراندووە ونزیکەی (600)ساڵ حوکمیانکردووە، سەرەتا لە ناوچەی(قرماسین) دانیشتوون، (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەکاتی لەشکرکێشییەکەیدا تووشیانهاتووە.

[2] –یەکێك لە مەلا گەورەکان (مەلا عیسای جوانڕۆیی)ییە کە مامۆستای (حەزرەتی مەولەوی) بووە، (مەلا عیسای جوانڕۆیی) مەلا، دانا، شاعیرێکی پایە بەرز و گوفتار شیرین بووە و لەگەڵ (مەولەوی) چەندین نامەی شیعرییان بۆ یەکتری ناردووە، لە یەکێك لەو نامە شیعریانەدا (مەلا عیسا) هەواڵی ژنێکی پرسیوە لە (مەولەوی) ئەو هەواڵپرسینەش بۆ ئەوە بووە ویستوویەتی بیخوازێ، دەقی نامە شیعرییەکەی (مەلا عیسا) بەم شێوەیە بووە:

رۆڵــــە بــزانــە، رۆڵـە بـزانـە ئــــەحواڵو یارۆ پەرێم بزانە

هەم جە خوێشانش هەم جە بێگانە پەرسە بــزانە ئەو جە کامانە

خاسیش خرابیش ئەتوارش کالأش پەستی قامەتش بلندیبالأش

ئـەحواڵش تـەحقیق پـەرێم بکیانە مەکـــەرە درۆ مـاوەر ویـانە

خاس جەلات خاس بو خراب خراب بو تاواتە قبولْ (الوالالباب) بو

بـا کــەس نەزانو بـە گفتو گومان نەشۆ بەعەبەس گشت ئابڕوومان

هەرکەس عاقڵەن ئیشارەش وەسەن چەنی جاهیلان واتەی عەبەسەن

ئەگــــەر عـــاقلی ئـــایەت بوینە (الـــطیبـــات للطـــیبـــین)ة

پاش گەیشتنی نامەکە بەدەستی (مەولەوی)، ئەویش لە نامەیەکی شیعریدا ستایشێکی زۆری ژنەکەی بۆ (مەلا عیسا)ی مامۆستای کردووە بەم شێوەیە:

چوون بەندە بەو بەند ئیخلأصی بەندەن
هەر پاسە بەندەن تا حەیات مەندەن
تــەمـامی مـەتڵەب ئەشعارم وانان
خـــاس وخرابی یـــارویچم زانان
عەقیقەن بێ عەیب خاڵیەن جە شەین
ئوجاخ زادەی خاس نەجیب تەرەفەین
ئادابش زەریف خولْقش چون حورەن
بـــالأش میـــانەی (خـــیرالامورەن)

بەڵی واتەی من پوچ و عـــەبەسەن
گردین درۆ بۆ سەیدیش وەسەن
وەلحاصڵ واتەم بیدرۆ و راسەن
یارۆ پیٚ یارۆی پیٚیاری خاسەن

## (مێژووی ئێلی موورادی لە کوردستانی عێراقدا)

بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە لەوەوە دەستپێدەکەین کە (جاف) گەورەترین ئێلی کوردە لە (کوردستانی ئەم دیو =عێراق) دا, کوردێکی رەسەنن و هیچ وابەستە بوونێکی نەژادی (ئەتنیکی)یان بە هۆزەکانی دەرەوەی کوردستانەوە نییە, دەربارەی رەچەڵەکیان (دکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی) لەکتێبی (ایلات وطوائف کرماشاهان) پشت ئەستور بە دەیان سەرچاوەی مێژوویی نووسیویەتی: هەندێك لە دانشمەندانی (ئێلی جاف) پێیانوایە رەچەڵەکی دێرینی جافەکان دەچێتەوە سەر هۆزی (جاوانییە)ی کورد کە (مەسعودی) لەکتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)دا ناویهێناون و پێش لە سەرهەڵدانی دیینی پیرۆزی ئیسلام پەیوەستبوون بە یەکێك لە سەرداره ناودارەکانی ئێرانی بە ناوی (جابان), (ابن الاثیر) باسیجەنگ و ململانێکانی (جابان)ی کردووە, گوایا پاش کوژرانی (جابان), پاشماوەی ئێلەکەی و لەشکرەکەی پێیانوتراوە (جابانی, جاوانی), پاشان ناوەکە لە لایەن عەرەبەکانەوە بووە بە (جاوانیە), لەسەردەمی (دەیلەمییەکان)دا کاتێك (هۆزی بەرزیکانی) دەوڵەتی بەرفراوان ودەسەڵاتداری (حەسنەویە)یان دامەزراندووە وماوەیەکی زۆر هاوکاری (بوەیهییەکان) بوون, (هۆزی جاوانییە) یەکێك بووە لەو هۆزانەی کە (دەوڵەتی حەسنەویە) هەمیشە پشتی پێیانبەستووە, ئەم هۆزە دەبن بە سێ بەشی سەرەکییەوە بەم شێوەیە:

1-ئێلی موورادی   2-جافی جوانڕۆ   جافی کرماشان

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین ئێلی (موورادی)یە, مێژووی ئەم ئێلە لە کوردستانی عێراقدا لەو کۆچەوە دەستپێکردووە کە یەکێك لە ناودارەکانی جاف بەناوی (زایەر بەگ) لەگەڵ (100) سەد رەشماڵ لە خزم و کەس و کار و خەڵکانی نزیکی خۆی کردوویەتی و لە جوانڕۆوە هاتۆتە (بانیخێڵان)ی نزیك بە ناوەندی قەزای (دەربەندیخان)ی ئێستا, دەربارەی کۆچکردنی (زایەربەگ) جیاوازی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکانداهەیە, (باسیل نیکیتین) لە کتێبی (الاکراد) و لە لاپەڕە (154)دا مێژووی ئەم کۆچکردنەوی گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی (سوڵتان موورادی چوارەم) کە لە ساڵەکانی (1623 – 1640ز) سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی بووە و نووسیویەتی ناوی (موورادی) لەوەوە هاتووە گوایا جافەکان هاوکاری (سوڵتان موورادی چوارەم)یان کردووە لە گرتنی (بەغداد) و دەرهێنانی لەژێر دەسەڵاتی صەفەوییەکاندا, خوالێخۆشبوو مامۆستا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)یش پێی وابووە سەرەتای کۆچی (ئێلی موورادی) لەساڵی (1737)ی زایینی و لەسەردەمی حوکمڕانی (خالید پاشای

بابان[1])دا بووە, (دكتۆر محەممەد عەلى سولْتانى) سالّى (1700ز) بە میْژووی كۆچكردنەكە لەقەڵەمداوە, زۆربەی بۆچوونەكانی تر میْژووی كۆچكردنەكەی (زایەر بەگ) دەگەڕیْننەوە بۆ سالّى (1772ز) كە سەردەمى حوكمڕانى (ئەحمەد پاشای بابان) بووە, دەڵیْن ناوبراو بە باشترین شیْوە پیْشوازی لە (زایەر بەگ) كردووە, بەڵام هەر پاش چەند سالّیْك باندیْكی جەردە و ریْگر دروستبوون و ژمارەیان (40) كەس بووە لەناوچەی (بانیخیْڵان) و (دزیایش) دزی و ریْگریانكردووە, ناحەزان لای (ئەحمەد پاشا) زمانیان لە (زایەر بەگ) داوە و بە سەركردە و ریْكخەری دزەكانیان لەقەڵەمداوە, (ئەحمەد پاشا)ش فەرمانی گرتنی داوە و لە (قەڵاچوالان) دەستبەسەر كراوە, (قادبەگ)ی كوڕی (زایەر بەگ)یش بۆ دەستگیركردنی دزەكان كەوتۆتە خۆی, پاش چەند رۆژیْك هەموویانی گرتووە و لە شوێنیْكدا كوشتوونی كە تا ئیْستاش بە شوێنی ڕووداوەكە دەوترێ (گۆڕی كوڕگەل), ئەم شوێنە دەكەویْتە نزیك كوندی (كانی سارد), بەڵام بەرلەوەی دزەكان بگیریْن (ئەحمەد پاشا) فەرمانی كوشتنی (زایەربەگی) داوە, پاشان بۆ دڵدانەوە و رازیكردنی (قادر بەگ) ناوچەی (دزیایش) كە پیْكهاتوە لە گوندەكانی (سەلیم پیرك[2], كانی سارد, فەقێ جنە)ی پیْبەخشیووە, ئەم ریْزگرتنەی (ئەحمەد پاشا) لە (قادر بەگ) لەلایەكەوە دڵی ناوبراوی پیْرازیكردووە لەلایەكی تریشەوە بۆتە هاندەریْك بۆ كۆچكردنی ژمارەیەكی زۆرتر لە جافەكانی (جوانرۆ) بۆ لای (قادربەگ) و دواتریش بۆ لای كوڕ و كوڕەزاكانی, تا وایلیْهاتووە ژمارەی جافەكانی مورادی لە (10000) دەهەزار ڕەشماڵ تیْپەڕییانكردووە.

(شارەزوور) پیْش لە هاتنی (ئیْلی مورادی) چەند خیْڵ و تیرەیەكی تری تیْدا ژیاوە لەوانە (گەڵاڵی, شیْخ سمایلی, بیْسەری, چوچانی, قەویلەیی, سمایل عوزیْری, شینكی, كافرۆشی, بڵباس, كەڵهوڕ, تیلەكۆ, مەنمی, گەڵباخی) كە لەناوخۆیاندا هاوپەیمانییەتیەكی خیْڵەكیان پیْكهیْناوە[3]. هەندیْك جار لەكاتی كۆچی (ئیْلی مورادی) بۆ (ئیْلاخ = كویْستان) و لە گەڕانەوەیان بۆ گەرمەسیْر كیْشە لەنیْوان (ئیْلی مورادی) و شارەزوورییەكاندا دروستبووە, پاش پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئیْلی مورادی لەسەر كیْشەیەكی زۆر بیْبایەخ, شەڕیْكی سەخت و خویْناوی لەبەینی ئیْلەكە و شارەزوورییەكاندا بەرپا بووە لە شوێنیْك كە ناونراوە (حسیْن شەهید[4]) و دەكەویْتە نزیك سەرچاوەی ئاوی (شلیْر), لەو شەڕەدا (400) چوارسەد چەكدار لە شارەزوورییەكان كوژراوون و لە ئەنجامدا هاوپەیمانیْتییەكەیان هەڵوەشاوەتەوە, پاش هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیْتی شارەزوورییەكان گەڵاڵییەكان هاتوونەتە ناو (ئیْلی مورادی) بە مەرجیْك خیْزانی دەسەڵاتداری خۆیان بمیْنیْ و كاروباریان لەلایەن ئاغاكانیانەوە بەڕیْوە ببریْت, بەڵام لە شەڕ و ئاشتیدا هاڕازی مورادییەكان بن, (شیْخ سمایلی) لە پیْنج گوندی بناری شارەزووردا نیشتەجیْبوون, ئەمەش ناوی گوندەكانیانە:

1-كیْلەكەوە 2-شانەدەری كۆن 3-مزگەوتە 4-كەچەڵی 5-ماو

بەڵام لە كۆچی هاوینەیان لەگەڵ ئیْلی مورادیدا رۆیشتوون بۆ لەوەڕگەكانی ئیْران.

(سمایل عوزێری) شارەزووریان جێهێشتووە و رۆشتوونەتە نزیک (سەرچنار, سورداش, بازیان, قەڵاسێوکە) و لەوێ نیشتەجێبوون, (شینکی و کافرۆشی) داوای پەنایان لە هەمەوەندەکان کردووە لە (بازیان) نیشتەجێبوون, (بڵباس) هەر لە گوندی (قاینێجە)ی بناری شارەزوورەوە هەتاکو نزیک (شاخیحەمرین) بەشێوەیەکی پچڕپچڕ بلاوەیانلێکردووە, (کەڵهوڕەکان) هەندێکیان رۆشتوونەتە ناوچەی ژێر دەسەلاتی هۆزەکەیان کە دەکەوێتە ئەملاوئەولای رێگەی نێوان (خانەقین) و (کرماشان) و لەوێ نیشتەجێبوون, (150) خێزانێکیشیان تێکەڵ بەتیرەی (تەرخانی) بوون.

(مەنمی و گەڵباخی)یەکان زۆربەیان رۆشتوونەتە ناوچەی (سەقز) و (سنە), چەند خێزانێکیشیان لە (سورداش) و (بازیان) نیشتەجێبوون.

هەندێ لە (تیلەکۆ) گەڕاونەتەوە بۆ (خوڕخوڕە)ی خواروی خۆرهەلاتی (سەقز) کە پێشتر ماوای خۆیان بووە و ئەوانی تریشیان کە ماونەتەوە تێکەڵی هەردوو تیرەی (میکایەلی) و (رۆغزایی) بوون.

بەگزادەکانی (ئێلی مورادی) سالْ لەدوای سالْ دەسەلاتیان پەرەی سەندووە و بوونەتە خاوەن تاپۆی زەوی و زارێکی زۆر و بەرفراوان هەر لە (قزرابات)ەوە لە پشتی (شاخی حەمرین) هەتاکو (پێنجوێن) ئەوەش بە بەخشینی زەوی پێیان لەلایەن دەوڵەتەوە, یان بەکڕین, یاخود بەداگیرکردن.

هاوشان لەگەڵ بەردەوامبوونی (ئێلی مورادی) لە گەرمیان و کوێستانکردن بەدوای (لەوەڕگە) و (سەرچاوەی ئاو)دا و نیشتەجێبوونیش دەسپێکردووە, تا وایلێهاتووە نیوەی ئێلەکە فێری نیشتەجێبوون بوون و وازیان لە کۆچ و کۆچبار هێناوە, لەسەرژمێرییەکدا کە لە سالی (1922ز) ئەنجامدراوە ژمارەی رەشماڵەکانی (ئێلی مورادی) بەم شێوەیە بوون:

-مکایەلی 1100 رەشماڵ

-شاتری 1000 رەشماڵ

-گەلالی 1000رەشماڵ

-رۆغزایی 750رەشماڵ

-هارونی 500 رەشماڵ

-تەرخانی 500 رەشماڵ

-کەماڵەیی 400 رەشماڵ

-سەدانی 150 رەشماڵ

-عەمەڵە 150 رەشماڵ

-بەیاخی 80 رەشماڵ

-یارەویسی 70 رەشماڵ


www.pertwk.com

ئەمە سەرەڕای ئەو خێزانانەی لە ئەنجامی لەدەستدانی ئاژەڵەکانیان لەڕێی شەڕی خێڵەکی, یان کرداری دەوڵەتی, یان نەخۆشییەوە نیشتەجێبوون و خانوو گوندیان دروستکردووە.

هێڵی کۆچ و کۆچباری تیرەکانی ئێلی مورادی لەنێوان (گەرمەسێر و ئێلاخ)دا بەم شێوەیە بووە:

(مکایەلی) لە ناوچەی (سەنگاو)ەوە پاش تێپەڕبوون لە (سەگرمە) و (بەرانان) هاتوونەتە سەر ئاوی (تانجەرۆ) و (عەربەت) لەوێشەوە بەسەر (کەلی پیشان)دا لەسەر شاخی (ئەزمڕ) تێپەڕیون, لەڕێگەی (هەرمێلە) یان (بەرزنجە) و (حاجی مامەند)وە شاربازێریان جێهێشتووە و بەدۆڵی (کانی دیزان) و (کۆترە ڕەش)دا ڕۆشتوونەتە لەوەرگەکانی هاوینەیان لە خۆرهەڵاتی (بانە) .

(ڕۆغزایی و تەرخانی) لەڕێگەی (پەیکولی) و (گەورەقەڵا)وە هاتونەتە شارەزوور, (گەلالی) لە پەیکولییەوە بەڕێگەیەکی کەمێك دوور لە (ڕۆغزایی) بەلای خۆرهەڵاتدا تێپەڕیوون.

(شاتری) نیوەیان لە هەمان ڕێگەی (ڕۆغزای)یەوە کۆچیانکردووە نیوەکەی تریشیان لەگەڵ (هاروونی) لە ڕێگەی تەنگەبەری (بانیخێلان) و (دەربەنیخان)ــەوە هاتونەتە سەر (تانجەرۆ) و لەپردی (تووەقوت) پەڕیونەتەوە.

پاشان هەموو ئێلەکە بێجگە لە (مکایەلی) و (کەماڵەیی) لە (کەوڵۆس) یەکیانگرتووەتەوە و لە ڕێگەی (تەڕاتەوەن) و (ناڵپارێزەوە) ڕۆیشتوونەتە دەشتی (قزڵجە), دواتر بۆ (شلێر و ناوخوان) ڕۆشتوون بێجگە لە (هارونی) کە لەسەر سنوور لە شاخەکانی نزیك خۆرهەڵاتی (پێنجوێن) و نزیك (مەریوان)دا ماونەتەوە, تیرە و خێڵە بچوکەکانیش هەندێکیان لە کۆچکردندا تێکەڵ بە تیرە گەورەکان بوون بۆ نمونە: (کەماڵەیی) لەگەڵ (مکایەلی) کۆچیانکردووە و (عەمەلە و بەیاخی)یش لەگەڵ (هارونی).

(مکایەلی) بۆ هاوین لە خۆرهەڵاتی (بانە) ڕەشماڵیان هەڵداوە, (ڕۆغزایی)یش لە (خوڕخوڕە)ی نێوان (سەقز) و (دیواندەرە), (تەرخانی) لە (هەواس بەگ) و (شەریفئاوا)ی ناوچەی (سەقز) و شاتریش لە (نەکەرۆز) و (دۆزەغەرە) کە چەند فرسەنگێ لە (سنە)وە دوورن.

بەم شێوەیە دەبینین (ئێلی مورادی) لە کۆچکردنیاندا زیاتر لە (140) میلیان بڕیوە, ئەوانەشیان نیشتەجێبوون لە هەردوو دیوی هێڵی کۆچکردنی ئێلەکە خانوویان دروستکردووە, زۆرجار کۆچەرییەکان دەوار و ڕەشماڵی زستانە و کەلوپەلی قورسیان لای گوندنشینەکان جێهێشتووە تەنها ڕەشماڵ و دەواری بچووك و کەلوپەلی سووکیان لە کۆچی هاوینەیاندا لەگەڵ خۆیان بردووە, خاڵێك کە زۆر سەرنجڕاکێشە لەو کۆچانەی ئێلی مورادیدا ئەوەیە, سەرەڕای سەختی ژیان و گرانی دابینکردنی پێداویستی بژێوی خێزان لەو ڕۆژنەدا, ژمارەیەکی زۆر لە کۆچەرییەکان کاتێك بەرەو کوێستانەکان ڕۆشتوون (هیزەی ڕۆن) کەلوپەلی گرانبەهای تریان لە مەزارگەی پیاوە دینییەکانی ناوچەکە وەك: (مەحمود سەرەوالا) کە ئاییناس و زانایەکی گەورەی کورد بووە, مەزاری لە سەرچاوەی (قوماش)ـە و (شێخی تەڕاتەوەن) کە یەکێك بووە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) مەزاری لە ڕێگای نێوان (سەیسایەق –

پێنجوێن)دایە, جێهێشتووە هەتا لە کوێستان گەڕاونەتەوە و کەسیش نەیوێراوە بەمەبستی دزیکردن لەو شتانە نزیک ببێتەوە چونکە پێیان وابووە ئەو کەلوپەلانە لای ئەو زاتانە بە ئەمانەت دانراون.

پێویستە ئاماژە بکەین بەوەی چەند تیرە و خێڵکی (ئێلی مورادی) هەر زوو دەستیان بە نیشتەجێبوون کردووە و گوندیان درووستکردووە وەك (نەورۆڵی) بە هەردوو بەشەکەیانەوە (نەورۆڵی دەشت – نەورۆڵی پارچە) هەروەها (یەزدانبەخشی = شەمێرانی) ئەم دووخێڵە گوندەکانیان لەنزیك (هەڵەبجە) و ناوچەی (شەمێران) دروستکردوون.

ساڵی (1931ز) حکومەتی ئەو کاتەی (ئێران) مافی (ئێلی مورادی) لە لەوەڕگەکانی هاوینەیان لەناوچەکانی (کوردستانی ئێران)دا رەتکردۆتەوە و بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبووە دان بەو مافەیاندا بنێ, پاشان بەزاندنی سنوورەکانی خۆی لە (ئێلی مورادی) قەدەغە کردووە, ئیتر کۆچکردنی هاوینە لە سنووری شارەزوور تێنەپەڕیوە, ئەوەش بۆتە هۆی لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵەکانیان و بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لەناو کۆچەرییەکان بەتایبەت لەناو منداڵەکانیاندا لە ئەنجامی تووشبوون بە نەخۆشی جۆراوجۆری وەك (گرانەتا, مەلاریا, بەلهارزیا, خۆربردن) ئەم هۆکارەش زیاتر نیشتەجێبوونی مورادییەکانی خێراتر کردووە.

پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین تا ئەم رۆژگارەش کۆچکردنی هاوینە بۆ گەڕان بەدوای لەوەڕگە و سەرچاوەی ئاو لەناو (ئێلی مورادی)دا هەیە بەڵام لە سنوورێکی زۆر بەتەسکدایە, جیاوازی دیاریش لەبەینی کۆچەکانی ئێستا و کۆچە گەورە و زەبەلاحەکانی پێشوودا هەیە, هەم لەڕووی رێوڕەسمی خۆسازدان بۆ کۆچ و هەم لە رووی چۆنیەتی بەسەربردنی ئەو کاتانەی بۆ مەبەستی پشوودان و حەوانەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان لەسەر رێگەی کۆچکردنەکە لایانداوە, چونکە پێشتر ئەو کاتانە بە چڕینی (هۆرە[5]) و گۆرانی و سازدانی (رەشبەڵەك) بەسەربراون.

لەم بوارەدا سەرۆك تیرەکانی جاف هەریەکە هۆرچڕ و گۆرانیبێژ و تەپڵێدەری تایبەتی خۆیان هەبووە کە لەو رێوڕەسمانەدا دەوری کاریگەریان گێڕاوە, بەڵام کۆچەکانی ئێستا سەرەڕای بچووکی و پەرتەوازەیی چێژ و بەهاکانی زوویان لەدەستداوە.

---

[1]–دەربارەی میرایەتیبابان (بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئەمین) لە کتێبی (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشیرۆم وعەجەم) دا نووسیویەتی: سەرەتای دامەزراندنی میرایەتی بابان روون نییە, بابان وەك (یەکێتیئێلگەل), وەك میرایەتی, وەك بنەماڵەیێکی ناسراو,پێش سەدەی دەیەمی کۆچی هیچ باس و خواسێکیان لە سەرچاوە مێژووییەکانی ناوچەکەدا نییە, بەڵام هەر لەسەدەی دەیەمی کۆچییەوە وپاش جەنگی(چاڵدێران) لەساڵی(914ك) بەرامبەر ساڵی(1520ز) وشەی بابان وەك ناوی ئێل بۆهەندێك لەو تیرەو هۆزانەی لە ناوچەکانی

نێـوان زێــی بچــووك و رووبــاری ســیرواندا ژیــاون, هــەم وەك نــاو بــۆ هەنــدێك شــوێن کــە کەوتوونەتــە ئــەو ناوچەوە,وەك(پشدەر, مەرگە, سورداش, سەرچنار, شارباژێر, شارەزوور, قەرەداغ) بەکارهێنراوە.

بەنسبەت (ئەحمەد پاشای بابان) کەلێرەدا ناوی هاتووە, کوڕی(خالید پاشای بابان)ـە, سـاڵی (1762ز) بـووە بـە (میری بابان), کوڕەکانی (خالـید پاشـا) زۆر لەگەڵ یەکتریدا خراپبوون, ماوەی (35) ساڵ (میرایـەتی بابان)یان نوقمی ململانێی خوێناوی و شەڕی براکوژی کردووە, والییەکانی (دەوڵەتی عوسمانی) دەستی باڵایان بووە لـەو بوارەدا, چەند جارێك لە ناو کوڕەکانی (خالید پاشادا) حوکمی (میرایەتی بابان) یان دەستاو دەست پێکردووە, سـاڵی(1778ز) لەئـەنجامی‌مردنی (عەبدوڵا پاشـای) وەزیـری عوسمـانی و دانـانی (حەسـەن پاشـای وەزیـر) لـە شوێنەکەی, بشێوەیەکی گەورە روویداوە وژمارەیەك لە کەهییەکانی (عەبدوڵا پاشای) لە حوکمی (حەسەن پاشای وەزیر) یاخیبوون, بۆدامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە, (حەسەن پاشای وەزیر), (محەممەدبەگی شاوی) ناردووە بە (قەڵاچوالان) داوای کۆمەکی لە (ئەحمەد پاشای بابان) کردووە), پاشـای بابـانیش بۆ ئـەو مەبەسـتە بـە لەشـکری بابانەوە کەوتۆتەڕێ, بـەڵام لـە (شـاخی ئـەزمڕ) نەخۆشـکەوتووە, لـە (قـەرەداغ) نەخۆشـییەکەی زۆری بۆهێنـاوە و ماوەویەك دواکەوتووە, لە(سـەگرمە) کۆچـی دواییکـردووە و تـەرمەکـەیان بردۆتـەوە بـۆ(قەڵاچـوالان) لـەوێ بـەخاك سپێردراوە.

میرایـەتی بابـان سـاڵی(1848ز) پـاش لێخسـتنی (ئەحمـەد پاشـای بابـان) لەلایـەن (نەجیبپاشـای والی‌بەغـداد) ەوە,کۆتایی پێهێنراوە و (عەبدوڵا پاشای بابان) دانراوە بە (قائمقام), پێویستە لێرەدا ئەوە بخەینـە روو کـە ئـەم (ئەحمەدپاشا)یە, (ئەحمەدپاشای کوڕی خالید پاشا) نییە, بەڵکو ئەمیان دوا میری بنەماڵەی بابانە.

[2]–سەلیم پیرك: کۆنە گوندێك بووە (تیرەی وەلّی) کە یەکێکن لە تیرەکانی جاف ئاوەدانیانکردۆتـەوە و لـە شـوێن دارستانەکەی ئێستای ئەودیوی تونێلەکەی (دەربەندیخان)دا بووە لەخوار شاڕێی گشتییەوە.

[3]–سیسـڵ جـۆن ئەدمۆنـدز: گـەورە ئەفسـەری سیاسـی بـەرتانیا لـە عێـراق کـە بـۆ چـەند سـاڵێکیش راوێـژکاری وەزارەتی ناوخۆ بووە لە حکومەتی مەلیکی عێراقدا لـە کتێبـی (کـورد تـورك عـەرەب)دا ئـەم هاوپەیمانێتییـەی بـە هاوپەیمانێتی شارەزوورییەکان باسکردووە.

[4]–لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا شـوێنی رووبەڕووبوونـەوەی ئێلـی مـورادی و هاوپـەیمانێتی شـارەزوورییەکان بە (حەسەنی شەهید) ناوی هێنراوە.

[5] –دیاریترین جۆری هۆرە لەکاتی کۆچکردندا هۆرەی (بانرەیی) بووە.

## ( تیرەی مکایەڵی و هەڵوێستی جوامێرانە )

(مکایەڵی) گەورەترین تیرەیە لە ناو جافی (مورادی), دەربارەی ناوی مکایەڵی دوو بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1–بۆچونی یەکـەم پێـی وایـە, ئـەم تیرەیـە دەچـنەوە سـەر (پیرمکایـەڵی شەشئەنگوست[1]), کـە لـە گونـدی (دەودان)ی ســەر بــە ناوچــەی جــوانڕۆ نزیــك ڕووبــاری (ســیروان) ژیــاوە و بــە ڕێنمــایکردنی خەڵکــەوە خــەریکبووە, پاشــان نــەوەکانی هاتوونەتــە کوردســتانی عێــراق و لــە ناوچــەکانی ( قــەرەداغ, ســەنگاو, شارەزوور) نیشتەجێبوون, لەم بوارەدا مامۆستا (مەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕس) نووسـیویەتی, مکایـەڵی

تیرەیەکن لە جافی کۆچەری, لە نەوەی (پیرمکایەڵی دەودان)ن, کە بەپیر مکایەڵی شەشئەنگوست ناسراوە.

2-بۆچوونی دووەم, پێی وایە, باپیرە گەورەی ئەم تیرەیە, کەسێك بووە بە ناوی (مکایەڵ) و مەرج نییە ئەو کەسە (پیر مکایەڵ) بووبێ, هەر وەك چۆن ناوی زۆربەی بنەماڵەو تیرەو هۆزە کوردەکان بەناوی کەسێکی هەڵکەوتوویان یان ڕیشسپییەکی دیاریانەوە ناونراون.

تیرەی مکایەڵی لە چەند بنەماڵەو بەرە باب پێکدێت و دیارەکانیان ئەمانەن:

1-حەمە عەلی وەیسی 2-ئالێبەگی[2] 3-ڕەش و بۆری

4-شوانکارە 5- میرەیی

هەر یەك لەم بنەماڵەو بەرە بابانەش سەرۆك و ڕیشسپی خۆیان هەبووە, بەڵام لە ناو خۆیاندا سەرۆکایەتی بنەماڵەی (حەمە عەلی وەیسی) یان بۆ تیرەکەیان قبووڵکردووە, سەرۆکایەتی بنەماڵەکانیش هەر لە کۆنەوە لە ڕێگەیئەم کەسانەی ناویان دەهێنین و دواتر لەلایەن کوڕو کوڕەزا دیارەکانیانەوە بەڕێوە براوە بۆ نموونە:

1-بنەماڵەی حەمە عەلی وەیسی, سەرۆکیان حەسەنی حاجی قادر بووە.

2-بنەماڵەی ئالێبەکی, سەرۆکیان حاجی کاکەولای قازی بووە.

3-بنەماڵەی ڕەش و بۆری, سەرۆکیان فارس عەزیزی مەردان و, حمە خانی سلێمان بوون.

4-بنەماڵەی شوانکارە, سەرۆکیان ڕەمەزانی بەخشە بووە.

5-میرەیی, سەرۆکیان حەسەنی ڕەفاعی بووە.

ئەم تیرەیە ماوەیەك لە کۆچ و کۆچباردا بوون, کۆزی زستانەیان لە ناوچەی (سەنگاو) هەتاوەکو (ئاوە سپی) گرتۆتەوە ولە کۆچکردن بۆ ئێلاخیش, لە ڕێگای (سەگرمە و بەرانان)ـەوە هاتونەتە, (عەربەت ودۆڵی تانجەرۆ), لە سەر (کەلی پیشان)وە بە (شاخی ئەزمەڕ)دا هەڵگەڕاون و دواتر یان لە نزیك (هەرمێلە)ی خۆرئاوای (کورە کاژاو) یان لە نزیك (بەرزنجە) و (حاجی مامەند)ـەوە, (شاربازێڕ)یان جێهێشتوەو دوای تێپەڕبوون بە دۆڵی (کانی دیزان)دا چوونەتە هەوارگەکانی هاوینەیان لە خۆرهەلاتی (بانە ), تیرەی (مکایەڵی) لەبەر ئەوەی زەوی و زارو سەرچاوەی ئاوەکانیان موڵکی خۆیان بوون, حەزیان لە نیشتەجێبوون کردوەو لە ناوچەی (سەنگاو) و (قەرەداغ) و (شارەزوور) زیاتر لە (85) گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە, کە هەرە دیارەکانیان ئەمانەن:

( قەرە گۆل[3]) و (زڕگوێز) و(شەمە) لەناوچەی (شارەزوور), (دەروێشان) و (کچان) و (کارێزە) و (جامە ڕێز) لە (ناوچەی سەنگاو), (باخان) و( گۆشان) و (نەوتی) و (تلەزەیت) لەناوچەی قەرەداغ, هەروەها لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی (سەرشیوی سەقز) گوندەکانی (هانەژال, هەنگەچینە, سێفەتاڵ, مامسێوێ, قامیشەلان, هەرمێدۆڵ, سەرازگا, شیپانەجۆ) تیرەی مکایەڵی تیایاندا نیشتەجێن, بێجگە لەو

شوێنانەی ئاماژەمانپێیاندا لە چەند گوندێکی ناحیەی (قۆرەتوو)ش مکایەلی نیشتە جێبوون, بەتایبەت گوندەکانی (کانی پەموو), (ڕەزوار), (عەلی خاڵە) هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خیزانەکانی ئەم تیرەیە لە شاری (سلێمانی) و شارۆچکەکانی (عەربەت) و(سەنگاو) نیشتەجێن.
(تیرەی مکایەلی) خاوەن هەڵوێستی کوردانەو شۆڕشگێڕ بوون لە گەرمەی شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر) لە سەنگەری گەلەکەماندا بوون و دژی (ئینگلیز) جەنگاون, لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەیاندا گوندەکانیان بۆمبارانکراون, لە یەکێك لەو بۆمبارانانەدا دوو منداڵ و هاوسەری پیاوێکی (مکایەلی) بە ناوی (ئەولمحەممەد ئەمین) لەگوندی ( نەمەڵ) شەهید کراون, ناوبراویش تەقەی لە فڕۆکەکان کردووە یەکێکیانی پێکاوەو کەوتۆتە خوارەوە.
ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی مکایەلی بە فەرماندەیی (حەممەی مستەفاو فەرەجی مستەفا) هاوکاری (شێخ مەحمود)ی نەمریان کردوەو دژی (ئینگلیز) جەنگاون, لەسەرجەمی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا (32) کەسیان شەهید بوون, (5)کەسیان لە ناو گۆڕستانەکەی مەرقەدی (کاکە ئەحمەدی شێخ)دا بەخاك سپێردراون, هەروەها (حەسەن فەرەج) لە (باڵتەران) لە ئەنجامی بۆردمانی فڕۆکەی ئینگلیز شەهید کراوە, پیاوێکی خاوەن هەڵوێستی مکایەلی بە ناوی (میرزا عەزین) کەمالی لە (بەغداد) و (خانەقین)یش هەبووە و بەئیشوکاری بازرگانییەوە خەریکبووە, هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)ی کردووە بۆ دەربازبوونی, بۆ ئەو مەبەستە لە (بەغدا)وە هێناویەتی بۆ (خانەقین) لەوێشەوە بۆ (گوندی نەمەڵ), لە ئەنجامی ئەو جوامێرییەدا (شێخ مەحمود) گوندی (تافان)ی پێبەخشیووە.
چەند زاتێکی دیارو خاوەن پایەی ئایینیو کۆمەڵایەتی بەرز لەتیرەی مکایەلی بوون لەوانە:
(مەولانا خالیدی نەقشبەندی[4]) ئایناسێکی کەم هاوتاو داهێنەری ڕێوڕەچەی (نەقشبەندی)یە, (نالی شارەزووری) شاعیرێکی پایە بەرزی گەلەکەمانە پایەی شیعری ئەم زاتە وایکردووە لەناو ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کورددا بە (حەزرەتی نالی) ناودەبرێت, هەروەها (ئێلبەگی جاف) کە کەسێکی هۆشیارو زاناو پێشبینی چەندەها ڕووداوی مێژوویی کردووە.
(تیرەی مکایەلی) هەروەك تیرەکانی تری (جاف) هۆرەچڕو گۆرانیبێژوو شمشاڵژەنی ناودریان هەبووە, وەك ڕێوڕەسمی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە ڕۆڵیانگێڕاوە چ لەکاتی کۆچ و کۆچبارەکاندا, چ لەکاتی زەماوەندو ژنهێنان یان دەمە تەقێو کاتبەسەربردنی شەوان لەناو ڕەشماڵەکانی سەرۆك تیرەو ڕیشسپییەکانیاندا لەوانەش:
(حەممەی مام کەریم, حەممەی فەرەج, فەرەجی ئامە مەلا, حەممەی ئەمین, حەممە ساڵحی ڕۆستەمی کاکە سوور.

(تیرەی مکایەڵی) لە شۆڕشی ئەیلول وشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا ڕۆڵی قارەمانەیان بووە, ژمارەیەکی زۆریان بەر شالاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتوون و بێسەروشوێنکراون بە تایبەت لە گوندەکانی ناوچەی (سەنگاو).

خەڵکانی ئەم تیرەیە بە شێوەیەکی گشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن و ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی کاسبیکردن و کاروباری دەوڵەتین.

ئەوەی شایەنی باسکردنە, ئەم تیرەیە هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ هۆزو تیرەکانی تردا و لە ناوخۆشیاندا کێشەی خێڵەکییان نییە, بە خۆشەویستییەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتر دەکەن.

تێبینی: ناوی هەندێك (گوند, کەسێتی, ڕووداو) لەباس وخواسی هەردووتیرەی (مکایەڵی و ئاڵیبەگی)دا تێکەڵدەبن, چوونکە ڕەچەڵەکیان یەکە.

---

[1] –(پیر میکایەلی شەشئەنگوست=پیر مکایەڵی دەودان) یەکێك بووە لە حەفتاودوو پیرەی هەورامان ساڵی (1259ز) لە گوندی دەودان لەدایکبووە, زانا و شاعیر و عاریفێکی گەورە بووە, ساڵی 1335ز لە گوندی (قەرەدەرە) کۆچی دواییکردووە و لەسەر تەپۆڵکەیەك بەخاك سپێردراوە.

[2] –ئاڵیبەگی ئێستا یەکێکن لە تیرەکانی ئێلی موڕادی و باسی جیاوازیان لەم کتێبەدا هەیە.

[3] –(قەرەگۆل) گوندێکی گەورەوئاوەانی شارەزوورە, دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی نێوان (عەربەت و زەڕایەن), دەبێت بەدووبەشەوە بەناوی (قەرەگۆلی حەمە تالیب, قەرەگۆلی حەمەکەریم), یان(قەرەگۆلی سەرو, قەرەگۆلی خواروو) هاوسنوورە لەگەڵ گوندەکانی: (نەمەڵ, قراڵی, قسرت, دسکەرە, خاك و خۆڵ, نیسکەجۆ, بێستانسووری بچووك), سەرەتا لە لایەن (حاجی حەمەتالیبی سەرۆکی مکایەڵی)یەوە ساڵی (1948ز) ئاوەدانکراوەتەوە, کاتێك لە گەڵ (12) خێزان لە (تیرەی کەماڵەیی) وازیان لە ژیانی کۆچەرێتی و ڕەشماڵنشینی هێناوە وهاتوون لە (قەرەگۆل)ی ئێستادا خانوویان دروستکردووە, ئەمەش ناوی ژمارەیەکیانە: (حەمەی ئەولا, ئەمینی مەحمود, حەمەی فەرەج, عەلی ڕەمەزان, ڕەشید ئەحمەد سەمین).

دانیشتووانی (قەرەگۆل) لەچەند بنەماڵیەك پێکدێن بەم ناوانە:

1–بنەماڵەی حاجی حەمەتالیب 2–بنەماڵەی مسەفای محەممەدی یونس 3–بنەماڵەی عەلی ڕەمەزان 4–بنەماڵەیڕەشیدی ئەحمەد 5–بنەماڵەیحەمەی فەرەج 6– بنەماڵەی حەمەمینی ئەحمەد 7 –بنەماڵەیئەحمەدی ڕەعنا 8–بنەماڵەی حاجی حەسەنی حسێن 9–بنەماڵەی حاجی ڕەووف.

ئەم بنەماڵانەش سەر بە تیرەکانی (مکایەلی, کەماڵەیی, کەلهوڕ)ن, هەموویان پێکەوە لەم گوندەدا دەژین ولەخۆشی وناخۆشیدا هاوکاری یەکتری دەکەن.

ژمارەیـەك خـەڵكی ناسـراو و دیـار لـە گونـدی (قـەرەگۆل) دا هەڵكـەوتوون, لەوانـە: (ئەحمـەدی خەلیفـە, حسـێن ئەحمـەد, حەمـەی كـەریم, خەلیفـە تـۆفیقی فـەتاح, خەلیفـە تـۆفیقی حـاجی فـەرەج, تـۆفیقی حەمەعـەلی, نـامیقی حەمید).

گوندی(قەرەگۆل) چوارجار سووتێنراوە بەم شێوەیە:

1-سـاڵی (1963ز) لـەكاتی هێرشـە دڕندانەكـەی (زەعـیم صـدیق)دا, هاوكـات لـە گـەڵ سـووتاندنی گوندەكـە ژمارەیەكیشیان شەهیدكراون, یەكێك لە شەهیدەكان (حەمەمین عەزین)ە.

2-لــە ســاڵەكانی (1987,1974,1964) گوندەكــە ســووتێنراوە و خەڵكەكــەی ئــاوارە و دەربــەدەربوون و روویانكردۆتە گوندەكانی بنار, ساڵی (1974ز) لەئەنجامی تۆپبارانی ڕژێم پیاوێكی قەرەگۆڵی بەناوی (حـاجی ساڵح خاتوون) بریندار بووە و بۆ ڕۆژی دواتر لەئەنجامی برینداربوونەكەیەوە شەهید بووە.

لە(شۆڕشـی نـوێ)ی گەلەكەمانـدا ژمارەیـەك شـەهیدی قارەمانیـان بـە كـاروانی سـەرفرازی گەلەكـەمان بەخشـیوە, لەوانە شەهیدان (شەماڵ, ئیبراهیم حەمەڕەشید, غەریب خەلیفە عەلی, دڵشاد حەمەڕەشید, جەلا محەممەد حاجی حسەین).

(گوندی قەرەگۆل) ئێستا (158) خانووە, (892) كەسی تێدا دەژی.

[4] -(مەولاناخالیــدی نەقشــبەندی) نــاوی خالیــد كــوڕی ئەحمــەد كــوڕی حســێن, لــەتیرەی مكایــەڵی جافــە ســاڵی(1779ز) لــە ناوچــەی(قــەرەداغ) لــەدایكبووە, هــەر لەســەرەتای منداڵییــەوە چــووەتە بەرخوێنــدن و لای ژمارەیەك لە مەلا گەورە و زانا دیارەكانی ئەو سەردەمە بۆنموونە (سەی عەبدولكەریمی بەرزنجی), پاشـان لای (شـێخ قەسـیمی مـەردۆخی) ئیجـازەی وەرگرتـووە, پـاش كۆچـی دوایـی مامۆسـتاكەی (سـەی عەبدولكـەریمی بـەرزنجی) بەفـەرمانی (ئـەوڕەحمان پاشـای بابـان) لەجێگـەی ئـەو دانـراوە, سـاڵی (1805ز) بەڕێگـەی(موسـڵ, دیاربـەكر, حەلـەب, دیمەشـق) دا سـەفەری حـەجی كـردووە, پاشـان گەڕاوەتـەوە بـۆ سـلێمانی, سـاڵی1810ز) سەفەری هیندوستانی كردووە, لـەو سـەفەرەدا سـەردانی (دەلهـی) كـردووە و لـەلای (شـێخ عەبدولای دەهلـەوی) ڕێوڕەچەی نەقشبەندی وەرگرتووە, پاش گەڕانەوەی لە شاری (بەغداد) جێگیربووە و ئیتر ناوی (مەولاناخالید)ی لێنـراوە, لەماوەیـەكی زۆر كەمـدا ناوبـانگێكی زۆری پەیـداكردووە, ژمارەیـەكی زۆر موریـدو مەنسـووبی دیـارو ناسراوی لێكۆبۆتەوە كە زۆربەیان مەلای زانا و خەڵكانی بەناوبانگی ئـەو سـەردەمە بـوون, ئینجا گەڕاوەتـەوە بـۆ سلێمانی وماوەێك تیایـدا ماوەتـەوە, سـاڵی(1813ز) جارێكـی تـر گەڕاوەتـەوە بـۆ (بەغـداد), لـەوێ درێـژەی بـە ئیرشاد و دەرسوتنەوە داوە, پاشان لەسەر تكای (مەحمود پاشای بابان) گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

ئـەم زاتـە زانایـەكی گـەورەی ئایننـاس وڕێبـەری ڕیوڕەچـەی نەقشـبەندی بـووە لەسەرانسـەری خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا, هـەزاران خەلیفـەو موریـدو مەنسـووبی هـەبووە, چـەندین كتێـب و پـەراوێزی لەزانسـتەكانی دیـن وڕێوڕەچـەی نەقشـبەندیدا نووسـیوە, لەهــەمان كاتــدا شــاعیرێكی پایــە بــەرز ودەســتێكی بــاڵای هــەبووە لــە هۆنینـەوەی شـیعردا, بـە زمانـەكانی(فارسـی, عـەرەبی, كـوردی بـە هەردووشـێوەزاری گـۆران, بابـان) شـیعری هۆنیوەتەوە.

(مـەولانا خالیـد) سـاڵی(1820ز) بـەهۆی نائـارامی بـاری سیاسـی و نـاكۆكی نـاوخۆیی میرەكـانی بابانـەوە, بـۆ یەكجارەكی سلێمانی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ (بەغداد), ساڵی(1822ز) لە (بەغداد)دەوە چووە بۆ(شام) و

لەوێ جێگیر بووە، ساڵی(1827ز) بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دواییکردووە ولە چیای (قاسیۆن) بەخاك شپێردراوە.

## ( ڕۆغزاییەکان هەمیشە گیان لەسەردەست بوون )

(ڕۆغزایی) تیرەیەکی گەورەن لە (ئێلی مورادی)، دەربارەی ناوەکەیان زۆربەیان بڕوایان وایە باپیرەگەورەیان کەسێك بووە بەناوی (زاد) و لەرۆخی (سیروان) لەدایکبووە، هەرلەبەر ئەوەشە ناوی ڕۆغزاییان لێنراوە، هەندێکیشیان دەڵێن: دایکی باپیرەگەورەیان ناوی (ڕۆحی) بووە و بەکوڕەکەی وتراوە (ڕۆحیزاد)، پاشان ناوەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە(ڕۆخیزاد، ڕۆغزاد).

ئەم تیرەیە ماوەیەکی دوورودرێژ لەناوچەی (بەلەبزان) ژیاون، چەند خێزانێکیان پاش کۆچەکەی (زایەربەگ) هاتوونەتە کوردستانی عێراق و بەرەوشتی کۆچەرێتی ژیاون، کۆزی زستانەیان لە (سەرکەڵ کەوەڕێ و مازق)دا بووە لە(خۆرهەڵاتی ئاوەسپی)، بۆکۆچی هاوینەش لە (پەیکوڵی و گەورەقەڵا)وە هاتوونەتە (گرێزە[11]) لەشارەزوور، لەوێشەوە بۆ(کەوڵۆس، ناڵپارێز، دەشتی قزڵجە) و (ناوچەی شلێر) ڕۆیشتوون، پاشان ڕۆیشتوونەتە هەوارگەکانی هاوینەیان لە نێوان (سەقز و دیواندەرە) لەکوردستانی ئێران، لەو کۆچەشیاندا (تیرەی تەرخانی)یان لەگەڵدا بووە کە یەکێکی ترە لە تیرەکانی ئێلی مورادی.

ڕۆغزاییەکان لە چەند بنەماڵە و بەرەبابێك پێکدێن لەوانە:

1-بنەماڵەی ڕۆغزاد

2-بنەماڵەی حەمەجان

3-بنەماڵەی سمایل

4-بنەماڵەی سەرحەد

5-بنەماڵەی وەیسوەیس

ئەم بنەماڵانە ئێستا هەریەکە وەك تیرەیەکیان لێهاتووە، هەموو بنەماڵەکانیش لەناو خۆیاندا سەرۆکایەتی حەمەجانییەکانیان بۆ تیرەکەیان قبووڵکردووە.

ساڵی (1922ز) ژمارەی ڕەشماڵەکانی ڕۆغزایی (700) ڕەشماڵ بوون، هێزی چەکداریشیان (300) سوار و (500) پیادە بووە.

ڕۆغزاییەکان پاش دەستپێکردنیان بە نیشتەجێبوون لەناوچەکانی (شارەزوور، قەرەداغ، گەرمیان، ناوخوان) زیاتر لە (76) گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە بۆ نموونە: (زەڕایەنی کۆن، کانیمیل، دزکەرە، کانیهەنجیر، کۆرە، سێتەلان، زێڕینجۆ) لە شارەزوور، (گامەخەڵ، قولیجانی سەرحەد، کوڵەجۆی حەمەجان، پەلەوشك، زەینەڵ، کوردەمیر) لە گەرمیان، (شیان، میشیاو، نەرمەلاس) لەناوچەی ناوخوانی سەربەقەزای پێنجوێن، ژمارەیەکیشیان لە چەند گوندێکی کوردستانی ئێراندا دەژین، سەدان


www.pertwk.com

خێزانیشیان لە قەزاکانی (کەلار، کفری، هەڵەبجەی تازە) و لە ناحیەکانی (تانجەرۆ، وارماوا) و لەناو شاری سلێمانیدا نیشتەجێن.
رۆغزاییەکان بەوە ناسراون تیرەیەکی ئازا و لێهاتوون، هەرگیز بواریان نەداوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان و ناپاکی بەرامبەریان بکرێت، لەکاتی پێویستدا هەمیشە ئامادەباش و گیان لەسەردەست بوون، هاوکاری شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووە، ژمارەیەك جەنگاوەری جەربەزەیان لەژێرفەرمانی (خەلیفە یونس)ی رۆغزاییدا بەرەنگاری ئینگلیزەکان بوونەتەوە، بەرامبەر بەو هەڵویستەیان فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا گوندەکانی بۆمببارانکردوون.
تیرەی رۆغزایی چەندین کەسێتی دیار و خاوەن پایەی کۆمەڵایەتییان تێدا هەڵکەوتووە کە هەم لەناو تیرەکەی خۆیاندا هەم لەناو تیرەکانی دەوروبەریاندا رێزیان لێگیراوە و لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیی و خێڵەکییەکانی ناوچەکانیاندا رۆڵی دیار و کاریگەریان گێڕاوە لەوانە:
1-ئەحمەد رۆستەم ، حاجی حەمەجان، حەمەساڵحی عەزیزی سەیمراد، لە گەرمیان.
2-لالە سەرحەدی خەلفە یونس، مەلا حەسەن، حاجی سلێمان، لە شارەزوور.
رۆغزاییەکان هەروەك تیرەکانی تری جاف لە رووی فۆلکلۆری بینراو و بیستراوەوە زۆر دەوڵەمەندبوون، هەمیشە شانازیان بە کولتووری کۆچەریەتی و ژیانی رەسەنی جافگەرییەوە کردووە، لەم بوارەدا پێمان باشە ئەوە بهێنینەوەیاد: (لالە سەرحەدی یەکەم) لە ساڵەکانی دوادوای تەمەنیدا و کاتێك پیری زۆری بۆهێناوە، رۆژێك لە دەوارەکەیدا دانیشتووە کابرایەکی گوندنشین کە کۆچەرییەکان پێیان وتوون (گۆران) هۆرەی کردووە، لالە سەرحەدیش وتوویەتی خوا بۆ مەرگی سەرحەد نەدا (گۆران) هۆرە دەکات.
لە چەند گوندێکی تیرەی رۆغزاییدا شوێنەواری دێرین هەن لەوانە: (گردی دزکەرە) کە چەندین گۆزە و کوپە و دەفر و زومرد و سکەی جۆراوجۆری تێدا دۆزراوەتەوە بەتایبەت سکەی سەردەمی ساسانیەکان، (گردی ئەحمەدئاوا)ش کە تەنها پێنج کیلۆمەتر لە گوندی زەڕایەنی کۆنەوە دوورە یەکێکی ترە لە شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی رۆغزایی.
ئەم تیرەیە هەمیشە هاوسۆزی کێشەی رەوای گەلەکەمان بوون، لە شۆڕشی ئەیلولدا رۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا گوندەکانیان هەمیشە بارەگای پێشمەرگە و شوێنی حەوانەوەی خێزانەکانیان بووە، چەند گوندێکیان وەك: (سەیوسێنان، پەلکان، چاڵگە) کیمیابارانکراون و لە ئەنجامدا (160) گوندنشین شەهید و بریندار بوون، لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا زەرەروزیانی ئێجگار زۆریان لێکەوتووە، بەتایبەت لە گوندەکانی (کانیهەنجیر، کۆرە، سێتەڵان) لە شارەزوور، هەروەها گوندەکانی (زەینەڵ، قولیجانی سەرحەد، گامەخەڵ، کوردەمیر، مەسۆیی) لە گەرمیان و چەند گوندێکیان لە قەرەداغ، بەڕادەیەك (120) خێزانیان بەتەواوی تیاچوون و تاکە کەسێکیان دەرنەچووە، هەوەها زیاتر لە (50) شەهیدیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە: (حەمەسەعید سێتەڵانی،

ئەحمەد حارس, مەلایاسین, ئەحمەد محەممەد گوڵە, مامۆستا ستار عومەر, ڕۆپیتەن عەلی حارس, سەردار سەرحەد ... هتد).
سەرچاوەکانی بژێوی ئەم تیرەیە بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاّت, ژمارەیەکی کەمیشیان سەرقاڵی کاروباری دەوڵەتین.
لەدوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری (1991) ڕۆغزاییەکان دەستیان بەگەڕانەوە کردووە بۆ گوندەکانیان و ئاوەدانیانکردونەتەوە, بەوەش ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەرگی ژیان و گوزەرانێکی نوێ بەبەر گوندەکاندا دەکرێتەوە, بەلاّم زۆر پێویستیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەیی و کۆمەلاّیەتی هەیە, هەرچەند هەوڵی باشیش دراون لەم بوارەدا بەلاّم پێویستیان بە زیاتر هەیە.

---

[1] –جافەکان لەکاتی کۆچی هاوینەدا بۆ هەوارگەکانیان شەوێك لەگرێزە لایانداوە, خۆیان و ئاژەڵەکانیان حەواونەتەوە, پاشان بۆ شەوی دووەم ئاویان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە و ئاژەڵەکانیان ئاوداوە ئینجا (شەوبار)یان کردووە بۆ کەوڵۆس, مەبەستی شەوبار ئەوە بووە, ئەو ڕێگەیەی نێوان گرێزە و کەوڵۆس هیچ کانییەك یان سەرچاوەیەکی ئاوی تێدا نییە و ناوچەیەکی وشکەلاّنە.

**( تیرەی هاروونی وکوردەواری ڕەسەن )**

(هاروونی) تیرەیەکن لە (جافی مورادی), سەرەتا لە ناوچەی ( هاروونئاباد )ی نزیك کرماشان نیشتەجێبوون, هەر لەبەر ئەوەشە ناوی هاروونیان لێنراوە, سەرەتا پاش کۆچەکەی ( زایەر بەگ)ی سەرۆکی ئێلی مورادی بۆ یەکەمجار هاتوونەتە کوردستانی ئەمدیو= ( عێراق ), (لەپەیماننامەی زەهاو کە مانگی کانوونی دووەمیسالی(1639ز) لەنێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و صەفەوی)دا مۆرکراوە, ناوی چەند تیرەوشوێنێك هاتوون کە پێویستە لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی عوسمانیدابن, یەکێك لەو تیرانە (تیرەی هاروونی)یە.
ئەم تیرە هەروەك زۆربەی تیرەکانی تری جاف, ماوەیەکیدوورودرێژ لە کۆچ وکۆچباردابوون لەبەینی ئێلاّخ وگەرمەسێردا, کۆزی زستانەیان لەخۆرئاوای ڕووباری( سیروان)دا بووە هەر لەخڕی (قەلاّتۆبزان )ەوە هەتاکو نزیك (دەربەندیخان), لە کۆچکردنیش بۆ ئێلاّخ لەڕێگەی (بانیخێلاّن) و تەنگەبەری (دەربەندیخان)ەوە هاتوونەتە سەر ڕووباری( تانجەڕۆ), ئینجا لەپردی (تووەقوت) پەڕیونەتەوە, لەوێوە بۆ( کەوڵۆس) و( تەڕاتەوەن) و ناڵپارێزو لەوێشەوە ڕۆیشتوونەتە لەوەرگاکانی هاوینەیان لە خۆرهەلاّتی (پێنجوێن) ودەشتی (مەریوان), تیرەکانی (عەمەڵە) و(سەدانی) یش کەدوو تیرەن لە (جافی مورادی) لەگەڵ هاروونییەکان گەرمیان و کوێستانیانکردووە.
هاروونییەکان بە گشتی لەچەند بنەماڵەو بەرەبابێك پێکدێن کەهەر یەکەیان سەرۆك و ڕیشسپی خۆیان هەیە بەم شێوەیە"

1- بنەماڵەی ســـەلیمی سەرۆکیان (عەبدولمحەممەدی حەمەمین) بووە.

2-بنەماڵەی نادرشایی سەرۆکیان (پیروەیسی‌حاجی عەلی)  بووە.

3-بنەماڵەی قارەمـانی سەرۆکیان (قادری‌مستەفا) بووە.

4-بنەماڵەی بەیـــاخی سەرۆکیان (هەمزەی عیسا) بووە.

5-بنەماڵەی وڵەدبەگی سەرۆکیان  (فەریقی محەممەد) بووە.

6-بنەماڵەی نێرنجــی سەرۆکیان  (مەحمودی ئەلی) بووە.

بـەڵام هـەموو بنەماڵـەکان لـەناو خۆیانـدا سـەرۆکایەتی سـەلیمییەکانیان بـۆ تیرەکـەیان قبـووڵکردوەو گوێڕایەڵیان بوون.

بـەپێی سـەرژمێرییەك کەلەسـاڵی (1922ز) کـراوە, ژمـارەی ڕەشماڵـەکانی (هـاروونی) وئەوتیرانـەی لەگەڵیاندا گەرمیان وکوێستانیانکردوە (780) ڕەشماڵ بوون.

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی جافـەکان بـە نیشـتەجێبوون, ئـەم تیرەیـەش دەسـتیان بەنیشـتەجێبوونکردووە, لەناوچەی گەرمیان وشارەزوور  (39) گوندیان ئاوەدانکردوەتەوە, گرنگەکانیان ئەمانەن"

(پونگڵـە, پسـاکان, لاڵیخـان, بانیخـان) لەگـەرمیان و (کانیبەردینـە, جەرداسـنە, بێسـەڵمین, قەدەفـەری, گردەنـازێ, گوڵەخانـە, تەپەڕێزینـە, عـەلیاوا) لـە شـارەزوور, هـەروەها ژمارەیـەك لەهاروونییـەکان کەپێیانـدەوترێ  (نێرنجـی) لـە قـەزای (خانـەقین)  لـە گونـدەکانی: (حەوشـکرو, پـەروێزخان, سـەنگەری سەروو, سـەنگەری خواروو, دێـی سـالار, گۆڕەشـەلە, نیشـتەجێن), لـە ناوچـەی شـارەبانیش گونـدێکیان هەیـە بـە نـاوی (هاروونیـە), لـە (کوردسـتانی ئـەودیو = ئێـران)یشـدا لەگونـدەکانی: (گوڵمکـەوە, دێـی ئـەمانولاّ, دەروەنـزەرد)ی (ناوچـەی زەهـاو), هـەروەها لەگوندەکانی, (چیا شـەکەرە, چـراخ, دێـی زلـواو, باوان یاوەر)ی (ناوچەی مایدەشت) نیشتەجێن, چەند خێزانێکیشیان لە شارەکانی (دەربەندیخان, کەلار, باوەنوور, هەڵەبجەی تازە, ناحیەی سیروان, هەڵەبجەی شەهید و شاری سلێمانیی)دا دەژین.

لەگەرمەی شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر)دا  هاروونییەکان هاوکاری شێخی نەمریان کـردوەو چـەند جەنگاوەرێکی سوارو پیادەیان لەسەنگەری گەلدا بوون لەوانە: (عەبدولکەریمی حاجی, حـاجی جـەمیل), هەروەها (محەممەدی پیروەیس) کەلە یەکێك لەنەبەردییەکاندا بریندار بووە.

(تیرەی هاروونی) لەسەردەمی دەسـەڵاتی (ئینگلیـز) لەعێراقدا ملیـان بـۆ باجدان کەچنەکردوەو ئەفسـەرە سیاسیەکانی (بـەریتانیا) لەڕاپۆرتەکانیانـدا زۆر جار ئاماژەیانـداوە بـەئامادە نـەبوونی هاروونییـەکان بـۆ باجدان و ئەوە یان بەهەڵوێستێکی نادۆستانەی دژ بە دەسەڵاتی خۆیان لە قەڵەمداوە.

لـە(شۆڕشـی ئـەیلول)دا گونـدەکانیان لـە ناوچـەی گـەرمیان بـەر شـاڵاوی تـاڵان و سـووتاندن کـەوتوون, لـە (شوڕشی نوێ)ی گەلەکەشماندا ڕۆڵی کاریگەریـــان گێڕاوە,

(28) شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, شەهیدان: (شاهۆ, سالار جاف, هادی, عومەری حاجی مەحمەد) سەرقافلەی ئەو نەمرانەن.

خەڵکانی هاروونی کوردەواری ڕەسەن لەجۆری ژیان و هەڵسوکەوتیاندا بەرجەستە بوە, هەمووشیان بەئومێدێکی گەورەوە بۆ ئاینده دەڕوانن.

## ( نەرۆڵی ناوچەی خۆشبەختەکانە )

(نەورۆڵی) تیرەیەکن لە (ئێلی مورادی), یەکەم تیرەی جافن کە وازیان لە ژیانی کۆچەرێتی هێناوە, خانووبەرەیان دروستکردووە و گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە و نیشتەجێبوون, ئەم تیرەیە دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە بەشی یەکەمیان پێیاندەوترێت (نەورۆڵی دەشت), ئەم بەشەیان لە گوندەکانی: (تەپە کوڕە, خێڵی حەممە, دەلێن, گۆمەلار, دێکۆن, شەشکی سەروو, شەشکی خواروو, بەشارەتی سەروو, بەشارەتی خواروو, کاگردەڵ, دوانزە ئیمامی سەروو, دوانزە ئیمامی خواروو, بەکراوا, قشلاخە ڕووتە) نیشتەجێبوون.

بەشی دووەمیان پێیاندەوترێت (نەرۆڵی پارچە) لەو ناوچەیەدا دەژین کە بەناوی تیرەکەیانەوە ناونراوە (ناوچەی نەرۆڵی), ئەو ناوچەیەش هەر لە گوندی (هەسەنئاوای) کەناری (هەڵەبجە) وە دەستپێدەکات هەتا گوندی (نێرگسە جاڕ[1]) و ئەم گوندانەی تێدایە:

(هەسەنئاوا, تریفە, پریسی سەرو, پریسی خواروو, هانە سوورە, سەراو, گوندە[2], چرۆستانە, میراولی , نوەر, هانە ژاڵە, کەوتە, تەوەنەوەل).

هەردوو گوندی (کەوتە, تەوەنەوەل) کاتی خۆی بوون بە ژێر دەریاچەی دەربەندیخانەوە, خەڵکانیان هەر لە زەویەکانی خۆیاندا دوو گوندیان بە هەمان ناوەکانی پێشووەوە دروستکردۆتەوە, بەڵام ئێستا ئەو (2) گوندە چۆڵن, گوندەکانی تری (ناوچەی نەورۆڵی) لە دوای ڕاپەڕینەوە خەڵکیان تێدا نیشتەجێبۆتەوە, بەڵام وەك پێشتر زۆر ئاوەدان و پۆشتە نین.

نەورۆڵیەکان زۆربەیان پێیان وایە (ناوی نەورۆڵی) لەوەوە هاتووە, دوو برا بەناوی (نەورۆڵ) و (بەورۆڵ) لە ناوچەی (باینگان)ی کوردستانی ئێران دوو گوندیان بە ناوی خۆیانەوە ئاوەدانکردۆتەوە, لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەتای (نەورۆڵیەکان) لەوێوە هاتوون و پاش کۆچەکەی, (زایەر بەگی) سەرۆکی (ئێلی مورادی) هاتوونەتە کوردستانی ئەمدیو.

(ناوچەی نەورۆڵی) زۆر خۆش و ئاودارو دڵگیرە, هەردوو شاخی (بالانبۆ) و (نوەر) دیمەنی ناوچەکەیان زیاتر دڵڕفێنکردووە, ئەو دوو شاخە شوێنی ڕاووشکارو گەشت و سەیران بوون, دەگێڕنەوە کاتێك شاعیری پایە بەرزی کورد (ئەحمەد موختار جاف) لە سەر (ئاوی سیروان) تەقەیلێکراوە, فەرموویەتی

بەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون بەر لەوەی بمرم لە (سیروان) بمپەڕێننەوە بۆ ئەو بەر با تێر سەیری (شاخیبالاّنبۆ) بکەم.

کاتێ (ئەدمۆندز) ی ئەفسەری سیاسی بەریتانی، لە گەڕانەوەیدا لەهەڵەبجەوە بە (ناوچەی نەورۆلی)دا گوزەریکردووە و چوّتە دێی (گوندە) و لەسەر قەلاّکەی ڕاوەستاوە، دیمەنی ناوچەکە زۆر سەرنجیڕاکێشاوەو بە دۆڵی (خۆشبەختان) ناوی بردووە وتویەتی: ئەگەر چی لە کوردستاندا ناوچەی جوانترو دڵرفێنتر زۆرن، بەلاّم لە ماوەی دە ساڵ دوور کەوتنەوەم لە ولاّتی خۆم ئەمە یەکەمجارە لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا شوێنێك ببینم لە (بەریتانیا) بچێت.

لەگەشتی ناوچەی (نەورۆلی پارچە) هەر لەدوای تێپەڕبوون بەگوندی (پڕیس)دا (ملەی مزیات= ملەی مزیاد) دێتە ڕێت، پێدەچێت ئەم ناوە لە ملەی زیارەتەوە یان ملەی مەزارەکانەوە هاتبێت، چونکە مەزارگەی سەیدەکانی (هانە سوورە) لەوانە (سەید نەسرەدین، سەید ئەوڕەحمان، سەید ئەوڕەحیم) و مەزاری (کاکە ئەحمەدی پڕیسی[3]) لێیە کە خەڵکان لە ناوچەکە ودەوروبەری ناوچەکەدا زۆر بەڕێزو پیرۆزیەوە سەیریانکردوون، سەیدەکانی (هانە سوورە) بە زوهدو خوا پەرستی بەناوبانگبوون، هەمیشە دۆستی جووتیارو هەژارو داڵدەی لێقەوماوان بوون، تێکەلاّوی فەرمانڕەواو دەسەلاّتدارانیان نەکردووە هەرگیز مەبەستیان پێیان نەبووە بەتایبەت (سەید ئەو ڕەحیم) لەم بوارەدا زۆر ناسراو بووە.

(ناوچەی نەوڕۆلی) شوێنەواری شارستانیەتە دێرینەکانی تێدایە وەك (گردی بەکراوا) و( قەلاّی گوندە)، ئەم دوو شوێنەوارە لەڕووی مێژووییەوە بایەخێکی زۆریان هەیە.

(گردی بەکراوا) بەرزترین گردی ناوچەی شارەزوورە، دەکەوێتە لای ڕاستی ڕێگای نێوان (ناحیەی سیروان) و (هەڵەبجەی شەهید)، ڕووپێوەکەی نزیکەی یەك کیلۆمەتری دووجایە، بەدەوری گردەکەشدا خەندەقێکی گەورە هەڵکەنراوە، مێژووی ئەم گردە قسەی زۆری لەسەر کراوەو زۆری لەسەر نووسراوە، لەم بوارەدا زۆربەی بەڵگە جوگرافیو مێژووییەکان پشتگیری لە دەستنیشانکردنەکەی (سپایزەر[4]) دەکەن، کە مێژووی ئەم گردەی وا ڕێکخستووە گوایە لە (سەردەمی بابلی کۆن)، یان کەمێك زووتر بنیاتنراوە، لە دوایشدا پادشای (کاردۆنیاش) کە بە (سبیر) ناسراووبووە گرتویەتیو کردوویەتی بە مەڵبەندی دەشتی شارەزوور، یان مەڵبەندێکی گرنگی فەرمانڕەوایەتی شارەزوور بووەو هاوشانبووە لەگەڵ گردی (یاسینتەپە).

قەلاّی (گوندە) بە پێی هەندێك بۆچوون بە یەکێك لە شوێنەوارەکانی (کۆنەشاری شارەزوور) زانراوە و چەند بۆچوونێکی تریش هەن بە شوێنەواری (ساسانیەکان)ی لەقەڵمدەدەن، لەم قەلاّیەدا (گۆزەو کوپەو سکەو زمرود) وشتی تری تێدا دۆزراونەتەوە، ئەوانەش بەڵگەن بۆ بایاخی گەورەی ناوچەکە لە ڕووی مێژووییەوە.لەکاتی هێرشەکەی (عومەر پاشای سەردار) بۆ ناوچەی شارەزوور بە مەبەستی وەرگرتنی چەك لە (محەممەد پاشای جاف) و خێڵەکەی بە فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی، ناوچەی نەورۆلی بەر

زەرەروو زیانێکی زۆر کەوتووە, چەند گوندێکی سوتێنراون لەوانە (گوندی چرۆستانە) نەورۆڵیەکانیش ناوچەکەیان بەجێهێشتووەو پەنایان بۆ چیاکانی دەورو بەریان بردووە, بەوەش (عومەر پاشای سەردار) بە مەرامی خۆی نەگەیشتووە و نەیتوانیوە چەك لە جافەکان دابماڵێ وگەڕاوەتەوە بۆ (موصل).

خەڵکی نەورۆڵی شۆڕشگێڕو قارەمان بوون, سەرۆك و ڕیش سپیو پیاو ماقوولەکانیان ڕۆیشتوون بۆ خزمەتی (شێخ مەحمودی نەمر) لە (داری کەلی) و دڵسۆزیو پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕیوە و هاوسۆزی کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بوون, هاوکاری (شەمێرانییەکان)یشیان کردوە دژی (سوپای ئینگلیز) لە یەکێك لە ڕووبەڕووبونەوەکانیاندا.

ژمارەی خێزانەکانی( نەورۆلی ) لە ساڵی (1922ن) بریتیبوون لە (700) خێزان, هێزی چەکداریشیان (300) پیادەو (150) سوار بوون, هەردەم بە سەربەرزییەوە لە زێدو مەڵبەندەکەی خۆیاندا ژیاون.

سەرچاوەی بژێوی خەڵکی ناوچەکە باخداری و کشتوکاڵە بە تایبەت بەرهەمهێنانی (گەنم, جۆ, توتن, لۆکە, گوڵە بەڕۆژە) و (ئاژەڵداری)یە, پێشتریش دارە خۆڕسکە سروشتییەکان کە شاخی بالأمبۆیان داپۆشیبو, وەك (بەڕوو, گوێژ, قەزوان و چەقالە) و ...هتد, سوودی زۆریان بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندووە بە تایبەت لە کاتی گرانیو قات و قڕیدا, بەڵام بە داخەوە لە ئەنجامی سووتان وهەڵکەندنی ڕەگ وڕیشەی دارەکان بۆ سووتاندن ئەو دارستانانە, بوونەتە یادەوەری.

نەورۆڵییەکان بەشداری کاریگەریان لە شۆڕشەکانی گەلەکەماندا کردووە, لە هەردوو شۆڕشی (ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان)دا (125) شەهیدی قارەمانیان بەخشیوە بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان, ئەمە ناوی ژمارەیەك لەشەهیدەکانیانە: (محەممەد حەمە فەرەج ناسراو بە حەمە سیاسی, فەرەج تریفەیی, عومەر حەمەساڵح بەشارەتی, حەمەی حاجی تۆفیقی تەپەکوڕەیی, ئەحمەد حەمە ئەمین پریسی, عەبدوڕەحمان میرزا حەسەن خێڵی حەمەیی, حسێن عارفی پریسی, ڕەئوف چرۆستانەیی), لە تراژیدیا گەورەکەی کیمیابارنی هەڵەبجەشدا (15) کەسیان شەهید بوون.

نەورۆڵیەکان بێجگە لە وانەیان گەڕاونەتەوە زێدو مەڵبەندی خۆیان و خانوو بەرەیان, دروستکردۆتەوە, ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لە (هەڵەبجەی شەهید, هەڵەبجەی تازە, خورماڵ, سیروان) دەژین.

ئەوەی شایەنی باسکردنە, فۆلکلۆری بیستراوی ناوچەکە لە ژێر کاریگەری (هۆرەی جافی) و (گۆرانی هەورامی) دایە هەروەك زۆربەی ناوچەکانی تری (بناری شارەزوور) و (هەورامان), لە پۆشاك و جل و بەرگیشدا کوردێکی ڕەسەنن, خەڵکەکانیش بە شێوەیەکی گشتی رۆحسووك و پاك و خاوێنن, حەز لە هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری دەکەن.

---

[1] –نێرگسەجاڕ: شێخە دێیەکی کۆنی کوردستانە, بنەماڵەی شێخەکان زیاتر لە هەزار ساڵە لەو گوندەدا نیشتەجێبوون, ساڵی (498ك) بەرامبەر بە ساڵی (1104ن) حەزرەتی شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) لە

(بەغداد)ەوە هاتۆتە گوندی نێرگسەجاڕ, (دارپەڵکێك) لەناو باخەکەی نزیك ناو دێدابووە چەند جارێك (شێخ عەبدولقادر) پاڵپیێوەداوە, بەردێکی گەورەش لە حەوشی مزگەوتەکەدا بووە نوێژی لەسەر کردووە.
(شێخ ئەبولوەفا ئەلنێرجسی) یەکێك بووە لە شێخەکانی (نێرگسەجاڕ) دۆستێکی نزیکی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە, لەگوندی (پوشێنی شارباژێڕ) ژیاوە, (شێخ عەبدولقادر) بە (ئەخی ئەبولوەفا ئەلنێرجسی) ناوییردووە.
لە هەندێ سەرچاوەدا بە هەڵە باس لەوە کراوە گوایا شێخەکانی (نێرگسەجاڕ) و (سۆڵە) دەچنەوە سەر یەك ڕەچەڵەك, بەڵام لە نوسینێکی (شێخ مارفی نۆدێ)دا هاتووە, شێخەکانی (سۆڵە) دەچنەوە سەر(شێخ حسەینی بێهەوڕ) ئەویش دەچێتەوە سەر (شێخ یاسینیکوڕی سەی قەلەندەری بەرزنجی), باپیرە هەرە گەورەشیان (شێخ عیسای بەرزنجی)یە کە لەساڵی (686ك-1287ن) لە هەمەدانەوە لەگەڵ (باباعەلی باوکی وشێخ موسا)ی برای هاتوونەتە کوردستان و لە گوندی (بەرزنجە)دا نیشتەجێبوون و مزگەوت و تەکیەیان تیدا کردۆتەوە.
یەکێك لە شێخە ناسراوەکانی نێرگسەجاڕ (شێخ مارفی نێرگسەجاڕ)ـە ناوبراو ساڵی (1280ك) بەرامبەر بە ساڵی (1863ن) لەدایکبووە, بە فەقێیەتی زۆرناوچەی کوردستان گەڕاوە, لەژێر دەستی (شێخ مەحمودی موفتی) لە (هەڵەبجە) خوێندنی تەواو کردووە, کچێکی (شێخ مەحمود)ی خواستووە و پاشان ژنێکیشی لە تیرەی (کەرەموەیسی) هێناوە.
(شێخ مارف) خەلیفەی شێخەکانی نەقشبەندی بووە ئیجازە و خەلافەتی لەلایەن (شێخ عومەری بیارە)وە دراوەتێ, لە گوندی (ئەحمەد برندە) تەکیەی دروستکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئادابی تەریقەت, سێ (خوێندنگەی ئایینی) کردۆتەوە و مەلای زانا وناسراویشی راگرتووە بۆ دەرپیێوتنەوەی (فەقێ) بەم شێوەیە:
1-خوێندنگەی ئایینی گوندی (نێرگسەجاڕ), (شێخ عەبدوڵای شێخ محەممەد ئەمین) مامۆستای بووە.
2-خوێندنگەی ئایینی گوندی (ئەحمەدبڕندە), (مەلاعەبدولڕەحیمی چرۆستانەیی) مامۆستای بووە.
3-خوێندنگەی ئایینی گوندی (وازۆڵ), (مەلاعەزیزی وازۆڵی) مامۆستای بووە.
(شێخ مارفی نێرگسەجاڕ) هەموو تەمەنی خۆی بە دینداری وئامۆگاری و ڕێنمایکردنی خەڵك و خزمەتکردنی مەلا و فەقێ و زانایانەوە بردۆتەسەر, هەریەك لە (شێخ عەبدولکەریمی خانەشوری, شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی) کە بە مناڵی باوکیان مردووە ئەم زاتە پێیگەیاندوون, پیاوێکی زانا و دانا و ئایینناسێکی گەورەبووە, هەمیشە لەلای خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەریەوە ڕێزی لێگیراوە و گوێڕایەڵیبوون. ساڵی (1333ك-1913ن) کۆچی دواییکردووە .
[2] -لە (معجم البلدان) دا ناوی (قنا) هاتووە وەك شوێنێکی نیشتەجێبوونی دێرین لەشارەزووردا, (فوئاد سەفەر) دەڵێت: ئەم ناوە زۆر نزیکە لە ناوی دەشتێکی بچووك کە دەکەوێتە لای ڕاستی (زێی سیروان) لە باشووری خۆرهەڵاتی هەڵەبجە, لەو شوێنەدا گردێك وگوندێك هەن بەناوی (گوندە),خەڵکی ناوچەکە بە (گونە) ناویاندەهێنن.
[3] -کاکە ئەمەدی پرسیی: یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی گەلەکەمان, دەستێکی باڵای لە شیعری عیرفانیدا هەبووە, هاوزەمانی (حەزرەتی مەولەوی) بووە و یەکێك بووە لە موریدەکانی (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجودین= شێخ عوسمانی تەوێڵە), لەبەرئەوەی ئەویندارێکی گەورە وتواوەی ناو(عیشقی خودایی) بووە

زۆرجار چووەتە (دۆخی جەزبە)وە بە رادەیەك بە (كاكە ئەحمەدی مەجذوب) ناسراو بووە, دەربارەی پایەی (كاكە ئەحمەدی پریسی) لە دینداری و سۆفیگەریدا (مەولەوی) فەرموویەتی:

بڕیا وە باڵای كاڵای ڕەییسی (رجال الغیب)ـە ئەحمەد پریسی

[4] –(سپایزەر) زانا و شوێنەوارناسێكی گەورەیە, لە هەڵكەندنەكانی (گردی بەكراوا) دا بۆ دیاریكردنی مێژووی ئەو گردە ڕۆڵێكی كاریگەری بووە.

## (ناوچەی شەمێران مەڵبەندی بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز)

(ناوچەی شەمێران) دەكەوێتە باكوری خۆرئاوای (هەڵەبجە)وە, سنوورەكەی لە باكوورەوە (زێی سیروان), لە خۆرئاوا و باشورییەوە شاخی (بەمۆ), لە خۆرهەڵاتییەوە سنووری (عێراقە بە ئێرانەوە), ناوچەكەش هەر لە نزیك گوندی (نێرگسەجاڕ) هەتاكو سەر بەنداوەكەی (دەربەندیخان) دەگرێتەوە, دوو بۆچوون لەسەر ناوی (شەمێران) هەن بەم شێوەیە:

بۆچوونی یەكەم پێی وایە: ناوچەكە لەكۆندا شەش كەسی دەسەڵاتدار حوكمڕانیان تێداكردووە و پیانووتراوە (شەشمیران) پاشان لەئەنجامی گۆڕانكاری زمانەوانی ناوەكە كورتكراوەتەوە و بووە بە (شەمێران).

بۆچوونی دووەم دەڵێ: لەكاتێكدا كە زێی (سیروان) سنووری جیاكەرەوە بووە لەبەینی هەردوو دەسەڵاتی (عوسمانی) و (ئێران)یدا بەو ناوچەیە وتراوە (شیممە از ایران) واتە (دیمەنێك یان وێنەیەك لە ئێران) پاشان ناوەكە گۆڕراوە بۆ شەمێران, بەهەرحاڵ ناوی (شەمێران) لە هەرچییەوە هاتبێ ناوچەكە بەشێوەیەكی گشتی شوێنەوار و پاشماوەی نیشتەجێبوونێكی دێرینی تێدا دیارە, (قەڵای شەمێران) و بوونی رووبەرێكی فراوانی گۆڕستان لەناوچەكەدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن.

ئاشكرایە ژمارەیەك لەخەڵكانی كوردستانی باشوور لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا دینی (مەسیحی)یان وەرگرتووە, بەڵام پاش ماوەیەكی كەم لەژێردەستی سەردارێكی ئێرانی بەناوی (پاو[1]) كە بەفەرمانی (یەزدەگرد)ی كیسرای فارس نێردراوەتە ناوچەكە زۆربەی خەڵكانی كوردستانی بەگشتی و شارەزووری بەتایبەتی گەڕاندۆتەوە سەر دینی (زەردەشتی), پاو ماوەیەك لە شەمێراندا ماوەتەوە ئەوەش بەڵگەیەكی ترە كە ئەو كاتە ئەو ناوچەیە ئاوەدانبووە, بەپێی زۆربەی بەڵگە مێژووییەكان (پاو) ئەو كەسە بووە (شاری پاوە)ی دروستكردووە, (شاری پاوە) شوێنەواری مێژوویی زۆری تێدایە یەكێك لەوانە (ئاتەشگەی پاوە[2])یە.

تیرەی (یەزدانبەخشی) كە زۆرجار بە (شەمێرانی) ناودەبرێن و بەشێكن لە(ئێلی مورادی) ماوەیەكی زۆر لە كۆچ و كۆچباردا بوون بەڵام پاش شەڕی (حسەین شەهید) كە لەسەر ئاوی (شلێر) لەبەینی (ئێلی مورادی) و ئەو تیرە و خێڵانە روویداوە ئەوكات لە شارەزووردا ژیاوون و پێش (ئێلی مورادی) هاتوونەتە ناوچەكەوە, (یەزدانبەخشی)یەكان وازیان لە ژیانی كۆچەرییەتی و ڕەشماڵنشینی هێناوە و لەناوچەی شەمێراندا بە ڕەزامەندی (پاشای جاف) نیشتەجێبوون و بەرەبەرە ئەم گوندانەیان دروستكردووە:

(ولوەر, دەنگە وەرە, وەرمن, چەمەڕەش, مامەشەویٚ, عارەبان, کانیکەوە, بەشی ئەحمەدبەگ, تووڵەبی, بەشی پیرك, دۆڵیناو حەو), هەروەها شەمێرانەییەکان گوندێکیان هەیە پێیدەڵێن (کۆکۆیی شەمێران), دانیشتووانی ئەم گوندە لەبنەڕەتدا لە (تیرەی کۆکۆیی)ن, بەلاٚم هەر لە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیانەوە تائێستا لەگەڵ شەمێرانییەکاندا دەژین و لەناوئەواندا تواونەتەوە.

گوندەکانی (چەمەڕەش, مامەشەویٚ, عارەبان) پاش دروستکردنی (بەنداوی دەربەندیخان) بوون بەژێر ئاوەوە خەڵکانی (چەمەڕەش) هەر لە زەوی و زاری خۆیاندا گوندێکی تریان بەهەمان ناوەوە دروستکردووە, خەڵکی (مامەشەویٚ) ڕۆیشتوونەتە (هەڵەبجە) و لەویٚ نیشتەجێبوون, خەڵکی گوندی (عارەبان)یش ڕۆیشتوونەتە (ئیمامیزامن) و لەویٚ خانووبەرەیان دروستکردووە.

هەندیٚ سەرچاوە باس لەوە دەکەن سالی (1922) هێزی تیرەی شەمێرانی پێکهاتووە لە (150) سوارو(400) تفەنگچی پیادە, ژمارەی خێزانەکانیشیان (750) خیزان بوون.

(یەزدانبەخشی) بەواتای (شەمێرانی) دەبن بەچەند بنەماڵەیەکەوە لەوانە بنەماڵەکانی ( نادری بارام, هەواسی, بارامی حەمەی شاوەیس, یونس بەگی, سان ئەحمەد, شێخەکان, حەمەمینی عەزیز, وەسمان, هەلانی, مچە کولی, خواداد, مەحمودی هەواس, میران, چراخ, هاجك, عەبدولاٚیڕەسولٚ, مستەفا مەحمود بەگ).

(ناوچەی شەمێران) بەشێوەیەکی گشتی بەردەلاٚن و شاخاوییە وزەوی کشتوکاڵیان کەمە, زۆربەی زەوییە تەخت و کشتوکاڵییەکانیان کاتی خۆی بوون بە ژێر دەریاچەی دەربەندیخانەوە, خەڵکەکەش ژیان و گوزەرانێکی سادەو ساکاریان هەیە, سەرچاوەی بژێویان (ئاژەڵداری, داروخەڵوزفرۆشتن, ڕاوەماسی, کشتوکالٚ)ـە, کشتوکاڵیش بەزۆری لەگوندەکانی (کانیکەوە, بەشی ئەحمەدبەگ, تووڵەبی) دەکرێت.

شەمێرانییەکان پێشتر بەدروستکردنی ڕەشمالٚ وهۆرو بەڕەو مەوج و پیشەسازی دەستی ترەوە بەناوبانگبوون, بەلاٚم ئەم پیشەسازییانە ئێستا بەلایانەوە بوونەتە یادەوەری و نەماون, فۆلکلۆری بیستراوی ناوچەکەشیان لەشیعرو گۆرانی لەژێر کاریگەری شیعرو گۆرانی هەورامی و هۆرەی جافیدایە, ژمارەیەك (گۆرانیبێژ)و (شمشاڵژەن)ی ناسراویان بووە کەئاهەنگ و ڕەشبەڵەکەکانی ناوچەکەیان گەرمکردوە لەوانە: (حەمەی حەمەمین, ساڵحی قادر, حەمەمین حەمەشەریف, محەممەد عەلی خانە, عەلی ئەولمحەممەد), چەند کەسێکی دانیشتووی‌ناوچەکەش دەستی بالاٚیان لە (پزیشکی ودەرمانگەری میللی)دا هەبووە وەك:

(حاجی ئەحمەد میرزابەگ, حەمەی حەمەسەعید, حاجی زایەریحەمەی سانئەحمەد, پورەخۆرشیدە سالٚح, حاجی ئەحمەد) ئەمانە چارەسەری جۆرەها نەخۆشیان کردوەو خەڵکان لەدەرەوەی شەمێرانەوە بۆ چارەسەر هاتوونەتە لایان.

(شەمێرانییەکان)، وەك چیاکانی ناوچەکەیان سەرکەش بوون، ماوەی چوار ساڵ لەدەسەلاّتی (ئینگلیز) یاخیبوون و باجییانەداوە، بەرامبەر بەو هەڵوێستەیان فرۆکەکانی (ئینگلیز) هەڕەشەی مەرگ و بۆمببارانیان لێکردوون، لە ئەنجامی ئەو هەڕەشەیەدا (شەمێرانییەکان بە فەرمانی (حەمەی سانئەحمەد) گوندەکانیان چۆڵکردووە و روویانکردۆتە چیاکان، لە ئەشکەوت و پەناو پەسێوەکاندا خۆیان حەشارداوە، (حەمەی سانئەحمەد) پێیوتوون: ئەگەر سوپای ئینگلیز هێرشیان هێنایە سەرمان هەرکەسێك لە بەرەنگاریکردنیاندا بکوژرێ ئەوە شەهیدە، پاش چەند رۆژێك (4) فرکە بۆمببارانی (گوندی کانیکەوەی شەمێران)یان کردووە، (حەمەی سانئەحمەد) لەخوار گوندەکەوە ولەپەنای بەردێکدا بە تفەنگە تەیارە شکێنەکەی مشتی لەفرۆکەکان گرتووە، یەکێکیانی پێکاوە و لە گوندی چەمەڕەش کەوتۆتە خوارەوە، ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە شاری هەڵەبجە داوای لە شەمێرانییەکان کردووە فرۆکەکەیان تەسلیمبکەنەوە بەرامبەر بەوە لەو باجانەی لەسەریانە دەیانبەخشن، بەلاّم شەمێرانییەکان ملییاننەداوە، لەپارچەکانی ئەو فرۆکەیە (چەقۆ، گاسن، داس، تەور)یان دروستکردوون و پاشان ئاگریان تێبەرداوە.

ئینگلیزەکان هەوڵیانداوە بە هێزێکی تایبەت ناوچەکەیان کۆنترۆڵبکەن، بۆ ئەو مەبەستە لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردۆتە سەریان، شەمێرانییەکان لە هەڵمەتێکی شێرانەدا شکاندویانن و هەتا (مەیدان) راوییاننناون، لەونەبەردییەدا تیرەکانی (نەورۆلی، گەلاّلی، خەڵکی بناری هەڵەبجە بەتایبەت لایەنگرانی شێخ رەشیدی عەبابەیلیّ) هاوکاری شەمێرانییەکانیان کردووە.

لە (شۆڕشی ئەیلول)دا زۆربەی شەمێرانییەکان پێشمەرگە بوون، ناوچەکەشیان بەدرێژایی ساڵەکانی شۆڕش لەچوارچێوەی ناوچە رزگارکراوەکاندابووە.

لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا رۆڵێکی بەرچاویان بووە، هەر وەك ئەوەی قەدەریان فرۆکەبەردانەوەی داگیرکارانی کوردستان بێت، پێشمەرگەیەکیان بە ناوی (محەممەد حەسەن محەممەد شوکر) ناسراو بە (حەمەشووتە) ساڵی (1981ز) لە (دوانزە ئیمام) تەقەی لە هەلیکۆپتەرێکی رژێمی عێراق کردووە و پێکاویەتی لە (ئیمامیزامن) کەوتۆتە خوارەوە، ساڵی (1982ز) کاتێك فرۆکەکانی رژێم بۆمببارانی ناوچەی شەمێرانیان کردووە ناوبراو برینداربووە لەگەڵ ئەوەشدا لەشوێنێك کەپێیدەوترێ (توون)، بە تفەنگێکی (R.B.K) تەقەی لە هەلیکۆپتەرێك کردووە و لەنزیك بەنداوی دەربەندیخان کەوتۆتەخوارەوە، بەبرینداری براوە بۆ ئێران، لەوێ چارەسەرکراوە و زۆر رێزیلێگیراوە و مووچەی مانگانەی بۆ بڕاوەتەوە.

(شەمێرانەییەکان) لە (شۆڕشی ئەیلوول) و (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا ژمارەیەك شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە: (فایەق مەحمود محەمەد سانئەحمەد، ساڵحی حاجی ڕەشید، کەریمی عەبەی خاسە، ئیبراهیم مارف، حەمەمین محەممەد ناسراو بەمینەی پەزە ....هتد).

(ناوچەی شەمێران) لەجەنگی هەشتساڵەی (عێراق–ئێران)دا شوێنی شەڕوشۆڕ و لەشکرکێشی بووە, ئەوەش زەرەر و زیانێکیزۆری بەناوچەکە گەیاندوە, هەتا ئێستاش زۆربەی شوێنەکانی مینڕێژن وچەندین هاووڵاتی بوونەتە قوربانی مین, ژمارەی ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە (شەمێران) و گوندەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە (250)خێزانن, خەو بەوەوە دەبینن ناوچەکەیان بەرگی ژیان و گوزەرانێکی نوێی بەبەردابکرێت, ئەوانەشیان نەگەڕاونەتەوە لە(هەڵەبجەی تازە و هەڵەبجەی شەهید) نیشتەجێن.

---

[1] –پاو: کوڕی شاپور کوڕی کیوس و برای ئەنەوشیروانی ساسانییە, کیسرا یەزدەگوردی سێیەم بۆ ئەوەی خەڵك بێنێتەوە سەر دینی زەردەشتی ناردویەتیە ناوچەکەوە.

[2] –ئاتەشگەی پاوە: حەوسەدو پەنجا ساڵ پێش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام دروستکراوە و لەسەر بەرزایی (3462م)دایە لە ڕووی دەریاوە, پاش ئاتەشگەی (ئازەرگوشەسپ) بە گەورەترین ئاتەشگەی زەردەشتی لەقەڵەمدەدرێت.

## ( تیرەی شێخ سمایلی دژی هەردوو داگیرکاری ڕووس و ئینگلیز جەنگاون )

شێخ سمایلی تیرەیەکن لە جاف و باپیرە گەورەیان ناوی (سمایل) بووە, ناوبراو هەرچەندە شێخ نەبووە بەڵام لەبەر ئەوە کەسێکی (خواناس, نانبدە, ناسراو) بووە ناوی (شێخ سمایل)ی لێنراوە, هەموو بنەماڵەکانی ئەم تیرەیە هەر بە (بەشێخ سمایلی) ناسراون.

لەسەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکان سەرەتا لە ناوچەی (قروە)ی کوردستانی ئێراندا نیشتەجێبوون, بەر لە پەنجا ساڵێك لە دەستپێکردنی کۆچی یەکەمی (مورادییەکان) هاتوونەتە شارەزوور, ماوەیەکی دوور و درێژ گەرمیان وکوێستانیان کردووە, پاش شەڕی (حسێن شەهید) کە لەبەینی جافەکانی(مورادی) و تیرەکانی تری دانیشتووی شارەزوور لەسەر (ئاوی شلێر) ڕوویداوە, ئەم تیرەیە دەستیان بە نیشتەجێبوون کردووەلە بناری شارەزوورچەند گوندێکیان ئاوەدانکردۆتەوە لەوانە: (کێلەکەوە, کەچەڵی, ماو, مزگەوتە, شانەدەری کۆن) بەڵام لە کۆچی هاوینەیان بەدوای لەوەڕگەو سەرچاوەی ئاودا هەتاکو سییەکانی سەدەی بیستەم بەردەوامبوون, لەگەڵ بەردەوامبوونیان لە نیشتەجێبوون (37) گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە, ئەمانە ناوی ژمارەیەك لە گوندە گەورە و دیارەکانیانن: (شانەدەرییەکان, کانیپانکەی سەروو, کانیپانکەی خواروو, گرێزە) لەناوچەی شارەزوور, (قەڵاقۆچالی, کارێزەی حەمەسەعید) لەگەرمیان, بێجگە لەوانەشیان لەگوندەکاندا نیشتەجێبوون ژمارەیەکی زۆریشیان لە (عەربەت, سەیسایەق, دەربەندیخان, کەلار) و لەناو شاری (سلێمانی)دا نیشتەجێن.

لە کوردستانی ئێرانیش, چەند گوندێکیان ئاوەدانکردۆتەوە لەوانە: (سەرتیپئاوا, ویەهج, ویەهەم, خەنائاوا,ئەسەفئاوا) چەند خێزانێکیشیان لە (قروە) و دوروبەریدا دەژین.


www.pertwk.com

تیرەی (شێخ سمایلی) چەندکەسێکی دیارو خاوەن پایەی کۆمەڵایەتییان تێدا هەڵکەوتووە, وەك: (کوێخا قادری ساڵح) کە (سالارئەلدەولەی قاجاری[1]) لە گەرمەی هەوڵەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی (قاجاری) سەردانیکردووەو ماوەیەك لە (شانەدەری) ماوەتەوە پاشان داوای هاوکاری لێکردووە, (کوێخا قادر)یش لەگەڵ (70) سواری (شێخ سمایلی) شانبەشانی ناوبراو شەڕیانکردووە و هەتاکو شاری (سنە) ڕۆیشتوون و ماوەیەك لەو ناوچەیەدا حوکمڕانییانکردووە, ئەمانە ناوی ژمارەیەکن لەو تفەنگچییانەی لەگەڵ (کوێخا قادر)دا بوون: (حەمەڕەشیدحەمەخان, کوێخا تالب, ئەحمەد حەسەن, حاجیخەلیفەجەمیل, حاجی ئەمین).

هەر لە بواری ناوی کەسێتییە دیارەکانی ئەم تیرەیەدا دەڵێین (مەلاحەسەنی گڵەزەردەو مەلا فەرەجی کێلەکەوە) کە هەردووکیان لەم تیرەیە بوون, دوومەلای دیاروناسراوی سەردەمی خۆیان بوون وهەمیشە سەرقاڵی پەروەردەکردن و ڕێنمایەکردنی خەڵك بوون, (کاکەولای قازی وحەمەفەرەجی حەمەساڵح)یش شارەزایی تەواویان هەبووە لەچارەسەرکردنی نەخۆشی و گرتنەوەی (دەست و قاچ)ی شکستەدا, دەگێڕنەوە چەند جارێك (شێخ مەحمودی مەلیك) بانگی (کاکەولای قازی) کردووە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئەندامانی خێزانەکەی و کەس وکاری خۆی.

(شێخ سمایلی) لەڕووی فۆلکلۆری بیستراوەوە بایەخێکی زۆریانداوە بە شیعرو گۆرانی فۆلکلۆری, چەندین (هۆرەچڕ وگۆرانیبێژ)ی دەنگخۆشیان هەبووە, یەکێك لەوانە (عەلی حەمەمین)بووە, ناوبراو بە (عەلی عەرەب) ناسراو بووە, ساڵی ( 1982ز) لەگوندی (خڕنووك) لەگەڵ سێ هاوڕێیدا فڕۆکەی ڕژێمی دکتاتوری شەهیدیکردوون.

تیرەی (شێخ سمایلی ) هەمیشە هاو سۆزی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بوون, هاوکاری (شێخ مەحمود)ی نەمریان کردووە لە شۆڕشەکانیدا, چەند سوارێکیان بەناوەکانی (کەریم عەبدولکەریم, ئەحمەد حەسەن حەمەخان, حەمەبۆر مەحمود, وسێن حسێن, کوێخا تالب ساڵح, حاجی ئەمین سلێمان, خەلیفەڕەشید, حەمەئەمین مەحمود, حاجیخەلیفە جەمیل, فارس حەمەخان, قادر عەبدولکەریم, حاجی حەمە گردە, مامەخەڵەف کەریم) ڕۆڵی دیاریان لەبەرەنگاربوونەوەی سوپای (ئینگلیز)دا کێڕاوە, لەڕووبەڕووبوونەوەیەکدا (قادرعەبدولکەریم) شەهید بووە, لەشەڕی (ئاوباریك)یشدا, (کەریم عەبدولکەریم) بریندارکراوە.

جەنگاوەرانی ئازاو دلێری (شێخ سمایلی) ڕووبەڕووی (سوپای رووس) جەنگاون, دووسواریان لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا بریندار بوون بەم ناوانە: (عەبدولکەریم فەتاح, حەمەئەمین ئەلی سەلام).

لە(شۆڕشی ئەیلول) و لەکاتی هێرشە شوومەکەی (زەعیم سەدیقی) تاوانباردا هەمووگوندەکانیان لەناوچەی شارەزوور سووتێنراون وژمارەیەکیش لەخەڵکی تیرەکەیان شەهیدکراون وەك: (عەلی شەریف عەلی, عەلی سلێمان, قادرخەلیفەمارف, محەممەد ئەحمەد سەدیق).

لـه(شۆڕشــی نـوێ)ی گەلەکەمانـدا قارەمـان و لێهـاتووبوون, (30) شــەهیدی قارەمانیـان بـەکاروانی سـەرفرازی گەلەکـەمان بەخشـیوە,لەوانە شـەهیدان: (حەمـەڕەش گرێزەیـی, سـەرحەد کانیپانکـەیی, تـەها قادر ئیبراهیم, عەلی عەبدولکەریم, کەریم کاکەحەمە).

شــێخ سمایلییــەکان لــەش ســاغ وگورجوگــۆڵ ئیشــکەرن, سەرچــاوەی بــژێوی تیرەکــەش کشــتوکاڵ وئاژەڵدارییە, لەبەرئەوەی زۆربەی زەوییەکانیان دێمن, بەرهەمی سـەرەکییان (گـەنم, جـۆ, نـۆك, تـرۆزی و کاڵەکی دێمی)یە.

(شـێخ سمـایلی) هاوکـاری تیرەکـانی تریـان کـردووەو لەگـەڵ هـەردوو تیـرەی (یـەزدانبەخشـی و سمـایل عـوزێری)دا تێکـەڵاوی تـەواویان هـەبووە و هەنـدێك لەڕیشسـپییەکانیان پێیـان وایـە لەگـەڵ ئـەو دوو تیرەیە بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سـەر یەك, بـەڵام سەرچاوەیەکی مێژووییان بەدەستەوە نییە راستـی ئەم بۆچوونەیان بسەلمێنێ, بۆیە ئەم قسەیان تەنها لە دووتوێی بۆچووندا دەمێنێتەوە.

---

[1] –(ئەبولفـەتح مـیرزا سـالارئەلدەولە) کـوڕی (مظفـردین شـای قاجـار), سـاڵی (1329ك) بەرامبـەر بـە(سـاڵی 1911ز) هاتۆتـە کوردسـتان, هەوڵیـداوە بـەهاوکاری خێڵـە کوردەکـان دەسـەڵات لـە دەسـتی (مەشـرووتەکان) دەربهێنێ, ڕۆژی (16مانگی ڕەجەبی ساڵی 1329ك), هەریەك لە: (حسێنخان مظفر السلطنة, سلێمانخان شرف الملك, عەباسخان ظفر السلطان=سەردار ڕەشید) کە لـە پیـاوە دەسـەڵاتدارەکانی پاشـماوەی بنەماڵـەی میرەکـانی (ئـەردەڵانی) بـوون, لـە شـاری (سـنە) پەیوەنـدییانپێوە کـردووە, (سـالارئەلدەولە) بە مەبەسـتی قـایلکردنی (والی پشــتکۆ و داودبــەگی کــەڵهوڕ) بــەوەی بدەنــە پاڵیــان و بــە هێزەکــانی خۆیانــەوە (کرماشــان) کۆنتڕۆڵبکــەن, (عەباسـخانی ئـەردەڵانی) ناردۆتـە لایـان, (عەباسـخان) توانیویـەتی ئـەو ئەرکـەی پێیسـپێردراوە بـە ڕێکـوپێکی ئەنجامیبـدات, بـە گەڕانـەوەی نازنـاوی (سـەردار ڕشـید)ی دراوەتـێ, پـاش کـۆنتڕۆڵکردنی کرماشـان (سـالار ئەلدەولە) ماوەیەك لە شارەکەدا ماوەتـەوە, پاشـان فەرمانیداوە بـەو هێزانـەی هاوکاریبوون و ژمارەیـان لـە (25) هەزار کەس زیاتر بووە, زۆربەشیان لە تفەنگچییەکانی تیرە و هـۆزە کوردەکان بوون وەك: (لـوڕ, کـەڵهوڕ, جـاف, زەنگەنە, گۆران, سەنجابی, ئەردەڵان, هەورامی) بەرەو تاران کەوتوونەتە ڕێ, ڕۆژی (28 مانگی ڕەمـەزانی سـاڵی 1329ك) لەناوچەی (باغشا)ی نزیك بە (ساوە) هێزی مەشـرووتەکان کە پێکهـاتوون لـە تفەنگچییەکانی (تـورك, کافکاسـی, ئەرمـەنی, بـەختیاری) لـە ژێـر فەرمانـدەیی (عەبدولحسـێن مـیرزا فەرمانفـەرما) بـە چـەکی قـورس و تۆبخانـەوە بـەریان بە هێزەکـانی (سـالار ئەلدەولە)گرتـووە, لـە شـەڕێکی قـورس وخوێناویـدا, (سـالارئەلدەولە) شکاوە و نەیتوانیوە حکومەتی (مەشرووتەکان) بڕوخێنێت, زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن, ترسنۆکی و بوودەڵـەیی (سـالار ئەلدەولـە) بـووە بـە هـۆی ئـەوەی دواتـر زۆربـەی تفەنگچییە کوردەکـان لـە پشـتگیریکردنی وازبهێنن.

**( گوندەكانی ( سەدانی ) مەڵبەندی حەوانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەكان بوون )**

(تیرەی سەدانی) تیرەیەكن لە جافی (مورادی) باپیرەگەورەیان كەسێك بووە بەناوی (سەی زانا-سەیدانا) پاشان ناوەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بووە بە (سەدانی), سەرەتا لەناوچەی (جوانڕۆ)دا نیشتەجێبوون, هاوكات لەگەڵ كۆچی تیرەكانی تری (ئێلی مورادی), سەدانییەكانیش هاتوونەتە كوردستانی عێراق و ماوەیەكی زۆر لە گەرمیان و كوێستانكردندا بوون, كۆزی زستانەیان لەناوچەی (مەیدان)دا بووە, لەكاتی كۆچكردن بۆ ئێلاخیش لە ڕێگەی تەنگەبەری (دەبەندیخان)ـەوە هاتونەتە (ئیمامی زامن) لەوێ بۆ ماوەی (2-3) ڕۆژ حەواونەتەوە, دواتر لەبناری شارەزوورەوە ڕۆشتوونەتە (ملەكەوە) و لەوێشەوە بۆ (پێنجوێن) ئینجا ڕۆشتوون بۆ هەوارگەكانی هاوینەیان لە (هانەگلان, مایندۆڵ)ی كوردستانی ئێران.

سەدانی بەشێوەیەكی گشتی لە سێ بنەماڵە پێكدێن بەم ناوانە:

1-بنەماڵەی سەیمورادی 2-بنەماڵەی قوبادی 3-بنەماڵەی ناودێری.

هەریەك لەو بنەماڵانەش ریشسپی و پیاوماقوڵی خۆیان هەبووە, هەموو بنەماڵەكانیش ریشسپییەكانی (سەیمورادی)یان بە براگەورەی خۆیان لەقەڵەمداوە, لە ڕووی داب‌ونەریتی خێڵەكییەوە گوێڕایەڵیانبوون. ئەم تیرەیە لەناوچەی شارەزووردا چەندین گوندیان ئاوەدانكردۆتەوە: (گێڵەك, تەكیە, گردیگۆ, تەپەتۆڵكە, گردی قازی, شیرەمەڕ, تازەدێ, ئاوایی حەمەی مرواری, ئاوای حاجی حەمەمین, كوڵكنییەكان) لە گوندە دیارەكانیانن, لەناوچەی گەرمیانیشدا هەردوو گوندی (بانە بۆر, قەرەچەم)یان ئاوەدان كردۆتەوە, ژمارەیەكیشیان لە گوندەكانی: (دابوڕوولە, كانیپانكەی سەروو) لەگەڵ خەڵكانی تیرەكانی تردا دەژین و چەند خێزانێكیشیان لە (كەلار, باوەنور, دەربەندیخان, خورماڵ, هەڵەبجەی تازە, هەڵەبجەی شەهید) نیشتەجێن, دەیان خێزانیشیان لەناوچەی (ئارەنان)ی نزیك (سنە) و لە دەوروبەری (مەریوان)دا دەژین.

تیرەی سەدانی چەند كەسێكی خاوەن پایەی كۆمەڵایەتی دیاریان هەبووە لەوانە:

1–خەسرەو مستەفا رەمەزان: ناوبراو یەکێك بووە لەو جەنگاوەرانەی دژی سوپای (رووس) جەنگاوە, چەند تفەنگچییەکی تیرەکەی لەگەڵدا بووە وەك (محەمەد مەحمود باسام, عەبدولموحەمەد کاکەخان) و (کاکەی خوامراد) کە لەیەکێك لە شەڕەکاندا بریندار بووە و سێ گوللەی بەرکەوتووە.

2–(خەلیفە فارس, قادری هەواس, رۆستەم یارئەحمەد) لەو جەنگاوەرانە بوون هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووە, لە شەڕێکدا (قادری هەواس) فڕۆکەی ئینگلیز شەهیدی کردووە, (حەسەن سایە)ش یەکێك بووە لەوانەی لەئەنجامی بۆردومانی فرۆکەکانی ئینگلیز لەبەردەم (میری سور[1]) لەبناری شاخی سورێندا بریندار کراوە.

3–(فەقێ کەرەم, مەلا محەممەد عەزیز وەلی) دوو مەلای تیرەی سەدانی بوون لە شارەزوور و دەوروبەریدا زۆر ناسراوبوون و هەمیشە ڕێزیانلێگیراوە, لە چارەسەر کردنی کێشەی خێڵەکی و کۆمەلآیەتیدا قسەیان نەدراوەتە دواوە.

ناوچەی سەدانییەکان لەشارەزووردا شوێنی نیشتەجێبوونی دێرین بووە, بوونی ژمارەیەکی زۆر گردۆڵکەی دەستکرد وەك (گردی خدر, گردی گۆ, گردی گێڵەك) و دۆزینەوەی (کوپە و گۆزە و سکەی جۆراوجۆر) لەو گردانەدا گەواهی ئەم راستییەن.

ئەم تیرەیە لەرووی فۆلکلۆری بینراو و بیستراوەوە زۆر دەوڵەمەندن, وەستای دەستڕەنگینیان بووە لە بواری پیشەسازییە دەستییەکاندا و چەندین پێداویستی خۆیان دروستکردووە کە لە رازاندنەوەی ناوماڵ و یاخود بۆ ئیشوکاری رۆژانە بەکاریان هێناون وەك: (مەوج, جاجم, هۆڕ, شەل, خورج) هەروەها گۆرانی و شیعری فۆلکلۆری کە بابەت جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلآیەتییان دەخەنەڕوو, لە ژیانی خەڵکەکەدا بایەخی خۆیان هەیە.

سەرچاوەی بژێوی ئەم تیرەیە کشتوکاڵە بەتایبەت بەرهەمهێنانی (لۆکە, گوڵەبەرۆژە, گەنم, جۆ, تەرەکاڵ) لەم سالآنەی دواییشدا (فستقی کێڵگە = عەلی بابا) بایەخی گەورەی دراوەتێ و داهاتێکی باش بۆ بەرهەمهێنەرەکانی مسۆگەردەکات, هەروەها ئاژەڵداری و پەروەردەکردنی پەلەوەر و هەنگ سەرچاوەیەکی تری داهاتن بۆ گوندنشینەکان, لە هەندێ گوندیشدا چەندین پارچەباخی رازاوەیان دروستکردووە بۆ بەهەمهێنانی میوە, ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی کاروباری دەوڵەتین.

سەدانییەکان رۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەبووە لە شۆڕشەکانی گەلی کورددا, لە (شۆڕشی ئەیلول)دا چەندجارێك گوندەکانیان بۆمببارانکراون, گوندەکانی (گردی گۆ, گێڵەك, گردی قازی, هەرسێ کوڵکنییەکان) لەکاتی شالآوە بەدناوەکەی (زەعیم سدیق)دا سووتێنراون.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا گوندەکانیان شوێنی حەوانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون, خەڵکەکەش بەشێوەیەکی گشتی پشتوپەنای هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون, بیست شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, شەهیدان (فازیل شیرەمەڕی, عومەر کوڵکنی,

کەماڵی ئەحمەدی حاجی ئەمین, کەماڵ گێڵەکی, محەمەد ئەحمەد حاجی فەرەج تازەدێیی ناسراو بە شەهید سیروان) پێشەنگی ئەو نەمرانەن.
لەمەرگەساتە گەورە و تراژیدیا ئامێزەکەی هەڵەبجەدا سەدکەسیان شەهید بوون, دوای راپەڕینە شکۆدارەکەی (1991ز) زۆربەیان گەڕاونەتەوە زێدوماوای خۆیان و گوندەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە و بە ژیانێکی سەربەرزانەوە سەرقاڵی بژێوی خۆیانن.

---

[1] –(میری سوور) گوندێکە دەکەوێتە نێوان هەورامان و بناری شارەزوور, ئەم گوندە لەبەر ئەوە ناونراوە (میری سوور), چوونکە مەزاری (سەی ئەحمەدی میرسوور)ی تێدایە, ناوبراو کوڕی (شێخ عیسای بەرزنجی)یە, ساڵی (652ک بەرامبەر بە ساڵی 1254ز) لە گوندی بەرزنجە لە دایکبووە, هەر بەمنداڵی چووەتە بەر خوێندن, بۆ خوێندن هەموو شارەزوور گەڕاوە, ماوەیەکیش لە (دینەوەر) خوێندوویەتی, پاشان لە (بەغداد) خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ (بەرزنجە), ماوەیەك لە بەرزنجە ماوەتەوە, ئینجا بەرەو گوندی (شێخان) بەڕێکەوتووە بۆ لای (سانسەهاك=سوڵتان ئیسحاق)ی برای, لەکتێبی (کورتەی سەرەنجام=وردەسەرەنجام)دا نووسراوە, (میرسوور) رەوشتی وەك (مەنصوری حەلاج) وایە و یەکێکە لەوانەی ئەڵقەی (حەوتەوانە)یان پێکهێناوە لە سەردەمی ژیانی (سانسەهاك)دا, بەپێی هەمان سەرچاوە ساڵی (745ك) بەرامبەر ساڵی (1344ز) کۆچی دواییکردووە.

**( ئاڵیبەگییەکان لەجولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلەکەماندا شوێنێکی دیاریان هەیە )**

(ئاڵییەگی) تیرەیەکن لە (جافی موڕادی), لەگەڵ (مکایەلی) دەچنەوە سەر یەك ڕەچەڵەك, دەربارەی ناوەکەیان دوو بۆ چوون هەن بەم شێوەیە:

**بۆچوونی یەکەم** پێی وایە باپیرە گەورەیان کەسێك بووە بەناوی (عەلی), لەبەرئەوەی دایکی بەگزادە بووە پێی وتراوە (عەلی بەگ), ئاشکراشە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بە (عەلی) وتراوە ( ئەلی, ئەلی, ئالی) هەر لەوەوە ناوبراویش بە (ئاڵیبەگ) ناسراوە, پاشان نەوەکانی بە (ئاڵیبەگی= ئاڵیوەیی) ناوبانگیان دەرکردووە.

**بۆچوونی دووەم** پێی وایە, ئەم تیرەیە دەچنەوە سەر (ئێلبەگی جاف[1]) و ئەو ناوەیان لەوەوە وەرگرتووە, تیرەی (ئاڵیبەگی) لەچەند بنەماڵەیەك پێکدێن بەم ناوانە:

1–بنەماڵەی قەرەوەیسی, ڕیشسپییان ( فەقێ عەلی قاسم) بووە.
2–بنەماڵەی خدروەیسی, ڕیشسپییان (کاکەولای قازی) بووە.
3– بنەماڵەی ئیمامی, ڕیشسپییان (حەمەساڵحی حاجی شاسوار ) بووە.
4– بنەماڵەی ئەلی کوێرەکی, ڕیشسپییان (عەلی مەحمود) بووە.
5– بنەماڵەی مەلا وەیسەیی, ڕیشسپییان (فەقێ جنە) بووە.

6- بنەماڵەی شێخە چاوەشی, ڕیشسپییان (حەمەسەعیدی ڕەمـەزان) بووە.
هەموو بنەماڵەکانیش بەسەرۆکایەتی بنەماڵەی قەرەوەیسییەکان بۆ تیرەکەیان قایلبوون.
ئەم تیرەیـە ماوەیـەکی دوورودرێـژ گـەرمیان و کوێستانیان کـردووە, کـۆزی زسـتانەیان ناوچـەی سـەنگاو بووە, بۆ وەرزی هاوینیش روویانکردۆتە هەوارگەکانیان لە (خۆرهەلاتی بانە).
ساڵی (1922ز) ژمارەی رەشماڵەکانی (ئاڵیبەگی) سێصەد رەشمـاڵ بـوون, ئـەمە بێجگـە لەوانـەیان کـە لـە گوندەکاندا نیشتەجێبوون, لەگەڵ بەردەوامیشیان لە نیشتەجێبوون چەند گونـدێکیان ئاوەدانکردۆتـەوە, گوندە دیارەکانیان ئەمانەن:
(بێستانسووری گەورە[2], فەرەجئاوا, ناوگردان), لەناوچەی شارەزوور.
(جامرێز, تیمار, زینانە), لەناوچەی سەنگاو.
هەروەها لەچەند گوندێکی تـری هـەردوو ناوچـەی شـارەزوور و سـەنگاو, ئاڵیبەگیـیەکان هاوشـان لەگـەڵ خەڵکانی تیرەکانی تردا دەژین, ژمارەیەکی زۆریشیان لـە شـارەکانی (کـەرکوك, سـلێمانی) و لـە قـەزاکانی (چەمچەماڵ, کەلار, دەربەندیخان) و لە شارۆچکەی (عەربەت)دا نیشتەجێن.
ئەم تیرەیە چەند پیاوێکی دیار و خاوەن پایەی کۆمەلایەتیان هەبووە لەوانە:
1-حـاجی کاکـەولای قـازی, کـوردێکی بەهەڵوێسـت بـووە و بەشـداری شۆڕشـەکانی (شـێخ مـەحمودی نەمر)ی کردووە.
2-فـەقێ عـەلی قاسـم, چـەندجارێك (شـێخ مـەحمودی نـەمر) سـەردانیکردووە و راوێـژی لەگـەڵ کـردووە, یەکێك بووە لەو کەسانەی زۆر لە شێخەوە نزیك بوون.
3-حاجی ئەمین کەریم, پیاوێکی خواناس و بەخشندەو دەستبلاوبووە, لەگەڵ چەند سوارێکی تیرەکەیدا دژی سوپای (رووس) جەنگاون.
4-حەمەسـاڵحی حـاجی شاسـوار, کەسـێکی زۆر ئـازا و لێهـاتوو بـووە و یـەکێك بـووە لـەو سـوارانەی لـە شەڕی دژی رووسدا بەشداریکردووە.
5-مەحمود کاکە عەبدولا حەسەن, لە(شەڕی ئاوباریك)دا دژی ئینگلیز شەهید کراوە.
(ئاڵیبەگییـەکان) ژمارەیـەك وەسـتای دەسـتڕەنگینیان هـەبووە, (بـەڕە, فـەرش, هـۆڕ, رەشمـاڵ) و هەنـدێ پێداویستی تریان دروستکردووە کە لەسـەردەمی ژیـانی رەشماڵنشـینیدا بایـەخی خۆیـان هـەبووە, پـاش نیشتەجێبوونیشیان گرنگیانداوە بە دانانی (ئاشی ئـاو), تـەنها لـە گونـدی (بێسـتانسوری گـەورە) شـەش ئاشیان داناوە, لە رووی فۆلکلۆری بیستراویشەوە دەوڵەمەند بوون, هۆرەچڕ و گۆرانیبێژ و تەپڵێدەری ناسراویان بووە کە لەکاتی کۆچ و کۆچبارەکانیاندا ئاهەنگی تایبەتیان سازداوە بەتایبەت لەو شوێنانەی کـە بـۆ پشـوودان بارگـەیان خسـتووە, یـەکێك لـە هۆرەچـرەکانیان بـەناوی (قـادری حەمـەی عـارف) لـەناو هەموو جافدا ناسراو بووە.

سەرچاوەی بژێوی (تیرەی ئاڵیبەگی) کشتوکاڵە بەتایبەت (گەنم, جۆ, مەرەزە, توتن, لۆکە, کونجی, گوڵەبەڕۆژە) و تەرەکاڵ بەگشتی, هەروەها ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر گرنگی خۆیان هەیە لە دابینکردنی بژێوی خەڵکەکەدا, ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی کاروباری بازرگانی و دەوڵەتین.

(ئاڵیبەگییەکان) لە جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی گەلەکەماندا شوێنی دیاریان هەیە, هەر لە سەرەتای (شۆڕشی ئەیلول)ـەوە بەشدارییانکردووە, ساڵی (1965ز) هەردوو گوندی (تیمار و زینانە) لە(ناوچەی سەنگاو) بەدەستی سوپای داگیرکاران سووتێنراون و دوو کەسیان شەهید کراون ولەگەڵ داروپەردووی ماڵەکانیان بوون بە سووتماك, ئەم دوو شەهیدە ناویان (فەرەجی حەمەی کاکەسوور, عەجەبی قازی) بووە.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا, گوندەکانیان لە(ناوچەی سەنگاو) بەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتوون بەتایبەت هەرسێ گوندی (زینانە, ترشاو, جامڕێز) و ژمارەیەکیان بێسەروشوێنکراون, (هەشتاوپێنج) شەهیدی قارەمانیشیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, لەوانە: شەهیدان (مەلا ئەحمەدی گەرمیانی, محەمەد تیماری, محەمەد قادر سەعدون, مەهدی ڕەحیم, جەمال حەمەمین ئەوڕەحمان).

(ئاڵیبەگییەکان) بەهیوای دواڕۆژێکی گەش و خۆشگوزەران گۆرانی بۆ دنیایەکی نوێ دەچڕن.

---

[1] –(ئێلبەگی جاف) زانا و عاریف و شاعیرێکی گەورەی گەلەکەمانە, ساڵی (858ك) بەرامبەر بە ساڵی (1454ز) لە شارەزوور لە دایکبووە, هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە چووەتە بەرخوێندن, بە فەقێیەتی زۆربەی ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان گەڕاوە, دواکات خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە شارەزوور.

(ئێلبەگی) دەستێکی باڵای لە شیعردا هەبووە, شاعرێکی گرێدراوبووە بە فەلسەفەی عیرفانییەوە, زۆربەی شیعرەکانیشی پێشبینین بۆ ئایندە, لەبەرئەوەی هەرلەکۆنەوە لەناو ئێرانییەکاندا پێشبینیکردن باوبووە, دەبینین بەشێك لە (ئەدەبی زەردەشتی) پێشبینیکردنە, بەتایبەت (زەردەشتنامە) و(جاماسپنامە), لەبەرئەوە هەندێك کەسی نەزان و بێئاگا دژی (ئێلبەگی) وەستاون تاوانباریانکردووە بەوەی گوایا کار بۆزیندووکردنەوەی (دیینی زەردەشتی) دەکات, بۆیە شارەزووری بەجێهێشتووە و چووەتە ناوچەی هەورامان.

ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە, لە کاتێکدا زۆربەی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە شیعرەکانیان بە (شێوەزاری هەورامی) هۆنیوەتەوە, کەچی (ئێلبەگی) بەزاراوەی (کرمانجی باشوور) شیعری هۆنیوەتەوە, هەرچەندە ناوچەی هەورامانیشی بە پەناگەی خۆی هەڵبژاردووە و لەوێوە شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە.

شاعیرانی ئەو سەردەمەی ناوچەی هەورامان کە زۆربەیان لە سەر (ڕێورەچەی یارسان) بوون, زۆر یارمەتی (ئێلبەگی)یانداوە و هاوکارییانکردووە, ڕێزی زۆریان لێگرتووە و بەپیاوێکی هەڵکەوتوویان لەقەڵەمداوە, لەبەرئەوە (ئێلبەگی) توانیویەتی لە زەمینەیەکی تەواو سەربەستدا هەڵسوکەوت بکات و پێشبینییەکانی

بەشیعری دووبەیتی خستوونەتە روو, ئاشکراشە هۆنینەوەی شیعری دووبەیتی ئەودەمە لە ناو شاعیرە یارسانەکاندا باوبووە.

بەبەراوردکردنی پێشبینییەکانی (ئێلبەگی جاف) لەگەڵ هەندێك لە رووداوە مێژووییەکاندا دەبینین هەندێك لەو پێشبینییانە هاتوونەتەدی, هەندێکی تریشیان پێدەچێ لەئاییندەدا بێنەدی, هەر بۆنموونە لە خوارەوە چەند دووبەیتییەکی دەنووسینەوە کە بیرەباوەڕی دیینی وهەندێك لە پێشبینییەکانی دەخەنەرو:

من بەقەولی گۆران دەکـــەم　　　قسە لەژێر هەوران دەکەم

هەموو لەبۆ سۆران دەکەم　　　ئیتاعەتی دەوران دەکەم

هەر وابووەو هەر وادەبێ

بەواتا لەسەر قسەی پیاوە گەورەکانی (گۆران) رازی نهێنی و شاردراوە ئاشکرادەکەم, تابنە پەندو ئامۆژگاری و خەڵکی سۆران کەڵکیان لێوەربگرن.

خاسان وەبێ وەتەن دەبێ　　　مورغان دوور لە چەمەن دەبێ

شاهان وەبێ کەدەن دەبێ　　　دەوران وەکامی زەنــد دەبێ

هەروا بووە و هەروا دەبێ

لەم شیعرەدا (ئێلبەگی) پێشبینی بۆ حوکمڕانی (زەند) کردووە, کە لەسەردەستی (کەریمخانی زەند) لەساڵی (1172ك) بەرامبەر بە ساڵی (1758ز) دەستپێکردووە.

مەردان مەردی گەزاف دەکەن　　　هەم بەراستی خەلاف دەکەن

قســـــان بەتیر قەلاف دەکەن　　　بەرێگەی دوور مەصاف دەکەن

هەروابووە و هەروا دەبێ

لەم شیعرەدا پێشبینی ئەوەی کردووە کەچۆن رۆژێك دێت خەڵك لەرێگەی تەلەوە بەیەك دەگەن و قسەدەکەن, بەمانای پێشبینیکردنە بۆ تەلەفۆن.

تەیرێ وەك رەعد و بەرق دەبێ　　گوێچکەی لە دووکەڵ غەرق دەبێ

دەشت و دەری پێ لەق دەبێ　　　بـــــە رووی هەوا مۆلەق دەبێ

هەروابووە و هەروا دەبێ

ئەم شیعرەش پێشبینیکردنە لە داهاتنی موشەك و فڕۆکە کە بەهەوادا دەفڕن و خەڵکیش دەگوێزنەوە, دووکەڵ لێیانهەڵدەستێ و دەشت و کێوان دەبڕن.

(ئێلبەگی) پاش خەرمانێك لە داهێنان ساڵی (961ك) بەرامبەر بەساڵی (1553ز) کۆچی دواییکردووە و دیوانێکی لەپاش خۆی جێهێشتووە کە لەلایەن مامۆستا (صدیق بۆرەکەیی) لەچاپدراوە.

[2] –(بێستانسووری گەورە) گوندێکی ئاوەدانی شارەزوورە, سنووری گوندەکە لە خۆرهەڵاتیەوە (چەناخچیان), لەباکوورییەوە (گوندی خەرابە), لە خۆرئاوایەوە هەردووگوندی (باریکە و قەڕاڵی), لە باشوورییەوە هەردووگوندی (قەرەگۆل و نیسکەجۆ) دەوری دەدەن, ئەم ناوچەیەش بەشێوەیەکی گشتی شوێنی حوکمڕانی و نیشتەجێبوونی دێرینە, چەندین شوێنەواری تێدایە وەك: گردەکانی (یاسینتەپە, قزقەلا= قزقەلعەسی, کاژاو, سەراکۆن, بێستانسوور), سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی (بێستانسووری گەورە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1914ز),

لەو ساڵەدا (فەقێ عەلی قاسم) ریشسپی (تیرەی ئاڵیبەگی) لەگەڵ (85) خێزان, لە (بێستانسووری کۆن)ـەو هاتوون و لە پشت سەرچاوەی (بێستانسوور) خانوویان درووستکردووە.
دەربارەی ناوی گوندەکە بەتەمەنەکانیان دەڵێن, لەوەرزی بەهاردا جۆرێك لە گوڵاڵەسوورە هەموو مەزراکانی ئەوناوە دادەپۆشێت, گوایا ناوی (بێستانسوور) لەوەوە هاتووە.
دانیشتووانی ئەم گوندە زۆربەیان لە (تیرەی ئاڵیبەگی)ن, پانزە خێزانیشیان لە تیرەی (شێخ سمایلی)ن, هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بەپێکەوەژیان لەناویەکدا تواونەتەوە, ئاشکرایە هەردوو تیرەکە لە (ئێلی موڕادی)ن.
ژمارەیەك کەسێتی دیار لە گوندەکەدا هەڵکەوتوون لەوانە: (قادری حەمەی عارف, محەممەد دەروێش سالح, ئەولکەریمی حەمەسالح, حەمەمینی قادری عاسە, حەمەمینی حەمەسەعید), کە ڕۆڵیان بووە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکاندا.
ئەم گوندە هەر لەسەرەتای ئاوەدانکردنیەوە مزگەوتی تێدا درووستکراوە, ژمارەیەك مەلا و فەقێی ناسراوی تێدا هەڵکەوتووە لەوانە (مەلاسالح, مەلا عەبدوڵا, فەقێ حسێن ئەحمەد).
(گوندی بێستانسووری گەورە) هەروەك گوندەکانی تری شارەزوور لەرووی فۆلکلۆری بینراو و بیستراوەوە دەوڵەمەند بوون, ژمارەیەك وەستای دەستڕەنگینی تێدا بووە بۆ درووستکردنی (بەڕە, فەرشی کوردی) وەك ( مەنیجە مستەفا, مەنیجە رەحمان).
لەبەر ئەوەی ئەم گوندە سەرچاوەیەکی ئاوی زۆر گەورەی تێدایە, لە کاتی خۆیدا چەند ئاشێکی تێدابووە, ئەو ئاشانە وەك مەڵبەندی بەیەکگەیشتن و رازونیازی خەڵکی ناوچەکە بوون چونکە بەردەوام قەڵەباڵغ بوون و خەڵك لەدەورووبەری گوندەکەوە بۆ هاڕینی دانەوێڵە هاتوونەتە ئاشەکان, ئەمانەش ناوی ژمارەیەك لە ئاشەکانن: (ئاشی فەقێ عەلی قاسم, ئاشی کاکەئەحمەد, ئاشی خەڕگەش, ئاشی حاجی حەمەمین, سێئاشان) ئەمەی دواوەیان سێئاش بوون بەسەر یەکەوە و لە هەمووشیان کۆنتر بووە.
شانبەشانی مزگەوتی بێستانسوور وەك مەڵبەندێکی فێرکردن و پەروەردەکردن, ساڵی (1952ز) قوتابخانەی سەرەتایی لەگوندەکەدا کراوەتەوە خەڵکەکەش بەپەرۆشەوە منداڵەکانیان ناوەتە بەرخوێندن, پاشان قەوتابخانەی تایبەت بە کچانیشی تێدا کراوەتەوە, چوارمامۆستای کچ دەرسیان تێدا وتۆتەوە بەناوەکانی (مامۆستا شوکریە محەممەد, مامۆستا نەسرین, مامۆستا فەوزیە, مامۆستاناجییە), هەرچواریشیان خەڵکی شاری سلێمانی بوون.
گوندی (بێستانسووری گەورە) ساڵی (1962ز) لەترسی هێرشی سوپای رژێمی ئەوکاتەی عێراق چۆڵکراوە, ساڵی (1974ز) لەگەرمەی هێرشەکانی داگیرکاران بۆسەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دووبارە چۆڵکراوەتەوە, پاش ئەوەی (8) خانوویان سووتێنراون و(40) کەسیشیان دەستگیرکراون و پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ئینجا ئازادکراون, مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1989ز) بۆ جاری سێیەم چۆڵکراوە و گوندنشینەکان راپێچی کۆمەڵگەی زۆرەملێی (عەربەت) کراون و گوندەکەشیان لەگەڵ زەویدا تەختکراوە.
سەرچاوەی بژێوی خەڵکی گوندەکە بەشێوەیەکی سەرەکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە, (1800)دۆنم زەوی بەراویان هەیە بەئاوی (بێستانسوور) و لە رێی چەند جۆگەیەکەوە ئاودەدرێن لەوانە: (جۆگەی کاژاو, جۆگەی بێستانسوور, جۆگەی اصلاح, جۆگەی شێخەلەرە, جۆگەی یاسینتەپە, جۆگەی زێڕینجۆ, جۆگەی باوەحاجی),

لەم زەویانەدا جۆرەها بەروبوومی کشتووکاڵی بەرهەمدێنن, لەزەوییە دێمەکانیشیاندا, (گەنم, جۆ, کاڵەك و ترۆزی دێم, نۆك) بەرهەمدەهێنن.
گوندی بێستانسوور شوێنێکی زۆر لەبارە بۆ راگرتنی (هەنگ, پەلەوەر) ژمارەیەکی یەکجارزۆر (قاز, مراوی, قەل, مریشك و کەڵەشێر)ی تێدایە, بایەخی بەرچاویشیان داوە بە(هەنگ), چەمەکەشی (مراوی کێوی, پۆڕ)ی زۆرە, ئەمانەش پێکەوە سەرچاوەیەکی تری داهاتن بۆ گوندنشینەکان.
ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی (گوندی بێستانسوور) پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (1991ز) گەراونەتەوە بۆ شوێنی دایکزادیان وزیاتر لە (60) خانوویان تێدا کردۆتەوە و بەدڵخۆشییەوە لە گوندنکەیاندا دەژین.

**( تاوەگۆزی بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەر پیرخدری شاهۆ )**

(تاوەگۆزی) تیرەیەکن لە (جافی جوانڕۆ) باپیرە گەورەیان کەسێك بووە بەناوی (مەلا یوسفجان) و کوڕی (مەلا ئەبوبەکری چۆڕ)ییە کە بە (موصەنیف) ناسراو بووە, بە ڕەچەڵەك دەچنەوەسەر (پیرخدری شاهۆ), مەلا یوسفجان هەر بە لاوێتی گوندی (چۆڕی) جێهێشتووە و هاتۆتە گوندی (دەودان) بۆ ماڵی (پیرمکایەڵی دەودان) کە باوکی دایکی بووە, لەوێ خاڵۆزایەکی خۆی خواستووە, لەشوێنێك کە لەتەنشت (دەودان)دایە و پێیدەوترێ (کانی تاوك و گوێز) خانووی دروستکردووە, ئەم ناوەش دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (تاوەگۆز) ئیتر بەنەوەکانی وتراوە (تاوەگۆزی).
تاوەگۆزی لە سێ بەرەباب پێکدێن بەم ناوانە:
1-بنەماڵەی (ویصاڵی).
2-بنەماڵەی (کەماڵی).
3-بنەماڵەی (جەماڵی).
هەموو خەڵکانی تیرەی تاوەگۆزی دەچنەوە سەر ئەم بنەماڵانە.
لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم باوکی شاعیری گەورەی کورد (حەزرەتی مەولەوی) لە نزیك رووباری (سیروان) لەپشت شاخی (بالاٌنبۆ)وە گوندێکی دروستکردووە و ناوی ناوە (سەرشاتە) چونکە روانیویەتی بەسەر ئاوی سیرواندا, ئاشکرایە لە زۆر شوێنی کوردستاندا بە سیروان دەوترێ (شەتی سیروان) یان (شەت).
پاشان چەند خێزانێکی تری تیرەکە لە ئێرانەوە هاتوون و چەند گوندێکیان لەناوچەکەدا دروستکردووە بەم ناوانە: (گەڕاو, بەشی عەلی, پشتقەلاٌ, زارێن, بانیبۆلان, مۆرتکە, قەڵب, گمە, پشتە, کانیژەنان), هەروەها تاوەگۆزییەکان لە کوردستانی ئێراندا لە(ناوچەی جوانڕۆ) چەند گوندێکیان ئاوەدانکردۆتەوە لەوانە: (شێخسێڵە, رەجەوی, دەستیهەردی, بەشی ئەلیوەیس, بەشیمەحمود), تیرەی تاوەگۆزی چەند کەسێکی خاوەن پایەی دینی و کۆمەڵایەتی دیاریان هەبووە لەوانە:

1–شاعیری گەورەی کورد (حەزرەتی مەولەوی), پێویستە کە باس لەم تیرەیە دەکرێت کەمێك لەسەر ئەم زاتە راوەستین, (مەولەوی) ساڵی (1806ز) لە (گوندی سەرشاتە) لەدایکبووە, هەرلە منداڵییەوە لای باوکی خوێندوویەتی و دواتر بەمەبەستی خوێندن چەند شوێنێکی کوردستان گەڕاوە وەك: (خەرپانی, بیارە, تەوێڵە, جوانرۆ, مەریوان, بانە, سنە, سلێمانی), موریدی شێخەکانی نەقشبەندی بووە, رێوڕەچەی نەقشبەندی لەسەر دەستی (شێخ عوسمانی سیراجودین) وەرگرتووە, چەندین پارچە شیعری بۆ خۆشەویستی شێخەکانی نەقشبەندی نووسیوە و لەو شیعرانەدا گەورەترین پەیوەندی رۆحی و خۆشەویستی (مورید) بۆ (پیر) هەستیپێدەکرێ, بۆ نموونە لەم چەند دێڕەدا کە بەبۆنەی تەشریفهێنانەوەی (شێخ محەمەد بەهائودین) لە سەفەری حەج فەرموویەتی:

ئایینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد

فیدای ئامات بام صەفاییت ئاوەرد

خەیلێن گەرد پات نەدیدەم دووربی

یانەی چەم وێران تەمام خاپووربی

خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە

گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە

ساقی ئینە بەزم وەصڵ یارانەن

چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەرزەجارانەن

ناوبراو دۆستایەتی گەرمی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی دیاری سەردەمی خۆیدا هەبووە بەتایبەت (ئەحمەد پاشای بابان[1]), (غوڵامشاخانی ئەردەڵانی[2]) و (رەزاقولیخانی برای), (مەحمود پاشا[3] و عوسمان پاشای جاف), (حاجی کاکەئەحمەدی شێخ), (حاجی مەحمودی یاروەیسی) و هەندێك لە شاعیرە گەورەکانی کورد لەوانە (مەلا ئەحمەدی نۆدشی, کاکە ئەحمەدی پریسی, ئەحمەدبەگی کۆماسی ...هتد).

(مەولەوی) ژمارەیەك کتێبی بەنرخی داناوە لەوانە (العقيدة المرضية, الفضيلة, الفوائح, خاطرات مولوي ...) و چەند کتێبێکی تر بێجگە لە شیعرەکانی کە لە دیوانەکەیدا کۆکراونەتەوە.

ئەم زاتە ساڵی (1882ز) کۆچی دواییکردووە و بەپێی وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی (ئەسحابە)ی نزیك (گوندی سەرشاتە) بەخاك سپێردراوە.

2–سەی شاکەرەمی تاوەگۆزی, کەسێکی خواناس و دڵفراوان بووە, هەمیشە سەرقاڵی رێنمایی و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی ناوچەکە بووە.

3–شێخ عەبدوڵای موراد وەیس, موریدی شێخەکانی نەقشبەندی بووە, لەناوچەی شەمێراندا ژیانی گوزەراندووە و کەسێکی زۆر ناسراو بووە, شتی سەیروسەمەری زۆری لێدەگێڕنەوە.

4-(حەمەسالّح عەبدولقادر, محەممەد حسەین), بەشداری شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووە.
5-(مەلا ئەحمەدی زارێن و مەلا سەعیدی گلێجاڵ), لە مەلا دیار و ناسراوەکانی کوردستان بوون.
(تاوەگۆزییەکان) بەشداری شۆڕشەکانی گەلەکەمانیان کردووە, لە (شۆڕشی ئەیلول)دا ناوچەکەیان ناوچەیەکی رزگارکراو بووە, لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا رۆڵی دیاریان گێڕاوە و ژمارەیەك شەهیدیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە شەهیدان (جەماڵ مۆرتکەیی, محەممەد پشتەیی).
(ناوچەی تاوەگۆزی) شاخاوی و بەردەڵانە, زەوی کشتوکاڵیان کەمە, ئەو گوندانەش رووبەرێکی کەم زەوی گشتوکاڵیان هەیە تەنها (گەنم و جۆ)ی تێدا بەرهەمدەهێنن, دارستانی سروشتیش هەموو ناوچەکەی داپۆشیوە, هەر لەبەر ئەوەیە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی بژێوی خەڵکی (تاوەگۆزی) ئاژەڵداری و سوود وەرگرتنە لە بەروبوومی دارە خۆڕسکەکان وەك (بنێشت, قەزوان, چەقالە, گوێژ, بەڕو), ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی راوەماسی و هەندێکیشیان لەکاروباری دەوڵەتیدا کاردەکەن.
لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991ز) ژمارەیەك لە خەڵکانی (تاوەگۆزی) گەڕاونەتەوە بۆ ناو گوندەکانیان و خانوویان دروستکردووە, بەتایبەت لە گوندەکانی (سەرشاتەی سەروو, سەرشاتەی خوارو, زارێن, بانیبۆڵان, پشتە, گمە) بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم تیرەیە تا ئێستاش لە کۆمەڵگاکانی (زەڕایەن, عەنەب) و لە(هەڵەبجەی تازە, هەڵەبجەی شەهید, دەرەبندیخان) نیشتەجێن, هەمووشیان خەونی پەمەیی بە ئاوەدانکردنەوە و پۆشتەکردنەوەی ناوچەکەیانەوە دەبینن.

---

[1] -(ئەحمەد پاشای بابان) ئەم ئەحمەد پاشایە دوا میری بابانیەکان بووە, زاناو خوێندەوارێکی زۆر چاك بووە, لە زانستە دینییەکاندا پایە بەرز بووە, ( مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدەڕس) لە بەرگی دووەمی (یادی مەردان) دا نووسیویەتی, لەلایەن مامۆستای پایە بەرز (شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی) یەوە نوسخەیەك لە کتێبی (کەماڵی شەرحی شافیە)ی پێگەیشتووە, لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە, بەدەستی (ئەحمەدی کوڕی سلێمانیبابان) نووسراوەتەوە, ساڵی نووسینەکەشی بە(کۆچی, زایینی, عیبری, قبطی) دیاریکردووە, هەر لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە, گوایا (مامۆستا مەلا عەبدولکەریم)لە سەردەم دەرسوتنەوەیدا لە (نێرگسەجاڕ) ساڵی(1925ز) لەناو کتێبخانەی (خوێنندگەی ئایینینێرگسەجاڕ) داکتێبێکی (تەفسیری بەیظاوی) بینیوە, لە لاپەڕەی یەکەمیدا بەخەتی (ئەحمەد پاشای بابان) نووسراوە, ئەم تەفسیرەم وەقفکرد لە (سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی). پێویستە بزانین ئەم (ئەحمەد پاشا)یە هەمان (میر) نییە کە لە بابەتەکەی (ئێلی موڕادی...) دا ناوی هاتووە.

[2]–(غولآمشاخان) ناوی (ئامانولآخان کوڕی خوسرەوخانی ناکام )ـە, ساڵی (1865ز) بووە بە والی و دوا والی ئەردەڵانییەکان بووە, دەستێکی باڵای لەشیعر هۆنینەوەدا هەبووە, نازناوی شیعری (غولآمشاخان)ـە, دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ ژمارەیێك لەشاعیرە ناودارەکانی سەردەمی خۆیدا هەبووە, پاش مردنی(غولآمشاخان), (ناصرەدین شای قاجار) مامێکی خۆی بەناوی (فەرهاد میرزا) کە بە (موعتەمید ئەلدەولە) ناسراوبووە کردووە بە (والی سنە), فەرهادمیرزا ڕۆژی (12ی کانونی یەکەمی ساڵی 1867ز) گەیشتۆتە (سنە), ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە لە سەرکوتکردنی خێڵە کوردەکاندا و ژمارەیەك خەڵکی ناوداری کوردستانی کوشتووە لەوانە: (هەسەنسان, حەمەسەعیدسان) کە لە هەردوو هەورامانی (تەخت) و (لهۆن) حوکمیانکردووە.

[3] –مەحمود پاشای جاف, کوڕی محەممەد پاشا کوڕی کەیخەسرەو بەگی جافە, پیاوێکی ژیر و بەتەدبیر و میوانپەزێر و شیعردۆست بووە, سنووری دەسەڵاتی خێڵەکی ئەم پاشایە زۆر فراوان بووە, لەم بارەوە (باسیل نیکیتین) لە کتێبی (الاکراد)دا نووسیویەتی: مەحمودپاشای سەرۆکی (ئێلی جاف) دەتوانێت لەماوەی سەعاتێکدا چوار هەزار تفەنگچی کۆبکاتەوە, دیارە دەسەڵاتێکی لەو چەشنە هەرگیز مایەی ڕەزامەندی عوسمانیەکان نەبووە, هەرچەندە چەندجارێك هەوڵیان لەگەڵداوە پلەوپایەی بەرزی بدەنێ, لەوانە پلەی (وەزیر) بەڵام مەحمود پاشا قایلنەبووە و هەمیشە ژیانی ناو ئێلەکەی خۆی پێخۆش بووە و سەربەخۆیی بەهیچ نرخێك نەگۆڕیوەتەوە, بۆیە ساڵی (1890ز) بە فەرمانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی) گیراوە و ڕەوانەی (ئەستەمبوڵ) کراوە, ساڵی (1892ز) لە زیندان هەڵهاتووە و بەرەو (کافکاس) و ڕوسیا ڕۆیشتووە, لەوێوە نامەیەکی بۆ سوڵتان نووسیوە, لەو نامەیەدا هاتووە: تۆ ستەمکار و خوێنڕێژیت (واجب الاطاعة)نیت.

## ( خێڵی‌باوە – ژیانێکی سەربەرز لەبناری بەمۆ )

(خێڵی باوە) تیرەیەکن لە (جافی جوانڕۆ) سەرەتا لە خۆرئاوای جوانڕۆ گوندەکانی (دووتوێ و شەردێنە)یان ئاوەدانکردۆتەوە, ماوەیەك لەودووگوندەدا ژیاون, کاتێك ژمارەی خێزانەکانیان زیادیکردووە, لەبەر ئەوەی خەڵکێکی لێهاتوو و دەسترەنگین بوون و شارەزایی زۆریان لە دروستکردنی (بەرداش ودەستهاڕ)دا بووە کە لەو سەردەمەدا بایەخێکی گەورەیان هەبووە بۆ هاڕینی دانەوێڵە, لەلایەن (حەبیبولآخانی قوبادی) یەوە کەسەردار و دەستڕۆیشتووی (قوبادی و باوەجانی) بووە, ناوچەیەکی کشتوکاڵییان بەناوی (ناراو, بێڵەتاو)پێبەخشراوە و لەو شوێنەدا گوندیان دروستکردووە, بەشێکی تریشیان لە ناوچەی (سەلاسی و باوەجانی) لەم گوندانەدا (گۆڕاوکێ, پشتماڵە, بەشی سەیمراد, بانەگاری گەورە, ناراوی سەروو, ناراوی خواروو, چەمەنزار, سوورمەر, گەناو, کۆزەران, سەرابیبەسی, زلان, تەپان, بانیمیران) نیشتەجێبوون, هەروەها چەند خێزانێکیان لە ناو شاری (جوانڕۆ) و لە شارۆچکەی (تازەئاوا= تازەئاباد)ی کوردستانی ئێراندا دەژین.

ئەم خێڵە هەرچەندە وەرزی زستانیان لە خانووی ناوگوندەکان بەسەر بردووە, بەڵام بۆ بەسەربردنی وەرزی هاوین و دابینکردنی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان, بەشێکیان ڕوویانکردۆتە شاخی (شاهۆ) و ناوچەکانی (سەریاس) و دەوروبەری (پاوە), بەشێکی تریان بەرەو (تەپەڕەشی زەهاو, باخی سەیخان,

هـەتاكو (ملـەی سـەرتەك, خـەركنیٚ,چـواركلاٚو) رۆیشـتوون, دیـارە ئـەو ناوچـانە لـەو سـەردەمی كـۆچ وكۆچبارانەیاندا هەنـدێكیان لـە چوارچێوەی قەڵـەمڕەوی (عوسمـانی) و هەندێكیشیان لـە چوارچێوەی قەڵـەمڕەوی (ئێرانـی)دا بـوون, ئـەو بەشـەیان كـە هەوارگـەكانی هاوینـەیان لـە سـنووری قەڵـەمڕەوی عوسمانییەكانـدا بـووە, لـە ناوچـەی (بنـاری بـەمۆ) ئـەم گوندانـەیان دروسـتكردووە: (بەلەسـۆ, چواردارانیسەروو, چوارداراني‌خواروو, كانیوەیسكیٚ, كانیپاشا, تووەوشكیٚ, بەڕوێن), پاشان چەند خێزانێكیـان روویانكردۆتـە (عازەبـان) و (جەلیلـە) و (گێڵـدەرە), ئەوانـەیان لـەو گونـدی عازەبانـدا نیشتەجێبوون پێاندەوتریٚ (وارانی) ئەوانەی جەلیلـەش پێیانـدەوتریٚ (جەلیلـەی باوە), هـەروەها چـەند خێزانێكیان لـە (دەربەندیدەهۆڵ) لـە نزیك (قەسریشیرین) دەژیـن پێیانـدەوتریٚ بنەماڵـەی (عەبدوڵا خدر دووتوێیی).

(خێڵـی بـاوە) لەچـەند بنەماڵەیـەك پێكـدێن بـەم ناوانـە: ( بنەماڵـەی قـازی, بنەماڵـەیبابایی, بنەماڵەیئەڵماسـی, بنەماڵەیجەمشـێری, بنەماڵـەیباوەلیٚ بنەماڵـەیداودی, بنەماڵـەیكوێخا فـەتاح, بنەماڵەی نەویجانی, بنەماڵەی وارانی, بنەماڵەی قادری, جەلیلەیباوە).

ئـەم خێڵـە ژمارەیـەك وەسـتای كارامـە و دەسـتڕەنگینیان هـەبووە لـەبواری دروسـتكردنی (بـەرداش و دەستهاڕ و دانانی ئاشی ئاودا) كاریانكردووە, وەك (وەسـتا فەتاحیئەڵماس, وەسـتا كـەریمی جەمشێر) هەروەها خەڵكی ئەم خێڵە زۆر بایەخیان بەپیشەی رستن وچنینی دەستیداوە, شارەزایی باشیان هەبووە لە دروستكردنی (فەرشیكوردی).

(خێڵی باوە) هەروەك خەڵكی تری ناوچەكانیتری كوردستان حەزیان لە شایی و زەماوەندگێڕان كردووە, گۆرانیبێـژی دەنگخـۆش و سـازژەنی لێهاتوویـان هـەبووە, لەوانـە (مـیرەی ئەحمـەد دووتـوێیی) كـە گۆرانییـەكانی وێـردی سـەرزمانی خـەڵك بـوون, هەروەهاچـەند شـاعیرێكی میللـی بەناوبانگیشـیان تێـدا هەڵكەوتووە وەك (سۆفی محەممەد ئەڵماسی), ناوبراو چەندین پارچە شیعری هەیە كە هەندێكیان لەسـەر كاسێت تۆمـار كـراون, زۆربـەی شـیعرەكانی لاسـاییكردنەوە و تیروتـوانج گـرتنن لـە رووداو و دیـاردە و كەسانی نامۆ بە رەوشتی رەسەنی كوردەواری.

(خێڵی باوە) هەردەم لەگەڵ كێشە رەوای گەلەكەماندا بوون, هاوكاری (وەكیلەكانی جوانڕۆ)یان كـردووە دژ بە دەسەڵاتی شای ئێران و لە یەكێك لـە نەبەردییەكانـدا دوو پیاوماقوڵی ناوداریان كـوژراون, بـەناوی (نادر بەگ و قادر بەگ), لە چلەكانی سەدەی بیستـەمدا كاتێك حكومـەتی شـای ئێران هەوڵیـداوە ڕێگـەی هاتوچۆیان لێبگرێـت و پـەلاماری گونـدەكانی داون لـە (بنـاری بـەمۆ), خـەڵكانی ئـەم خێڵـە قارەمانانـە بەرەنگاریانكردووە, بەسەرپەرشتی یەكێك لە ریشسپییەكانیان بەناوی (حاجی مەجیدی قازی) هێرشی پەلاماردەرانیان تێكشـكاندووە, دواتـر ئـەو كێشـە گـەورە بـووە, لـە ئەنجامـدا حكومـەتی مـەلیكی عێـراق

هێزێکی گەورەی ناردۆتە ناوچەکەیان و چەکیان لە تفەنگچییەکانی (خێڵیباوە) داماڵیوە و ژمارەیەکیان دەستگیرکردوون.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە ناوچەکەیان شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە و بایەخێکی گەورەی هەبووە بۆ شۆڕش, لەبەر ئەوە یەکەم ناوچە بووە بەر شاڵاوی گواستنەوە کەوتووە و خەڵکەکەی لە کۆمەڵگای زۆرە ملێی (زەڕایەن)دا نیشتەجێکراون.

خەڵکانی ئەم خێڵە بێجگە لەوانەیان گەڕاونەتەوە گوندەکانیان لە بناری بەمۆ ژمارەیەکی زۆریشیان تا ئێستا لە کۆمەڵگای زەڕایەن نیشتەجێن, ژمارەی خێزانەکانی (خێڵی باوە) لە (2500) خێزان زیاترن و سەرچاوەی بژێویان بریتییە لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لە سنوورێکی بەرتەسکدا, هەروەها ئاڵوێردکردنی سەر سنوور, ناوچەکەشیان بەشێوەیەکی گشتی شاخاوییە, لە زستاندا سارد و لە هاوینیشدا کەش و هەوایەکی مامناوەندی هەیە.

خەڵکی باوە گورجوگۆڵ و ڕۆحسووکن و حەزیان لە کارکردن و ڕەنجدانە, بۆ دابینکردنی بژێوی خێزان دوورن لە سستی و تەمەڵی, هەمووشیان خەو بە ڕۆژێکەوزە دەبینن لەزێد و مەڵبەندەکەی خۆیاندا دوور لە مەترسی مین ژیانێکی ئاسوودە بگوزەرێنن.

**( ڕا پەڕینی گەورەی ئێناخییەکان دژی حکومەتی ڕەزاشا )**

(ئێناخی) تیرەیەکن لە (جافی جوانڕۆ), باپیرە گەورەیان ناوی (عەلی ئێناخ) بووە, هەر لەبەر ئەوەیە ناوی (ئێناخ)ییان لێنراوە, ناوبراو لە نەوەی (پیر خدری شاهۆ)یە.

ئەم تیرەیە ماوەیەکی دوورودێژ گەرمیان و کوێستانیان کردووە, سەرەتا هەموو تیرەکە کۆزی زستانەیان لە (مەرە خێڵ, لانەوان, هەنجیرك, ژاڵە, تەرگەران, کێڵەکۆن, لەشکرگە) بووە لە کوردستانی ئێران, لە کۆچکردن بۆ ئێلاخیش بەدوای لەوەڕگە و سەرچاوەی ئاودا, ڕوویانکردووەتە ناوچەکانی (لاران, پاوە, سەریاس, شمشێر), لە ساڵی (1956ز) بەدواوە حکومەتی شای ئێران ڕێگەی نەداون لەکاتی کۆچکردنیاندا لە سنوور بپەڕنەوە, ئیتر (ئێناخییەکان) بوون بە دوو بەشەوە, ئەوانەیان لە (کوردستانی عێراق) نیشتەجێبوون بۆ کۆچی هاوینە ڕۆشتوونەتە (شنروێ, سەروەزەن, پشتقەڵا) لە دەوروبەری ناوچەی (سازان), ئەوانەشیان لە (کوردستانی ئێران)دا نیشتەجێبوون بۆ هەمان لەوەڕگەکانی پێشوویان ڕۆیشتوون.

(ئێناخییەکان) لە چەند بنەماڵە و بەرەباب پێکدێن بەم ناوانە: (سەلیم بەگی, ئەمیرخان بەگی, یەعقوببەگی, ڕەحمانبەگی, ئێلبەگی, عوسمانبەگی, ڕۆستەمبەگی) هەر بنەماڵەیەکیش ریشسپی و پیاوماقوڵی خۆیان هەبووە.


www.pertwk.com

ئێناخییەکانی (کوردستانی عێراق) لە گوندەکانی (لمە, قۆڵیمتکان) لەسەر (ئاوی سیروان) نیشتەجێبوون, ژمارەیەك خێزانیشیان لە گوندەکانی (سازان, کۆساوا, کانی گوێز) لەگەڵ دانیشتوانی تری ئەو گوندانە کە سەربە تیرەکانی ترن ژیاون.
لە(کوردستانی ئێران)یش شانزە گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە لەوانە: (لانەوان, هەنجیرك, لەشکرگە, وارانجێ, مەڕەخێڵ, تەرگاران, مەڕەسان, ماسان, ژاڵە, کێلەکۆن, ... هتد).
(ئێناخییەکان) سەرەڕای نیشتەجێبوون و دروستکردنی گوندەکانیان هەتاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکانیش بەردەوامبوون لە کۆچکردن بۆ هەوارگەکانیان لەناوچەکانی خۆیاندا.
(تیرەی ئێناخی) زۆر ئازا و بوێرن, لە هەردوو کتێبی (ایلات و طوائف کرماشاهان) و (تحفەی ناصری) دا باسی ئازایەتییان کراوە, ئەمە لەکاتێکدا دانەری کتێبی (تحفەی ناصری) یەکێك بووە لە ئەڵقە لەگوێکانی داگیرکارانی کوردستان و نووسەری تایبەتی (عەلی ئەکبەرخان)ی حاکمی جوانڕۆ بووە لە سەردەمی والییەتی (معتمد الدولە= فەرهاد میرزای قاجار)دا و دۆستی (ئێناخییەکان) نەبووە, ناوبراو لەو کتێبەیدا نووسیویەتی: (سەلیمبەگ)ی ئێناخی لەگەڵ پڵنگێك لەشاخی شاهۆ رووبەڕووی یەکبوونەتەوە, هەرچەندە پڵنگەکە دوانزە برینی کردۆتە جەستەی, بەڵام (سەلیمبەگ) بە خەنجەر کوشتوویەتی و داویەتی بەسەر پشتی وڵاخەکەیدا و بردوویەتی بۆ (شرف الملك) لە قەڵای جوانڕۆ, ناوبراویش خەڵاتیکردووە و فەرمانیداوە بە چارەسەرکردنی برینەکانی, هەواڵی ئازایەتی (سەلیمبەگ)یشی گەیاندۆتە (فەرهاد میرزا)ی مامەی (ناسرەدین شا) و ئەویش خەڵاتیکردووە.
سەرچاوەی بژێوی (ئێناخییەکان), ئاژەڵداری و باخداری و کشتوکاڵە, لەبەر ئەوەی ناوچەکەشیان سەر سنوورە لە رووی بازرگانی و مامەڵە کردنەوە بایەخێکی گەورەی هەبووە لە ژیانی خەڵکەکەیدا, ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی کاروباری دەوڵەتی و دوکاندارین.
(تیرەی ئێناخی), لەبەر ئەوەی ملیان بۆ ستەمکاران کەچنەکردووە, ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی رەزاشا لە ئێران و حکومەتی مەلیکی لە عێراق لە ململانێدابوون, ساڵی (1929ز) چواردەکەس لە پیاوماقوڵانی (ئێناخی) دەستگیر کراون, دوو کەسیان بەناوی (بەکر غەفاربەگ, کاکە عەلی رۆستەمبەگ) لەناو گوندی (نەوسوود) لەسێدارە دراون, یەکێکیشیان بەناوی (حەسەن فەتاح بەگ) لە تاران لەسێدارە دراوە, ئەوانی تریشیان هەتاوەکو ساڵی ( 1941ز) لە تاران زیندانیکراون, لەئەنجامی لە سێدارەدانی ئەو سێکەسە (ئێناخییەکان) دژی حکومەتی رەزاشا راپەڕیون, (ئاغەبەگی ئێناخی) کە بە (ئاغە شەڕ) ناسراوە, نەبەردانە سەرکردایەتی کردوون, لێرەدا زۆر پێویستە کەمێك لەسەر کەسێتی (ئاغەبەگ) راوەستین, ناوبراو کوڕی (مەحمودبەگ) کوڕی (سەلیمبەگ) کوڕی (حەمەجانبەگ), ساڵی ( 1885ز) لەگوندی (تەرگاران) لەدایکبووە, ساڵی (1925ز) سەردانی (شێخ مەحمودی نەمر)ی کردووە, ساڵی (1929ز) لەئەنجامی بەدیلگرتن و لەسێدارەدانی سەرداره (ئێناخییەکان), بەدەمانچەیەکی دەتیر

کەلەکاتی سەردانەکەیدا (شێخی نەمر) پێیبەخشیوە (سەرهەنگ ئەحمەد خانی زەهاوی) کە لە (ئازەربایجان)ەوە بەمەبەستی سەرکوتکردنی خێڵە کوردەکان نێردراوەتە ناوچەکەو سەربەگاردی تایبەتی (رەزاشا) بووە لەناو گوندی (هیروێ) دا کوشتووە, ئەوەش بووە بەمایەی راپەرینێکی گەورە, لەو راپەرینەدا خێڵە کوردەکان لە ناوچەکانی (پاوە, جوانرۆ, کامیاران,هەورامانی لهۆن, هەورامانی تەخت, سەرپێڵ) هاوکاریانکردوون, لە چەند رووبەڕوو بوونەوەیەکدا هێرشەکانی سوپای حکومەتی رەزاشایان تێکشکاندووە و زیانی زۆریان بە پەلاماردەران گەیاندووە, تەنها لە شەڕی (پلەی رۆستەمبەگ) لە شاخی (ماسان) ی ناوچەی ئێناخی (سەرهەنگ سوڵتان عیساخان[1] , سەرهەنگ حسێنخان) و حەفتاو پێنج ئەفسەر و دەرەجەدار کوژراون.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران زۆر هەوڵیانداوە لە رێی سیخوڕو چڵکاوخۆرەکانیانەوە (ئاغەبەگ) بخەنە داویانەوە بۆ ئەو مەبەستە چەندین سیخوڕیان لە گوندەکانی (ئێناخی)دا بڵاوکردۆتەوە, بۆنموونە:

1-فەتحوڵا سوڵتان, یەکێك بووە لەو سیخوڕانەی بەبیانووی شوانییەوە چووەتە گوندی (وارانچێ) بووە بە شوانی گوندەکە, پاش ماوەیەك هەوڵیداوە لەرێگەی منداڵانەوە شوێنی (ئاغەبەگ) بزانێ, یەکێك لەمنداڵەکان لەماڵەوە مەسەلەکەی گەڕاندۆتەوە, لە رێی پورێکییەوە هەواڵ گەیشتۆتە (ئاغەبەگ), بۆیە هەر هەمان رۆژی گەیشتنی هەواڵەکە لە گوندی (وارانچێ) کوشتوویەتی, ئەم سیخوڕە پەیوەندی بە سەرهەنگ (عەلی زادە)وە بووە لە (دەودان).

2-مەنصوری ئەحمەد, خەڵکی گوندی (بێوڵە) بووە, وەك (مسگەر) چووەتە گوندەکانی (ئێناخی), لەوێ هەواڵی (ئاغەبەگ) و خزمە نزیکەکانی پرسیوە, پاش ماوەیەك رازی سیخوڕییەکەی ئاشکرابووە, (ئاغەبەگ) رۆیشتووە بۆی بۆ (بێوڵێ), هەرچەندە خزماکانی پێچاویانە بە چیغێکەوە و هەوڵیانداوە بیشارنەوە, بەڵام بێسوودبووە, هەرلەناو گوندەکەدا بەسزای خۆی گەیشتووە.

3- (زۆراب) ناوێك وەك (سواڵکەر) سیخوڕی کردووە بەسەر (ئاغەبەگ) و دارو دەستەکەیەوە, پاش ئاشکرابوونی لە گوندی(باینگان) کوشتوویەتی.

(ئاغەبەگی ئێناخی) ساڵی (1931 ز) لەکاتی راپەرینەکەی (جەوهەر سوڵتان) دژی حکومەتی (رەزاشا) بەشداریکردووە و ئازایەتی کەمنموونەی نواندووە, ساڵی (1935ز) لەناو شاری (پاوە) لە کاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێرانیدا بە پیلانێکی گلاولەگەڵ (تۆفیقبەگ)ی خاڵۆیدا دەستگیرکراون وتاساڵی (1975ز) لەزینداندا ماوەتەوە, ساڵی (1999/7/28) کۆچی دواییکردووە.

(ئێناخییەکان) لە شۆڕشی ئەیلولدا رۆڵی کاریگەریان هەبووە, ساڵی (1963ز) کەسێکیان بە ناوی (قادری نامدار) لەناوچەی هەورامان دژی رژێمی (پەهلەوی) جموجوڵی چەکدارانەی نواندووە, لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا هەردەم لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بوون, (23) شەهیدی


www.pertwk.com

قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە : شەهیدان (رەفعەت ئێناخی, مەنوچەر سلێمان, ئیحسان حاجی حەسەن) ونەمرەکانی ترکە سومبولی یەخەی تێکۆشەرانی ئەم گەلەن.
(تیرەی ئێناخی) چەندین کەسی دیار و ناسراو و خاوەن پایەی دینی و کۆمەلایەتییان تیا هەلکەوتووە لەوانە: (مەلا سالح قادر, بارام رەحمانبەگ, سەید ئەورەحمان), (حەمەلاو بەگ)یش دەستێکی بالای هەبووە لە پزیشکی و چارەسەرکردن بەگژوگیا, هەروەهاخالۆ (حەمەتەقی) یەکێکە لە شاعیرە میللییە دیارەکانیان.
(ئێناخییەکان) تفەنگچی ناودارن و زۆر حەزیان لەراووشکارە, ئێستاش بەشێوەیەکی گشتی لەهەلەبجەی شەهید و لەکۆمەلگەی (سەریاس) لەکوردستانی ئێران نیشتەجێن, چەندین خێزانیشیان لە( هەلەبجەی تازە, سلێمانی, ناوچەی دەربەندیخان) دەژین, هاوینان بەمەبەستی خزمەتکردنی باخەکانیان باخدارەکان بنەباخ دەبەنەوە گوندەکانیان, گرنگترین بەرهەمی باخەکانیش (هەنار, هەنجیر, داری چنار)ە, ئەم تیرەیە بەپێکەوەژیان بەناوبانگن,لەخۆشی و ناخۆشی هاوکاری یەکتری دەکەن.

---

[1]-هاوسەری (سەرهەنگ سولتان عیساخان) کوردی (سنە) بووە, ئەو ژنە خاوەنی رۆحێکی پاکی کوردانە بووە, لە رازی هاتنی (سەرهەنگ ئەحمەدخانی زەهاوی) ئاگادار بووە و زانیویەتی بەمەبەستی کوشتن یان دەستگیرکردنی (ئاغەبەگ) نێردراوەتە ناوچەکە, بۆیە بە سەربازێکدا هەوالی بۆ (ئاغە بەگ) ناردووە و ورپایکردۆتەوە.

## ( کۆکۆیی تیرەی شەهیدەکانن )

کۆکۆیی تیرەیەکن لەجافی (جوانرۆ),سەرەتا لەناوچەی (جوانرۆ) وە هەتاکو شاخی (شاهۆ) و(کۆیلە) و(ماکوان) وچەندهەوارگەیەکی (هەورامانی ئەمدیو)گەرمیان وکوێستانیان کردووە, پاشان دەستیان بە نیشتەجێبوونکردووە ولەسەرەتای نیشتەجێبوونیاندا لەوبەرئاوی (سیروان) لەدامێنی (کۆیلە) و (ماکوان) گوندەکانی: (تین, ڕوان, سیمان, بەوڕۆڵ, گۆڕیگەورە)یان ئاوەدانکردۆتەوە, دەربارەی ناوی (کۆکۆیی)چەندبۆچوونێك هەن بەم شێوەیە:
1-هەندێك پێیان وایەئەم تیرەیە پێش نیشتەجێبوونیان ولەکاتی گەرمیان وکوێستانکردندا کۆمەڵ کۆمەڵ ڕەشماڵیانهەڵداوە, لە بەرئەوەپێیانوتوون (کۆکۆیی).
2-بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە ئەم تیرەیە لەکاتی گەرمیان و کوێستانکردندا لەشاخێکەوە بۆ شاخێکی تر هەوارگەیان گواستۆتەوە, شتێکی ئاشکرایە لەوناوچانەدا بە شاخ وتراوە (کۆ) لەبەر ئەوە ناوی (کۆکۆیی)یان لێنراوە.

3-چەند کەسێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموونی تیرەکەش پێیان وایە,خەڵکانی تیرەکەیان سەرەتا لە کۆیەوە رۆیشتوونەتە (جوانرۆ) لەکوردستانی (ئێران) لەوێ پێیانوتوون کۆمەڵێکی کۆیی, لەدوایدا وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتوەو بووە بە (کۆکۆیی).

لەئەنجامی سەرهەڵدانی ململانێ لە نێوان خەڵکانی (کۆکۆیی) و دەسەلاٌتدارانی ناوچەکەیان لە کوردستانی (ئێران ) و ڕازی نەبوونی کۆکۆییەکان بەهەندێ یاساوداب و نەریتی حوکمڕانی کە (سەرانە,سوورانە,پووشانە...هتد)یان لەجووتیاران وهەژاران سەندووە, چەند خێزانێکیان کۆچیانکردۆتە کوردستانی (عێراق) وگوندەکانی (چنار, بۆین, نەیجەڵە, باوەکۆچەك, کۆکۆیی چاوگ, کۆکۆیی شەمێران)یان ئاوەدانکردۆتەوە لەناوچەی (هەڵەبجە), پاش چەندساڵێکیش ژمارەیەکیان ڕوویانکردۆتە گوندی (هانەگەرمڵەیهەورامان) وگوندی (کانیسارد)ی نزیك دەربەندیخان و تا ئێستاش نەوەکانیان لەو دوو گوندە نیشتەجێن.

تیرەی (کۆکۆیی) هاوسنوورن لەگەڵ تیرەکانی (نەورۆلی, ئێناخی, شەمێرانی, ئیمامی), بەشێوەیەکی گشتی لەسێ بنەماڵە پێکدێن بەم ناوانە:

1-بنەماڵەی شاوەیس

2-بنەماڵەیخولاٌوەیس

3-بنەماڵەی مراوەیس

(کۆکۆییەکان) چەندین مەلای ناسراو وزانایان تێدا هەڵکەوتووە وەك (حاجی مەلامەحمودیکۆکۆیی) کەزاتێکیخواناس و ئایین پەروەرێکی گەورە بووە, پایەیەکی کۆمەلاٌیەتی بەرزی هەبووە بەڕادەیەك (مەحمەدپاشای جاف) بردوویەتییە لای خۆی, زۆربەی کات ولە زۆر مەسەلەی گرنگدا وەك ڕاوێژکار پرسیپێکردووەو لەگەرمیان و کوێستانکردندا لەگەڵیدابووە, ناوبراو بەسەردان هاتووەتەوە ناو خزمانیودەگێڕنەوە لەو سەردانەیدا کفنێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە, پاش چوار ڕۆژ لەگوندی (چاوگ)کۆچی دواییکردووە هەر لەوێش بە خاك سپێردراوە, هەروەها(حاجیمەلا مستەفای کۆکۆیی ومەلاقادری کۆکۆیی) دوومەلای دیاری ناوچەکە و(مەلاعەلیکۆکۆیی)ش کەدانەری کتێبی (نەصائحیموفیدە)یە بە زانایەکی دیارو پایەبەرزی کوردستان لەقەڵەمدەدرێت.

خەڵکانی (تیرەی کۆکۆیی) زۆربەیان سۆزداری شێخەکانی ڕێوڕەچەی نەقشبەندی ومووریدی (شێخ عەلی حسامودین وشێخ عەلائودین)بوون, پەیوەندییەکی ڕۆحی گەورەیان لەگەڵ ئەو زاتانەدا هەبووە, ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەریان, هەر ئەو کاریگەرییەش وایکردووە پەیوەندییان لە گەل خەڵکی ناوچەی هەوراماندا زۆر پتەوبێت.

(کۆکۆییەکان) زۆر میوانپەزێرن و ناوچەکەشیان هەمیشە پەناگەی ئاوارە و لێقەوماوان بووە, هەرکەس ڕوویلێکردبن خزمەتیانکردووەو وەك خزم وکەسی خۆیان سەیریانکردووە, لەم بوارودا هاوکاری

(ئەلیمحەممەدبەگ وئەحمەدبەگ وحەمەڕەشیدبەگ)یان کردووە کەهەرسێیان کوڕی (جافرسان)بوون, لەئەنجامی ستەمی ڕژێمی شای ئێران لەهەورامانەوە ئاوارەبوون وهاتوونەتە ناوچەی کۆکۆیی, دواتریش کەڕژێمی مەلەکی عێراق داوایکردوون, سەرەڕای ئەوەی فشارێکی زۆری خستۆتە سەر پیاوماقوولەکانی کۆکۆیی وسوێندی هەندێکیانی داوە کە زانیاریبدەن لەسەریان, هیچ زانیارییەکیان نەداوە.

(کۆکۆییەکان) هاوکاری بەگزادەکانی جوانڕۆیان کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران ,چەند کەسێك لەبەگزادەو پیاوماقووڵانی جوانڕۆیی ماوەی دووساڵ لەهەردووگوندی (چاوگ) و (باوەکۆچەك)دا ماونەتەوە وکۆکۆییەکان دڵسۆزانە خزمەتیانکردوون, هاوکاری شاعیریگەورەمان (ئەحمەدموختارجاف)یان کردووەدژی ڕژێمی مەلەکی عێراق, زۆربەی ئەو چەکدارانەی لەگەڵیدا بوون (کۆکۆیی) بوون لەوانە: (فەتاحی حەمەی شاوەیس, حەمەیشاپەری, حەمەلەتیف ئەحمەدکۆکۆیی).

هەندێك لەگوندەکانی (ناوچەی کۆکۆیی) شوێنی نیشتەجێبوونی دێرین بوون بۆ نموونە گوندی (چناریکۆکۆیی), لەو گوندەدا پاشماوەی خانووبەقووڵایی (2-1)مەتر لە ژێرزەویدا دیارە, لەگوندەکەدا سەرچاوەیەکی ئاوهەیە, ئاو لەو سەرچاوەوە و لەژێر زەوییەوە بەشێوەیەکی شاردراوە براوە بۆ شوێنێك خەڵکی ناوچەکە بەوشوێنە دەڵێن زەوی (ماشەجەڕە), دیارە ئەوەش بەمانای (جاڕی ماش) دێت, ئەوزەوییە کاتی خۆی کراوە بە (ماش), شتێکی ئاشکراشە کە ماش یەکێکە لەبەرووبوومە کشتوکاڵییە هەرە دێرینەکان ولەوسەردەمانەدا بایەخی گەورەی هەبووە, لەهەمان کانی ناو گوندەکەوە و بەهەمان شێوە کە باسمانکرد ئاوبراوە بۆ ئەشکەوتێك بەناوی (ئەشکەوتیزولفەقاڕ), ئەو ئەشکەوتە (2) کیلۆمەتر لەگوندەکەوە دوورە, لەناو ئەشکەوتەکەشدا حەوزێك بەقسڵ دروستکراوە.

لەدەوروبەری گوندی (چنار)دا شوێنەواری گۆڕستانێکی گەورە هەیە کە هەرگیز لەگەڵ ژمارەیخەڵکی گوندەکە وئەو ماوەیەی تێیدا ژیاون نایەتەوە, لەژمارەیەك لەگوند نشینەکانم بیست دەیانوت شوێنیگوندی (چنار) لە کۆندا شارێك بووەپێیانوتووە (دەوەرە), لە بەرامبەرگوندەشدا و بەوبەری ئاوی سیروانەوە قەڵایەکیگەورە هەیە پێیدەوترێ (قەڵایسیمان).

(ناوچەی کۆکۆیی) ماوەیەکی زور مەڵبەندێکی گرنگی ئاڵو وێردکردنی سەرسنوور بووە, چەند بازرگانێکی دیاریان هەبووە وەك: (حاجی فەرەجی زەڕە, حاجی موشیر, حاجی بارام, حاجی ئەولکەریمیعارف, کوێخاعەلی محەممەدحسێن, حاجی محەممەد) کە بە (حاجیحەمەشەل کۆکۆیی) ناسراو بووە, دیارە ئەو ئاڵوێرد کردنە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر باشکردنی باری ژیان و گوزەرانیان.

(ناوچەی کۆکۆیی) ئاودار و لەبارە بۆباخداری, هەر بۆیەچەندین پارچە باخی ڕازاوەیان هەیە لە گوندەکانی (چنار, چاوگ, باوەکۆچەك), لەو باخانەدا جۆرەها میوە بەرهەمدەهێنن وەك: (هەنار, هەنجیر,

تریٚ، گویٚز)، باخەکانی (باوەکۆچەك وچاوگ)یش بوونەتە سەیرانگەو ساڵانە خەڵکان بۆ سەیران وحەوانەوە وکاتبەسەربردن ڕوویانلێدەکەن، دارستانە سرووشتییەکانیش لە ناوچەکەدا بایەخێکی گەورەیان بووە لەژیانی خەڵکەکەدا، بەتایبەت بۆ بەرهەمێنانی (بنێشت) و درووستکردنی (خەڵوز).

هەر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، (کۆکۆییەکان) تێکەڵاوی ژیانی سیاسی وڕێکخراوەیی بوون، لە سەرەتای (شۆڕشی ئەیلول)دا ژمارەیەکیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی هێرشی ئەو کاتەی ڕژێم بۆ سەر کوردستان، ڕوویاتکردۆتە دەربەندیخان، لە (شۆڕشی نویٚ)ی گەلەکەشماندا ڕۆڵێکی زور کاریگەر و بەرچاویان گێڕاوە، (56) شەهیدی نەبەردی و(36) ئەهیدی کیمیابارانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە، شەهیدان: (قادرکۆکۆیی، مەحمودی حاجی فەرەج، حسێن مەجید، خالیدی حاجی فەرەج، حەمەی کوێخا کەریم، ئیبراهیم بۆینی، کەیکاوس) سەرداری ئەو نەمرانەن.

(کۆکۆییەکان) ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لە (هەڵەبجەی شەهید) نیشتەجێن، بێجگە لە چەند خێزانێك کە گەڕاونەتەوە بۆ گوندی (باوەکۆچەك)، هاوینانیش باخدارو خاوەن ئاژەڵەکانیان بنەیەك دەبەنەوە ناو گوندەکانیان کەخۆیان وتەنی پێیدەڵێن (بنەباخ)، چەندخێزانێکیشیان لەناو شاری (سلێمانی) دەژین.

## ( خدربەگییەکان گەرمیان وکوێستانیان نەکردوە )

(خدربەگی) تیرەیەکیکوردن دەچنەوە سەر (فەقیٚ ئەحمەدی داڕشمانە)، یەکێك لە کوڕەکانی (خدربەگ) بەناوی (میرئەحمەدبەگ) هاتۆتە ناوچەی شارەزوور، گوندێکی ئاوەدانکردۆتەوە بەناوی خۆیەوە ناوی لێنراوە (میرەدیٚ)، خدربەگییەکان لە سیٚ بنەماڵەی سەرەکی پێکدێن بەم ناوانە:

1-بنەکاڵەی ڕۆستەمبەگی

2-بنەماڵەیحاجیبەگی

3-بنەماڵەیمیرانبەگی

(خدربەگی) گەرمیان و کوێستانیان نەکردووە، هەر لەسەرەتاوە لەگوندەکانی (میرەدیٚ) و(قلیچە)دا ژیاون، ژمارەیەکیشیان کەسەر بەبنەماڵەی (میرانبەگی) بوون، لە ناوچەی (نەورۆلی)دا ژیاون، چەند خێزانێکیشیان هەرلەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی (سلێمانی) تێیدا نیشتەجێبوون، هەندێکیشیان لەگوندی (موغاغ)ی ناوچەی (سورداش) ولەگوندی (نەوتی قەرەداغ) و لە (ڕانیە، قەڵادزیٚ، مەرگە، داڕشمانە)دا دەژین.

ژمارەیەکی زۆریشیان لەناوچەکانی (بەرواری باڵا) ولە (شەمزینان)ی کوردستانی تورکیا نیشتەجێن وچەند گوندێکیان ئاوەدانکردۆتەوە، یەکێك لەگوندەکانیان ناوی (شارەزوور)ە.

بنەماڵەکانی (خدربەگ)ی هەریەکەیان ڕیشسپی و پیاوماقوڵی خۆیان هەبووە، هەموویان لەناوخۆیاندا بنەماڵەی (ڕۆستەمبەگی)یان بەڕیشسپیخۆیان قبوڵکردووە و گوێڕایەڵیانبوون.


www.pertwk.com

ئـەم تیرەیـە چەندکەسـێکی دیـار و خـاوەن پایـەی کۆمەڵایـەتی دیاریـان تێـدا هەڵکـەوتووە, لەوانـە: (وەسمانبـەگ) کـە بـە (خالیدبـەگی میرەدێـی) ناسـراوبووە, هـەروەها (ئەحمەدبـەگ), ئـەم دوو جـوامێرە هەردووکیان لە (دوانزە سوارەی مەریوان[1]) بوون.

(مەلاحەسـەن کەریمبـەگ) یـەکێك بـووە لەپیاوەئایینییـە دیارەکانیـان, هـەردەم سـەرقاڵیئامۆژگاری ودەرسـوتنەوە و پـەروەردەکردنی خـەڵك بـووە, لـە گونـدی (میرەدێ) خوێندنگەیـەکی دینـی کردۆتـەوە, هەریـەك لـە (شـێخ سەلامیشـاعیر, قادربـەگ, حـاجی ئەحمـەدئاغای گـەلاڵی) لـەو خوێندنگەیـەدا خوێندوویانە, هەروەها (میرانبەگی عوسمانبەگ)یش لە گوندی (قلیجە)دا مزگەوت و خوێندنگەی دینی درووستکردوون.

(تۆفیق وەهبیبەگ)ی نەمر و(ئەحمەدهەردی) شاعیری ناوداری کورد, دوو کەسێتی تری دیار و ناسراوی ئەم تیرەیەن.

(قلیجە) کە یەکێکە لە گوندەکانی تیرەی (خدربەگی) ساڵی(1952ز) مەڵبەندی (ناحیەی وارماوا) بـووە, شوێنێکی ئاوەدان و قەڵەباڵغ بووە, پاشان لەئەنجامی تەواو بوونی ڕێگای نێوان دەربەندیخان و سلێمانی مەڵبەندی ناحیە لە (قلیجە)وە گوێزراوەتەوە بۆ (چنارە).

ناوچەی (خدربەگییەکان) شوێنینیشتەجێبوونیدێرین بووە, لەنێوان هـەردوو گونـدی (قلیجـە ومیرەدێ) داشـوێنێك هەیـە بـە نـاوی ( چـەپەدێ), لـەو شـوێنەدا (سـکە, گـۆزە, کووپـە, زومـرد) وشـتی تـری تێـدا دۆزراونەتەوە, هەندێك لە سکەکان بۆ سەردەمی ( ساسانییەکان) گەراونەتەوە.

چەندکەسێك لەم تیرەیە لە کارو باری دەوڵەتیدا کاریانکردووەو پلەوپایەی دیاریان هەبووە لەوانە:

1-(ئەحمەد بەگی کەریمبەگ) کە بە (ئەحمەدبەگی تاپۆ) ناسراو بووە.

2-(عومەر بەگی ئەحمەد بەگ) ماوەیەك بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بووە.

3-(ڕەشید بەگی سەلیمبەگ) بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی بووە.

سەرچـاوەی بـژێوی (خدربەگییـەکان کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـە, ژمارەیەکیشـیان سـەرقاڵی کاسـپیکردن و کاروباری دەوڵەتین, بەشێوەیەکی گشتی باری ژیان و گوزەرانیان باشە.

(تـیرەی خدربـەگی) هەمیشـە شوڕشـگێڕ و قارەمـان بـوون وهاوسـۆزی کێشـەی ڕەوای گەلەکـەمان بـوون, ڕۆحێکی نەتەوەی پاکیان بووە, ژمارەیەکیان هاوکاری (شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان)یان کردووە لە شۆڕشەکانیدا لەوانە:

(سەلیمبەگی میرانبـەگ, سـەعیدبەگی والیبـەگ) کـە لەگـەڵ چـەند سـوارێکی تیرەکەیاندا بەشداری شـەڕی (ئاوباریك)یان کردووە.

لـە(شۆڕشـی ئـەیلول)دا بەشـداری کاریگـەریان کـردووە, لەشـالاوە بەدناوەکـەی (زەعـیم صـدیق)دا گونـدی (مـیرەدێ) سـووتێنراوە, لـە(شۆڕشـی نـوێ)ی گەلەکەشمانـدا بەشـداری کارییگـەری مـەفرەزە


www.pertwk.com

سەرەتاییەکانیان کردووە, (25) شەهیدی قارەمانیان بەکاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, ئەمانە ناوی ژمارەیەك لەو نەمرانەن: (شەهید ڕەئوفبەگ, شەهید تایەرعەلی والیبەگ[2], شەهید ئەنوەرسەعید والیبەگ, شەهیدملازم عوسمان) هەروەها (شەهید بایەر ئەحمەد) یەکێك بووە لەوپۆلە شەهیدەی لەگەڵ (مولازم حەسەن خۆشناو) لەناوچەی (جولەمێرگ) شەهیدکراون.

---

[1] –(دوانزە سوارەی مەریوان) داستانی دوانزە سوارەی مەریوان لای ئێمەی کورد بووە بە داستانێکی نەتەوەیی, ئەوداستانە باس لەوەدەکات گوایا دەسەڵاتدارانی ئێران لەشکرێکی چەندهەزار کەسیان ناردووە بۆ پەلاماردانی جەنگاوەرانی بابان, ئەو لەشکرە لە کەناری گۆمی (زرێبار) بارگەیانخستووە, لە شەبەیخوونێکدا (12) (سواری بابان) داویانەبەسەریانداو زەرەروزیانێکی زۆریان لێداون, ئەوەش بووەبەهۆی پووچەڵبوونەوەی نەخشەی هێرشەکەیان و پاشەکشێیانکردووە.

[2]–(شەهیدی نەمر مولازم تایەر) یەکێکە لە شەهیدە سەرکردەکانی گەلەکەمان و لە (کارەساتی هەکاری)دا شەهیدبووە, وەك خۆم بیرەوەرییەکم هەیە لەگەڵیدا, جێی خۆیەتی لێرەدا شتێکی لەسەر بنووسم, ساڵی (1974) من یەکێك بووم لەو پێشمەرگانەی لەگوندی (هەسەنەکاڕێ)ی سەر جادەی گشتی نێوان ( زەڕایەن وعەربەت) بارەگامان دانابوو, بەتالیۆنەکەمان (3) لق بوو(2) لقیان لەبەرزاییەکانی پشت هەردوو گوندی (قاشتی وبیرکێ) دامەزرابوون, لقەکەی تریشمان لەکەناری دەریاچەی دەربەندیخان لەدامێنی گوندی (بیرکێ) سەنگەربەندییانکردبوو, ئێمەش ستافی بارەگای بەتالیۆن سەرقاڵی کارەکانی ئیداری ودابینکردنی ئازووخە و پێداویستی ڕۆژانە بووین, پاشنیوەڕۆی (4/26/ساڵی 1974) لەکاتێکدا خەریکی ڕێکخستنی لیستی یارمەتی بووین, ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆز بەرەو بارەگاکەمان هات, ئەو کاتە کاك مولازم شاخەوان جێگری فەرماندەی بەتالیۆن, کاك ئەحمەد سەیسایەقی ومن و چەند پێشمەرگەیەك لەبارەگا بووین, ڕووە و ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشتین, چەند هەنگاوێك دوور لە ئێمە وەستا, شەهیدی نەمر (مولازم تایەری عەلی والیبەگ) و دووپێشمەرگە لێیدابەزین, بەخێرهاتنمانکردن و(کاك تایەر) زۆر بەگەرمی ئەملاوئەولای ماچکردین, لەسەربەتانییەك دانیشت و وتی: هێزێکمان لەم بەرزاییانەی بەرامبەر ئێوەدایە سەردانمکردن و هاتم بۆ لای ئێوەش هەتا لەوەزعتان ئاگاداربم و بزانم چیتان پێویستە, (کاك تایەر) پیاوێکی سادە, ڕۆحسووك, ڕووخۆش لەگەڵمان دواو باش گوێیلێگرتین, لەراستیدا ئازووخەمان زۆر کەمبوو, چوونکە گوندەکانی نزیك بە ئێمە هەموویان لە ترسی هێرشی دوژمن چۆڵییانکردبوو, تەنیا چەند خوێندکارێکی دڵگەرم و شۆڕشگێر نەبێت کە لە گوندی (میرەدێ) بارەگایەکیان دانابوو, ڕۆژانە نان و دۆیان لەگوندەکانی بنارەوە کۆدەکردەوە و بۆ ئێمەیان دەهێنا ئیتر کەسی تر لەو ناوە نەبوو, بە(کاك تایەر)مان وت گرفتمان کەمی ئازووخەیە, بەشێوەیەك شەکرمان نییە ئێستا چاتان بۆ لێبنێین, ئەویش وتی ئاسانە کە گەڕامەوەیەکێکتان لەگەڵمبێن, چیتان پێویستە لە (سەیسایەق) بۆتان دەکرم (150) دیناریشی داپێمان, پاشان ڕێڕەوی قسەکانمان گۆڕی بۆ دابەشبوونی هێزی خەباتی ئەو کاتە بەدوو هێز و هەندێك گۆڕانکاری کە لە سەرلق و ئامربەتالیۆنەکاندا کرابوون, هەروەها هەوڵدان بۆ دابینکردنیچەند بەلەمێك

بۆ هاتووچۆ بۆ ناوچەی شەمێران, ئێمەش بە دڵخۆشییەوە گوێمان بۆ قسەو ئامۆژگارییەکانی گرتبوو, چوونکە (کاک تایەر) هەم بەسیماو هەم بە هەڵسوکەوت لەپێشمەرگە جیانەدەکرایەوەو هیچی لە لێپرسراوی ئەو دەمە نەدەچوو, لەگەرمەی ئەو دانیشتنەدا فرۆکە مەرگهێنەرەکان هاتن و زۆر بەبەرزی بەسەر ئێمەدا رۆیشتن, (کاک تایەر) وتی دڵنیام بۆ بۆمببارانی هەڵەبجە دەڕۆن, پاش کەمێك گرمەی بۆمب ودوکەڵی رەشی هەڵەبجە لە ناخەوە هەژاندینی, ( کاک تایەر) وتی بائێمە بڕۆین, (کاک مولازم شاخەوان)یش بەمنی وت کە لەگەڵیان بڕۆم, هەم هەواڵێکیان بۆ بهێنم وهەم ئەو ئازووخەی بۆمان دەکڕی بیهێنمەوە, سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین, هەموومان مات و بێدەنگ ودڵنیابووین لەوەی هەڵەبجەش کراوەتە دەستەخوشکی (قەلادزێ), کەدووڕۆژ پێشتر زۆر دڕندانە بۆمببارانکرابوو, شۆفێرەکە زۆر بە خێرایی لێدەخوڕی, لە رێگە هەتاکو گەیشتینە (سەیسایەق) هیچمان بۆ ئاشکرا نەبوو, بەلاَم لەوێ ئاگاداربووین لەوەی کوشتارێکی زۆر لە (هەڵەبجە)دا کراوە وئێمەش بەرەو (هەڵەبجە) رۆیشتین, کەگەیشتینە گەڕەکی (پیر محەممەد) دەبینین خەڵك بەیەکدادێن, هاوارو زیڕە و گریان هەموو سووچێکی ئەو ناوەی گرتۆتەوە, ئاگر و چڕدووکەڵ سەمای گیانەلاَ بە خەڵکی دەکەن, هەندێك جەنازەی شەهیدەکان دەگوێزنەوە وهەندێکی تریش بریندارەکانیان بەرەو تەوێڵە دەبرد, لەو کاتەدا ئێمە دەمانویست چیدەکرێ هاوکاری خەڵکەکە بکەین, (کاک تایەر) بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی چەند بریندارێکی رەوانەی تەوێڵە کرد, بە شۆفێرەکەی وت لێرە چاوەڕێت دەکەین هەتاکو دەگەڕێیتەوە, نامەیەکیشی نارد بۆ بارەگای هێز لە تەوێڵە کە بێن بەدەم خەڵکەوە, ئەو دیمەنانەی ئەو رۆژە لە هەڵەبجە دیمانن کەرنەڤاڵی مردن و گیانکێشان بوون, هێمای شکۆمەندی شۆڕشگێران و ریسوایی و ئیفلاسی داگیرکاران و رووڕەشەکانی مێژوو بوون.

بەهەرحاڵ سەعات دوانزەی شەو ئۆتۆمبێلەکەی (کاک تایەر) هاتەوە لامان, ئێمە نیگای بەردەوامان لە کۆچی خەڵك و چۆڵکردنی شار دەکرد, گەڕاینەوە (سەیسایەق) هەر ئەو شەوە شەکر و رۆن و برنج و پەتاتە و پیازمان کڕی و لە جێبێك بارمانکردن, ماڵئاواییم لە (کاک تایەر) و پێشمەرگەکان کرد, ئەوان بەرەو (پێنجوێن) و منیش بەرەو (هەسەنە کاڕێ) کەوتینەڕێ و هەڵەبجە سیمامانی مۆن و هەناسەمانی سارد کردبوو, ئەوەش دواجار بوو کەمن (کاک تایەر) ببینم.(نووسەر).

## ( ناوچەی شەرەفبەیانی شوێنی نیشتەجێبوون و ژیاری دێرینە )

(شەرەفبەیانی) خێڵێکی گەورەی کوردن, دەربارەی ناوی ئەم خێڵە دوو بۆ چوون هەن بەم شێوەیە:

1-دەڵێن باپیرە گەورەیان کەسێك بووە بەناوی ,(شەریف باینگانی) خێڵەکەش بەناو ئەوەوە ناویدەرکردووە, پاشان ناوەکە کورتکراوەتەوەو بووە بە شەرەفبەیانی.

2-هەندێك لە خەڵکی تیرەکە پێیان وایە, ئەم تیرەیە لەگەڵ تیرەی (شەرەفیانی) لە بادینان دەچنەوە سەر یەك رەچەڵەك, بەلاَم ئەم بۆچوونەیان زۆر جێگای باوەڕنییە.

(شەرەفبەیانی) زیاتر لە پێنج سەدەیە لەناوچەی (کوێرەك وهۆرێن و شێخان)دا نیشتەجێن, ناوچەکەشیان بەگشتی شوێنی نیشتەجێبوون و ژیاری دێرینە, شوێنەواری دێرین لە (تەنگی دەربەندبێلولە) و (دەربەندیسەرتەك)دا تا ئێستاش زۆر بەئاشکرایی دیارە, یەکێك لەو شوێنەوارانە قەلاَیەکە خەڵکی ناوچەکە پێیدەڵێن (قەلاَی یەزدەگرد) کە لە (تەنگی سەرتەك) و لەشوێنێکی زۆر بەرزو

سەختدایە، هەروەها چەند گۆڕستانێکی گەورە لەدەورووبەری گوندەکانی (شاوازی، باخەنارە) هەن، گەواهی نیشتەجێبوونی دێرینن.
شەرەفبەیانی لە چەند بنەماڵەو بەرەباب پێکدێن بەم ناوانە:
1-بنەماڵەی کوێرەکی
2-بنەماڵەی ئەمیرخانبەگی
3-بنەماڵەی عەزیز بەگی
4-بنەماڵەی گاخۆر
5-بنەماڵەی‌نادری
هەموبنەماڵەکانیش ریشسپی و پیاو ماقووڵی خۆیان هەبووە ولەرووی خێڵەکییەوە لەلایەن بەگەکانیانەوە سەرکردایەتیکراون، ماوەیەکی زۆر (عوسمانبەگی عەبدولاّبەگ) سەرۆك خێڵیان بووە.
ئەم خێڵە لە سنووری زێدی خۆیاندا لە ناوچەکانی: (هۆرێن وشێخان) گەرمیان وکوێستانیانکردووە، بۆ بەسەربردنی وەرزی هاوین و لەگەڕان بەدوای لەوەرگە و سەرچاوەی‌ئاودا، روویانکردۆتە هەوارگەکانی (بانیبەمۆ، بانیخۆشك، کەرگەمل)، بەگزادەکانیشیان رۆیشتوونەتە باخەکانی (بنگوێز، هێجەڵە، کانیکەڵ، سیرەکان) لە بناری (چیای بەمۆ).
(شەرەفبەیانییەکان) لە کوردستانی عێراقدا (31) گوندیان ئاوەدانکردۆتەوە، گوندە گەورەکانیان ئەمانەن: (هۆرێن، بێلولە، باخەنارە، کوێرەکی گەورە، شمشێرکوڵ، کانیکرمانج، بانیبی، ژاڵەناو، ئاوبار، کەورزیناڵی، خەرکنێ و کەمتاران، سەرتەك، کانیژاڵە)، چەند خێزانێکیشیان لە (بازیان، عەربەت، زەڕایەن، دەربەندیخان، باوەنور، کەلار) نیشتەجێن، ئەو خێزانانە لە دوای راگواستنی گوندەکانیان لە ساڵی (1975ز) تائێستا لەو شوێنانەدا ماونەتەوە.
ئەم تیرەیە چەند کەسێکی خاوەن پایەی ئایینی کۆمەڵایەتی دیاریان هەبووە، لەوانە:
1-عەبدولاّبەگی گەورە، کەسێکی ناسراو و دەسەڵاتدار و ئەدەبدۆست بووە، (ناسرەدین شای قاجار) لەگەڵ خۆی بردویەتی بۆ سەردانی (کەربەلا و نەجەف).
2-یەعقووببەگ، سۆفییەکی خواناس و خەلیفەی شێخی (سیراجودین) بووە.
3-شێخ حسێنی پشتکێوی، مەنسووبێکی خاوەن پایەی (شێخ عوسمانی سیراجودین=شێخ عوسمانی تەوێڵە) بووە، پاش کۆچی دوایی (شێخ عوسمان) بە فەرمانی (شێخ عومەری بیارە) رۆیشتووە بۆ (گوندی هەرگێنە)ی ناوچەی پێنجوێن، هەتا کۆچی دواییکردووە هەر لەوێ ماوەتەوە.
4-مامۆستا مەلا ئەحمەدی کوێرەك و مەلا حەسەنی هۆرێن و مەلا حەمەینی باخەنارە و مەلا فەرەجی بێلولە، لە مەلا بەناوبانگەکان بوون، هەموو ژیانیان بۆ ئامۆژگاری و رێنمایی و پەروەردەکردنی خەڵك تەرخانکردووە، هەروەها کوێخا عەزیزی بانیبی، کوێخا موحەممەدی سەراو، کوێخا محەممەدی

شمشێرکول, کوێخا عەلی فەرەجی ژاڵەناو, کوێخا ڕۆستەمی باخەناره, کوێخا عەلی یەعقوب, لە خەڵکانی دیاری ئەم خێڵە بوون, (ئەحمەد عەبدولقادر)یش کە بە (کاکی ئەحمەد) ناسراو بووە دەستێکی باڵای هەبووە لە پزیشکی و دەرمانگەری و چارەسەرکردنی نەخۆشی بە گژوگیا.

(شەرەفبەیانییەکان) هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووەلە شۆڕشەکانیدا, (عوسمانبەگ) کە سەرۆکی خێڵەکەیان بووە لەگەڵ ژمارەیەك لە تفەنگچییەکانی دژی سوپای ئینگلیز جەنگاون, لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەیاندا فڕۆکەکانی ئینگلیز گوندەکانی (هۆرێن, دەربەندبیێلولە, کوێرەك, کانیژاڵە, سەرتەك)یان بۆمببارانکردووە, لە ئەنجامدا (کوێخا موحەممەدی شمشێرکوڵ) لە گوندی هۆرێن, (کوێخا حەمەمین) لە دەربەند بێلولە بریندار‌بوون, لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەکاتی هێرشی سوپای رووس بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان, شەرەفبەیانییەکان ئازایانە رووبەڕووی سوپای رووس جەنگاوون و زەرەروزیانێکی زۆریان پێگەیاندووە.

لە (شۆڕشی ئەیلول)دا خەڵکەکە هەموویان سۆزداری شۆڕش بوون, بارەگایەکی سەرەکی شۆڕش لە دەربەند بێلولە بووە.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا, ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە, ( 150) شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, شەهیدی فەرماندە (مەحمودی مامە عەزە) و شەهیدان (هیوا حەمە فەرەج, کاکە عەبە, ئازاد مامەعەلی, مەلاعومەر کوێخا عەزیز, حسێن حامید, نامیق عەلی تۆفیق, حەمید هۆرێنی) سەرداری ئەو نەمرانەن.

گوندەکانی (شەرەفبەیانی) بە پیشەسازییە دەستییەکان و بەرهەمهێنانی کاڵای خۆماڵی بەناوبانگ بوون, ژمارەیەکی زۆریان بە (جۆلایی, هەلاجی, خومگەری, ئاسنگەری, دروستکردنی فەرش و بەڕە و مەوج جاجم و بەرماڵ ...هتد) سەرقاڵ بوون.

خەڵکانی ئەم خێڵە زۆربەی کات بە ئاشتی لەگەڵ خێڵ و تیرەکانی دەوروبەریاندا ژیاون, لەکاتی شەڕوشۆڕی خێڵەکیشدا زۆر دەستپاکبوون, هەرگیز دەستیان بۆ سامانی خەڵکانی تر درێژ نەکردووە, بواریشیان نەداوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان و قارەمانانە دژی ناحەزانیان جەنگاون.

سەرچاوەی بژێوی شەرەفبەیانییەکان (کشتوکاڵ, باخداری, ئاژەڵداری, پەروەردەکردنی هەنگ و بەرهەمهێنانی هەنگوین)ە. ئەمە شانبەشانی پیشەسازییە دەستییەکان, چەندین پارچە باخی جوان و ڕازاوەشیان لە گوندەکانی (سەرتەك, دەربەند بێلولە, شمشێرکوڵ, کانیژاڵە, سەراو, کوێرەك, بانیبی) هەیە, باخەکانیان بە بەرهەمهێنانی (هەنجیر, هەنار, ترێ, قەیسی, هەڵوژە) بەناوبانگن, ناوچەکەشیان زۆر ئاودار و دڵگیرە هەر لەبەر ئەوەشە ساڵانە بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا دەیان هەزار کەس بۆ سەیران و گەشتوگوزار ڕوویلێدەکەن.

زۆر پێویستە لە باسی شەرەفبەیانییەکاندا ئەوە بهێنینەوە یاد, لە سەردەمی دەسەڵاتی (شا ئیسماعیلی صەفەوی[11]), فەقێ شەریف ناوێکی کردووە بە حوکمڕانی ناوچەکانی (زەهاو, خانەقین, باوەیسێ, بەمۆ, خانەشور) پێدەچێ ناوبراو هەمان (شەریف باینگان)ی باپیرە گەورەی شەرەفبەیانییەکان بووبێت.

---

[11] –دەربارەی صەفەوییەکان, مامۆستا (محەممەد ئەمین زەکیبەگ) لەلاپەڕە(163)ی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا نووسیویەتی: بنەماڵەی (صەفەوی) دەچنەوە سەر (شێخ صەفیەدین ئەردەبیلی) ناوبراو لە نێوان ساڵەکانی (1252–1334ز) لە ئەردەبیل ژیاوە, شیعەیەکی ناسراو و ئاییناس بووە خەڵکێکی زۆر خۆیان بە لایەنگر و ملکەچی زانیوە, بنەمای ڕێبازێکی سۆفیگەری دامەزراندووە, سێ کوڕی هەبووە بە ناوی (عەلی, ئیبراهیم, جونێد), پاش مردنی (جونێد)ی کوڕی بووە بە ڕێبەری ئەوڕێبازە, لەبەرئەوە کەسێکی سەرەڕۆ و شەڕانی بووە توانیویەتی (جیهانشا)ی سەکردەی (قەرەقوەینلۆ) لە (ئەردەبیل) دەربکات, لەگەڵ (ئۆزوون حەسەن) پەیوەندییەکی پتەو و دۆستانەی دامەزراندووە و لایەنگری خێڵە تورکە ڕەوەندەکانی خوارووی خۆرئاوای ئەنادۆلی بۆ خۆی مسۆگەرکردووە, لایەنگرەکانی لەبەرئەوەی شەدەی سووریان بەستووە بەسەریانەوە ناونراون (قزڵباش)، پاش کوژرانی (شێخ جونێد) لە شەڕی (شێروان)دا, (ئاققوەینلۆ)کان دەستیانگرتووە بەسەر (ئەردەبیل)دا, ساڵی(1449ز) دەوڵەتی(ئاققوەینلۆ) لەبەر دووبەرەکی خۆیان لاوازبوون, ئیتر (ئیسماعیل کوڕی شێخ جونێد) لەحەشارگەکەی هاتۆتە دەرەوە و گەڕاوەتەوە بۆ (ئەردەبیل), لە بەهاری داهاتوودا چۆتە (ئەنادۆڵ) و لەوێ سوپایەکی حەوت هەزارکەسی لە گوێڕایەڵەکانی پێکەوەناوە, سەرەتا(شیروان)ی داگیرکردووە, پاشان (ئاققوەینلۆ)کان هێرشیانکردۆتە سەر (ئیسماعیل) بەلأم زۆر بەخراپی شکاون و (ئیسماعیل) دەستی بەسەر (ئازەربایجان)دا گرتووە و تاجی پاشایی لەسەرناوە, ساڵی (1501ز) مەزهەبی شیعەی دوانزدە ئیمامی کردووە بەمەزهەبی دەوڵەتەکەی, حوکمی صەفەوییەکان هەتاکو ساڵی(1735ز) درێژەیکێشاوە, لەو ساڵەدا سەردارە ئێرانییەکان لەشاری (موغان) کۆبوونەوەێکیانکردووە, لە کۆبوونەوەیەدا (نادری ئەفشار) کە سەرکردەی سوپای (دەوڵەتیصەفەوی) بووە, بە(شای ئێران) هەڵبژێردراوە, ئەویش قایلبووە بەوەی ببێت بە(شای ئێران) بەلأم بەمەرجێك سەردارەکانی ئێرانی بەوە ڕازیبن بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لە بنەماڵەی (شاکانی صەفەوی) نەکەن جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ سەر تەختی حوکمڕانی ئێران.

## ( کەڵهوڕەکان لە پاڵەنگان و ماییدەشت و دەرەتەنگ حوکمیانکردووە )

(کەڵهوڕ) یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی کورد, دەربارەی ناوەکەیان چەند بۆچوونێك هەن بەم شێوەیە:

1–مامۆستا هەژار موکریانی لە پەراوێزی لاپەڕە (594)ی شەرەفنامەدا نووسیویەتی }کەڵهوڕ: دەچنەوە سەر (کلاهوڕ) کە یەکێك بووە لە پاڵەوانەکانی حوکمڕانی (مازیندەران) لە سەردەمی ژیانی (کەیکاوس)دا.

2–مامۆستا محەممەد ئەمین زەکی بەگ لە (خلاصة تأریخ کرد و کردستان)دا نووسیویەتی, کەڵهوڕەکان خۆیان زۆر بە ڕەگدار دەزانن, پێیان وایە لە نەوەی (ڕەهام)ن, ڕەهام ئەو سەرکردە بووە کە بە فەرمانی

(بەهمەنی کەیانی) لەشکری بردۆتە سەر (شام و میسر), هەندێك مێژوونووس و لە سەرچاوەی جیاجیادا دەڵێن: (ڕەهام=بەختنەسر)ە.
(راوڵنسن) نووسیویەتی: کەڵهوڕ زیاتر لە بیست هەزار ماڵێك دەبن, نیوەیان بەناو ئێراندا بڵاوبوونەتەوە, نیوەکەی تریان لە (زاگرۆس) دەژین, ئەو نیوەیان لە(زاگرۆس)دان دوو بەرەن:
1-بەرەی شابازی, لە کرماشان و مایيدەشت و مەندەلی دەژین.
2-بەرەی مەنسوری, لە گەیلان دەژین.
(کەڵهوڕەکان) لە چەند شوێنێك و لە سەردەمی جیاجیادا حوکمڕانیانکردووە, بۆ نموونە لە (پاڵەنگان[1])ی سەر بە(سنە),هەروەها لە(مایيدەشت) و (دەرەتەنگ), چەند حوکمڕانێکی ناوداریان هەبووە لەوانە: (غەیبوڵابەگ, قوبادبەگ, زولفەقارخان).
زولفەقارخان: سەرۆکی تیرەی (موسڵۆ)ی کەلهوڕ بووە لە سەردەمی حوکمی سوڵتان (سولەیمانی قانونی)دا, بەغدادی خستۆتە ژێردەستی خۆیەوە, لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی باڵوێزیان ئاڵوگۆڕ کردووە, بەڵام دوژمنانی کورد هەرگیز چاویان بەراییاننەداوە دەسەڵاتدارێکی کورد پەیدابێت لەخزمەتی نەخشە وپلانە گلاوەکانی ئەواندا نەبێت, هەر لەم روانگەوە لەناوخودی بنەماڵەکەی (زولفەقار خان)دا برازایەکیان کردووە بە مێملی و دواجار بەدەستی ئەو برازایەی کوژراوە.
(کەڵهوڕ) لە سەدەکانی ناوەڕاست لە شارەزووردا ژیاون, دوای شەڕی (حسەین شەهید) کە لەسەر (ئاوی شلێر) روویداوە و پێشتر ئاماژەمانپێکردووە, کەڵهوڕەکان زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی ئەمبەروئەوبەری ڕێگای (خانەقین-قەسری‌شیرین-کرماشان) کە مەڵبەندێکی سەرەکی نیشتەجێبوونی هۆزەکەیان بووە, ژمارەیەکیشیان لەناو تیرەکانی تردا بڵاوبوونەتەوە.
یەکێك لە سەرەك خێڵە ناسراوەکانی کەڵهوڕ (داود پاشا)بووە, ناوبراو پێش جەنگی جیهانی یەکەم سەرۆکی هۆزی کەڵهوڕ بووە لە ئێران, پیاوێکی ژیر و بە سەلیقە و لێهاتوو بووە هەرچەند لە سەرتاوە وەك فرۆشیارێکی بچوك کاریکردووە, بەڵام توانیویەتی دەسەڵاتێکی زۆر پەیدا بکا و بووە بە خاوەنی زەوی و زارێکی بەرفراوان, چەند ژنێکی هێناوە, یەکێکیان کچی والی (پشتکۆ) بووە, هاوکاری (سالار ئەلدەولە)ی قاجاری کردووە و دژی حکومەتەکەی (فەرمانفەرما) جەنگاوە, ساڵی (1912ز) لە شەڕێکدا لە (صەحنە) کوژراوە.
(عەباس خان)یش سەرۆکێکی تری دیار و لێهاتووی کەڵهوڕەکان بووە, ساڵی (1926ز) بە فەرمانی (رەزاشا) دەستگیر کراوە, هەتا ساڵی (1941ز) لە زینداندا ماوەتەوە, هەر لە ساڵی (1941ز) و پاش ئازادبوونی بە نوێنەری شاری کرماشان هەڵبژێردراوە.
کەڵهوڕەکانی ناوچەکانی شارەزوور و گەرمیان لە چەند بنەماڵە و بەرەبابێك پێکدێن, دیارەکانیان ئەمانەن:

1-بنەماڵەی حاجی حەمەعەلی خەلیفە

2-بنەماڵەی ڕەحیمی نوورمحەممەد

3-بنەماڵەی مەحمود ڕەحیم عەزیز

4-بنەماڵەی حەسەنی نوورمحەممەد

5-بنەماڵەی حاجی مەحمودی کەلاری

6-بنەماڵەی حاجی گوڵمحەممەد

7-بنەماڵەی حاجی قادری کۆسە

8-بنەماڵەی مرادخانی کەیانی

9-بنەماڵەی حەمەفەرەج کاکەخان کەڵهوڕ

10-بنەماڵەی حاجی مەلا حامید عەزیز

11-بنەماڵەی رۆستەم مستەفا

هەموو بنەماڵەکان ریشسپی و پیاوماقوڵی خۆیان هەبووە, لەناو یەکتریدا هاوکاری یەکبوون, هەمووشیان بنەماڵەی حاجی حەمەعەلی خەلیفەیان بە ریشسپی قبوڵکردووە.

(هۆزی کەڵهوڕ) لە کوردستانی عێراق لە گوندەکانی (لامەرکەزی, تەپەگوڵاوی, خاکوخۆڵ, شەکرالی) ناوچەی شارەزوور, (گوندی بیرکێ)ی نزیك دەربەندیخان, (گوندی بەردەسوور=شۆراوە)ی گەرمیان, (گوندی کۆسەی سەروو)ی نزیك بەکرەجۆ و لە(گوندیچەقژ)دا نیشتەجێن, چەند خێزانێکیشیان لە گوندەکانی (قازاو, نیسکەجۆ, حەسەنئاوا, داریقەڵان) لەگەڵ خەڵکانی سەربەتیرەکانی تر دەژین.

هەروەها ژمارەیەکی زۆریان لە (کەلار, دەبەندیخان, هەڵەبجەی تازە, سەیسایەق, هەڵەبجەی شەهید) و لە شارو شارۆچکەکانی تر نیشتەجێن.

لە ئێرانیشدا لە (53) گوند نیشتەجێن, گوندە گەورەکانیان ئەمانەن: (رۆسەمان, سەراوسەرچاوە, کەرەفتووباخ, کووچەقەڵا, ...هتد).

کەڵهوڕەکان چەند کەسێتییەکی دیار و ناسراویان تیاهەڵکەوتووە لەوانە:

1-مەلاعەلی: زانایەکی گەورە و دەستی شیعر نووسینی هەبووە.

2-ڕەحیمی نورمحەممەد: کەسێکی شارەزا بووە لە چارەسەر کردنی نەخۆشی بە گژوگیا و چاککردنەوەی شکاوی و لەجێچوونی دەست و قاچ.

(کەڵهوڕەکان) لە رووی فۆلکلۆری بینراو و بیستراوەوە زۆر دەوڵەمەندن, جۆرێك لە هۆرەیان هەیە پێیدەوترێ (هۆرەی کەڵهوڕی), ئەمە جۆرێکی ڕەسەنە لە هونەری گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و لە بۆنەی جیاجیادا لەلایەن دەنگخۆش و هۆرەچڕەکانییانەوە کۆڕی پێگەرمکراوە.

(هـۆزی کـەڵهوڕ) هاوکـاری (شـێخ مـەحمودی نـەمر)یـان کـردووە لـە شۆڕشـەکانیدا, چـەند سـوارێکیان ناوبـانگی بـوێری و ئازایـەتییان لـەناو تـیرە و خێڵـەکانی تـردا بڵاوبۆتـەوە لەوانـە: (عەبـەی شـاخاتوون, ئەحمەدی شاخاتوون, حەمـەی حەمـەموراد, خـواڕەحمی رەحـیم, حەمەمارچاو), سـوارێکی دلێریشـیان بەناوی (عەزیز حەسەن) لە گوندی (کانیکەوە) شەهیدکراوە.

ژمارەیـەك لـە (کـەڵهوڕەکان) بەشـداری شۆڕشـی ئـەیلولیان کـردووە, لـە (شۆڕشـی نـوێ)ی گەلەکەشماندا رۆڵی کاریگەریان گێڕاوە و چەند شەهیدێکیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە.

سەرچاوەی بـژێوی ئـەم هـۆزە کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـە و هەندێکیشـیان بـە دوکانـداری سـەرقاڵبوون بـە ئیشوکاری دەوڵەتییەوە ژیان دەگوزەرێنن, هەمووشیان هیوایـان بـە ئاییندەیـەکی گـەش و ژیـانێکی نـوێ هەیە.

---

[1]-(پاڵـەنگان) رازێکـی گـەورەی لـە مێـژووی گەلەکەمانـدا هەیـە, دەکەوێتـە خـاکی (ژاوەرۆ) و لـە پـەنای چـیای سـەربەرزی (شـاهۆ) دایـە, ماوەیـەکی زۆر شـارێکی گـەورە و مەڵبەنـدی میرایـەتی بـووە, ژمارەیـەك دەسـەڵاتداری دیاری سـەردەمی خۆیان حوکمڕانیان تێداکردووە, کۆنەشـاری (پاڵـەنگان) لەشـوێنێکی سـەختدا دروستکراوە ودەوروو‌بوری ئەوشوێنەچەند کانیاوێکی تێدایـە, ئـاوی کانیاوەکان کـە کۆدەبێتـەوە ئەوەنـدە زۆرە کـاتی خـۆی حەوت پردیان لەسەری دروستکردووە بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆ.

چـەندین شـوێنەواری کـۆن لـە پاڵنگانـدا هـەن وەك (گـەڕەکی خومخانـە, مووسـایان, شـوێنی گـەرماو, شـوێنی کۆنـەبازاڕ وشـوورای شـارەکە), هـەروەها ئـەودەروازە بەردیینـەی کـەبۆ هاتووچـۆی نـاو قەڵاکـە بـەکارهێنراوە و قولەکانی دەوروبەری شار.

(میرەکانی پاڵنگان) لەسەردەمی خۆیاندا حوکمی شەش قەڵایان کردووە بەم ناوانە:

1-قەڵای دێودزە, دێودز لە ئێستادا گوندێکە بەناوی( دێوەزناو).

2-قەڵای مرواری, مرواری لە ئێستادا گوندێکە دەکەوێتە پەنای (ملەمرواری) و لەنێوان ( بێڵەوار و ژاوەرۆدا)یە.

3-قەڵای یەمەن, ئێستا گوندێکە بەناوی (یەمێنان).

4-قـەڵای نشـوور, نشـوور ئێسـتا گوندێکـە دەکەوێتـە پـەنای چـیای (عـەودالان), سـەعاتێك بـەپێ لـە قـەڵای (نشوور)ـەوە دوورە.

5-قەڵای کێلانە, ئێستا گوندێکە بە هەمان ناوەوە.

6-قـەڵای دێزمـان, ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە لای سـەرووی (ژاوەرۆ)وە, لـەنێوان (هۆیـە) و (ئەوێهـەنگ)دایـە, ئێسـتا پێیدەوترێ (دێزملی).

ئـەم قەڵایانــە کــە ناومانهێنــان هــەموویان ســەر بــە (میرایــەتی پاڵــەنگان) بــوون, دەربــارەی مــیرە بەناوبانگـەکانی(پاڵـەنگان) ,(شـەرەفخان بەدلیسـی) لـە کتێبـی (شـەرەفنامە)دا نـاوی چـەند کەسـێکیانی هێنـاوە لەوانە:

1–(میر غەیبولاّ) لەبارەی ئەم میرەوە نووسیویەتی: میرێکی پیاو چاك و خواناس بووە, دەسەلاّتێکی زۆری هەبووەو هەمووقەڵکانی دەوروبەری خستوونەتە ژێر فەرمانییەوە, سەرەتا لەژێر فەرمانی (شائیسماعیلی صەفەوی)دا بووە.

2–(میرمحەممەدی کوڕی میر غەیبولاّ), لەلایەن (شاتاماسب)ەوە کراوە بە حوکمڕانی (پاڵەنگان), پیاوێکی (زانا, دانا, ئەدەبدۆست) بووە, دیوەخانەکەی هەمیشە کۆڕی ئەدەب و شیعر بووە, مزگەوت و خوێندنگەی ئایینی لە(پاڵەنگان)دا درووستکردوون, (مەلاجامی) کردووەبە مامۆستا و سەرپەرشتیاری خوێندنگەکە, تائێستاش شوێنەواری مزگەوتەکە ماوە.

3–(میر محەممەد), زۆر لە (شاتاماسب)ەوە نزیکبووە, بەجۆرێك کچێکی بووە بە هاوسەری شا.

4–(میرئەسکەندەر), تەنها ساڵێك حوکمیکردووە.

لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (میر حسێن تەکلۆی میری دینەوەر) پاش ئەوەی هەواڵی مردنی( میر ئەسکەندەر)ی بیستووە, بەلەشکرێکی زۆر گەورەوە هاتۆتە سەر(پاڵەنگان) و داگیریکردووە, ناوچەکەی خستۆتە ژێر دەسەلاّتی خۆیەوە, (حسێن تەکلۆ) کەسێکی ستەمکارو خوێنڕێژ بووە, تەنانەت براکانی خۆی لێیترساون, (سوڵتان حەسەن تەکلۆ)ی برای لەترسی ئەودا ڕایکردووە و پەنای بۆ لای (مەحمود پاشای کوڕی شەمسیپاشای میریمیرانی شارەزوور) بردووە, پاش مردنی(شائیسماعیلی دووەمیصەفەوی), (وەڵیخان تەکلۆی میریهەمەدان) پاڵەنگانی داگیرکردووە, (سۆلاغ حسێن تەکلۆ)ی کوشتووە, لەگەرمەی هێرشەکەی (وەڵیخان تەکلۆ)دا بۆ سەر (پاڵەنگان), (مەحمود پاشای میریمیرانی شارەزوور) هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکە و گرتوویەتی, ئیتر لەو کاتەوە (میرایەتی پاڵەنگان) لەلایەن عوسمانییەکانەوە هەر کاتێك دراوە بە کەسێك, بەتایبەت بەو کەسانەی کە لەبەرژەوەندی ئەواندا هەڵسووڕون و هەمووشیان بەناوچەکە بێگانە بوون.

**( دەربەند فەقەرەیی لەگەڵ تیرەکانی دەوروبەریان بە ئاشتی ژیاون )**

(دەربەند فەقەرەیی) تیرەیەکن لە هۆزی ( زەنگەنە), دەچنەوە سەر (حەمەئاغای دەربەند فەقەرە[1]), (حەمەئاغا کوڕی میرسمایل کوڕی نەوشیروانبەگ)ی زەنگەنەیە, ساڵی (1594ز) لە ئەنجامی ناکۆکی بەینی (نەوشیروانبەگ) و دەسەلاّتدارانی (صەفەوی), ناوبراو لە ناوچەی (کرماشان)ەوە کۆچیکردووە و هاتۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی, لەگوندی (گەڕاو)ی ناوچەی (گل) نیشتەجێبووە و میرایەتیکردووە, پاش کۆچی دوایی (میر سمایل) (ئەحمەدبەگ)ی کوڕی کراوە بە (میر) و لە (سەرای خورمادار)دا حوکمڕانیکردووە, دەربارەی (سەرای خورمادار) مامۆستا (صدیقی بۆرەکەیی) لە کتێبی مێژووی ویژەی کوردی– بەرگی یەکەم)دا نووسیویەتی و دەڵێ: (گوندی خورمادار) هەمان (گوندی قەیتوول)ی ئێستایە, لەسەرەتای میرایەتی (ئەحمەدبەگ) هەردوو برا پێکەوە زۆر کۆکبوون, (حەمە ئاغا) لە بەڕێوەبردنی ئیش وکاردا هاوکاری (ئەحمەدبەگ)ی کردووە, پاش چەند ساڵێك لە (ئەحمەد بەگ)ی برای زویربووە و سەرای خورماداری بەجێهێشتووە ڕۆیشتووە بۆ ناوچەی (کرماشان), صەفەوییەکان ڕێزیانلێگرتووە و حوکمی ناوچەی (جوانڕۆ)یان پێسپاردووە, هەرچەندە (حەمەئاغا) کراوە بە دەسەلاّتداری (جوانڕۆ) بەلاّم نەیتوانیوە ماوەیەکی زۆر لە سەر کارەکەی بمێنێتەوە, بە نیازی گەڕانەوە

بۆ مەڵبەندی دایکزادی خۆی بەشارەزووردا تێپەڕیوە, روویکردۆتە گوندی (دەربەند فەقەرە) و لەوەیَ نیشتەجێبووە, ئەم تیرەیە لە چەند بنەماڵەو بەرەباب پێکدێن بەم ناوانە:

1–بنەماڵەی مستەفائاغایی

2–بنەماڵەی یونسئاغایی

3–بنەماڵەیئەحمەدئاغایی

هەردوو بنەماڵەی (یونسئاغایی و ئەحمەدئاغایی) لەگوندەکانی (دەربەندفەقەرە, ژاڵەی بەردەربەند) نیشتەجێبوون, (یونسئاغایی)یەکانیش لەناوچەی خانەقین, بنەماڵەکانیش هەر یەکەو ریشسپی و پیاوماقوڵی خۆیان هەبووە و گوێڕایەڵیانبوون.

(دەربەندفەقەرەییەکان) لەوەرزی هاویندا بە مەبەستی گەڕان بە دوای لەوەڕگەو سەرچاوەی ئاودا بۆ ئاژەڵەکانیان, رووبانکردۆتە هەوارگەکانی (باخی مستەفائاغا, کانیحاکمیَ), بێجگەو لەوانەشیان لەگوندەکانی (دەربەند فەقەرە, ژاڵەیبەردەربەند) و لە ناوچەی خانەقیندا ژیاون, ژمارەیێکی زۆریان ئێستا لە (کفری, کەلار, شارۆچکەی عەربەت) و ناوشاری سلێمانیدا نیشتەجێن.

(تیرەیدەربەند فەقەرەیی) ژمارەیێك کەسێتی دیاریان تێدا هەڵکەوتووە, وەك (حاجی حەسەن, حاجی تۆفیق) لە (دەربەند فەقەرە) و (کوێخا خەڵەف, عەبدولکەریمئاغا) لە (ژاڵەی بەردەربەند) و (حاجی ئەمین) لە ( خانەقین) کە هەمیشە بەدەم هاوکاریکردنی خەڵکی ناوچەکەیان و چارەسەرکردنی کێشە خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بوون, (عەلی مەحمود ئەحمەد)ی کوێخای (دەربەندفەقەرە)ش شارەزایەکی باشی لەپزیشکی میللی و چارەسەرکردنی نەخۆشیدا هەبووە ودەست وقاچی شکاو و لەجێچووشی گرتۆتەوە.

ئەم تیرەیە تێکەڵاوی تەواویان لەگەڵ تیرەکانی دەوروبەریاندا هەبووە, بەتایبەت لەگەڵ (رۆغزایی, مکایەڵی, تەرخانی) لە (ئێلی مورادی) و لەگەڵ هەمەوەندەکانیش بەهەمان شێوە بوون, هەرگیز کێشەو ناکۆکییان لەگەڵ ئەو تیرانەدا نەبووە, لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتریان کردووە.

(حەمەئاغا) باپیرە گەورەیان, شاعیرێکی دیارو ناودار بووە, سۆزەکەی بۆ (لەیلێی) خۆشەویستی بووە بە هەوێنی هۆنینەوەی چەندین پارچە شیعری شیرین و ناسك کە وەك سامانێکی گرانبەها لەپاش خۆی بۆ کاروانی وێژەو رۆشنبیری گەلەکەمان بەجێماون, ناوبراو دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ میرەکانیبابانـدا هەبووە بەتایبەت (ئەوڕەحمان پاشای میری بەبە), هەتا ئەو رادەیەیشیعریان لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ کردووە بەتایبەت شیعری توانجئامێز, چەند جارێکیش (میری بەبە) سەردانیکردووە لە (دەربەندفەقەرە), پێدەچێ هەندێك بڵێن: ئەگەر خۆشەویستی زێدو دووری لەخزم وخۆشەویستان وایکردووە لە (حەمەئاغا) حوکمڕانی (جوانڕۆ) بەجێبهێڵێ, ئەی بۆ لە (دەربەند فەقەرە) نیشتەجێبووە و نەگەڕاوەتەوە ناو خزمانی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین: ئەم شاعیرەمان لەگوندی (دەربەندفەقەرە) کەوتۆتە داوی خۆشەویشتی شۆخێکی ئەو گوندەوە کە لە شیعرەکانیدا زۆربەتاسەوە لاواندویەتییەوە, لەگەڵیدا

مـالْ وهاوسـەرێتی پێکـەوەناوە, بـەڵام پـاش ماوەیـەکی کـورت (حەمـەئاغا)ی بەجێهێشـتوە وکۆچـی دواییکــردووە, لەلایەکــەوە کۆچــی دوایــی هاوســەرە خۆشەویســتەکەی و لەلایەیــەکی تــرەوە دۆسـتایەتییەکەی لەگـەڵ (میریبەبـە) بـوون بەرێگرلـە بەردەمیـدا و بواریاننـەداوە بگەڕێتـەوە بـۆ (سـەرای خۆرمادار).

(دەربەندفەقەرەییـەکان) خـاوەن هەڵوێستیشۆڕشـگێڕانەو دڵسـۆزی کێشـەی گەلەکـەیان بـوون, هاوکـاری (شێخ مەحمودینەمر)یان کردووە, چەند جەنگاوەرێکیان دژی سوپای ئینگلیز جەنگاون لەوانە:

1-(حاجیحەسەنی دەربەندفەقەرە) ناوبراو یەکێك بووە لە سوارەکانی(خەلیفە یونسی رۆغزایی).

2-(کوێخاخەڵەفی ژاڵەی بەردەربەند).

3-(باوەجان)یش یەکێك بووە لەو جەنگاوەرانەی هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەکانی (شێخ مەحمودینەمر)دا دژی داگیرکـاران جـەنگاوە, نـاوبراو کەرۆیشـتووە بۆشـەر ئیتر نەگەڕاوەتـەوە و پاشـانیش هـیچ هـەواڵێکی نەزانراوە.

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا گوندەکانیان بنکە و بارەگای شـۆڕش و شـوێنی حەوانـەوەی پێشـمەرگە بوون, بیست شەهیدی قارەمانیان بەکاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, ژمارەیەکیشیان لـە(گونـدی ژاڵەی بەردەربەند) بەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتوون.

سەرچـاوەی بـژێویان کشـتوکاڵ وئاژەڵدارییـە, هەندێکیشـیان بـە کاسـپیکردن و تێکـەڵاوبوون لەگـەڵ کاروبـاری دەوڵەتیـدا سـەرقاڵن, گوندەکانیشـیان لـەدوای ڕاپەڕینـەوە بـەرگی ژیـانی نوێیـان پۆشـیوە و گوندنشینەکان هەردەم چاویان لە ئاسۆی ئاشتی وئاسوودەیی و خۆشگوزەرانییە.

---

[1] -تائێستاش لەنێوەندە ئەدەبییەکانـدا و لـەنێوان زۆرێـك لەئەدەبدۆسـتاندا, مشـت ومڕێك هەیـە لەسـەر ئـەوەی ئایـا شـیعری (گڵکـۆی تـازەی لـەیل) شـیعری (حەمـەئاغای دەربەنـد فەقـەرە) یـە یـاخود شـیعری (ئەحمـەد بـەگی کۆماسی)؟ مامۆستا (محەممەد بەهائودین مەلا صاحب) کە نازناوی (دانای هەورامی) یە, لە کتێبی (پیشالیاری زەڕدەشتی) ولەپەراوێزی لاپـەرە (80 )دا نووسـیویەتی: هەرچـەندە تائێشـتا لـە سـێ نامیلکـەو گۆڤـاردا شـیعری (گڵکـۆی تـازەی لـەیل) بـە هینـی (حەمـەئاغا) ناسـێنراوە, بـەڵام ئـەم شـیعرە هینـی حەمـەئاغا نییـە, مامۆسـتا (عەبدوڵای گەڵاڵە) لـە کەشـکۆڵەکەیدا نووسـیەیەتی: (حەمـەئاغای دەربەنـد فەقـەرە)ش شـیعرێکی هەیـە بـەناوی (گڵکۆی تازەی یار), تا ئێرە پەراوێزەکەی (دانای هەورامی) یە, ئەگەر بەراوردی ئەو دوو پارچە شیعرە بکەین لە مانا گشتییەکەیاندا لە یەکدەچن, بەڵام لە وردەکارییەکاندا زۆر لە یەکتر جیازوان, هەر چـەندە هـەردوو شـیعرەکە بــــە شــــێوەزاری (گــــۆران) نووســــراون, ئاشکراشــــە کــــە خــــەڵکانی (هــــەورامان ,زەنگەنــــە, باجەلان,یاریسانەکان=ئەهلیحەق, شەبەکەکانیدەورووبەری (موسڵ), دانیشتوانیکەدەندۆڵە..هتد) بـەم شـێوە زارە قسـەیانکردووە و تائێسـتاش زۆربـەیان قسـەپێدەکەن, بەتایبـەت خـەڵکانی (هـەورامان وکەندۆڵـەو هەنـدێك

لەبەتەمەنـــەکانی ئـــەو هـــۆزوو ناوچـــانەی ئاماژەمـــانپێکردن, هـــەروەها (یاریســـانەکان) سروودوپەخشـــان و موناجاتەکانیان کە لە دەفتەرە پیرۆزەکانیانـدان لەسـەر ئـەم شێوەزارەن, بە تایبـەت کتێبی پیرۆزی (سـەرەنجام) بێجگـە لـەو بەشـەی کـەناوی دەفتـەری (عابـدینی جـاف)ـە, بـەڵام بـەپێی جیاوازی ناوچـەکان هەنـدێك جیـاوازی بچووك لە شێوەی قسەکردن لەناویاندا بەدیدەکرێن, لێرەدا چەند دێڕێك لـە هـەردوو شیعرەکە دەنووسینەوە بـۆ ئەو کەسەی مەبەستیبێت شتێك لەو بارەوە ساغبکاتەوە:

1-گڵکۆی تازەی لەیل:

گڵکۆی تازەی لەیل گڵکۆی تازەی لەیل ئارۆ شیم وەسەیر گڵکۆی تازەی لەیل

نەپەنای مەزار ئەو لەیلی پرمــــــەیل جە دیدەم واران ئەسرینان چون سەیل

واتم ئەی دڵسوز قەیسی پر نەکـــــولْ مبارەکت بو یانەی تەنیـــــای چـــولْ

گرەی ناری عەشق دووری باڵای تـــو کـــاریْ پێم کەردەن نەونەمــــــام نو

هەتاکو دەفەرمیْ:

سەنگی رووی لەحەد پێم کەردەن کاری قەتـران نەتەرحــــــی سیـــــادەواری

دەسەڵات نیەن دەستـــــم بەسیـــــان هــــــەر نەسای یاران من یانەم جیان

2- گڵکۆی تازەی یار:

گلکۆی تارەی یـــار گڵکۆی تازەی یـار ئارۆ شیم وە سەیر گڵکۆی تازەی یار

خەیلیْ رووکەرو نەپای ئەو مــەزار واتم زوڵەیخای شوخی خاتــــردار

یەچە کۆچی بیْ ناوەعدەکەردی من مەندم پەی داخ هەناسە سەردی

یا تو خاترت هەرجە من ئیشان یا تورت کەردەن جە قەوم و خوێشان

لێــرەدا دەمــەویْ بڵــێم, شــتێکی دیــارو ئاشــکرایە کــە شــاعیری گــەورەمان (ئەحمــەد بــەگی کۆماســی) لــە (تیرەیکۆماســی) یــە کــە یــەکێکن لــە تیرەکــانی ســنووری ناوچــەی (مــەریوان) و ســاڵی(1798ز) لــە گونــدی (بەردەسپی) مەریواندا لە دایکبووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە, ئاشکراشە تێکەڵاوییەکی لەڕادە بەدەر هەر لە کۆنـەوە و ئێستاشـی لەگەڵـدابێت لـە بـەینی خـەڵکی (هـەورامان) و(مـەریوان) دا هەیـە, هەرلـە ژن و ژنخوازییـەوە بیگرە هەتاکو هاوچارەنووسیان لە زۆربەی کاتەکاندا, چەندین جار لە یەك سەنگەردا دژی داگیرکاران جەنگاون, ژمـارەێکی زۆر لـە گونـدەکانی هـەورامان سـەر بەسـنووری ئیـداری مـەریوانن,خـەڵکی کرمانجیزمـانی مـەریوان

بەتێکــەڵاوی لەگــەڵ هەورامییەکانــدا لــە هەنــدێك لــە گوندەکانیناوچــەکەدا دەژیــین, فۆلکلــۆری هــەورامان کاریگەرییــەکی زۆری بەســەر خەڵکە ناهەورامییــەکانی مــەریوان ودەوروبەرییــەوە هــەبووە و هەیــە, تائێســتاش ژمارەیــەك لــە گۆرانیبێــژەکانیان گــۆرانی هــەورامی دەچــڕن, هــەروەها مەریوانییــەکان بــۆ (پۆشــاك و پــاپۆش) بەرهــەمی پیشەســازییە دەســتییەکانی هــەورامان بــەکاردەهێنن وەك (شــاڵ, کوڵــەباڵ, کلاشــی هــەورامی), لێــرەوە بۆماندەردەکەوێ کە شتێکی زۆر ئاساییە (ئەحمــەد بــەگی کۆماســی) یــش لــەژێر کاریگــەری شــێوەی قســەکردنی خەڵکی هەورامانــدا بووبێــت, شــیعری (گڵکــۆی تــازەی لــەیل) دەقــاودەق بــەو شــێوە قســەکردنە هۆنراوەتــەوە کــە شێوەی قسەکردنی خەڵکی هەورامانە, بــەڵام (گڵکــۆی تــازەی یــار لــە وردەکارییــەکانــدا کــەمێك جیــاوازترە و زیــاتر لەشێوەی قســەکردنی زەنگەنەکانــەوە نزیکــە, بــەم بەراوردکردنــە ئــەوەمان بــۆ ســاغدەبێتەوزە, کــە(گڵکــۆی تــازەی لەیل) شیعری (ئەحمەدبەگی کۆماسی) و (گڵکۆی تازەی یار) یش شیعری (حەمەئاغای دەربەند فەقەرە)یە.

**( سۆفیوەن لە سەرەتـاوە لە نـاوچەی کولیاییدا نیشتەجێبوون )**

(سۆفیوەن) خێڵێکی کوردن, خەڵکانیخێڵەکە دەڵێن لە گەڵ (هەمەوەنــد و رەمەوەنــد) دەچــنەوە ســەر یــەك رەچەڵەك, باپیرە گــەورەیان کەســێك بــووە بــە نــاوی (خــودادی), نــاوبراو لــە ســەدەی هەژدەیــەمی زاییــنیدا لەناوچــەی(کولیــایی) لــە کوردســتان ئێرانــدا ژیــاوە, ســێ کــوڕی هــەبووە بــە نــاوەکــانی (ســەفا, رەشــید, رەمەزان), دایکیان نــاوی (وەنــەوش) بــووە, هەرســێ کوڕەکــەش بەنــاوی دایکییانــەوە پێیــانوتراوە (ســەفای وەنە, رەشەی وەنە, رەمەی وەنە), وەك دەزانرێ لەناوکوردەواریدا زۆر جار ناو کورتدەکرێتــەوە و گــۆڕان بەسەردادەهێنرێت, هەر لەو روانگەوە بەنەوەکانی (سەفای وەنە) وتراوە (سۆفیوەن).

(د.محەمــەد عــەلی ســوڵتانی) لــە کتێبــی (ایــلات و طوائــف کرماشــاهان)ی بــەرگی دووەمــدا نووســیویەتی: وشەی (وەند) بــەمانای (دارا=خــاوەن) دێــت, باســیشی لــەوە کــردووە کــە هــۆزی هەمەوەنــد دەبــن بــە پێــنج تیرەی سەرەکییەوە بەم ناوانە:

1–بەگزادەکان, کە پێیانوتراوە (چەلەبی).

2–رەشەوەند, باپیرەگەورەیان ناوی (رەشید) بووە.

3–صەفەروەند, باپیرەگەورەیان ناوی (صەفەر) بووە.

4–رەمەوەند, باپیرەگەورەیان ناوی (رەمەزان) بووە.

5–سێتە بەسەر, ئەمانــە لەبنەڕەتــدا (جــاف) بــوون, دووســەدســاڵ لەمەوبــەر هاتوونەتــە نــاو هەمەوەنــدەوە, بەڵام بەپێی بۆچوونی مامۆستا (عەلائەدین سەجادی), ئەم تیرەیــە جــاف نــین و لــە بنەڕەتــدا دەچــنەوەســەر (هەمەوەند).

لێرەوە دەگەینە ئەنجامگیرییەك کە پێدەچێ (سۆفیوەن) لە بنەڕەتدا ئەو صەفەروەندانە بن لــە ســەرچاوەی ئاماژە پێکراودا ناویانهاتووە.

مامۆستا (عەلائەدینی سەجادی) لە پەراوێزی چاپی دووەمی (مێژووی ئەدەبی کــوردی)دا نووســیویەتی: لە دەوروبەری ساڵانی (1700ز) کەسێك بەناوی (خواداده شەل) لە خێڵی (هەمەوەنــد) کــە لــە دەوروبــەری

(کرماشان) ژیاوە، بەناوبانگی (شێخ رەزای هەنگەژاڵ)ـەوە، بەناوچەی زەهاودا دێت بۆ بناری پێنجوێن و دەچێتە گوندی (هەنگەژاڵ) و دەبێت بە دەروێشی شێخ، پاش ماوەیەك (شێخ رەزا) لە (هۆزی تیلەکۆ) ژنێکی بۆ دەهێنێت، لەو ژنە چوارکوڕی دەبێت بەناوی (یادگار کە بە چەلەبی ناسراوبووە، رەمەزان، رەشید، سەفەر)، زۆری پێنەچووە ئەم بەرەبابانە لە گوندی (هانەژاڵ)ـەوە باریانکردووە و چوونەتە دەشتی (بازیان) و ناوچەی (چەمچەماڵ)ی ئێستا و خانوویان درووستکردووە، ووردەووردە پەرەیان سەندووە و هەرچوارتیرەی (چەلەبی=بەگزادەکان، رەمەوەند، رەشەوەند، سەفەروەند)یان لێدروستبووە.
(سۆفیوەنەکان) لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا بە دووکۆمەڵ هاتوونەتە کوردستانی عێراق، هەر کۆمەڵێکیان نزیکەی (150) ماڵێك بوون، کۆمەڵێکیان لە ناوچەی گەرمیان لە گوندەکانی (زاوت، ئاوەسپی) نیشتەجێبوون، کۆمەڵەکەی تریان لە گوندەکانی (شێخ وەیساوا، کانیگۆمە، باوەمردە، کەڵەبەنان) نیشتەجێبوون،ئەم خێڵە لە چەند ینەماڵەو بەرەبابێك پێکدێن بەم ناوانە:
1-بنەماڵەی موسا
2-بنەماڵەی سەرفراز
3-بنەماڵەی رەزای سەمین
ئەم بنەماڵانەش ریشسپی و پیاو ماقوڵی خۆیان هەبووە، هەموو بنەماڵەکانیش بەریشسپێتی (عوسمانی کامەلا و مستەفای قادر) قایلبوون، هەتا ئێستاش هەموو سۆفیوەنەکان لەرووی داب و نەریتی خێڵەکییەوە لە گەڵ کوڕوکوڕەزاکانیان بەهەمان شێوە رەفتاردەکەن.
لەگەڵ بەردەوامیوونی ژمارەی خێزانەکانی (سۆفیوەن) لەچەند گوندێکی تر نیشتەجێبوون، وەك (موانی حەمەی حەسەن) لە شارەزوور، ئەم گوندە ساڵی (1925ز) (حەمەی حەسەن) ئاوەدانیکردۆتەوە، هەروەها ژمارەیەکیان لە گوندەکانی (نوورەی سەروو، نوورەی خواروو، بایجان، یەکماڵە، وڕێڵە، قازانقایە، موانیمیرزا) نیشتەجێن، چەند خێزانێکیشیان لە (هەڵەبجەی تازە، سەیسایەق، باوەنوور، کەلار، چەمچەماڵ) و لە ناوشاری سلێمانیدا دەژین، لە ناوچەکانی (مایدەشت و کولیایی)یش (20) گوندیان هەیە، گوندی(کانیدینار) یەکێکە لەگوندە گەورەکانیان.
ئەم خێڵە چەند کەسێکی دیارو ناسراویان تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە:
1-عوسمان کامەلا، پیاوێکی دیاری رۆژی خۆی بووە، لەگەڵ بابانییەکاندا پەیوەندی توندو تۆڵی هەبووە، دژی تورکەکان جەنگاوە و ئازایەتییێکی کەمنموونەی نواندووە، لەشەڕێکدا لە ناوچەی (زەنگاباد) کوژراوە، لەو شەڕەدا سێ جەنگاوەری تری سۆفیوەنی لەگەڵدابووە بەناوەکانی (رەزای نادر، حەمەی حەمەمراد، فارسە قەڵەو).
2-تۆفیق مستەفا قادر، پیاوێکی ئازاو لێهاتوو بووە، لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی سۆفیوەن هاوکاری (شێخ مەحمودی مەلیك)یان کردووە، لە هەموو شەڕەکاندا بەشدارییانکردووە، لە(شەڕی ئاوباریك)دا

(محەممەد حەسەن) بریندار بووە, هەروەها (کوێخامەجید و حاجی ڕەزا) دووجەنگاوەری تری ئەم خێڵە بوون کە لەو شەڕەدا بەشدارییانکردووە.

لە کاتی سازدانی چاوپێکەوتن لە گەڵ ژمارەیێك لە خەڵکانی (سۆفیوەن) قسەیان لەوە کرد گوایا (ڕەزای‌نادر) لەشەڕی ئاوباریدا کوژراوە, پێشتریش باسیان لەوەکرد ناوبراو لەگەڵ (عوسمانی‌کامەلا) هاوشانی بابانییەکان دژی تورك جەنگاوە, ئەگەر کەمێك لەو دوو دەربڕینە رامێنین بۆماندەردەکەوێ یەکێکیان هەڵەیە, ئاشکرایە حوکمڕانی بابانییەکان لەساڵی(1848ز) کۆتاییپێهاتووە, جائەگەر (ڕەزای نادر) لەدواساڵەکانی ئەوحوکمڕانییەشدا شەڕی تورکی کردبێت, بۆ شەڕی ئاوباریك ئەگەر لە ژیانیشدا مابێت تەمەنی زۆر گەورەبووە, کەواتە دەبێت ئەو ڕەزاناوە دووکەس بووبن.

(سۆفیوەنەکان) لەڕووی فۆلکلۆری بیستراوەوە لەژێر کاریگەری گۆرانی و شیعری فۆلکلۆری ناوچەی شارەزووردان, ژمارەیەك گۆرانیبێژی دەنگخۆش و هۆرەچڕ و شمشاڵژەنی دیاریان هەبووە, لەوانە: (حەمە ساڵح مەحمود, محەممەدی ئەمین, ڕەزای ڕەحیم) کە لە شایی و زەماوەندەکاندا کۆڕی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکیان گەرمکردووە, لە بواری فۆلکلۆری بینراویشدا وەستای دیار و بەسەلیقەیان هەبووە بۆ دروستکردنی (مەوج, جاجم, بەڕە, فەرش, هۆڕ, خورج ...هتد) کە لە ژیانی ئەوڕۆژانەدا بایەخی زۆریان هەبووە.

سەرچاوەی بژێوی سۆفیوەنەکان کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە, لەبەر ئەوەی زۆربەی زەویەکانیشیان بەراون ساڵانە داهاتێکی باش بەدەستدەهێنن, بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی (لۆکە, گوڵەبڕۆژە, کونجی, تەڕەکاڵ) لەگەڵ بەرهەمهێنانی (نۆك, گەنم, جۆ) لەو زەویانەی کە ئاونادرێن.

(سۆفیوەن) بەردەوام لەگەڵ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بوون بەشداری دیاریان لە (شۆڕشی ئەیلول)دا کردووە, لە (شۆڕی نوێ)ی گەلەکەماندا ژمارەیەك لە خێزانەکانیان لە گەرمیان و ناوچەی چەمچەماڵ بەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتوون, پۆلێك شەهیدی قارەمانیان بەکاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە, شەهیدان (هیوا حەمە ڕەزا, بارام سەمین ئەمین, بارام حەمەساڵح مەحمود, تەها حەمەمین, عەتا جەیران) چەند کەسێکن لەو نەمرانە.

ژمارەی خێزانەکانی (سۆفیوەن) لە گوندەکانیان لە ناوچەی شارەزوور و لە گوندەکانی تری نزیك (سلێمانی و چەمچەماڵ و گەرمیان و قەرەداغ) و شوێنەکانی تردا زیاتر لە هەزار خێزانن, دراوسێی کۆمەڵێك هۆز و خێڵ و تیرەی ترن, یان لە هەندێ گوند هاوشان لەگەڵ ئەو تیرە و خێڵانەدا بێکێشە و ناکۆکی دەژین, لەناو خۆشیاندا هەردەم لە خۆشی و ناخۆشیدا بەدەم یەکترەوەن, بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی دڵساف و بێوەین, ئیشکەر و گورجوگۆڵن بۆ دابینکردنی گوزەرانیان ڕەنج و ماندوبوون دەکێشن بۆ ژیانێکی باشتر هەمیشە لە تێکۆشاندان.

**( گڵێجاڵییەکان وەرزی هاوینیان لە هەوارگەکانی دەوروبەریاندا بەسەربردووە )**

(گلێجاڵ) گوندێکی ئاوەدانی کوردستانە, سەرەتای درووستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1469ز), لەو ساڵەدا چوارکەس بەناوەکانی (خەلیفە, حەسەن, نەدروەیس, ئەوڕەحیم) بەخۆیان و خێزانیانەوە لە ناوچەی (جوانڕۆ)وە هاتوونەتە بناریچیای (خۆشك) و لەویَ خانوویان درووستکردووە, دەربارەی ناوی گوندەکە, گلێجاڵییەکان دەڵێن: لەبەرئەوەی ئەو شوێنەی خانووەکانیان تێدا درووستکردووە, شوێنێکی چاڵاوی وخۆڵەکەشیگەچاوییە و بۆ سواقدانی دیوی ناوەوەی خانووەکانیان بەکاریانهێناوە, پێیانوتووە (گلێجان, گلێچاڵ) و پاشان ناوەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بووە بە (گلێجاڵ) بەخەڵکی گوندەکەش وتراوە(گلێجاڵی), لە ساڵەکانی دواتردا چەند خێزانێکیتر لەهەمان ناوچەوە هاتوونەتە (گلێجاڵ) تێیدا نیشتەجێبوون, ئیتر چەند بنەماڵەیێك لەگوندەکەدا درووستبوون بەم ناوانە:

1-بنەماڵەی مەلا محەممەدی ئەسپەری

2-بنەماڵەی فەقیٚ شەریف

3-بنەماڵەی هاجی وەیس

4-بنەماڵەی رەزاوەیس

5-بنەماڵەی شێخ پیرە

6-بنەماڵەی عوسمان

(گلێجاڵییەکان) هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش, بۆ بەسەربردنی وەرزی هاوین ولەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان روودەکەنە هەوارگەکانی دەوروبەری گوندەکەیان وەك: (کانیگەچێن, سماقە, سەوەردە, کانیپانکیٚ, کانیچنار), ئەو هەوارگانەش بە کانیاوی سارد ولەوەڕگەی باش بەناوبانگن.

لە (گلێجاڵ)دا ژمارەیێك کەسێتی دیار و مەلای ئایینیناسراو هەڵکەوتوون بەم ناوانە:

1-(مەلامحەممەد گلێجاڵی, مەلافەتاح گلێجاڵی) دوو زانای ئایینی بەناوبانگ بوون, لە(گوندی گلێجاڵ)دا خوێندنگەیەکی ئایینیان کردۆتەوە و ژمارەیەك فەقیٚ کەپاشان بوون بە مەلای ناسراو لەو خوێندنگەیە خوێندوویانە و ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە.

2-عەزەمی باپیر, سۆفییێکی خواناس بوە, رێوڕەچەی نەقشبەندی لەژێر دەستی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانەدا وەرگرتووە, هەمیشە خەریکی خواپەرستی و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی ناوچەکە بووە, لای خەڵکەکە زۆر رێزی لێگیراوەو بە کەسێکی پیرۆزیان زانیوە.

هەندیٚ بەڵگە هەن ئەوە دەسەلمێنن گوندی (گلێجاڵ) هەر لە کۆنەوە ئاوەدانکراوەتەوە, بوونی پێنج (ئاشی ئاو) لە گوندەکەدا کە تا ئێستاش شوێنەواریان دیارە یەکێکە لەو بەڵگانە.

گلێجاڵییەکان لە رووی فۆلکلۆری بینراو و بیستراوەوە زۆر دەوڵەمەندن, ژمارەیەك وەستای دەسترەنگینیان هەبووە کە لە پیشە دەستییەکاندا کارییانکردووە, هەریەك لە (زێبا محەممەد,


www.pertwk.com

ئامینەفەتحولاّ, کافیەعەبدولاّ) وەستای کارامەی درووستکردنی (بەڕە, مەوج, جاجم, هۆڕ, دەوار, خورج) بوون.
هەریەك لە (حەمەمین عەزیز, حەمەساڵح عەزەم ,نووریفەتاح, عەلیشێخ عارف)یش گۆرانیبێژی دەنگخۆش و بەناوبانگن, هەمیشە سەرێکی دیاربوون لە شایی و ئاهەنگەکاندا و رەژبەڵەکانیان گەرمکردووە.
خەڵکی(گڵێجاڵ) ئەنجومەنێکیان بووە لەریشسپی و پیاوماقوڵانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ناوخۆیاندا یان لەگەڵ تیرەکانی تری دەوروبەریاندا درووستبوون, دیارە ئەوەش ئەزموونێکی باش بووە لە هەڵسووڕانی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەشێوەیکی دەستەکۆمەڵ, ئەوجۆرە ئەنجومەنەش هەر لەکۆنەوە لەناویاندا هەبووە, بەپێی قسەی ریشسپییەکانیان ئەمانە ژمارەیەکن لە ناوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە: (مەلامحەممەد,مستەفای وسێن, مەلافەرەج, عەزیزئەحمەد,رەمەزان محەممەد, دەروێش محەممەد, فەتایپەریزاد, عەبدولقادر عەبدولرەحیم, مەحمودمحەممەد).
سەرچاوەی بژێوی (گڵێجاڵییەکان) بەشێوەیکی گشتی ئاژەڵدارییە,ناوچەکەیان زۆر لەبارە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ, کشتوکاڵیش بەپلەی دووەم دێت بەتایبەت بەرهەمهێنانی(گەنم, جۆ, چەڵتووك, تووتن, ماش, کونجی, تەڕەکاڵ), چەند پارچە باخێکیشیان هەیە میوەی جۆرجۆریان تیا بەرهەمدەهێنن بەتایبەت(هەنار, هەنجیر, هەڵووژە, ترێ, قۆخ), سەرای ئەم سەرچاوانەی باسمانکردن ژمارەێکیشیان سەرقاڵی کاروباری دەوڵەتین.
گوندی (گڵێجاڵ) لە بەر ئەوەی هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوەگوندێکی ئازادکراو بووە بنکەو بارەگای پێشسەمەرگە بووە, خەڵکەکە بەشێوەیکی گشتی پێشەرگەو هاوکاری شۆڕش بوون, ساڵەکانی(1974,1963ز) فڕۆکەی ڕژێم بۆمببارانیکردوون, ژمارەیەکیان شەهید بوون لەوانە: (نووریمەحمود, جەمال عەبدولاّشەریف, جەلال عەبدولاّشەریف), (حەسەن عەلی مستەفا)ش برینداز بووە, لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەشماندا ژمارەیەك شەهیدی قارەمانیشیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە وەك شەهیدان: (صادق گڵێجاڵی, فەتاح ئەحمەد, ئەحمەدمەلاعەزیز,حاجی مەحمودعەبدولاّ).
ساڵی(1978ز) ناوچەکەیان راگوێزراوە و خەڵکەکە لەکۆمەڵگەی (زەڕایەن) نیشتەجێکراوون, تائێستاش ژمارەێکی زۆریان لەو کۆمەڵگەیەدا دەژین, چەند خێزانێکیشیان لە (سلێمانی, هەڵەبجەی تازە, هەڵەبجەی شەهید, دەربەندیخان) نیشتەجێن, لە کوردستانی (ئێرن)یش لەناوچەکانی (روانسەر,جوانرۆ)دا نیشتەجێن.
پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی (1991) ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە گوندەکەیان وئاوەدانیانکردۆتەوە.

## (کۆچی شێخە مەردۆخییکان لە شامەوە بۆ دەشتی شامیان)


www.pertwk.com

بەگەڕانەوەیـەکی خێـرا بـۆ ژمارەیـەك لـەو سەرچـاوە مێژووییانـەی باسـیان لـە بنەماڵـەی (شـێخە مەردۆخییەکان) کردووە, بۆمان ئاشکرادەبێ دەربارەی رەچەڵکیان سێ بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1-هەندێك پێیانوایە دەچنەوە سەر (خالیدی کوڕی وەلید), بەڵام شێکی ئاشکرایە کەبنەماڵەی (خالیدی کوڕی وەلید) بە خۆی و وەچەکانییەوە ژمارەیان (40) کەس بوون, هەمووشیان بە نەخۆشی (تاعون) مردوون, میراتیان کەسێك بردوویوتی بە ناوی (ئەیوب کوڕی سەلەمە کوڕی عەبدولاّ), هەر لەبەر ئەمەشە دەوترێ هەر کەسێك یاخود هەربنەماڵەیەك خۆیان ببەنەوە سەر (خالیدی کوڕی وەلید) لە درۆیەکی قەبە بەولاوە هیچیتر نییە.

2-هەنـدێکیش دەڵـێن مەردۆخییـەکان دەچـنەوە سـەر (موعاوییـەی کـوڕی ئـەبی سـوفیان), ئاشکراشـە رەچـەڵکی (موعاوییـە) لەگـەڵ (پێغەمبـەری گـەورەی ئیسـلام) لـە (عەبدولمـەناف)دا دەگەنـە یـەك, بـەڵام بەبەڵگـەی مێـژوویی ئـەوەش سـەلمێنراوە کـە بەسـتنەوەی رەچـەڵکی مـەردۆخییکان بـە (موعاوییـە)وە هەڵەیە.

3-دوا بۆچوون دەڵێت, مەردۆخییەکان دەچنەوە سەر(حەسـەنی مجتـەبا) و لـە سـەیدەکانی (حسـێن)ین, (ئایـەتولاّ محەممـەد مـەردۆخ) لـەم بـارەوە نووسـیویەتی: مەردۆخییـەکانی (قـەرەداغ) شـەجەرەیەکیان بەدەسـتەوەیە, زۆر لـە شـێخە گـەورەکان بەراسـتیان زانیـوە و لەسـەری ئیمزایـانکردووە لەوانـە: (شـێخ عومەری بیارە, شێخ عەلی حسامودینی تەوێڵە, کاکە ئەحمـەدی شـێخ, موفتی زەهـاوی... هتـد) هـەروەها ژمارەیەك لە زانایان و خەڵکانی دیاری تری سەردەمی خۆیان ئیمزایانکردووە.

لـە کتێبـی (مێـژووی هـەورامان)ی مامۆسـتا (محەممـەد ئـەمین هـەورامی)دا پشـتگیری لـەم دوا بۆچـوونە کراوە, بەڵام ئاشکرایە ئەم جۆرە مەسەلانە رۆشنکردنەوەیان پێویست بـەزیاتر سەرچـاوە و رای خـەڵك و مێژووناسان دەکات.

بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان باپیرە گـەورەیان کەسـێك بـووە بـەناوی (ئـەمیر دەروێش محەممـەد مـەردۆخ), نـاوبراو لەسـەرەتاوە لەگونـدی (مـەردۆخ)ی (وڵاتـی شـام)دا نیشـتەجێبووە, سـاڵی (737ك) بەرامبەر بە ساڵی (1331ز) لە سەردەمی دەسەڵاتی (شـێخ حەسـەنی جەلائیری) کە (سوڵتانی دەوڵـەتی ئیلخـانی) بـووە, (مـەردۆخ) لەگـەڵ هۆزەکەیـدا شـامیان جێهێشـتووە و هاتوونەتـە (هـەورامانی ئـەودیو=هـەورامانی ئێـران), لـە دەشـتاییەکدا کەبـە (دەشتیشـامیان) بەناوبانگـە خێوەتیانهەڵـداوە, هەورامییـەکان کـە زانیویانـە (ئـەمیر دەروێـش=محەممـەد مـەردۆخ) کەسـێکی ئایینناس وخێردۆستە لێیکۆبوونەتـەوە و ژمارەیـەکیان بـوون بـە موریـدی, ئومێـدێکی گـەورەیان پێیبـووە و بـەقوتبیان زانیـوە, لەناویاندا بە (بابامەردۆخ) و (پیرمحەممەدی هەورامی) ناویدەکردووە, لـە سـەردەمی خۆیـدا و ئێستاشـی لەگەڵدابێت بەمەزارەکەی دەڵێن (مەزاری پیر محەممەدی هەورامی), وشەی (بابا) کە لکاوە بە ناوەکەیـەوە ئـەوە دەگەیـەنێ, (ئـەمیر دەروێـش) سـەید بـووە, ئاشـکرایە خـەڵکی هـەورامان زۆر رێزیـان لـە سـەیدەکان


www.pertwk.com

گرتووه, هەمیشە بە(باوەسەید) ناویانهێناون, لەوەوە ئیتر ناوی (ئەمیر دەروێش محەممەدمەردۆخ) بووە بە (بابا مەردۆخ), لە کتێبی (مێژووی سانەکانی هەورامان)دا نووسراوە, (بابا مەردۆخ) ساڵی (680ك) بەرامبەر بە ساڵی (1281ز) هاتۆتە دنیاوە لە سەر داواکاری (پیرشالیاری دووەم[1]) لەتەمەنی (98)ساڵیدا کچی (شێخ شەهابەدینی دزاوەری) مارەکردووە, ماوەی دوانزە ساڵ پێکەوەژیاون نەیتوانیوە لە رووی کرداری سێکسیەوە (ژن ومێردی) لەگەڵدا بکات دواجار لەگەڵیدا تێکەڵبووە وپاش ئەوە کۆچی دواییکردووە, لەئەنجامدا هاوسەرەکەی دووگیان بووە و کوڕێکی بووە ناویاننـاوە (گوشایش), ئەو کوڕە هەر لە منداڵییەوە لای (شێخ حەسەنی مەولانئاوایی) خراوەتە بەرخوێندن, پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ (هەورامان) و بە (مەولانا گوشایش) ناویدەرکردووە, لەوکاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەورامان بەتایبەت لە گوندە دابڕاو وشوێنە سەختەکاندا هێشتا پەیڕەوکاری (دیینی زەڕدەشتی) بوون, ناوبراو دەستیکردووە بە بانگهێشتکردنیان بۆ سەر (دیینی ئیسلام) لەو بوارەدا رۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە, ساڵی(873ك) بەرامبەر بە ساڵی (1498ز), کۆچی دواییکردووە, پاش خۆی دووکوڕی لە شوێن جێماوە بە ناوەکانی: (عەباس, عەبدولغەفار), لەهەمان سەرچاوەی ئاماژەپێکراودا هاتووە, (عەباس) باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵانەیە:

1-بنەماڵەی شێخەکانی (دەگاشێخان, تەختەیی, قزڵیلاغی, هەزارکانیان, ناوچەی قەرەداغ, دەوروبەری سلێمانی, سنە) هەروەها گشت خێزانە مەردۆخییەکانی (بەغداد, میسر, بێروت, ئەزمیر).

2-بنەماڵەی قازییەکانی هەورامان.

(شێخ غەبدولغەفار)یش بە (شێخ عەبدولغەفاری هەورامی) ناویدەرکردووە وباوکی (شێخ شەمسودینی یەکەم) بووە, ئەمیش باوکی (شێخ عەبدولغەفاری دووەم) بووە, (ئایەتولاًمحەممەد مەردۆخ) نووسیویەتی: هەرچەندە پێدەچێ (بابا مەردۆخ) بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی دیینی ئیسلام چووبێتە (هەورامان) بەڵام سروشتی سەختی ناوچەکە و دابڕانی لە ناوچەکانی دەوروبەری کاریگەری زۆری بووە لەسەر ئەوەی نەتوانێ وەك پێویست ئەو ئەرکەی ئەنجامبدات و بە مەرامی خۆی بگات, بەڵام پاشان بوارەکە زۆر لەبارتربووە بۆ (مەولانا گوشایش) کەبتوانێ خەڵك بانگهێشتبکات بۆ سەر (دیینی ئیسلام) و فێری بەجێهێنانی ئەرکە دیینییەکان و قورئانخوێندنیان بکات.

(عەبدولغەفار) پاش ئەوەی پێگەیشتووە,چووە بۆ لای (شێخ شەمسەدینی شوشی) و بووە بە موریدی ئیتر بە (شێخ عەبدولغەفار) ناویدەرکردووە, پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (هەورامان) و بەرەزامەندی (سانەکانی هەورامان) گوندی (دەگاشێخان)ی ئاوەدانکردۆتەوە و لەگەڵ ژمارەیەك لە موریدەکانی لەگوندەکەدا نیشتەجێبوون, دەڵێن (شێخ عەبدولغەفار) یەکەمین کەسە لە هەوراماندا (نوێژی جەماعەت)ی کردووە.

---

[1]–هەرچەندە باس و خواسی پیشالیارەکان ئەگەر تەمەن بوار بدات لە کتێبێکی تردا و بە درێژی دەخەینە بەرچاوی خوێنەران, بەڵام بە پێویستمان زانی لێرەشدا تیشکێکی خێرا و سەرپێی بخەینە سەر ئەو باسە, دەربارەی پیشالیارەکان جیاوازی بەرچاو لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هەن, بۆنموونە: (مامۆستا محەممەد بەهائەدین مەلا صاحب) لە کتێبی (پیرشالیاری زەردەشتی)دا باسی دوو پیشالیاری کردووە بەم شێوەیە:

1–پیرشالیاری زەردەشتی: گوایا کوڕی (جاماسپ)ی هەورامییە و لەسەر (دینی زەردەشت)ی بووە, زاناو عاریف وئایینناسێکی گەورە بووە, پێشبینی سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە, کتێبێکی لەشوێن بەجێماوە بەناوی (ماریفەت و پیشالیاری=ماریفەتی پیرشالیار) کە بە شێوە زاری هەورامی کۆن و لەسەر شێوەی شیعری دووبەیتی هۆنراوەتەوە. لەیەکێك لەدووبەیتییکانیدا فەرموویەتی:

وەروێوە وارو وەروە وەرێنە　　　　وەرێسە برێو چوار سەرێنە
گوشڵی مەمێرِیو دوە بەرێنە　　　　کەرگێ سیاوە هێڵە چەرمێنە

دەربارەی ئەم دووبەیتییە بیروبۆچوونی جیاواز هەن, ریشسپییەکانی (هەورامان) دەڵێن, (پیشالیار) لەم دووبەیتییەدا مەبەستی ئەوەبووە گوایا, دینێکی تازە سەرهەڵدەدات و هەموو دینەکانی پێش خۆی بەتاڵدەکاتەوە, هەروەها ئاماژەی بەوەکردووە مرۆڤ پاش مردنی دووڕێگا چاوەروانیدەکەن, ئەو دوو ڕێگایەش (ڕێگای بەهەشت وڕێگای جەهەنەم)ن, (ئایەتوڵا مەردۆخ)یش دەڵی لەم دوو بەیتییەدا (پیرشالیار) داوای یەکبوون و یەکدەستی لە هەورامییکان کردووە و پێیوتوون, ئەگەر یەکدڵ و یەکدەست نەبن وەك بەفر دەتوێنەوەو وەك گوریسێکتان لێدێ کەپاش پچڕان دەبێت بە چوار بەشەوە و هەر بەشێکیان بە لایەکدا دەڕوات

2–پیرشالیاری دووەم: دەربارەی پیشالیاری دووەم (مامۆستا محەممەد بەهائەدین مەلاصاحب) لەهەمان سەرچاوەدا نووسیویەتی: گوایا لە نەوەی (پیرشالیاری یەکەم)ـە و هاتۆتە سەر دینی پیرۆزی ئیسلام, پاش ئیسلامبوونی ناوی خۆی ناوە (مستەفای کوڕی خواداد) دەستکاری کتێبی (ماریفەتی پیرشالیاری) کردووە و ئەو بەندانەی لەگەڵ دینی پیرۆزی ئیسلامدا یەکناگرنەوە لایبردوون.

(مامۆستا صدیقی بۆرەکەیی) لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی) بەرگی یەکەم ناوی (پیرشالیاری یەکەم) و (پیرشالیاری سێیەم)ی هێناوە, باسی لەوە کردووە گوایا (پیشالیاری یەکەم) لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە, بە وردبوونەوە لە دەربڕینەکەی (مامۆستا بۆرەکەیی) وادەردەکەوێ تێکەڵاوی لە نێوان (پیشالیاری یەکەم) و پیشالیاری دووەم)دا کردووە, لەباس و خواسی (پیشالیاری سێیەم)یشدا, نووسیویەتی: (پیرشالیاری سێیەم) ڕێورەچەی (یارسان=کاکەیی) هەڵگرتووە و یەکێك بووە لە خەلیفەکانی (سان سەهاك= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی).

لە کتێبی (سەرەنجام) کە کتێبی پیرۆزی هەڵگرانی ڕێوڕەچەی (یارسان=ئەهلی هەق=کاکەیی)ـە و بریتیە لە شەش بەش: 1–بارگە بارگە 2–دەورەی حەوتەوانە

3–دەورەی چلتەن 4–گڵێمکۆڵ 5–دەورەی عابدین 6–وردەسەرەنجام

باس لەوە کراوە (پیرشالیاری سێیەم) پیرێکی (ڕێوڕەچەی یارسان =کاکەیی)یە و شعرێکی بۆ ڕووداوی کوژرانی (زەردەشت) هۆنیوەتەوە.

(خانوو, باخ, جارەلۆ, مەرقەدی پیرشالیار) تا ئێستا لە گوندێکی هەوراماندان گوندەکەش بە (شاری هەورامان) ناویدەرکردووە و دەکەوێتە (هەورامانی ئەودیو= هەورامانی ئێران), لەو گوندەدا سالآنە رێورەسمی جەژنێك بەرێوەدەچێت بەناوی (جەژنی پیشالیار) کە روالەت و سیما و ناوەرۆکێکی کوردانەی هەیە, یادکردنەوەی ئەوجەژنەش بەئەرکێکی پیرۆزی دینی لەقەلەمدەدەن.

وەك لە سەرەتای ئەم پەراوێزەدا ئاماژەمانپێکرد خوایار بێت لەو کتێبەدا بۆ باس و خواسی (مێژوو, کولتوور, حوکمڕانی) ولایەنە جیاجیاکانی تری ژیانی خەلکی (هەورامان) تەرخانمانکردووە, زیاتر تیشکدەخەینە سەر ئەم بابەتانە, لێرەدا تەنها ئەوەندەی بە پێویستمانزانی لەسەری دواین.

## (شێخەکانی سۆلە لە نەوەی شێخ حسەینی بێهەورن)

(سۆلە) یەکێکە لە گوندەکانی بناری شاخی (خەنجەرە), دەربارەی ناوەکەی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس) دەلێ: لەبەر ئەوەی شوێنەکە زەوییەکی رەقانە و گلەکەی سوورە و لە هەندێ شوێنی کوردستانیشدا بەو جۆرە زەویانە دەوترێ (شۆرە), بە جیاوازی لە شێوە زارەکاندا, شۆرە دەبێتە (سوێرە, سۆلە) کەواتە ناوەکە لەوەوە هاتووە.

(سۆلە) هەر لە سەرەتاوە لەلایەن (شێخ رەسوڵ و شێخ سلێمان) کە هەردوکیان کوڕی (شێخ حسەینی بەرزنجی)بوون ئاوەدانکراوەتەوە, ئەم زاتە بە (شێخ حسەینی بێهەور) ناسراو بووە, سەرەتا لەناوچەی (قەرەداغ) دانیشتووە لەوێوە رۆیشتووە بۆ کوردستانی ئێران, لە ناوچەی (کامیاران) نیشتەجێبووە, دوو کوڕ و دوو کچی هەبووە, وەسیەتی بۆ کردوون پاش کۆچی دوایی ئەو بگەڕێنەوە بۆ زێد و مەلبەندی خۆیان, ئەوانیش وەسیەتەکەیان بە جێگەیاندووە و گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان و گوندی (سۆلە)یان دروستکردووە, پاش کۆچی دوایی (شێخ رەسول) گوندەکە چۆلکراوە و بۆ جاری دووەم (شێخ حسەینی چرچەقەلآ) ئاوەدانیکردۆتەوە.

(شێخەکانی سۆلە) لەم بنەمالە و بەرەبابانە پێکدێن: (بنەمالەی شێخ ئەحمەد, بنەمالەی حاجی شێخ قادر, بنەمالەی شێخ محەممەدی سەردار) کە هەرسێکیان کوڕی (شێخ سلێمانی سۆلە) و ئەویش کوڕی (شێخ حسەینی بێهەور) بووە, ئەم بنەمالآنەش لە چەندگوندێکدا نیشتەجێبوون بەتایبەت (سۆلە, باوەخۆشێن, چرچەقەلآ, بێدەن, بەکربایەف, شێخ تەویل) ژمارەیەکیشیان لە (کەلار, کفری, جەلەولا, سلێمانی, بەغداد) دەژین, لە کوردستانی ئێرانیشدا لەناوچەکانی (زەهاو, سەرپێل, ئەزگلآ, جوانڕۆ, کرماشان, دەولەتئاوا) نیشتەجێبوون.

(شێخەکانی سۆلە) چەندکەسێکی خاوەن پایەی ئایینی و کۆمەلایەتی دیاریان تێدا هەلکەوتووە کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ رێنمایی و ئامۆژگاریکردنی خەلك تەرخانکردووە لەوانە:

1-(شێخ قادری قەمچی رەش) کەسێکی ئایناس و زانایەکی دیار بووە هەمیشە تەکیەکەی جمەی هاتووە, لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان مورید و مەنسوبی هەبووە, زۆرجار (شێخ مەحمودی نەمر) سەردانیکردووە لە (سۆلە).


www.pertwk.com

2-(شێخ عەبدولقادری گولەنەبڕ) یەکێك بووە لەو فەرماندانەی هەمیشە لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا بوون, ڕۆڵێکی دیاری لە شۆڕشەکانیدا گێڕاوە هەروەها (شێخ نوری شێخ حسەین) یەکێك بووە لە پێشمەرگە ئازا و دلێرەکانی ئەو شۆڕشانە.

3-(بابا رەسوڵی بێدەنی[11]) شاعیرێکی گەورە و ناسراوی گەلەکەمان و موریدی شێخەکانی نەقشبەندی بووە, چەندین پارچە شیعری لەشوێن بەجێماوە کە هەموو بوارەکانی شیعریان لەخۆگرتووە بە بواری شیعری (نیشتمانی)شەوە.

لە ئەنجامی هاوکاری بەردەوام و بەتەنگەوە هاتنی شێخەکانی سۆڵە بۆ مەلیکی کوردستان, فڕۆکەکانی ئینگلیز چەندجارێك گوندی سۆڵەیان بۆمبارانکردووە, هەروەها هێزێکی گەورەی (ئینگلیز) بەنیازی رووخاندنی (سۆڵە) پەلاماری گوندەکەی داوە, بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە چەندکەسێك سوێندیانخواردووە تا شەهیدبوون بەرەنگاری بکەن, قاچی خۆیان بەستۆتەوە و لە شوێنێك کە پێیدەوترێ (کانیبەکر) سەنگەریان گرتووە بۆ بەرگریکردن لە گوندەکەیان, یەکێك لەوانە (شێخ فەرەجی بەرزنجی) بووە.

(مامۆستا سەی محەممەد تایەری هاشمی) و شێخی شاعیران (حەسیب قەرەداغی) و (شێخ سەلامی سۆڵەیی) سێ کەسێتی تری دیاری سۆڵەیین کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە کاروانی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلەکەماندا گێڕاوە, هەموو ژیانیان بۆ خزمەتکردن لەو بوارەدا گوزراندووە.

شێخەکانی سۆڵە هەمیشە لەلای خەڵکەوە بەچاوی ڕێزەوە سەیرکراون و قسەیان لەناو خەڵکی تیرەکاندا زۆر بەبڕشت بووە, وەك فەرمان جێبەجێکراوە, هەر لەو ڕوانگەوە توانیویانە بەشداری کاریگەر لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێڵەکییەکاندا بکەن تا ئێستاش لەم بوارەدا ئامادەبوونی بەرچاویان هەیە.

گوندی سۆڵە مەڵبەندێکی گەورەی پەروەردەکردن و فێرکردن بووە, خوێندنگەیەکی ئایینی گەورەی تێدابووە, ژمارەیەك مەلای ناسراوی کوردستان دەرسیان تێدا وتۆتەوە, لەوانە: (مامۆستا مەلا عەبدورەحمان, مەلا حسەینی مەسۆیی, شێخ عەبدولعەزیز, شێخ باقر) و دەیانی تریش لەو خوێندنگەیە خوێندویانە. ساڵی (1937ز) قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکەدا کراوەتەوە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان.

(سۆڵەییەکان) هاوسۆزی کێشەی رەوای گەلەکەمان بوون, لە(شۆڕشی ئەیلول)دا کۆبوونوەیەکی گەورە لە (تەکیەی سۆڵە) ئەنجامدراوە, ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە هەموویان سوێندیانخواردووە, بەماڵ و بەگیان بەرگرییکەن و دژی داگیرکاران راوەستن, ساڵی (1974ز) سێ کەسی ناسراویان لە ئەنجامی بۆمبارانی فڕۆکەکانی رژێم شەهیدبوون بەم ناوانە: (شێخ نووری, شێخ باقر, شێخ بەدرەدین کوڕی شێخ کەریم).

[1]–(شێخ بابا رەسوڵی بێدەنی) ناوی رەسوڵ کوڕی شێخ ئەحمەدی بەرزنجییە, ساڵی (1884ز) لە گوندی (بێدەن) هاتۆتە دنیاوە, هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن لای (شێخ مەحمودی موفتی) لە(هەڵەبجە), پاشان چووە بۆ (بیارە) و ماوەیەك لە خزمەتی (شێخ عومەری بیارە)دا ماوەتەوە, بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکی زۆریش لای مەلای زاناو بەناوبانگ (مەلا قادری مەلامۆمن) لە گوندی (پریس) خوێندویەتی, دواجار لە (سلێمانی) خوێندنی تەواوکردووە, ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ(بیارە), (شێخ بابارەسوڵی بێدەنی) مەلا و زاناو شاعیر, سۆزدارێکی تواوەی ناو ئەوینی خودایی بووە ومورێدی شێخەکانی نەقشبەندی (هەورامان) بووە, لە سەر دەستی ( شێخ نەجمودینی بیارە)دا رێورەچەی (نەقشبەندی) وەرگرتووە, پاشماوەی ژیانی لە گوندی (عەبابەیلیێ)دا بە رێنمایکردنی خەڵك و دەرسوتنەوە بردۆتەسەر, ساڵی (1943ز) کۆچی دواییکردووە, لەشیعر هۆنینەوەدا دەستێکی باڵای هەبووە و بەهەردووزمانی (کوردی و فارسی) شیعری هۆنیوەتەوە, نازناوی شیعری (بابا) بووە, (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس) چەند پارچە شیعرێکی لە کتێبی (یادی مەردان) بەرگی دووەمدا بڵاوکردۆتەوە, (شێخ بابارەسوڵی بێدەنی) هەستێکی نەتەوەیی پاك و بێگەردی هەبووە لەچەند پارچە شعرێکیدا ئەو هەستەی دەربڕیوە هەر بۆ نوونە ئەم چەند دێرە دەخەینە پێش چاو:

هەر کوردە کە عوشرەتی نەمابێ هەر کوردە کە بەزمی بێ صەدا بێ
عالەم لە سەعادەتا دەژی گشت هەر کوردە حەیاتی لێ بڕابێ
دنیا هەمو عەیش و نۆشە تەنها هەر مەحفەلی کوردە بێ صەفا بێ
قانوونی تەظەلومە ئەفەرمێ ئەم کوردە لەژێر ئەسارەتا بێ

**( نەوێ گوندێکی دێرینی کوردستانە )**

(گوندی نەوێ) دەکەوێتە بناری چیای (سوورێن), هاوسنوورە لەگەڵ گوندەکانی (بەردەبەل, قەڵبەزە, کانیئاسکان, کەچێنە, بانیبنۆك), دەربارەی ناوی گوندەکە دوو بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1–هەندێك پێیانوایە ناوەکە لە (نوێ) بەواتای (تازە) هاتووە و پێشتر گوندەکە (نۆدێ)ی ناوبووە.

2–ژمارەیەك لە خەڵکی گوندەکە پێیانوایە شوێنی ئەم گوندە لەناو دەربەند و چاڵاییەکدایە لەسێ لاوە بەشاخی بەردەڵان رکاوی دەوردراوە, بەواتا گوندەکە لەشوێنێکی (نەوی) واتە نزمدایە, لەبەر ئەوە ناویلێنراوە (نەوێ).

بەهەرحاڵ هەرکام لەم بۆچوونانە راست بن یان هیچیان راست نەبن ئەوە هەیە کە (نەوێ) مەڵبەندێکی گەورەی نیشتەجێبوونی دێرین بووە, شوێنەواری خانوو و باڵاخانە تا ئێستا لە سەرو و دەوروبەری گوندەکەدا دیارن, قەڵایەك و ژوورێکی لەبەرد تاشراو لەپشتی گوندەکەوە هەن, خەڵکی ناوچەکە پێیاندەڵێن (قەڵاوزینندانی زوحاك), ئەو قەڵایە لەهەندێك سەرچاوەدا بەناوی (قەڵای هاشمار)ەوە ناویهێنراوە, ئەوەی کە خەڵکەکە پێیدەڵێن زیندان لەناو گاشەبەردێکی زۆر گەورەدا وەك ژوورێك دروستکراوە, پەنجەرە و دەرگای بۆکراوە و شوێنی دانیشتن و حەوزێکی بچووکی ئاویش لەژوورەکەدا هەن, پێدەچێت ئەو ژوورە شوێنی پشوودانی دەسەڵاتدارێکی گەورە بووبێت نەك زیندان, هەر چەند

مەترێك بەولای ژوورەكەشەوە لەتەنیشت ئەو توولە ڕێیەدا كە دەچێت بۆ سەرچاوەی ئاوی نەوێ تەنوورێكی زۆرگەورە هەیە،.

(مامۆستا قانع)ی شاعیر لەپارچە شیعرێكیدا بەناونیشانی (سەرگورشتەیەكی مێژوویی) ڕازێكی هۆنیوەتەوە، گوایا كاتێك كە حوكمڕانی ماددەكان كەوتۆتە دەست (هواخشترە[11]) و پاش ئەوەی نەینەوای داگیركردووە، حوكمی ئاشوورییەكانی لەبنەوە هەڵتەكاندووە و پایتەختەكەیانی لەگەڵ زەویدا یەكسانكردووە، سنووری قەڵەمڕەوەكەی زۆر بەرفراوانبووە، لەبەر ئەوە پایتەختی وڵاتەكەی لە (ئەكباتان=هەمەدان)ـەوە گواستۆتەوە بۆ (نەوێ)ی ئێستا و لەو شوێنەدا شارێكی زۆرگەورەی دروستكردووە، گوایا شارەكە هەر لە (بەردەبەل)ـەوە هەتاوەكو (خورماڵ)ی ئێستای گرتۆتەوە وبووە بەشارێكی گەورە و ئاوەدان، ئێمە نازانین (مامۆستا قانع) بۆ ئەم ڕازە پشتی بە كام سەرچاوە بەستووە، چونكە لە هیچ سەرچاوەیەكی حكومڕانی (دەوڵەتی ماد)دا باس لە مەسەلەیكی لەم جۆرە نەكراوە.

هەر لەم بوارەدا خەڵكی گوندەكەش خۆیان ڕازی سەیروسەمەرەیان لایە، بۆ نموونە دەڵێن: (نەوێ) ئەوەندە شارێكی گەورە بووە گوێرەكەساوای تێدا وونبووە سەربان بە سەربان هەتا نزیك خورماڵ ڕۆیشتووە، دیارە ئەم ڕازانە هەرچەندە لە ئەفسانەش دەچن بەڵام پێدەچێ شتێكیان لەواقیعەوە وەرگرتبێت.

نەوێییەكان بەشێوەیەكی گشتی لەم بنەماڵانە پێكدێن:

1-بنەماڵەی بەگزادەكان، ئەم بنەماڵە دەچنەوە سەر (نەسروڵابەگ)ی كوڕی (هەسەنسانی هەورامی) كە سانی هەورامانی تەخت بووە، دیارە (نەوێ)ش ماوەیەك لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی سانەكانی (هەورامانی تەخت)دا بووە.

2-بنەماڵەی ئەلاكە، ئەم بنەماڵەیە لەسەرتاوە لە ناوچەی (سەولاوا)ی ئێران نیشتەجێبوون و لەوێوە هاتوونەتە گوندی نەوێ.

3-بنەماڵەی ئەحمەدی كاكەولا، ئەمانیش لەسەرتاوە لەناوچەی (سنە)وە هاتوون.

4-بنەماڵەی عەبەی سەوسەن، لە دانیشتووە كۆنەكانی گوندەكەن.

5-بنەماڵەی حەمە سەربۆر، لە دانیشتووە كۆنەكانی گوندەكەن.

6-بنەماڵەی عەزەی وەیسە، لە دانیشتووە كۆنەكانی گوندەكەن.

7-بنەماڵەی شاوەیس، ئەم بنەماڵەیە لەناوچەی (كەولۆس)ـەوە هاتوون.

(گوندی نەوێ) زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان بووە، دەگێڕنەوە (99)ئاشی ئاوی تێدا بووە، ئەو ئاشانە بۆ هاڕینی دانەوێڵە سوودیان لێوەرگیراوە و وەك مەڵبەندێكی بەیەكگەیشتن و ڕازونیازی خەڵكی گوندەكە و دەروبەری بوون و بایەخێكی زۆری ئابووریان هەبووە، شوێنەواری ژمارەیەك لە ئاشەكان هەتاوەكو ئێستاش ماوە، لەمێژووی نوێی گوندەكەشدا هەتاوەكو ناوەڕاستی حەفتاكانیش چەند ئاشێك

ئیشیانکردووه وەك: (ئاشی عێزەتبەگ، ئاشی حەمەسەعیدبەگ، ئاشی حاجیحەمەمین، ئاشی سالەیکوێخافەرەج، ئاشیقادربەگ، ئاشی حەمەیعەبە).

ژمارەیەك کەسێتی ناسراو و دیار لەبواری کۆمەڵایەتی و ئایینی لەم گوندەدا هەڵکەوتوون لەوانە (مەلا سەی ئەحمەد، فەقێ ئەحمەد) کە دوو پیاوی ئایینناس و دیار بوون و هەموو ژیانی خۆیان بە ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی ناوچەکە گوزەراندووە، (ئەحمەدی کاکەولا، عەلی شاوەیس، عیزەتبەگ)یش لەو کەسانە بوون هاوشانی شۆڕشگێڕان لە شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر)دا بەشدارییانکردووە.

پیشە دەستییەکان لە گوندی نەوێدا برەوێکی زۆریان هەبووە، ژمارەیەك وەستای کارامە و دەستڕەنگینیان بووە لە بواری (جۆلایی) وەك (حەسەن ئیسماعیل، مەحمود ڕەشید، حاجی ئەولکەریم)، (میمکە مەجێ)ش وەستایەکی بەسەلیقەی چنینی (مەوج و جاجم) بووە، لە رووی فۆلکلۆری بیستراویشەوە سامانێکی باشیان لە شیعر و ئاواز و راز و داستانی فۆلکلۆریدا هەیە، گۆرانی هەورامی و هۆرەی جافی و گۆرانییە میللیەکانی شارەزوور وێردی سەرزاری خەڵکی گوندەکەن.

زۆربەی زەوییەکانی گوندی نەوێ دێمن، بۆ بەرهەمهێنانی (گەنم، جۆ، نۆك) سوودیان لێوەردەگیرێت، سەرچاوەیەکی گەورەی ئاویشیان هەیە زەویە بەراوەکانیان ئاودەدات، کە لە سالانی پێشوودا (توتن، مەرەزە)یان تیا بەرهەمدەهێنرا، بەلام ئێستا زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی تەڕەکاڵ سوود لە ئاوەکە وەردەگیرێت.

(گوندی نەوێ) لەوەرگەی بەردەلانی زۆرە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵی گوندنشینەکان سوودیان لێوەردەگیرێ، ئاژەڵەکانیشیان بریتین لە: (مەڕ، بزن، رەشەولاخ) کە وەك سەرچاوەیەکی داهات سوودیان لێدەبینن بۆ دابینکردنی بژێوی خێزان، هەروەها بەهەکانیان لە (شیر، ماست، رۆن، کەرێ، کەشك) وەك کەرەسەی خۆراکی بەکاریاندەهێنن.

(گوندی نەوێ) هەروەك گشت ناوچەکانی تری کوردستان بەرشالاوی دڕندانەی داگیرکاران کەوتووە، سالی (1963ز) لە ئەنجامی پەلامارە دڕندانەکەی (زەعیم صدیق) خەڵکان گوندەکەیان چۆلکردووە و رووبانکردۆتە شاخ و ئەشکەوت و پەناگاکانی دەوروبەریان، گوندەکەشیان بەخەستی تۆپبارانکراوە، لە ئەنجامدا ژنێك بەناوی (دادە رابە) و پیاوێك بەناوی (عومەر عەبدولمەجید) شەهید بوون.

خەڵکی نەوێ هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ژمارەیەکیان بوون بە پێشمەرگە و ناوچەکەشیان لەچوارچێوەی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستاندا بووە.

لەبەر ئەوەی گوندەکە هەر لە دەسپێکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە شوێنی حەوانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بووە سالی (1978ز) خەڵکەکەی بەر شالاوی راگواستن کەوتوون و هێنراونەتە کۆمەڵگەی زۆرەملێی (شانەدەری)، گوندەکەشیان لە چوارچێوەی ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بووە، لەدوای راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (1991ز) گوندنشینەکان بەرەبەرە گەڕاونەتەوە بۆ زێدی باوباپیریان، بەرەنج و


www.pertwk.com

ماندووبوونی خۆیان خانوویان دروستکردۆتەوە و قۆڵی کارکردنی ئازایانەیان لێهەڵماڵیوە, ژمارەی خانووەکانیان ئێستا (140) خانووە.

ئەوەی مایەی دڵخۆشییەکی زۆرە تیپێکی شانۆیی و تیپێکی تۆپیپێ لەو گوندەدا هەن بەناوی (تیپی شانۆی هەژار) و (تیپی تۆپیپێی ئارێز), ئاشکرایە ئەم تیپانە دوو هێمای دیاری خولیاکانی ئەمڕۆی گەنجەکانی گوندەکەن, لەگەڵ نەبوونی پێداویستی و لەو شوێنە رەقان و تارادەیەك دوورەدەستەدا لەدەوری ئەو دوو تیپە کۆبوونەتەوە و کاری دڵسۆزانە دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی هونەر و وەرزش لەگوندەکەیاندا, یاریگەکەیان پارچە زەوییەکی تا رادەیەك تەختکراوە و لە دامێنی گوندەکەدایە, تیپی شانۆکەش هیچ بارەگایەکیان نییە, لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا چەندین ئاهەنگ و بەرهەمی هونەرییان پێشکەشکردووە و خەڵکی ناوچەکەیان دڵخۆشکردووە.

هەر لەسەردەمی جەنگی هەشتساڵەی ئێران عێراقدا رێگایەکی خۆڵ لە (نەوێ)وە هەتاوەکو گوندی (گەچێنە)ی قەدپاڵی چیای (سوورێن) درووستکراوە, ناوچەکەش مینرێژێکی خەست کراوە, لەئەنجامی تەقینەوەی مین تائێستا سێ گوندنشین گیانیان لەدەستداوە و (15) کەسیشیان کەمئەندام بوون, زیانێکی زۆریش بە مەڕومالات و وڵاخیان گەیشتووە.

وا (گوندی نەوێ) پێماندەڵێ من ئارامگەی مێژوو و مەنزڵگەی سەردەمێکی شکۆمەندی و سەربەرزی دێرینتانم, هەقە لەسایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا هەناسەم گەرمبکەنەوە.

---

[1]–(هواخشترە=کیاخسار=کیاکسار=کەیئاکسار) بەپێی هەندێك سەرچاوە, وەك (تەئریخی مەردۆخ) کوڕی (کیقوباد=دیوکس) بەپێی هەندێك سەرچاوەی تریش بەتایبەت (هیرۆدۆت) کوڕی (فرەوەرتیش)ـە, ناوبراو یەکێك لەپاشا هەرە بەتوانا و دەسەڵاتدارەکانی (ماد) بووە, توانیویەتی زۆر بەباشی کاروباری دەوڵەتەکەی رێکبخات و سوپا پەراگەندە و خێڵەکییەکەی (ماد) بکاتە سوپایەکی یەکگرتوو بەباشترین چەکوچۆڵەی ئەو سەردەمە چەکداریبکات, زۆر رقی لە ئاشوورییەکان بووە و بەهۆکاری هەموو بەڵاو نەهامەتییەکانی خۆرهەڵاتی زانیون, بۆ دەرفەتێك گەڕاوە کۆتایی بە دەسەڵاتیان بهێنێت, لەو بوارەدا لەگەڵ بابلییەکان پێکهاتووە و ساڵی(622پ ز) شاری نەینەوایان گرتووە کە پایتەختی ئاشوورییەکان بووە, د.کەمال مەزهەر ئەحمەد لە پەراوێزی (ل557)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا دەربارەی ئەم پاشایە نووسیویەتی: (بەزمانی فارسی کۆن=پارسی پێیوتراوە (فاخشترا) ئەم پاشایە زۆر هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی داوە و برەوی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری داوە کە سەرچاوەی سەرەکی گوزەرانی ئەو سەردەمە بوون, هەروەها هەمیشە پیشەوەر و هونەرمەندەکانی مادی بەڕێزەوە سەیر کردووە و هاوکاریکروون, (هیرۆدۆت) نووسیویەتی ساڵی (630پ.ز) بووە بە پادشای (ماد) و ساڵی (585پ.ز) مردووە.

**( قەڵای گامارۆ لە سەر لووتکەی بەردەدێوان هێمای رۆژانی سەربڵندیمانە )**

(وێنە) گوندێکی ئاوەدان و دڵڕفێنی ناوچەی (شلێر[11])ە, ئەم گوندە (25)کیلۆمەتر لە (پێنجوێن)ەوە دوورە, دەربارەی ناوەکەی دوو بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1-هەندێك پێیانوایە لە سەردەمی هاتنی لەشکری (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بۆ ناوچەکە لە ساڵی (335پ.ز), لە شوێنی ئێستای گوندەکەدا سەربازگەیەکیان دروستکردووە و بە (وێن) ناویانبردووە ئەوەش وەك کورتکراوەیەکی ناوی یۆنانییەکان, لێرەوە بۆمان دەردەکەوی دەوروبەری (وێنە) لەو سەردەمەدا ئاوەدانبووە.

2-ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گوندەکە دەڵێن, گوندی (وێنە) لەرووی شوێنی جوگرافی و جووانی سرووشتەکەیەوە وێنەی نییە لەبەرئەوە خەڵکەکە ناوییاننناوە (وێنەی بێوێنە), ئەم بۆچوونە لاوازە و زۆر جێگەی باوەڕ نییە.

کۆنترین ئاماژەپێکردن لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەربارەی ناوچەکە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەکان, لە هەندێ سەرچاوەدا باس لەوە کراوە, (کیاکسار= کەیئاکسار)ی پادشای بەناوبانگی (دەوڵەتی ماد) پاش سەرکەوتنی بەسەر ئاشوورییەکاندا, فەرمانیداوە بە دروستکردنی قەڵایەکی گەورە لە سەر لووتکەیەکی بەرز وسەخت لەپشت گوندی (وێنە)ی ئێستادا, خەڵکی ناوچەکە بەو قەڵایە دەڵێن (قەڵای گامارۆ) و بە لووتکەکەش دەڵێن (بەردەدێوان), دروستکردنی ئەو قەڵایە بەمەبەستی پاراستنی ناوچەکە و زامنکردنی رێگەی هاتووچۆ بووە.

لە سەردەمی حوکمڕانی (میرایەتی ئەردەڵان)دا, ناوچەکە ماوەیەکی دوورودرێژ لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوەکەیاندا بووە, (بێگەبەگ) قەڵاکەی پۆشتە و ئاوەدانکردۆتەوە, ئەو هەنگاوەی بووە بە مایەی نیگەرانی (شا ئیسماعیلی صەفەوی).

لە سەردەمی حوکمڕانی (هەڵۆخانی ئەردەڵانی) و پاشان (خان ئەحمەدخان)ی کوڕیدا, بۆ جارێکیتر قەڵاکە ئاوەدانکراوەتەوە, بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتی بابانییەکاندا ئەو ناوچەیە ماوەیەکی زۆر وەك ناوچەیەکی دابڕاو و بێبایەخ سەیرکراوە, پاشان عوسمانییەکان لە گوندی (وێنە) قشڵاخێکیان دروستکردووە, هەتا ئێستاش شوێنەواری ماوە, شوێنەواری ئەو قشڵاخە زۆر نزیکە لە خانووەکانی (وێنە)وە.

هەر لە بواری بایەخی ناوچەکە لە رووداوە مێژووییەکاندا, ساڵی(1925ز) دووهەزار سەربازی ئێرانی بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە تفەنگچی هۆزەکانی (مەنگور, مامەش, دیموکری=دیبوکری) هێرشێکی گەورەیان کردۆتە سەر گوندی (وێنە) بەرامبەر ئەو هێزەش هێزێکی بچووکی (11) کەسی لە خەڵکی ناوچەکە لە ژێر فەرمانی (حەمەڕەشید خانی بانە), بەرەنگاریانبوونەتەوە و لەشەڕێکی قارەمانانەدا کە بە (شەڕی وێنە) بەناوبانگە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە, ئیتر ناوچەکە تا ساڵی(1945ز) لەژێر دەسەڵاتی (حەمەڕەشید خان)دا بووە.

گوندی (وێنه) سێجار سووتێنراوه, یەکەمجار کاتی (شەڕی وێنه) له ساڵی (1925ن)دا, بۆ جاری دووەم لە ساڵی (1978ن) کاتی ڕاگوێزانی گوندەکانی سەرسنوور لەلایەن ڕژێمی ڕەفتار فاشییەوە, جاری سێیەمیش ساڵی (1988ن) پاش وەستانی جەنگی (عێراق–ئێران) و دەستبەسەراگرتنەوەی ناوچەکە لە لایەن سوپای عێراقەوە, پێویستە باس لەوە بکەین, ساڵی (1985ن) سوپای ئێران دەستی بەسەر(وێنه) و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرتبوو, ژمارەیەك لە خێزانە وێنەییەکانیش گەڕابوونەوە بۆ شوێن و ماوای خۆیان و خانوویان درووستکردبوویەوە, بەڵام گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپای عێراق وێنەی کردەوە بە (سووتماك).

سەرچاوەی بژێوی خەڵکی (وێنه) کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاڵوێردی سەرسنوورە, کشتوکاڵیان بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەرهەمهێنانی (گەنم, جۆ, توتن), لەبەر ئەوە شوێنی گوندەکە زۆر گونجاوە بۆ ڕاگرتنی(هەنگ) و خەڵکەکەش دەرکیان بەوە کردووە, ئێستا ژمارەیەکی زۆر کوورەهەنگیان هەیە, هەروەها لەناو دارستانە سرووشتییەکان لەشاخەکانی دەورووبەریاندا (هەنگ) زۆرن گوندنشینەکان ساڵانە سوودێکی باش لە هەنگوین و پورەکانیان وەردەگرن.

لە(گوندی وێنه)دا ئەو زەوییانەی بە دارستانی سرووشتی داپۆشراون و ئەو زەویانەش کە ڕەقان و بەردەڵانن, بۆ کێڵان و چاندن دەستنادەن, بەعورفێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەکەوە وەك (گەڵاجاڕ, گیاجاڕ) سوودیان لێوەردەگیرێ, گوندنشینەکان هەریەکێکیان گەڵاجاڕ و گیاجاڕی خۆیان هەیە, وەك موڵکێکی تایبەت بە میرات نەوە پاش نەوە دەگوێزرێتەوە و کڕین و فرۆش دەکرێ, ڕووبەرێکی باش لە ڕەزەدێمیشیان هەیە کە زیاتر تایبەتن بە بەرهەمهێنانی (ترێی ڕەش).

زووتر گوندی وێنە چەند ئاشێکی ئاوی تیابووە, تائێستاش یەکێکیان کاردەکات, بۆ هاڕینی دانەوێڵەی گوندنشینەکان سوودی لێوەردەگیرێ.

گوندی وێنە پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری (1991ن) لە لایەن خەڵکەکەیەوە ئاوەدانکراوەتەوە, (90) خانووی تێدا درووستکراوە, زیاتر لە(100) خێزانی تێدا دەژی, هەر چەند لە بنەماڵە و تیرەی جیاوازیشن, بەڵام هەموویان لەناو یەکتریدا تواونەتەوە و وەك خێزانێك لە ناو گوندەکەیاندا دەژین و خۆیان بە بەرەبابێك دەزانن.

---

[1]–هەرکەسێك بە ناوچەی (شلێر) دا گوزەر بکات ئەگەر بەوردی سەرنجبدات هەر لە گوندی (بیستان), کەیەکێکە لە گوندە گەورەو ئاوەدانەکان, هەتا گوندی (وێنە), شوێنەواری ژیار و شارستانێتی دێرینە, شوێنەواری نیشتەجێبوون لەزۆر شوێنیدا تا ئێستاش دیارن, لێکچوونێکی بەرچاویش لە شوێنەوارەکاندا هەیە , هەر بۆ نموونە: لە گوندی (بیستان) لە کانییەکەوە پێیدەڵێن (کانیخاڕابی) و دەکەوێتە بەرزاییەکی پشت گوندەکە , ئاو ڕاکێشراوە بۆقەڵایەك کە بە سەر تەپۆڵکەیەکەوەیە لە ناو گوندەکەدا وخەڵك پێیدەڵێن (قەڵای بیستان), بۆ ئەو

مەبەستەش جۆرێك بۆری بەکارهێنراون لە گڵی سووری سوورەوکراوە درووستکراون, هەر هەمان شێوە لە ئاوڕاکێشان لە گوندی (وێنە) ئەنجامدراوە, ئەمەش هۆیەکە بۆئەوەی بوترێ, بۆی هەیە ئەو خەڵکانەی لە دێر زەمانەوە لەو دوو شوێنەدا ژیاون, ژیان و گوزەرانیان هاوشێوە بووبێت.

(ناوچەی شلێر) یەکێکە لەو ناوچانەی جولەکەی تێدا نیشتەجێبووە, تا ئێستاش لە گوندی (بیستان)دا هەندێك شوێن بە ناوی جوولوکەوە ناودەهێنرێن, وەك (جۆگەی خەمانەجوو), هەروەها شوێنەواری بازاڕێکی گەورە تائێستا دیارە و لە زەوییەکدایە بیستانییەکان پێیدەڵێن (زەوی بازرگان), خەڵکی گوندەکە دەڵێن: ئەوە شوێنی دووکان و بازاری جوولەکەکان بووە, شتێکی ئاشکراشە جوولەکە هەر لەکۆنەوە بە دوکانداری و بازرگانی و پیشەی دەستییەوە خەریکبوون.

(ناوچەی شلێر) بایەخێکی زۆری هەبووە لەژیانی کۆچەرێتی جافەکاندا, ساڵانە زۆربەی تیرەکانی (جاف) روویانکردۆتە (شلێر) و لەوێوە رووەو هەوارگەکانی هاوینیان رۆیشتوون, شەڕی (حسێنی شەهید)یش لە نێوان جافەکانی (ئێلی مورادی) و هاوپەیمانێتی شارەزوورییەکاندا لەسەر (ئاوی شلێر) کە لە بابەتەکانی پێشتردا ئاماژەمانپێکردووە, بەڵگەیەکی دیارە لەم بوارەدا.

ئەم ناوچەیە زۆر قەڵەباڵغ و ئاوەدانە, ژمارەیێکی زۆر گوندی دڵگیری تێدایە, هەر چەندە زۆربەی شوێنەکانی سەختن لە رووی تۆپۆگرافییەت و (کەش وهەوا) وە, بەتایبەت سەرماو سۆڵەی زستانێکی دوور ودرێژ کە زۆربەی کاتەکانی بەفر و باران و سەهۆڵبەندانە, بەڵام لەوەرزی هاویندا فێنك و خۆشە, بۆ هەر جێگەیەکی ملدەنێی کانیاوی سارد دەم و چاوت دەشۆن و شەماڵی فێنك روومەتت ماچدەکات, خەڵکی ناوچەکەش بەشێوەیەکی گشتی گورج وگۆڵ و رووخۆش و میوانپەزێرن, کوردەواری رەسەنیش لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیاندا بەرجەستە بووە.

**(گۆڕستانەکەی کەلی کونێ بۆ پێش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە)**

(وڵەسمت) گوندێکی ئاوەدان و ڕەنگینی بناری شارەزوورە, هاوسنوورە لەگەڵ گوندەکانی (شانەدەری کۆن, هوشقوببە, سیامێوە, بەردەبەل, قەڵبەزە), کەوتۆتە دامێنی زنجیرە شاخێك لوتکە بەرزەکانی بە: (قۆچی کەڵەبی, قۆچی گاجوتان) ناودەبرێن, شوێنی گوندەکە بەردەڵان و کرێنە, لە وەرزی هاویندا کەش و هەوایەکی تا رادەێك گەرمی هەیە, وەرزی زستانیشی ساردە و لە ساڵە سەختەکاندا بەفری لێدەبارێ و هەتاکو بەهار لوتکەی شاخەکان سەرپۆشی سپی دەپۆشن.

سەرچاوەی سەرەکی ئاوی گوندەکە لە جۆگەیەکەوە دێ لە (چەمیچەقان)ـەوە هەڵدەکرێ, بەناو گوندەکەدا بۆ خوارەوە ملیڕێدەگرێ بۆ پێداویستی گوندنشینەکان و ئاودانی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی سوودیلێوەردەگیرێ, بۆیە ئەگەر لەناو گوندەکەوە نگای چاوەکانت بۆ دەشتاییەکەی بەردەمت هەڵخەیت هەتاکو چاوبڕیکات دەشتێکی پانوپۆڕ و پڕلەشینایی و خێروبەرەکەتە, دەربارەی ناوی (وڵەسمت) دوو بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

1-هەندێك پێیانوایە لەسەرتاوە کەسێك بەناوی (وەڵەد) لەسەردەمێکی کۆنەوە کە بۆ پێش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە, لەو شوێنەدا ژیاوە و توانیویەتی کونێکی گەورە لە شوێنێك

گوندنشینەکان پێیدەڵێن (کەلیکونێ) دروست بکات, ئەو کونەش بۆ ئەوە بووە (ئاو) لە چەمیچەقانەوە بۆ گوندەگە بهێنێت, ئیتر بەو کابرا وتراوە (وڵەسم) پاشان ناوەکە بووە بە (وڵەسمت).

2-هەندێکی‌تر پێیانوایە لەسەردەمی دێریندا پادشایەك لەو ناوچەدا ژیاوە و حوکمیکردووە, بەمەبستی دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئاو پێشبڕکێی لە نێوان دوو کەسی بەتوانای ناوچەکەدا سازداوە, پێیڕاگەیاندون هەرکامێکیان زووتر بتوانێت لە ڕێی هەڵکەندنی کونێکەوە بۆ سەر(چەمیچەقان) ئاو بۆ ئەو شوێنە بهێنێت کچی خۆی بۆ مارەدەکات و دەبێ بە زاوای پاشا, لە ئەنجامدا یەکێکیان توانیویەتی گرەوەکە بباتەوە و شاخەکە کونبکات, ئیتر بەو کەسە وتراوە (وڵەسم) واتە (کونکەرە) پاشان ناوەکە بووە بە (وڵەسمت).

بە هەرلایەکی ئەو گوندەدا گوزەر بکەیت شوێنەواری نیشتەجێبوونی دێرین دەبینی, گۆڕستانێکی زۆر گەورە لە بەرزاییەکدایە پێیدەوترێ (کەلیکونێ) ئەو گۆڕستانە لە شێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان و جۆری گۆڕەکاندا بۆ پێش سەرهەڵدانی دینی ئیسلام دەگەڕێتەوە, خەڵکی گوندەکە دەڵێن: ئەوە گۆڕستانی کافرە, ئاشکرایە خەڵکی کوردەواری بە هەموو ناموسوڵمانێك دەڵێن کافر, بەڵام پێدەچێ ئەو گۆڕستانە بۆ سەردەمی ساسانییەکان بگەڕێتەوە, شوێنەواری قەڵای کۆن و قولە و زیندان لە گوندەکە و دەوروبەریدا تا ئێستاش دیار و بەرچاون, ئەوانەش زیاتر راستی مێژووی دێرینی گوندەکە دەسەلمێنن. هەروەها شوێنەواری چواردە ئاشی ئاو لە گوندەکەدا هەیە ئەوەش بەڵگەیێکی‌تری ئاوەدانی و قەرەباڵغی گوندی (وڵەسمت)ە وەك مەڵبەندێکی دیاری نیشتەجێبوون.

ئەم گوندە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە چەند بنەماڵەیەکی تیا ژیاوە وەك: (بنەماڵەی مامە خەلیفە, بنەماڵەی حەمەمراد, بنەماڵەی حەمەڕەش, بنەماڵەی حەمەسەعیدی محەممەدی عەبدوڵا, بنەماڵەی عەبەی جازێ), پاشان چەندین خێزانی‌تر روویانکردۆتە گوندەکە و تێکەڵاوی گوندنشینەکان بوون, ئێستا نەوەکانیان پێکەوە دەژین, زۆربەی خەڵکی گوندەکە سەربە تیرەکانی (زەردۆیی, غەوارە, گەڵباخی, بابانی, نەورۆلی)ین.

ژمارەیەك کەسێتی و پیاوماقوڵ و ناودار لەم گوندەدا ژیاون لەوانە (مینەی سڵێمان, خەلیفە محەممەد, حەمەسەعید محەممەد عەبدوڵا, حەمەڕەش زۆراب) کە شوێندەستیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی خەڵکی ناوچەکەدا دیار و کاریگەر بووە.

(شێخ مەحمودی نەمر) لە گەرمەی شۆڕشەکانیدا چەندجارێك رێیکەوتۆتە (وڵەسمت), خەڵکەکە هاوکاریانکردووە و باوەشی خزمەتکردنیان بۆ شۆڕشگێڕەکان کردۆتەوە, بەرانبەر بەو هەڵوێستەیان فرۆکەکانی (ئینگلیز) چەندجارێك گوندەکەیان بۆمببارانکردووە و زیانی زۆریان بە خەڵکەکە گەیاندووە, لە یەکێك لە بۆمبابارانەکاندا ژنێك بەناوی (ئەمنەی عەلی محەممەد) بریندار بووە, گوندەکەش بەتەواوی چۆڵکراوە و خەڵکەکەی روویانکردۆتە (سیامێوە).

ژمارەیەك لە خەڵكی (وڵەسمت) مەردانە بەرەنگاری (سوپای رووس) بوونەتەوە, یەكێكیان بەناوی (ساڵحی مریەم) شەهید بووە و چەند كەسێكیشیان بریندار بوون.

لە (شۆڕشی ئەیلول)دا ئەم گوندە لەچوارچێوەی ناوچە رزگاركراوەكاندا بووە, ساڵی (1965ز) سوتێنراوە, چەندجارێكیش تۆپبارانكراوە لە ئەنجامدا چەند گوندنشینێك بریندار بوون, لەوانە (خورشیدە حەمەمین سلێمان, ئیساف عەبدوڵا شەریف).

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەكەماندا (وڵەسمت) یەكێك بووە لەو گوندانەی كە هەمیشە جێژوانی پێشمەرگە بوون.

ئەم گوندە مەڵبەندی ڕەسەنایەتی و ژیانی كوردەوارییە, زەماوەند و ئاهەنگ و ڕەشبەڵەك لە سیما دیارەكانی ژیانی خەڵكەكەی بوون, ژمارەیەك گۆرانیبێژی ناسراویان هەبووە. وەك (عەزەی مرواری), (عەلی قادر)یش شمشاڵژەنێكی لێزان بووە و بە ئاوازی خۆش مێشكی خەڵكی چاخكردووە, لەبەر ئەوە خەڵكی (وڵەسمت) كەیفخۆش بوون چەندجارێك گۆرانیبێژی دەنگخۆش و ناوداری گەلەكەمان (مامۆستا حەسەن زیرەك) چۆتە گوندەكەیان و ئاهەنگی گۆرانی گێڕاوە و گوندنشینەكانی دڵخۆشكردووە, (مامۆستا قانع)ی شاعیری رەنجدەران و هەڵپرزاوانی ناو كۆمەڵی كوردەواریش بەیناوبەین گوندەكەی بەسەر كردۆتەوە.

سەرچاوەی بژێوی (وڵەسمتییەكان) كشتوكاڵ و ئاژەڵدارییە, زۆربەی زەویەكانیان بۆ بەرهەمهێنانی (گەنم, جۆ, پاقلە, نۆك, تەرەكاڵ) بەگشتی سوودیان لێوەردەگیرێ, لەوەرگە و پاوانی بەربڵاویان هەن بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ, ئاژەڵەكانیشیان بریتین لە (مەڕ, بزن, رەشەوڵاخ, بەرزەوڵاخ) بەخێوكردنی پەلەوەریش بایەخی خۆی هەیە, ئەم گوندە زۆر لەبارە بۆ بەخێوكردنی هەنگ, پێشتر ژمارەیەكی ئێجگار زۆر كورە هەنگی تێدابووە بەلام ئێستا بەو شێوەیە نییە و بایەخینادەنێ.

دوای ڕاپەڕینە شكۆدارەكە ژمارەیەكی زۆریان گەڕاونەتەوە و گوندەكەیان ئاوەدانكردۆتەوە, ئێستا سی و پێنج خێزانی تێدا دەژی و مەردانە سەرقاڵی ئیشوكاری رۆژانە و دابینكردنی بژێوی ژیانێكی سەربەرزانەن.

**( سەراوی سوبحانئاغا لەسەدەی نۆزدەیەم شوێنی نیشتەجێبوونی تیرەی مەزەنگی بووە )**

(سەراوی سوبحانئاغا) گوندێكی رازاوەی شارەزوورە, لەبەر ئەوەی سێ سەرچاوەی گەورەی ئاوی تێدایە ناونراوە (سەرئاو), بەواتای سەرچاوەی ئاو دواتر ناوەكە بووە بە (سەراو), كاتێك سوپای ئیسلام بەو ناوچەیەدا گوزەریانكردووە, لەبەرئەوە شوێنێكی ئاودارو شینایی بووە ناویانلێناوە (باخیبەهەشت), بۆیە بۆ پشوودان و كاتبەسەربردن لایانداوەتە ئەوێ, یەكێك لە سەركردەكانیان لەو شوێنەدا مردووە و هەرلەوێ بەخاكسپێردراوە, خەڵكی گوندی (سەراو) بەمەزارەكەی دەڵێن (ئەسحابە درێژ), لەسەدەی نۆزدەیەمدا تیرەیەك بەناوی (مەزەنگی) لەسەراودا ژیاون, دواتر ناكۆكی كەوتۆتە ناویان

و لـەناو خۆیانـدا لەیـەکتریان کوشـتووە وشـوێنەکەیان بەجێهێشـتووە, شـوێنەواری خانووەکانیـان و گۆڕسـتانی مردووەکانیـان هـەتاکو ئێسـتاش دیـارن, کانییـەکیش لـەنزیك کەلاوەکانیاندایـە پێیـدەوترێ (کانیمەزەنگی).
هەندێك شوێنەوار هەن گەواهی ئەوەن (سەراو) شوێنی نیشتەجێبوونی دێرین بووە, بۆ نموونە گردێك لە ناوەڕاستی گوندەکەدایـە بـەناوی (گـردی قەلـەبۆ), پەیکـەرێکی گـەورەی لـە برۆنـز درووسـتکراوی تێـدا دۆزراوەتەوە کێشەکەی (55) کیلۆگرام بووە, لەگەڵ (گۆزە, کوپە) وسکەی سەردەمی ساسانییەکان.
سەرەتای سەدەی بیستەم دوو بنەماڵەی جافیکۆچەری لە (سـەراو)دا نیشـتەجێبوون, یەکـەمیان بـەناوی بنـەماڵی (مـەحمودی پیرەویس) کـە لـە تیرەی (یوسـفجانی) بـووە, دووەمیـان بـە نـاوی بنـەماڵـەی (حسـێن پەروەر) کە لەتیرەی(شێخ سمایلی) بووە.
(گوندی سەراو) چەند بنەماڵەیکی تێدا ژیاوە و تا ئێستاش نەوەکانیان لەم گوندەدا دەژین, ئەمانـە نـاوی بنەماڵەکانە:
1-بنەماڵەی ساڵحی رۆستەم
2-بنەماڵەی ئەحمەدی سلێمان
3-بنەماڵەیعەزیزی قادر
4-بنەماڵەیحسێنی دەروێش حەسەن
5-بنەماڵەی فەقێ کەریم
6-بنەماڵەیحەمەخۆرشید ئەمین
هەموو بنەماڵەکانیش هەرچەندە سەربەدووتیرەی جیاوازن, بەڵام لەناوگوندەکـەدا وەك یـەك خێـزان ژیـاون و هەرگیز کێشەو ناکۆکی لە نێوانیاندا نەبووە و هەردەم هاوکاری یەکتریانکردووە.
چەند کەسێکی خاوەن پایەی دیار لە (سەراو) دا ژیاون لەوانە:
1-حەمەساڵح سلێمان لە (تیرەی یوسفجانی), دەگێڕنەوە لەکاتی شکستی سوپای عوسمـانی لـە جـەنگی جیهانی یەکەمدا, ئەفسـەرێکی گـەورەو (200) سـەرباز هاتوونەتـە (سـەراو), نـاوبراو پەنـایداون و مـاوەی دوومانگ ماونەتەوە, پاشان گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بێئەوەی تەنیا یك چەکیان لێبسێنن.
2-سەعید مەحمودپیرەویس, هەمیشە سەرقاڵی چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی بووە.
3-میمکە هەمین, ژنێکی دەوڵەمەندو دڵفراوان بووە, ساڵانە کەبەروبوومی فرۆشتووە, بەپارەی خۆی کەل وپەلی بۆ هەمووخەڵکیگوندەکە کڕیوە, هەر خێزانێکیش بەشی خۆی لەوکەل وپەلانەی دراوەتێ.
4-رەشید ساڵح رۆستەم, هۆرەچرێکی زۆر دەنگخۆش ولەناو هەمووجافدا ناسراو بووە.

گوندی (سەراوی سوبحانئاغا) لەبەرئەوەی ئاوداره، (6) ئاشی ئاوی تێدا بووه،خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر بۆهاڕینی دانەوێڵە روویان لەو ئاشانه کردووه، لەکاتی خۆیدا سەرچاوەیێکی باش بوون بۆ داهات.

خەڵکی (سەراو) هاوسۆزی کێشەی رەوای گەلەکەمان بوون، پیاوێکیدیاریان بە ناوی (پیروەیسی مستەفا) لەگەڵ (شێخ سەعید)ی نەمر باوکی ( شێخ مەحمودی مەلیك) لە (موصل) لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە سێداره دراوه، هەروەها (مەحمودی پیروەیس) لەو کەسانه بووه کە هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)ی کردووەو دۆستێکی نزیکی بووه.

لەسەرەتای (شۆڕشی ئەیلول)دا وپاش کۆبوونە بەناوبانگەکەی (تەپی سەفا) لەگوندی (سەراو)یش لە ماڵی (حەمەعەلی مەحمود) کۆبوونەوەیێکی فراوان ئەنجامدراوه بۆ بەرێخستنی پێشمەرگە بۆ (دەربەندیخان).

لە (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا رۆڵی دیاریان بووه، ژمارەیێك شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوه، لەوانە شەهیدان: (محەمەد حەمەعەلی مەحمود، ئەحمەدمحەمەد حسێن، عەلی عەبدولاقادر، کەریم سەراوی، حەسەن سەراوی، عەبدولا ساڵح کاکەخان و(شەهیدی فەرماندە حەمەسەراوی) کەبەدەستی تیرۆریستان لەگردی تەپەکوره شەهیدکرا.

سەرچاوەی بژێوی خەڵکی (سەراو) کشتوکاڵە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زەوییەکانیان بەراون، ساڵانە داهاتێکی باش بەدەستدەهێنن بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی(لۆکە، گوڵەبەڕۆژه، کونجی، تەرەکاڵ بەگشتی)، ئەمانە سەرەڕای (گەنم،جۆ) کەلەزەوییە دێمەکاندا بەرهەمدەهێنرێن، ژمارەیەك لە گوندنشینەکانیش بایەخ بە بەخێوکردنی رەشەوڵاخ دەدەن، گوندەکەش شوێنێکی زۆر گونجاو و لەباره بۆراگرتنی هەنگ وپەلەوەر، ئێستاش پرۆژەی قەڵەوکردنی (ماسی) تێدایە.

(سەراوی سوبحانئاغا) لەو شوێنە بەناوبانگانەیە کە ساڵانە هەزاران کەس بۆ سەیران و ئاهەنگگێڕان دەچنە ئەوێ، بەتایبەت لە وەرزی بەهاردا وشایی ورەشبەڵەکی کوردانەی تێدا سازدەدەن، خەڵکی (سەراو) لە رووی فۆلکلۆرەوە کوردێکی رەسەنن، فۆلکلوری بیستراویان لە (گۆرانی) و(شیعری میللی) لەژێر کاریگەری (هۆرەی جافی) و (گۆرانی هەورامی)دایە کە ئامادەبوونی بەردەوامیان هەیە لەشایی و زەماوەند وبۆنە کۆمەڵایەتییەکانیاندا وەك (گەلکاری، ناونانی منداڵ،خەتەنەسووران...هتد).

**( کانیپانکەی خواروو لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە ئاوەدانکراوەتەوە )**

گوندی (کانبیپانکەی خواروو) هاو سنووره لە گەڵ گوندەکانی (قاڵیجۆ، کانیپانکەی سەروو، موانی حەمەی حەسەن، گرێزه، چەناخچییان)، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لە لایەن (حاجی حەمەگرده، حاجی تۆفیقی رەحمان، عەزیز محەممەد سەدانی، ئەمینی پەخە) وە ئاوەدانکراوەتەوە، ناوبراوان پێشتر لە (بالاَنتەران) نیشتەجێبوون، بەڵام بەو هۆیەوە ئاوی بالاَنتەران لە هەندێك ساڵی

کەمبارانیـدا وشـکیکردووە, وردە وردە خەڵکەکـە لـەوێوە کۆچـیانکردووە هاتوونەتـە سـەر ئاوەکـەی (کانیپانکەی خواروو) و لـەوێ نیشتەجێبوون, سەرچاوەی گونـدی (کانیپانکەی خواروو) زۆر گەورەیـە وخەڵکی ناوچەکە پێیدەڵێن (سەرچاوەی موان), لەو سەرچاوەوە چەند جۆگەیەك هەڵدەکرێن بەم ناوانە: (جۆگەی قاڵیجۆی گەورە, جۆگەی قاڵیجۆی بچووك, جۆگەی موانی حەمەی حەسەن, جۆگەی موانە کۆن, جۆگەی موانی رۆستەم, بالاْجۆگە, جۆگەی کۆریان), جۆگـەکان رووبـەرێکی بـەرفراوانی زەوی ناوچـەکە ئاودەدەن, بۆئاودانی ئاژەڵ و ولاْخی گوندنشینەکانیش سوودیان لێوەردەگیرێ.

رووبەری زەوییکانی گوندی کانیپانکەی خواروو (350) دۆنم بەراو و (200) دۆنم زەوی دێمە, بەرهـەمی کشـتووکاڵییان بـە شـێوەیەکی گشـتی بریتییـە لـە (گـەنم, جـۆ, پاقلـە, نـۆك, لۆکـە, گوڵەبـەڕۆژە, کـونجی, فسـتقی کێڵگـە, تـەڕەکاڵ), هەردووگونـدی (کانیپانکـەی سـەروو, کانیپانکـەی خـواروو), لـە زەوی و زاری کشتوکاڵی و لەوەرگـەی ئاژەڵەکانیانـدا تێکـەڵن, هەمووشـیان سـەر بـە تـیرەی (شـێخ سمـایلی) جـافن, ئـەم گونـدە هەرچـەندە ئـەو هـەموو ئـاوەی تێدایـە بـەلاْم زەوییـەکانی خۆیـان بـە زۆری بـە ئـاوی (کانیپانکـەی سەروو) ئاودەدرێن.

(کانپانکەی خواروو) چەند کەسێتییەکی دیار و ناسراوی تێدا هەڵکەوتووە, رۆڵێکی بەرچاویان لـە ژیـان کۆمەلاْیـەتی وخێڵـەکی خەڵکەکـەدا گێڕاوە, وەك (کـەریم عەبدولکـەریم) کەسێتییەکی ژیـر و خزمـەتگوزار بووە, هەردەم سەرێکی دیار بووە لە چارەسەرکردنی کیشە خێڵەکی و کۆمەلاْیەتییەکاندا, پـاش خۆیشـی کوڕەکانی بەهەمانشێوە رەفتاردەکەن.

لەبەرئەوەی ئەم گوندە ئاودار بووە, ئاشێکی گەورەی ئاوی تێدابووە بـەناوی (ئاشـیحاجی تۆفیـق), ئـەو ئاشە هەتاکو کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو کاریکردووە.

خـەڵکی (کانیپانکـەی خـواروو) دڵسـاف و رووخۆشـن, ژیـانێکی سـادەو بێگێرمەوکێشـە دەگـوزەرێنن, لـە جـۆری ژیــان و لــە رووی ئەتنیکیشــەوە کــوردێکی رەســەنن, رێورەسمــە کۆمەلاْیەتییــەکانیان هــەمان رێورەسمی ناوچەی شارەزوورن, فۆلکلۆری بیستراویشیان لە شیعر و گۆرانی وپەندی پێشینان ناوەرۆك و شێوازی ژیانی جافگەرییان تێدا بەرجەستە بووە.

ئـەم گونـدە سـاڵی (1963ز) بـەر شـالاْوی هێرشـی داگیرکـاران کـەوتووە, گوندنشـینەکان زەرەرو زیـانێکی زۆریـان لێکـەوتووە, ژمارەیـەگیان دەسـتگیرکراون, لەوانـە: (مـام مەجیـد, حـاجی عـەلی), نـاوبراوان مـاوەی دووساڵ لە زیندانە تاریك و ساردوو سڕەکانی (سلێمانی, کەرکوك, نوگرە سەلمان) دا ماونەتەوە, پاشـان ئازاد کراون.

ساڵی (1974ز) فڕۆکەکانی رژێمی داگیرکار و ملهوڕی عێراق گوندەکەیان بۆمبـارانکردووە بـەلاْم زیـانی گیانییان لێنەکەوتۆتەوە.

له (شۆڕشی نوێ)ی گەلەکەماندا, چەند کەسێکیان کادر و پێشمەرگە بوون, ژمارەیەکیشیان دڵگەرمانە هاوکاری شۆڕشیان کردووە.
ژمارەی خانووەکانیان (60) خانووە, زۆربەی خانووەکانیش تەنها یەك خێزانیان تێدا دەژی, چەند خێزانێکیشیان لە(هەڵەبجەی تازە, سلێمانی) دەژین.

**سەرچاوەکان:**


1-شرەفنامە (تأریخ مفصل کردستان) امیر شرفخان بدلیسی- تهران 1343ه.ش.
2-نامە سرأنجام, تحقیق وتفسیر (صدیق صفی زادە = بورکئی)- انتشارات هیرمند -تهران چاپ اول 1353.
3-فرهنگ جامع سیاسی- محمود طلوعی-چاپخانە حیدری - چاپ دوم - 1377ه.ش.
4-ایلات و طوائف کرماشاهان - محمد علی سلطانی -تهران چاپ اول 1372ه.ش.
5-تحفە ناصری در تأریخ و جغرافیای کردستان- فخر الکتاب میرزا شکرألله سنندجی- انتشارات امیر کبیر- تهران 1366ه.ش.
6-تأریخ و جغرافیای کردستان (سیر الاکراد) عبدالقادر بابائی- تهران 1366ه.ش.
7-تأریخ مردوخ- شیخ محمد مردوخ کردستانی- چاپخانە ارتش تهران.
8-حدیقەی ناصری در جغرافیا وتأریخ کردستان- علی اکبرخان (شرف الملك) تهران 1364ه.ش.
9-ایرن در زمانی ساسانیان- ارتور کریستین سن- ترجمە رشید یاسمی- انتشارات دنیای کتاب- چاپ هفتم تهران 1370.
10-اسطورة اهل حق- تالیف ایرج بهرامی- چاپ اول- تابستان 1378.
11-تاریخ عوسمانی از تشکیلات دولت تا فتح استمبول- اسماعیل حقی اوزون-ترجمە ایرج نوبخت.
12-کرد, ترك, عرب- سی.جی. ادموندز- ترجمە جرجیس فتح ألله- مطبعة التایمس 1971.
13-الاکراد- باسیل نیکیتین- دار الروائع بیروت.
14-العشائر الکردیە- فؤاد حمە خورشید- مطبعة حوادث- بغداد 1979.
15-المدن المندرسة في محافظة السلیمانیة وتعین مواقعها- تحقیق بقلم الدکتور حسام الدین نقشبندي- المنشور في القسم العربی لمجلة (کاروان) العدد (34) لسنة 1985 .
16-الأثنولوجیا و الفلکلور- د.حمید مجید- جامعة بغداد.
17- نزهە القلوب فی المسالك و الممالك- حمدألله ابن ابی‌بکر بن احمد بن ناصر المستوفی القزوینی- 1913م.
18-خولاصەیەکی تەئریخی‌کورد و کوردستان- محەممەد ئەمین زەکی بەگ- بەرگی1,2- چاپی نوێ 2000- چاپ و پەخشی سەردەم.

19-میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا- نەوشیروان مستەفا ئەمین- چاپی دووەم- سلێمانی- حوزەیرانی 1998.
20-مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی 1,2- صدیقی صەفیزادە (بۆرەکەیی) چاپی یەکەم سالّی 1370ش.
22-مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەجادی- چاپخانەی مەعاریف- بەغداد 1952.
23-تەصەوف چی‌یە؟ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشەبەندی- چاپی یەکەم 1985.
24-یادی مەردان- بەرگی دووەم- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغداد 1983.
25-پیرشالیاری زەردەشتی- محەممەد بەهائەدین مەلا صاحب (دانای هەورامی) سالّ و شوێنی چاپکردنی پێوە نەماوە.
26-کورد و باکوری کوردستان لەسەرتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان- محەممەد ڕەسولّ هاوار- چاپی یەکەم 2000.
27-کورد- مینۆرسکی- وەرگێڕ بۆ عەرەبی د.مارف خەزنەدار- بەغداد 1984.
28-گەشتەکەی ریچ- وەرگێڕانی محەممەدی حەمەباقی- چاپی تەوریز 1992.
29-دیوانی نالی- چاپی دووەم چاپخانەی کوردستان- هەولێر 1974.
30-کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجە- شەوکەتی حاجی موشیر- چاپی یەکەم 1998.
31-گوڵاڵە سوورەی شارەزوور- عەلی مەعروف شارەزووری- سالّی 1981.
32-چەند لاپەڕەیەك لە کەشکۆڵەکەی خوالێخۆشبوو مەلا حەمەسەعیدی حاجی ئەمین هەڵەبجەیی.
33-چەند ژمارەیەك لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.
34-دەستنووسی مێژووی هەورامان- محەممەد ئەمین هەورامانی.
35-دەستنووسێکی کۆن لەسەر حوکمڕانی سانەکانی هەورامان و مێژووی هەندێك لە پیرەکانی هەورامان و شاهۆ, کە بە خەتی فارسی شکستە نووسراوە, سی‌وحەوت لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە دڕاوە و بۆم ساغ نەبووەوە نووسەرەکەی کێیە.
**بێجگە لە سەرچاوەکان بۆ نووسینی ئەم کتێبە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بەرێزانەدا کراوە:**
1-(حاجی جەزاحەمەتالیب, حەمەی مارف) لە تیرەی مکایەڵی.
2-(لالەسەرحەدی خەلیفە یوونس, حاجی‌حەمەمین شاسوار, مامە عەلی حارس) لە تیرەی ڕۆغزایی.
3-(حەمەی حاجی مەحمودی پوونگڵە, حەمەی حاجی وەلی) لە تیرەی هاروونی.
4-(عەلی حاجی فەرەج) لە تیرەی نەورۆڵی.
5-(حەمەسەعیدی حەمەی مەحمودی سانئەحمەد, کوێخا محەممەد عەبدولقادر) لە تیرەی شەمێرانی.

6–(سالاری مامە نەسە, حاجی کاکەحەمەی کانیپانکەی سەروو) لە تیرەی شێخ سمایلی.
7–(ئەبوبوکری عومەری فەقیعەلی, مەحمود عەزیز حەسەن) لە تیرەی ئاڵیبەگی.
8–(سەی ئەورەحمانی تاوەگۆزی, سەی محەممەدی تاوەگۆزی) لە تیرەی تاوەگۆزی.
9–(حاجیمەجیدی قازی,پارێزەر حەبیب محەممەد دەروێش عەلی)لەخێڵی باوە.
10–(حامید حسێنی کوڕی مەجیدی ئێناخی, مامۆستا عەبدولا عەبدولعەزیز) لە تیرەی ئێناخی.
11–(کوێخا ئەحمەد کۆکۆیی, مامۆستا فەتاح مەحمود نادر) لە تیرەی کۆکۆیی.
12–(سەلامی کوێخا عەزیز, حەمەی عەلی فەرەج, سابیری کوێخا محەممەد, حەسەن شێخانی) لە تیرەی شەرەفبەیانی.
13–(فازیل نەسرەدین) لە تیرەی سۆفیوەن.
14–(عەزیزی حەمە نەرمە= مامەعەزە, حاجی مەحمودی گڵێجاڵی, مەحمود مستەفا نادر) لە گوندی گڵێجاڵ.
15–(حاجی ئەکرەم, کوێخاحەسیب کوێخاخەڵەف) لە تیرەی دەربەند فەقەرەیی.
16–(ئەحمەدی خەسرەو, جەلال کوڵکنی) لە تیرەی سەدانی.
17–(حاجی حەمەعەلی لامەرکەزی) لە تیرەی کەڵهوڕ.
18–(شێخ بابا عەلی, شێخ حەمید) لە بنەماڵەی شێخەکانی سوڵە.
19–(مام والی حەمەعەلی, مامۆستا مەحموە بچکۆل) لە گوندی سەراو.
20–(مام مەجید) لە گوندی کانیپانکەی خواروو.
21–(کەریمبەگی نەسرولاُبەگ) لە گوندی نەوێ.
22–(ئەحمەدی صۆفی مەحمود, سەلاحی حەمە نووری, ناجی تۆفیقی ئیبراهیمبەگ, ئەحمەدی تۆفیقی میران, مامۆستا کۆچەر ئەنوەر میرزا) لە شاری هەڵەبجە.
23–(بەکری حاجی سەفەر, مام سەعیدی زۆراب) لە شاری پێنجوێن.
24–(کێوان ئازاد ئەنوەر, مەلاحسێنی حاجی عەبدولاّ) لە گوندی وێنە.

## سوپاس و پێزانین

لە کانگای دڵمەوە, سوپاس و ئەمەکداری خۆم پێشکەش بەم دەزگا و کەسێتییە بەڕێزانە دەکەم, ئەگەر هاوکاری و ماندووبوونی ئەوان نەبوایە ئەم کتێبە رووناکی نەدەدی:

*مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان.

*مامۆستا عوسمان موحەممەد هەورامی بۆ نووسینی بەرگی دووەمی کتێبەکە بە لاتینی.

*سەبوور حەمەشەریف بۆ ئەرکی تایپ و دەرهێنانی هونەری.


www.pertwk.com

*بێساران فەیروز بۆ نەخشاندنی تابلۆی بەرگ.

*هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەرکیان کێشاوە وێنەیان بۆ هێناوم.


www.pertwk.com